هەرێمی کوردستان - عێراق
ئەنجومەنی نیشتمانیی
کوردستان - عێراق

# پرۆتۆکۆڵەکان

# 43

سالَی/ 2007 – بەرگی چل و سێ

---

چاپی یەکەم/ سالَی 2008

# پێرِیست


پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (2) خولی دووەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2007/9/11 ل5

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (3) خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2007/9/12 ل75

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (4) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2007/9/17 ل129

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (5) خولی دووەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2007/9/18 ل189

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (6) خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2007/9/19 ل225

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (7) خولی دووەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2007/9/25 ل293

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (8) خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2007/9/26 ل343

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (9) خولی دووەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2007/10/2 ل371

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (10) خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2007/10/3 ل429

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (11) خولی دووەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2007/10/9 ل483

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (12) خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2007/10/17 ل531

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (13) خولی دووەمی هەڵبژاردن – پێنج شەممە 2007/10/18 ل579

بەڕێزمحمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی) جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سکرتێری ئەنجومەن, دانیشتنی ژمارە (10)ی خولی دووەم, ساڵی (2007) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاردرا دانیشتنی ژمارەی (10)ی خولی گرێدانی دووەمی ساڵی سێیەمی خولی هەڵبژاردنی دووەمی پەرلەمانی کوردستان – عێراق, بەرنامەی کار بەم شێوەیە بێت:

1- خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای راژەو خانەنشینی پێشمەرگە.

2- خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی هەردوو یاسای (بەربەرەکانی و قەدەغە کردنی دەستدانە قۆرخکردن (احتکار) لە هەرێمی کوردستاندا) و (پاراستنی مستهلك) لە هەرێمی کوردستاندا).

3- خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای هەموار کردنی یاسای وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان ژمارە (4)ی ساڵی 1992.

4- خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای هەموار کردنی یەکەمی یاسای وەزارەتی پیشەسازی هەرێمی کوردستان ژمارە (11)ی ساڵی 2006.

5- خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای رۆژنامەنووسان لە هەرێمی کوردستان.

6- بەردەوامبوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای دەسەلاَتی دادوەری لە هەرێمی کوردستان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان دانیشتنی ئەمڕۆمان دەکەینەوە, بەرنامەی کار:

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار کراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆکایەتیی ئەنجومەن بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (10)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە کات(10،30)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی چوار شەممە رێکەوتی 2007/10/3دا بەم شێوەیە بێت:

1- خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای راژەو خانەنشینی پێشمەرگە.

2- خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی هەردوو یاسای (بەربەرەکانی و قەدەغە کردنی دەستدانە قۆرخکردن (احتکار) لە هەرێمی کوردستاندا) و (پاراستنی مستهلك) لە هەرێمی کوردستاندا).

3- خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای هەموار کردنی یاسای وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان ژمارە (4)ی ساڵی 1992.

**هەرێمی کوردستان - عێراق**
**ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستان - عێراق**

**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق**

# پرۆتۆکۆڵەکان

# 44

**ساڵی/ 2007 – بەرگی چل و چوار**

---

چاپی یەکەم/ ساڵی 2008

# پێرست


پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (14) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2007/10/22 ل5

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (15) خولی دووەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2007/10/23 ل31

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (16) خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2007/10/24 ل43

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (17) خولی دووەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2007/10/30 ل85

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (18) خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2007/10/31 ل119

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (19) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2007/11/5 ل147

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (20) خولی دووەمی هەڵبژاردن – پێنج شەممە 2007/11/8 ل187

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (21) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2007/11/12 ل209

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (22) خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2007/11/14 ل259

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (23) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2007/11/19 ل327

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (24) خولی دووەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2007/11/20 ل365

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (25) خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2007/11/21 ل429

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (26) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2007/11/26 ل485

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (27) خولی دووەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2007/11/27 ل523

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (28) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2007/12/3 ل555

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (29) خولی دووەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2007/12/4 ل559

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (30) خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2007/12/5 ل615

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (27)**

**سێ شەممە رێکەوتی 27\11\2007**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (27)

## سێ شه‌ممه ڕێكه‌وتی 2007/11/27

كاتژمێر (11)ی سه‌ر له‌ به‌یانی رۆژی سێ شه‌ممه‌ ڕێكه‌وتی 2007/11/27 ئه‌نجومه‌نی نیشتمانیی كوردستانی عێراق به‌ سه‌رۆكایه‌تی به‌ڕێز عدنان رشاد مفتی سه‌رۆكی ئه‌نجومه‌ن و, به‌ ئاماده‌بوونی به‌ڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كه‌ركووكی) جێگری سه‌رۆك و, به‌ڕێز فرست أحمد عبدالله سكرتێری ئه‌نجومه‌ن, دانیشتنی ژماره (27)ی خولی دووه‌م, ساڵی (2007)ی خۆی به‌ست.

**به‌رنامه‌ی كار:**

به‌پێی حوكمه‌كانی برگه (1)ی مادده (20) له‌ پێڕۆی ناوخۆی ژماره (1)ی هه‌مواركراوی ساڵی 1992ی ئه‌نجومه‌نی نیشتمانیی كوردستانی عێراق, ده‌سته‌ی سه‌رۆكایه‌تی ئه‌نجومه‌ن بڕیاردرا دانیشتنی ژماره‌ی (27)ی خولی گرێدانی دووه‌می ساڵی سێیه‌می خولی هه‌ڵبژاردنی دووه‌می په‌رله‌مانی كوردستان – عێراق, به‌رنامه‌ی كار به‌م شێوه‌یه‌ بێت:

1- خستنه‌ڕوو و گفتوگۆ كردنی پڕۆژه یاسای راژه‌ی خانه‌نشینی پێشمه‌رگه كه له‌لایه‌ن ئه‌نجومه‌نی وه‌زیرانه‌وه پێشكه‌ش كراوه.

2- خستنه‌ڕوو و گفتوگۆكردنی پڕۆژه یاسای ژماردنی راژه‌ی سه‌رۆكه‌كانی یه‌كه‌ی كارگێڕی به‌ڕاژه‌ی دادوه‌ری كه له‌لایه‌ن ژماره‌ی یاسایی ئه‌ندامانی په‌رله‌مانه‌وه پێشكه‌ش كراوه.

**به‌ڕێز سه‌رۆكی ئه‌نجومه‌ن:**

**به‌ناوی خوای گه‌وره‌و میهره‌بان.**

به‌ناوی گه‌لی كوردستان دانیشتنی ئه‌مڕۆمان ده‌كه‌ینه‌وه, به‌رنامه‌ی كار:
به‌پێی حوكمه‌كانی بڕگه (1)ی مادده (20) له‌ پێڕۆی ناوخۆی ژماره (1)ی هه‌موار كراوی ساڵی 1992ی ئه‌نجومه‌نی نیشتمانیی كوردستانی عێراق, ده‌سته‌ی سه‌رۆكایه‌تیی ئه‌نجومه‌ن بڕیاریدا به‌رنامه‌ی كاری دانیشتنی ژماره (27)ی خولی دووه‌می هه‌ڵبژاردن له‌ كات(11)ی پێش نیوه‌ڕۆی رۆژی سێ شه‌ممه‌ ڕێكه‌وتی 2007/11/27دا به‌م شێوه‌یه‌ بێت:

1- خستنه‌ڕوو و گفتوگۆ كردنی پڕۆژه یاسای راژه‌ی خانه‌نشینی پێشمه‌رگه كه له‌لایه‌ن ئه‌نجومه‌نی وه‌زیرانه‌وه پێشكه‌ش كراوه.

2- خستنه‌ڕوو و گفتوگۆكردنی پڕۆژه یاسای ژماردنی راژه‌ی سه‌رۆكه‌كانی یه‌كه‌ی كارگێڕی به‌ڕاژه‌ی دادوه‌ری كه له‌لایه‌ن ژماره‌ی یاسایی ئه‌ندامانی په‌رله‌مانه‌وه پێشكه‌ش كراوه.

سه‌ره‌تا به‌خێرهاتنی برای به‌ڕێز (فه‌ریق زه‌عیم عه‌لی) وه‌زیری پێشمه‌رگه, برای به‌ڕێز (شێخ جه‌عفه‌ر) وه‌زیری هه‌رێم بۆ كاروباری پێشمه‌رگه, برای به‌ڕێز (كاك سعد) وه‌زیری هه‌رێم بۆ كاروباری په‌رله‌مان ده‌كه‌م, به‌خێربێن سه‌رچاو, هه‌روه‌ها به‌خێرهاتنی ژماره‌یه‌ك له‌خوشكان و ژنانی كوردستان ده‌كه‌م كه لێره له‌گه‌ڵماندان, حه‌زیان كرد چه‌ند ساتێك به‌شداربن, له‌ده‌وره‌یه‌ك له‌ هه‌ولێر به‌شدارن زۆر به‌خێربێن سه‌رچاو, داواكارییه‌كیان هه‌یه, ئه‌مڕۆ به‌یانی پێشكه‌شیان به‌من كردووه, ده‌ڵێن ئه‌بێ په‌رله‌مان

لەبەرنامەی خۆی هەوڵبداتن ئەو ڕێژەی لەپەرلەمان هەیە بۆ ئافرەتان, 25٪ەکە لەئەنجومەنی پارێزگاکان هەیە, هەوڵ بدەن لەهەموو بوارەکان ئەو ڕێژەیە بچەسپێت, بەتایبەتی لە ناو حزبەکاندا, ئەو حزبانەی کە ئیجازە دەدەن بیکەنە شەرتێك, کە ڕێژەیان لە 25٪ کەمتر نەبێت ئەندامانی حزبەکە, منیش وەعدی ئەوەم داوە کە داواکارییەکەیان وەکو شەخص پشتگیری لێبکەم, یەکەم هەنگاو وا لەلای ئێوە عەرزی دەکەم, ئیتر لەئایندەدا شتی وا هاتە پێش چاوتان ڕەچاوی داواکاری ئەو خوشکانە بکەن کە لەگەڵمانن, هەروەها هەموو ڕێکخراوەکانی ژنان و ئافرەت و خانمان کە هەمان داوایان هەیە, زۆر بەخێربێن سەرچاو.

خاڵی یەکەم/ خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی پڕۆژەی یاسای ڕاژەی خانەنشینی پێشمەرگە کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوە, داوا لە لیژنەی یاسایی و, لیژنەی پێشمەرگە دەکەم بێن لەشوێنی خۆیان دابنیشن.

خوێندنەوەی یەکەمی ئەو پڕۆژەیە, لە 2007/10/3 کراوە, ئاڕاستەی لیژنەکان و ئەندامانی پەرلەمان کراوە, ئێستا داوا لەلیژنەی یاسایی دەکەم کە ئەصڵی پڕۆژەکە مادده بە مادده بخوێنێنەوە, دواتر ڕەئی خۆیان و ڕەئی لیژنەی پێشمەرگە تەقدیم بکەن, ئینجا گفتوگۆی لەسەر بکەن, فەرموو کاك عەونی.

**بەڕێز عونی سعید کمال بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**خوشك و برایانی پەرلەمانتاران.**

ئەگەر مەجالێکم بدەنێ تەوزیحێك پێشکەش بکەم, پێش ئەوەی پڕۆژەکان بخوێنمەوە, ئێمە لە لیژنەی یاسایی لەگەڵ لیژنەی پێشمەرگە کە کۆبووینەوە لەگەڵ جەنابی وەزیری پێشمەرگە, هەروەها لەگەڵ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پێشمەرگە, ڕێك کەوتین بەدارشتنی یاسایەکی نوێ, بەشێوەیەکی جیاواز کە لەپڕۆژەکەدا هاتییە, بەتایبەتی دەوڵەمەند کردنی پڕۆژەکە, واتە پڕۆژەکە کە لەلایەن حکومەت تەقدیم کرایە 37 مادده بوو, ئێمە لەهەردوو لیژنە ئیتیفاقمان کرد کە چ لە مەصڵەحەتی پێشمەرگەیە ئیزافە بکرێتە سەر قانونەکە, لەبەر ئەوە صیاغەکە گۆڕا و, مادەکانی قانونەکە زیاد کرا, بووە 51 مادده, بۆیە بە ڕەئی هەردوو لیژنە وا بەباش دەزانین کە پڕۆژە نوێیەکە کە ئامادە کرایە ئەو بخوێندرێتەوە لەجیاتی پڕۆژەی حکومەت, هەم ئیستیفادە لە وەقت دەکەین, بەتایبەتی جەنابی وەزیرەکان هەردووکیان ئامادە بوون و موافەقەتیان کرد لەسەر ئەو پڕۆژەیە, ڕەئی ئاخیریش بۆ ئەندامانی پەرلەمانە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر ئیجازە هەبێ کاك عونی, من بەو صیغەیەی کە ئێوە پێشکەشتان کردووە, پێم باش نییە ئەوها پێشکەش بکرێ, صیغەکەی بگۆڕن قەیناکە, بڵێن ئێمە لەبەر ڕۆشنایی ئەو کۆبوونەوەیە لەگەڵ وەزیری پێشمەرگە و وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پێشمەرگە تەعدیلاتمان کردووە, ناکرێ پڕۆژەیەکی تازە پێشکەش بکەن, چونکە نە دە ئەندامن, نە حکومەتن, بڵێ تەعدیلاتمان کردووە, چەند ماددەیەکمان ئیزافە کردووە, دەیخەینە بەردەمتان, بەم شێوەیە ئێمە وەکو سەرۆکایەتی ڕازی دەبین موناقەشەی بکەین, لەبەر ئەوە ئیعادەی بکەوە بەو صیغەیە, فەرموو.

**بەڕێز عونی سعید کمال بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەبەستمان لە تەوزیحەکە ئەوەیە, ئێمە صیاغەیەکی قانونەکەمان کردووە, ماددەی نوێش ئیزافە کرایە, نە قانونێکی نوێمان دانابی کە موخالەفەی ئەو قانونە بێت کە لەحکومەتەوە هاتووە, ویستمان قانونەکەی دەوڵەمەند بکەین, صیاغەی قانونی بەڕێك و پێك تر بنووسین, نەتیجەکەش فیعلەن گەیشتە ئەو وەزعەی بەهەردوو زمانی عەرەبی و کوردی کە زۆر کارێکی باشمان لەسەر کرد, ئەوەی بزانم بەشێوەیەکی زۆر باش ئامادە کرایە, بۆیە پێشنیارەکەمان ئەوەیە, ئەو صیاغە نوێیە ببێتە ئەساس بۆ موناقەشە, هەم ئاسانکاری لە موناقەشە دەکرێ, هەم موناقەشەکان بە سەریعی دەڕوا و ئیستیفادە لە وەقتەکەش دەکرێ, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە, بەو صیغەی کە بەو دواییە وتت مەقبولە, مادده بە مادده بیخوێنەوە بۆ ئەوەی موناقەشە لەسەری بکەین, کاك شێردڵ سەرۆکی لیژنەی پێشمەرگە دوو قسەی هەیە پێش ئەوەی دەست بە موناقەشە بکەین, فەرموو.

**بەڕێز شێردڵ عبدالله حەوێزی :**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو یاسایەش وەکو دوو یاسایەکەی پێشوو, لیژنەیەکی پسپۆڕی بەتوانا لەوەزارەتی پێشمەرگایەتی نووسیتیەوە, سوودی وەرگرتیە لە زۆر یاسای خانەنشین و خزمەت لە هی دەوڵەتەکانی تر بەتایبەتی هی سوپای عێراق, پاش ئەوەی دایرێشتییە لە فەرماندەی گشتی بەئاگاداری قائیدی عامیش ئەوە موناقەشەیەکی زۆریان لەسەر کردیە, لەدواییدا هاتیتە ئەنجومەنی وەزیران, لەئەنجومەنی وەزیرانیش چەندین جار کۆبوونەوەیان لەسەر کردیە, دوایی هێنایتیە پەرلەمان, سەرۆکایەتی پەرلەمان دایە لیژنەی یاسایی, لیژنەی یاسایی موناقەشەیەکی زۆری لەسەر کردووە, دوایی لیژنەی پێشمەرگە, پاشان بەهەردوو لامان ئێمە و لیژنەی یاسایی موناقەشەیەکی زۆرمان لەسەر کرد, پاشان هەر سێ لامان, یەعنی لیژنەی یاسایی و لیژنەی پێشمەرگە و هەردوو بەڕێز وەزیرەکان, چەندین جار هاتنە پەرلەمان, هەموو هیئەکەی خۆیان هێنا ئەوانەی کە دایانڕێشتبوو, چەندین جار موناقەشەی زۆرمان لەسەر کرد و گەیشتینە ئەوەی ئێستا کە لەبەردەستتانە, ئیتر ئومێدەوارم زوو بیڕوێنین و, هەر پرسیارێك و هەر تێبینیەکتان هەبوو هەرسێ لامان ئامادەین بۆتان روون بکەینەوە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پڕۆژە یاسای راژە و خانەنشینی پێشمەرگە (پاسەوانی هەرێم)

دەروازەی یەکەم

(زاراوەکان)

ماددەی یەکەم: ئەو زاراوانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریان دەگەیەنێ بۆ مەبەستی حوکمەکانی ئەم یاسایە:

1 - هەرێم: هەرێمی کوردستان- عێراق.

2 - سەرۆكی هەرێم: فەرماندەی گشتییە.
3 - فەرماندەی گشتی: فەرماندەی گشتی هێزەكانی پاسەوانی هەرێمە.
4 - حكومەتی هەرێم: حكومەتی هەرێمی كوردستانە.
5 - فەرماندەیی گشتی هێزەكانی پاراستنی هەرێم: باڵاترین دەسەڵاتی پێكهاتەكانی هێزە چەكدارەكانی كوردستانە.
6 - هێزی پێشمەرگەی كوردستان (پاسەوانی هەرێم): دەربڕی گشت پێكهاتەی هێزەكانی پێشمەرگەی كوردستان لەسەربازێكەوە تا بەرزترین پلەی سەربازی.
7 - وەزارەت: وەزارەتی پێشمەرگەی هەرێمی كوردستانە.
8 - وەزیر: وەزیری پێشمەرگەی هەرێمی كوردستانە.
9 - شۆڕش: بزووتنەوەی رزگاریخوازی كوردستانە كە لە (11 ی ئەیلوولی 1961)ەوە دەست پێدەكات.
10 - پێشمەرگە (پاسەوانی هەرێم): ئەو كەسەیە كە چوویتە رێزی شۆڕشی رزگاریخوازی كوردستان بۆ بەدیهێنانی مافە دیموكراسی و نەتەوەییەكانی گەلی كوردستان, یان دەچێتە رێز زێڕەڤانی هەرێم.
11 - خانەنشینكراو: ئەو پێشمەرگەیە كە مافی خانەنشینی هەیە بەپێی بەندەكانی ئەم یاسایە.
12 - مووچەی خانەنشینی: ئەو مووچەیە كە بۆ پێشمەرگە خەرج دەكرێت لەكاتی خانەنشینی بەپێی بەندەكانی ئەم یاسایە.
13 - مووچە: مووچەی بنەڕەتی دوا مانگی پێشمەرگەی بەردەوام لەخزمەت بەپێی پلە و پایە.
14 - مووچەی تەواو: مووچە بە دەرماڵەوە.
15 - مافی خانەنشینی: ئەو مافەیە كە خانەنشینكراو یان میراتگرەكەی وەریدەگرێت.
16 - خزمەتی خانەنشینی: بریتییە لە خزمەتی پێشمەرگایەتی یان هەر خزمەتێكی دیكە كە دەشێت بخرێتە سەری بۆ مەبەستەكانی خانەنشینكردن بەپێی بڕیارێكی تایبەتی فەرماندەیی گشتی هێزەكانی پاراستنی هەرێم.
17 - خزمەتی پێشمەرگایەتی: ئەو ماوەیەیە كە پێشمەرگە خزمەتی فعلی تیادا كردووە لە خەباتی پێشمەرگایەتی لە ریزەكانی شۆڕش و ئەو خزمەتەی لەدوای شۆڕش لە پێكهاتەكانی هێزی پێشمەرگەی كوردستان دەیباتە سەر بەپێی حوكمەكانی ئەم یاسایە.
18 - پاشەنشین (خلف): هەموو ئەوانەی كە بەپێی یاسای باری كەسی (احكام المیراث) دەبنە میراتگری خانەنشینكراو.
19 - شایستە:
أ - ئەو كەسەی لەنێوان وەچەكانی مافی وەرگرتنی مووچەی خانەنشینی دەبێت لە دوای مردنی خانەنشینكراو.
ب - ئەگەر پاشەنشینی نەبوو, ئەوا مووچەكە دەدرێت بەو كەسەی كە خانەنشینكراو دەستنیشانی دەكات لەپێش مردنی لەوانەی كە بەرپرسێتی بەخێوكردنی لە ئەستۆدا بێت بەپێی بڕیاری دادگایی.
20 - بێسەروشوێن: ئەو پێشمەرگەیەی بەهۆی ئەركی پێشمەرگایەتی بێسەروشوێن بووە و چارەنووسی دیار نییە.
21 - بەدیلگیراو: ئەو پێشمەرگەیە كە دەستبەرسەر دەبێت لەلایەن لایەنێكی دەرەكی یان تیرۆرستی یاخود هەر لایەنێكی تری دوژمن بەهۆی خزمەت یان لەكاتی ئەنجامدانی ئەركدا.

22 دەستبەسەرکراو: ئەو پێشمەرگەیە کە دەستبەرسەر دەبێت لەلایەن لایەنێکی دەرەکی یان تیرۆرستی یاخود هەر لایەنێکی تری دوژمن بەهۆی خزمەت یان لەکاتی ئەنجامدانی ئەرك.

**بەڕێز عبدالكریم ابوبكر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مشروع قانون الخدمة وتقاعد الپیشمرگە (حرس الاقلیم)

الباب الاول

المادة الاولى: يقصد بالمصطلحات التاليه المعاني المبنية ازاءها لغرض هذا القانون.

1- الاقليم: اقليم كوردستان- العراق.

2- رئيس الاقليم: هو القائد العام.

3- القائد العام: القائد العام لقوات حماية الاقليم.

4- حكومة الاقليم: حكومة اقليم كوردستان.

5- القيادة العامة لقوات حماية الاقليم: هيى السلطة العليا لمكونات القوات المسلحة الكوردستانية.

6- قوات پیشمرگە كوردستان (حرس الاقليم): عبارة عن كافة مكونات قوات پیشمەرگە كوردستان من جندى الى اعلى رتبة عسكرية.

7- الوزارة: وزارة الپیشمرگە لاقليم كوردستان.

8- الوزير: وزير پیشمرگە اقليم كوردستان.

9- الثورة: الحركة التحررية الكوردستانية التي تبدأ من (11 ايلول 1961).

10- الپیشمرگە (حرس الاقليم): هو من التحق بالثورة التحررية الكوردستانية لتحقيق حقوق شعب كوردستان الديموقراطية و القومية او يلتحق بقوات الپیشمرگە (حرس الاقليم).

11- المتقاعد: هو الپیشمرگە الذي له حقوق تقاعدية وفق احكام هذا القانون.

12- الراتب التقاعدي: الراتب الذي يصرف للپیشمرگە لدى احالته على التقاعد وفق احكام هذا القانون.

13- الراتب: الراتب الاساسي لاخر شهر يتقاضاه الپیشمرگە المستمر في الخدممة وبموجب درجته ومنصبه.

14- الراتب التام: الراتب مع المخصصات.

15- الحقوق التقاعدية: تلك الحقوق الذي يتقاضاه المتقاعد او ورثته.

16- الخدمة التقاعدية: عبارة عن خدمة الپیشمرگە او اي خدمة اخرى يجوز اظافتها عليه لاغراض التقاعد وبموجب قرار خاص للقيادة العامة لقوات حماية الاقليم.

17- خدمة اليشمرگە: هي المدة التي قضاها اليشمرگە في الخدمة الفعلية في صفوف الثورة و الخدمة التي يقضيها بعد الثورة في مكونات قوات پیشمرگە كوردستان و بموجب احكام هذا القانون.

18- الخلف: هو وارث الپیشمرگە المتقاعد وفقاً لاحكام قانون الاحوال الشخصية.

19- المستحق:

أ- الشخص الذي له حقوق استلام الراتب بعد وفاة المتقاعد.

ب- اذا لم يكن له خلف يعطى راتبه لمن يعيله المتقاعد قبل وفاته, من اولئك الذين لهم مسئوولية اعالة وبموجب قرار قضائي.

20- المفقود: هو الپیشمرگە الذي فقد بسبب ادائه لواجبه كپیشمرگە و أن مصيره مجهول.

21- **الاسير: هو البيشمرگه الذي تم اسره من قبل جهة خارجية أو من الاعداء و ذلك بسبب اداء الخدمة او من جرائها.**

22- **المحتجز: هو الذي يحتجز من قبل جهة خارجية أو ارهابية و ذلك بسبب الخدمة او من جرائها.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو پڕۆژەیە کە پڕۆژەیەکی زۆر گرنگە, زۆر دەمێکە حکومەتی هەرێم و وەزارەتی پێشمەرگە چەندین کۆبوونەوەیان لەگەڵ سەرۆکی هەرێم و جێگری سەرۆکی هەرێم و لێپرسراوانی پێشمەرگە کردوویانە, تا گەیشتوونەتە ئەو یاسایە, دواتر لەپەرلەمان وەکو کاك عونیش ئاماژەی پێکرد چەند کۆبوونەوەیەکی فراوان کراوە, لەنێوان لیژنەی یاسایی و لیژنەی پێشمەرگە و جەنابی وەزیری پێشمەرگە و وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پێشمەرگە, لەبەر ئەوە شتەکە زۆر بە تەفصیلات موناقەشەکراوە کە ئەو صیغەیە پێشکەش کراوە, صیغەیەکی ڕێك و پێکە, ئەگەر بۆ دەوڵەمەند کردنی کەسێك مولاحەزەیەکی هەبێت, تەنیا دیقەت لەوە بکەن, چونکە پڕۆژەکە تەفصیلاتی زۆرە, ئیلا ئەگەر بۆ دەوڵەمەندکردنی یاخود غەڵەتێکی تێدا بێت, بەوە مولاحەزە بدەن تکایە, دکتورە هالە فەرموو.

**بەڕێز د0 هالە سهیل وادی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە بڕگەی (22) (المحتجز: هو الذي يحتجز من قبل جهة خارجية أو ارهابية و ذلك بسبب الخدمة او من جرائها), تەنها ئیحتیجازە نییە, ئێستا ڕەهائینیش هەیە, پێشنیار دەکەم بەم شێوەی لێبێت (هو الذي يحتجز او ياخذ كرهينة من قبل جهة خارجية أو ارهابية و ذلك بسبب الخدمة او من جرائها), زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕەهینەش هەر موحتەجەزە, ڕەهینەش هەر حجز کراوە, کاك دیلمان.

**بەڕێز محمد احمد صالح (دیلمان ئامێدی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من هیچ تێبینیەکەم لەسەر تەعریفەکە نییە, بەلاَم پرسیارێکم هەیە, ئەوەیە (حرس الاقليم) دەبێتە زمنی مجموعەی دیفاعی وەتەنی, یەعنی دەبێتە سەر بەوەزارەتی دیفاع, لە بەغدا قانونێکی تەقاعودی موەحەد دەرچووە, ئەحکامی تەقاعودی عەسکەری ئیلغا کرایە و, تەعریفی کردووە بەم شێوە هاتووە لەمادەی 1 دەڵێ (كل شخص عهد علية وظيفة داخل في مدني او عسكرى و امن داخلي), ئەگەر پێشمەرگە حیمایەی ئەمنی داخلی بێت ئەوە سەر بە وەزارەتی دیفاعە, لەبەغدا قانونی موەحەد هەبوو, نەفەقاتی تەشغیلی وەزارەتی پێشمەرگە دابوون, چۆن ئێستا ئێمە دەتوانین تەعامول بکەین؟ ئەو قانونە لێرە تەتبیق بکەین, کە بەشێوەیەکی ترە, پرسیارم هەر ئەوەیە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پرسیارێکی گرنگە کاك دیلمان, کاك زعیم یان کاك شێردڵ وەلاَمت بدەنەوە, فەرموو.

**بەڕێز شێردڵ عبدالله حەوێزی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی قانونێکی خزمەت و تەقاعودی دەرچووە لە بەغدا, ئەنجومەنی وەزیران دەریکردیە, پێشتریش هەبووە لەزەمانی خۆی, ئێستا لەسەری دەڕۆین, دایتیانە پەرلەمان تایبەتە بە وەزارەتی دیفاع, ئێمە زۆرمان ئیستیفادە لەو قانونەی بەغدا کردووە, ئەگەر بێیە سەر ئاخیری, لە ئاخیرەکەی ماددەکمان نووسییە کە هەر قانونێك لە بەغدا دەرچوو بۆ مەصڵەحەتی پێشمەرگە ئیستیفادەی لێبکەین, سوپاس.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پرسیارەکەم لەسەر بڕگەی (16)ەیە, لێرە نووسراوە (خدمەی پێشمەرگایەتی بۆ تەقاعودە), من پرسیارەکەم ئەوەیە کە ئایا بۆ تەقاعودە, بۆ ڕاژەشە, چونکە پێشتر بەکار دەهات بۆ بەرزکردنەوەی مووچە, بۆ بەرزکردنەوەی پلە, ئەوەی پێش راپەڕین, دیارە زۆری کراوە, ئەزانم زۆری کراوە سوودی لێ وەرگرتووە مەسەلەن بۆ بەرزکردنەوەی روتبەی عەسکەریەکەی, یان بۆ بەرزکردنەوەی مووچەکەی, بەڵام بۆ لێرە تەقاعود نووسراوە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

حەز دەکەی چەند موڵاحەزەیەك پێکەوە کۆبکەنەوە, دوای ئەوەی پێویست بوو جوابیان بدەوە, فەرموو کاك عادل.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەموومان دەزانین پێشمەرگە ناوێکی پیرۆزە, بەڵام بەداخەوە لە ئەو مافانەی کە بۆ پێشمەرگە دابین کرا زۆر کەسانێك هەن ئەصڵەن هەر پێشمەرگەش نەبوون, بەهۆی هەندێ شتەوە کرایە پێشمەرگە, رەنگە لەهەندێ پێشمەرگە زیاتر موستەحەقاتی وەرگرتبێ, یان زیاتریشی بۆ دابین کراوە, بۆیە بەڕاستی ناعەدالەتێکی زۆر لەو خانەنشین و خزمەتە هەیە کە پێشتر بۆ پێشمەرگە کراوە, هیوادارام ئێمە بتوانین لەم قانونە کە رێکخستنی باری پێشمەرگەیە, لەم قانونە شتێکی دادپەروەرانە هەیە بۆ پێشمەرگە بتوانین دابینی بکەین, من سەرەتا تێبینیم هەیە لەسەر ناوی پرۆژەکە (مشروع قانون الخدمە و تقاعد البیشمرگە (حرس الاقلیم), ئقلیم کوردستانی پێم باشە بۆ زیاد بکرێ, چونکە ناوی ئیقلیم کوردستان لەهەموو مادەکان هاتووە, تێبینی دووەمم لەسەر بڕگەی (6) ئەڵێ (عبارە عن کافە مکونات), باشتر وایە بنووسرێت (تشکیلات) نەك مکونات, تێبینی ترم لەسەر بڕگەی (9), باسی شۆڕشی رزگاریخوازی گەلی کورد دەکات لە 11 ئەیلولەوە, لە 61 دەست پێدەکات و کەی کۆتایی پێدێت؟ لەبەر ئەوەی لە بڕگەی (17) ئەڵێ (التي یقضیها بعد الثورة), یەعنی خۆ ئێمە تا ئێستاش هەر لەقۆناغی شۆڕش نین, ئەوە لە 1991 ەوە حکومەتمان هەیە, باش وایە ئەو قۆناغە دیاری بکرێ کەی کۆتایی پێ دێت, بڕگەی (10) ئەڵێ (پیشمرگە هو من التحق بالثورة), باشتر وایە بنووسین (شارك), چونکە بەشداری کرد, ئەگەر بەو پێیە بێت تەنیا ئەو کەسەی بوویتە پێشمەرگە دەگرێتەوە, ئەگەر نا ئێمە خۆمان دەزانین لە شۆڕشی ئەیلول هێزی بەرگری میللی هەبوو, لەشۆڕشی تازە هێزی پشتگیری هەبوو, بەڕاستی ئەوانە بەخۆیان و بەچەك و بە ماڵەوە

پێشمەرگە بوون, ئینجا جگە لە رێکخستنی نهێنیەکانی ناو شار کە دەوری سەرەکیان هەبوو, لە پێشمەرگە دەوریان زیاتر بوو, ئەگەر بەپێی ئەو پێناسەیە بێت ئەوان بەڕاستی مافی خانەنشین نایانگرێتەوە لەم قانونە, تێبینی ترم لەسەر بڕگەی (17) خدمەی فعلی, یەعنی خدمەی فعلی کامەیە؟ یەعنی باشتر وایە تەعریفی خدمەی فعلی بکەین, چۆن خدمەی فعلی ئەژمێردرێ؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەرچەندە کاك عادل لە مادەی یەکەم ئەوەلەن نووسرایە (أقلیم: الاقلیم کوردستان), بەلاّم خراپ نییە لە سەرە مەوزوعەکەی لەنێوان دوو قەوس بنووسرێ (أقلیم کوردستان- العراق), هیچ موشکیلەیەکی تێدایە, پرسیارەکانی تریش با وەزارەت پاشان خۆی وەلاّمت بداتەوە, فەرموو کاك عبدالرحمن.

**بەڕێز عبدالرحمن احمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەرەتا دەستخۆشی لەو بەڕێزانە دەکەین کە ئەم پڕۆژەیان رێکخستووە, دوو تێبینیم هەیە, تێبینی یەکەم: مادەی یەکەم بڕگەی (14) دەڵێ مووچە بە دەرماڵەوە, دیارە لە تەعدیل کردنی پڕۆژەی خانەنشینی کردنی عێراق, لە 10/4 هاتووە چەندین جار دەڵێن (نابێ مووچەی خانەنشین لە 80٪ مووچەی وەزیفە زیاد بێت, لەوێ دەڵێ مووچە لەگەڵ دەرماڵە, ئێمە دەتوانین بڵێین لە 80٪ ی مووچە و دەرماڵە خانەنشینی, تەنیا ئیستسنای شەهیدی کردووە, لەبەر ئەوە پڕۆژە یاساکە لە حکومەت دەرچووە, ئەوەش لە بەغدا دەرچوو دیارە گشتگرە و هەرێمی کوردستانیش دەگرێتەوە, ئەگینا خۆ پێشمەرگە موستەحەقی هەموو شتێکە, ئەتوانین شتی تر تەعویزی بکەینەوە, مەسەلەن ئەوەی خزمەتی یەك ساڵە با بە دوو ساڵ بۆی حیساب بێت, چونکە بەڕاستی تەمەنێکی ساڵی بە دوو ساڵ, چوار ساڵ رۆیشتووە لەجەستەیی, لە روحی, لەهەموو شتێکەوە, یان بڕی مووچەی خانەنشینەکە ئەوەندە رێك بخەین کە شیاوی پێشمەرگە بێت, ئەوە تێبینی یەکەم بوو.

تێبینی دووەم/ لە بڕگەی (16) دەڵێ خزمەتی خانەنشینی بریتییە لە خزمەتی پێشمەرگایەتی, یان هەر خزمەتێکی تر دەشێت بخرێتە سەری بۆ مەبەستەکانی خانەنشین بێت بەپێی بڕیارێکی تایبەتی فەرماندەی گشتی, ئەمە خزمەت خزمەتی خۆیەتی پێشمەرگایەتی, هەر خزمەتێکی تر ئەگەر خزمەتی مەدەنی بێت پێم باشە بوترێ بە یاسا رێك بخرێت, ئەوە بەبڕیارێکی تایبەتی فەرماندەیی لەڕووی یاساییەوە پێدەچێ جێگای تێبینی بێت, ئەگەر بوترێ بەیاسا رێك بخرێ ئەگەر خزمەتی مەدەنی هەبێت بخرێتە سەر خزمەتی پێشمەرگایەتی, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مولاّحەزەیەکی بەجێیە ئەوەی قەرار خاصەکە لە (16) باسی کردووە, کاك عبدالرحمن ئیسماعیل فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن اسماعیل سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تێبینیم لەسەر مادە یەك فەقەرەی (21 و 22) هەیە, لێرە لە فەقەرەی (21) دەڵێ (الاسیر: هو الپیشمرگە الذي تم اسره من قبل جهة خارجیة أو من الاعداء), بەڕەئیی من (او من الاعداء) دروست نییە (من قبل الاعداء) دروست ترە, ئەوە یەك.

دوو/ تەبعەن (بسبب الخدمة او من جرائها) فەقەرەی (22) (المحتجز هو الذی...) هەمان شتە بەرەئیی من هەردوو فەقەرە بکرێتە یەك فەقەرە, بە (أ , ب) تەواو بکرێ, رێك تر دەبێت, فەقەرەی (21) کە لەسەر ئەسیرە, دەڵێ ئەسیر دەکرێ لە جیهەتی خارجیەوە یان ئەعدا, بەرەئیی من ئەو (من الاعداء)ە تەواو نییە, (من قبل الاعداء) باشتر دەبێ, ئەوەی (22) موحتەجیزە هەمان شت نووسراوە, بەرەئیی من هەردوو فەقەرە بکرێت بەیەك فەقەرە, بە (ئەلف و بێ) تەواو بکرێ زۆر رێکتر دەبێ, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

راست دەکات, ئەو نوقتەیە قسەی لەسەرە, کاك عیزەدین فەرموو.

**بەڕێز عزالدين سليم خديدا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نوقتەی نیزامە, چونکە لەم پرۆژەیە 14 مادە زیادبووە و لە پرۆژەی پێشوودا (37) و لەوە (51)ە, ئەو پرۆژە بەکوردیش لەلای مە نییە, بەلاَم ئەوە بە کوردی هەیە, لەبەر ئەوە دەنگ نەداوە کە ئەو پرۆژە بخوێنین, یان ئەوی تر بخوێنین, لەبەر ئەوە نوقتەی نیزامە, تەصویت لەسەر نەکراوە کام پرۆژە بخوێنین (14) مادەی فەرقە, هی دووەم/ پرسیاری کاك دیلمان هەمان پرسیارم هەبوو, بەلاَم کاك شێردڵ تەواو نەبوو بۆ ئەم پرسیارە, قانونی خدمەی عەسکەری هەیە لە بەغدا, ئەو حەرس ئقلیم خازعی ئەو قانونە, کە ئەو قانونە رەچاو دەکات ئان نا, ئەوە پرسیاری کاك دیلمان بوو, بەلاَم کاك شێردل زۆر تەواو نەبوو, سەبارەت بە فەقەرەی خامس عشر (الحقوق التقاعدية: تلك الحقوق الذي يتقاضاه المتقاعد او ورثته) وابزانم بەعەرەبیەکەی وا نییە (تلك حقوق التي يتقاضاه المتقاعد او ورثته), (يتقاضاه) واتە پارە, حقوق موتاقازا نییە, حقوق مادییە و مەعنەویە و هەموو شتە, بەلاَم پارە نییە, لازم بنووسرێ (تلك الحقوق التي يستحقه المتقاعد او ورثته) بەعەرەبیەکە موزەکەر و موئەنەسیش تێکەڵ دەکات, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مولاَحەزەکەی (يستحقه) لەجێی خۆیەتی, من و کاك فرسەتیش ئیشارەتمان پێکردووە, نوقتەی نیزامەکەشت ئەمجارە عەکس بوو, دەبوایە بیدایەتی بلێی رەنگە ئەگەر بیدایەت بوایە جوابمان بدابایەوە, لەناو موداخەلەکەت وتت, هەندێ جار نوقتەی نیزام موداخەلەیە دەست هەڵدەگرن بۆ نوقتەی نیزام, ئەمجارە نوقتەی نیزامی راستی بوو, دوات خست بۆ موداخەلەکە, بەهەر حاڵ جوابمان داوە, نوقتەکەشت راستە, بەلاَم بەم شێوەیە قبوڵمان کرد, کە پرۆژە ئەصڵیەکەیە بە ئیقتیراحی ئیزافە کردنی چەند مادەیەك و تەعدیل کردنی چەند مادەیەکی تر, کاك غفور فەرموو.

**بەڕێز غفور طاهر سعيد مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ئەو پرۆژەیە لەمادەی یەکەم برگەی (2 و 3) پێم باشە بکرێتە یەك برگە, مەسەلەن نووسراوە (سەرۆکی هەرێم: فەرماندەی گشتی) لە برگەی سێیەم نووسراوە (فەرماندەی گشتی: فەرماندەی گشتی هێزەکانی پاراستنی هەرێمن) دەکرێ بیکەین بەیەك برگە بیلێین (سەرۆکی هەرێم: فەرماندەی گشتی هێزەکانی پاراستنی هەرێمە) بەم شێوەیە دەبێتە یەك برگە و دووبارە نابێتەوە, ئەوە خاڵێك بەنیسبەت

بڕگەی (9) لەمادەی یەکەم, بەڕاستی کێشەی ئێمە کێشەی خاك و خەڵك بووە بەبەردەوامی لەگەڵ داگیرکەرانی کوردستان, نووسراوە (بزووتنەوەی رزگاریخوازانی کوردستان) پێشنیاری ئەوە دەکەم بکرێتە (بزووتنەوەی رزگاریخوازی نیشتیمانی کوردستان)، یەعنی ئەو نیشتمانەی بۆ زیاد بکرێت، لەبەر ئەوەی کێشەی ئێمە کیشەی نیشتمان و کێشەی خەڵکی کوردستانیش بووە، لە عەرەبێکەش دەبێتە، الحركة التحررية الوطنية الكوردستانية، ئەوە بەپێویستی دەزانم کە بۆی زیادبکرێت، وەلە بڕگەی دەهەمی ئەو مادەیەش کە دیسان نووسراوە شۆڕشی رزگاریخوازی کوردستان، بکرێتە شۆڕشی رزگاری خوازی نیشتمانی کوردستان، ئەوەی بۆ ئیزافە بکرێت، لەبڕگەی یازدەو بڕگەی دووازدە نووسراوە بەپێی پەندەکانی ئەو یاسایە، ئەوە بکرێتە بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە، یاخود هەر بەپێی ئەم یاسایە، ئەو بەندانە هەر لێرە لابدرێت، قانونی تر بێت، حوکمەکانی ئەم یاسایە جوانتریش دەبێت لەڕووی قانونیەوە، بەنیسبەت بڕگەی هەژدە لەسەر پاشە نیشین، بەراستی پاشە نیشین کەم بەکار هاتووە لەزمانی کوردی، بکرێت بە نەوە باشترە، نەوەش ئەوە پێناسەکەی دیارە کەکێیە، ئەوانەی کەبەپێی باری کەسی دەبنە میراتگری خانیشین، یەعنی پاشە نیشین ببێت بە نەوە جوانتر دەبێت، وە لەگەڵ ئەوە دام کە بڕگەیەکی تر ئیزافە بکرێت بۆ رێکخستنی نهێنی، یەعنی خەڵکێك هەبووە لە ناوشار کاری شۆڕشی بەڕێوە بردووە لەڕووی پێشمەرکایەتیەوە ولەڕووی رێکخستنەوە، لێرە بەپێویستی دەزانم کە بڕگەیەك ئیزافە بکرێت بۆ ئەوە بنووسرێت رێکخستنی نهێنی: ئەو کەسانەن کە ئەرکی پێشمەرگایەتی و رێکخستنیان بۆ شۆڕش لە ناو شارەکانی کوردستان ئەنجام داوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێخ فتاح فەرموو.

**بەڕێز فتاح عبدالله نەقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشەکی دەست خۆشی لە لیژانی هاوبەش و بەڕێزان جەنابی وزیران دەکەم، بەراستی پرۆژەیەکی تێرو تەسەلە، بەڵام یەك پرسیارم هەبوو برادەران باسیان لێ کرد تا حەدێك، بەڵام تەئکیدی ئەکەمەوە ئەوەی کاك غفور باسی کرد لەدوای بڕگەی حەڤدە پێویستە ئەوەی تەنزیمی داخیلی، بەشێ لەخەڵکی ئێمە پێشمەرگەی داخیلی بووەو تەنزیمی داخیلی بووەو ناوی نەهاتووە لێرە، پێم باشە ئەوە بکرێت بە بڕگەیەك، یان لەدوای بڕگەی حەڤدە ئیزافە بکرێت، بەشتێکی باشی دەزانم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڤیان خان فەرموو.

**بەڕێز ڤیان سلیمان حاجی بشار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەکەم مولاحەزەم ئەوەیە کە ئێمە لەقانونەکەی پێشتر وشەی پاسەوانیمان بەکار نەهێناوە، وشەی زێڕەڤانیمان بەکارهێناوە، بۆ ئەوەی کە یەك بگرێتەوە، من پێم باشترە لێرە وشەی زێڕەڤانی دیسان بەکاربهێنینەوە، دیسان تێکەڵاویەك هەیە، ئەگەر سەیری بەندەکانی ئەم مادەیە بکەین تیکەڵاویەك هەیە لەنیوان تەرجەمەکردنی بۆ نموونە لەخاڵی پێنج خوێندییەوە: فەرماندەی گشتی هێزەکانی پاسەوانی

هەرێم، بەڵام لەخاڵی شازدە کە هەر دیسان لە ئەخیرەکەی وتی بڕیارێکی تایبەتی فەرماندەی گشتی هێزەکانی پاراستنی هەرێم، یەعنی لێرە تیکەڵاوی کردووە لەنێوان حەرەس لەگەڵ قوات حماية الاقليم، کە ئەگەر بێیتەوە سەیری راستیەکەی بکەی دەبێ لەهەموو شوێنێك هەر پاسەوانەکەبێت، یەعنی زێرەڤانەکەبێت بۆ ئەوەی لەگەڵ قانونی پێشو یەك بگرێتەوە، خاڵی دووهەمیشم ئەوەبوو کەبەڕێز کاك غفور ئیشارەتی پێ دا، منیش لەگەڵ ئەو بۆچوونەم کەهەردوو فەقەرەی دوو، و سێ یەك بخرێت و بەو شیوەیە بێت: فەرماندەی گشتی هێزەکانی پاراستنی هەرێم، سەرۆکی هەرێم: سەرۆکی فەرماندەی گشتی هیزەکانی پاراستنی هەرێمە، چونکە دووجار تکرار دەبێتەوە، خاڵی سێهەمم ئەوەیە کە بەراستی ئێمە لەمەو دوا تێبینیەکی لیژنەی رۆشنبیری، ئێمە دوێنێش دیسان برای بەڕێزم کاك ئاریز ئیشارەتی پێدا، بەڵام لێرە وەرنەگیرا، دیسان دووبارەی دەکەینەوە، لەمەو دوا لە قانونەکانی خۆمان کوردستان پێناسەکەین نەك هەرێم، بڵێین کوردستان لەجیاتی ئەوەی بڵێین هەرێمی کوردستان، بڵێین کوردستان: مەبەست هەرێمی کوردستان – عێراق، خاڵی چوارەمم: بەنیسبەت وشەی پاشەنیشین، پاشەنیشین، وشەیەکی زۆر نۆییەو تازەش دروست کراوە، ئێمە کەلیمەیەکی رەسەنمان هەیە میراتگر، میراتگر زۆر باشە، لێرە بەڕای من بەکاربهێنرێت، چونکە حەتا لەتەعریفەکەیشا هەر دیسان دەڵێت ئەوانەی کەدەبنە میراتگری خانەنیشین، کەواتە تەعریفی میراتگرەکە بکە، نەك پاشە نیشین، شایەستەش بەخالی نۆزدەهەم بەڕای منەوە خاوەن ماف ناگرێت، موستەحەق لێرە بۆی بزەبتە چونکە تۆ شایستە کەلێمەیەکی فراوانە لەزۆر بوار بەکاری دەهێنی، بەڕای منەوە دوو وشەمان هەیە دەتوانین بەکاری بهێنین لەسەر ئەوەی تۆ ئەڵێی موستەفید، سودمەندد بۆی هەیە لەکوردستان، کەواتە بۆ خاوەن حەقیش، موستەحەقیش دەتوانیت ماڤ بەند بەکار بێنیت ئەتوانیت ماڤ داریش بەکار بێنیت، خاڵی بیست ویەکەمیش بەدیل گیراو، دیل خۆی ئەسیرە، لەعەرەبێکە ئەسیر هاتووە، کەواتە بۆ لەکوردێکە بڵێی بەدیل گیراو بەئەسیر، هەر بڵێی ئەسیرەو تەواو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك رۆمێو فەرموو.

**بەڕێز رۆمێو حزیران نیسان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبڕگەی عاشرا: من تەنها نوسخە عەرەبێکەم پێیە کە دەڵێت، حرس الاقليم: هو من التحق بالثورة التحررية الكوردستانية لتحقيق حقوق شعب كوردستان الديمقراطية والقومية او يلتحق بقوات الپيشمركه، پێم باشە کەدەڵێت او يلتحق، دوای ئەو بەرواره یازدەی ئەیلولەکەی بۆ زیاد بکرێت، بۆ ئەوەی وازیح تر بێت، لەبڕگەی بیست ویەکەم دەڵێت: الاسير هو الذي تم اسره من قبل جهة خارجية او من الاعداء، جهة خارجية شەرت نیە تەنها جیهە خارجیەك بێت، بۆ نموونە ئەگەر کردەوەکە لە کوردستان بێت، جیهاتی دەرەکیش هەیە، جیهاتی ناوخۆییش هەبوو ە کە پێشمەرکەی وەك ئەسییر گرتووە، لەبڕگەی بیست و بیست ویەك و بیست ودوویش هاتووە، بسبب اداء لواجبه، پێم باشە بکرێت به اثناء اداء لواجبه، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بوزو هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من سەرەتا پێشنیار دەکەم پڕۆژەکە تەنها یاسای خیدمەو تەقاعودی پاسەوانانی هەرێمی بێ و ناوی پێشمەرگەی تێدا نەبێت، یەعنی ناوی پێشمەرگایەتی ناوێکی پیرۆزە، پێم وایە زیاتر هەڵبگیرێت بۆ ئەو قۆناغەی ساڵی رزگاریخوازیی لەساڵی 1961 وە هەتا ساڵی 1991، تێکەڵی نەکەین بە حوراسی ئەقلیم و ئەو خیدمەیە بەچاکی و بەخراپییەوە، ئەمە هەم پێشنیارەو زیاتر پرسیاریشە بۆ لیژنەی پێشمەرگە، ئەمە یەك، دوو: یەعنی بۆ پشتگیری لەرەئیەکەی خۆم ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مادەی حەفت، یەعنی نایب زابیت، رەئیس عورەفایە، رەئیس عورەفای پێشمەرگە، یەعنی مەعقولە ئەو ناوە؟ نایب زابت، عەریف، پێم وایە ئەمە رێك نیە، دوایی چەند تێکەڵ و پێکەڵ هەیە لێرە، ناوی پێشمەرگە هاتووە، ڤیان خان باسی ئەوەی کرد زێڕەڤانی هەیە، پاسەوانانی هەرێم هەیە، من پێشنیار دەکەم تەنها پاسەوانی هەرێم بەکار بێنین، لەبەر ئەوەی لەدستوری هەمیشەیی عێراق لەنوسخە کوردێکەی ئەمە تەنها ناوی پاسەوانانی هەرێم هاتووە، ئێمە زیاتر وەکو دستوری عێراق ئەو ناوە بەکار بێنین، من پێم باشترە، خاڵی دووهەمم، یەعنی ئەم یاسایە یاسایەکی باشە، بەڵام لەرووی قەواعیدی و لوغەوییەوە هەندێك دەبینم زۆر موەفەق نەبووە، بۆ نموونە لەخاڵی یازدە، دەڵێت: المتقاعد و البیشمرکة ئەو واوە زیادة، الحقوق التقاعدیة: تلك الحقوق، (تلك) کەیش زیادة، الحقوق و تەواو، ئەوەی تر الخدمة التقاعدیة: عبارة عن خدمة البیشمرکة، ئەو (عن) ش زیادە، یەعنی ئەگەر پێیدا بچین زۆر لەوانە زیادە، هو وهی و تلك، هەمووی پێویستی بەوەی ناکا، خاڵی ئەخیرم ئەوەیە هەرچەندە مافی ئەوەم نیە جەوابی ئەندام پەرلەمان بدەمەوە، بەڵام کاك دیلمان باسی ئەوەی کرد کە ئەمە یاسایەکەو لەعێراقیش یاسایەك هاتووەو ئێمە جوزئێکین لە لەشکری عێراق، من پێم وایە ئەو پاسەوانانی هەرێم یان یەکێك لەدەستکەوتەکانی گەلەکەمان لە دستوری هەمیشەیی عێراق ئەوە بووە کەهێزێکی عەسکەریمان هەیە، ئەگەر بێتو ئێمە خۆمان رەبت کەین لە گەڵ وەزارەتی دیفاعی عێراق بەتەواوی، پێم وایە ئەو دەسکەوتە لەدەست دەدەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك سعدالدین فەرموو.

**بەڕێز ملا سعدالدین عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مولاحەزەکەم لەسەر ئەوەیە کە پێشمەرگە، یەعنی حامل ئەلروتبە، یەعنی روتبەی هەیە، وەکو ئەوەی لەعەسکەری هەیە، لابودە لەجێیەکان لەناو قانونەکەیش زۆر باسی زابیت هاتووە، یەعنی پێشمەرگە یان زابیت، زابیت ئەوەیە کەلەکولییەی عەسکەری دەردەچێ دەبێتە زابیت، لێرە تەعریفی ئەو زابیتە نەهاتووە، دەبوایە لەزمنی ئەو تەعریفانەی تەعریف بکرایە، لەپاشان کە دەڵێت: المتقاعد هو البیشمرکة، موتەقاعید پێشمەرگەریە؟ نە، یەعنی بنووسرێت المتقاعد البیشمرکة، نەك موتەقاعید پێشمەرگەبێت، یەعنی عیبارەتەکە عیبارەتێکی رێك نابێت، لە زمنی تەسنیفاتەکانیش، یەعنی الراتب الاساسي، راتبی ئەساسی لاخر شهر یتقاضاه، نازانم یەعنی لەراتبی تەقاعودی لەفەقەرەی دوازدە ئەوە ئەو راتبە تەقاعودیە، یەعنی یەك جارە، یەعنی ناوی لێنەنرێ راتبی تەقاعودی باشە، چونکە جارێك کە یصرف عند احالته علی التقاعد، لە پاشان ئەو راتیبە ئەساسیەیەکەی، لەپاشان ئەو راتیبە تەقاعودیەی تەواوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

دوو مولاحەزەم هەیە لەسەر قسەكانی كاك سعدالدین، یەك: كەدەڵێی موتەقاعید، مەعلومە كە موتەقاعیدی عام نیە، موتەقاعیدی پێشمەرگەیە، بەڵام دەڵێت هو البیشمرگە، دەبێت بڵێی، لێرە بەتەنها لەقانونەكەدا بە موتەقاعید هاتووە، مەقسدمان بۆ ئەوەی تێبگەین كە موتەقاعیدی تر نیە، موتەقاعیدی پێشمەركەیە، دوو: الراتب الذي یتقاضاه، یەعنی یەك موتەقاعید مەعلومە یەك مەعاشی نیە خۆ موكافەئە نیە راتب تەقاعودی، هو الراتب الذي یتقاضاه، یەعنی دائیما بیئستیمرارە، كاك سعدالدین فەرموو.

**بەڕێز سعدالدین عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

یەعنی ئەگەر بڵێین موتەقاعید لەقانونی ئەسڵی یەعنی، ئەڵێت، المتقاعد هو كل شخص یتناول راتبا تقاعدیا عسكریا، یەعنی لەوێ بەدیار دەكەوێ.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەدی پێشمەرگە لەكوێیە؟ حەرەسی ئەقلیم لەكوێیە؟ ئەگەر بڵێین عەسكەرییەن، تۆ بڵێ عسكەرییەن هەموو عەسكەرێك دەگرێتەوە، بەعەكسەوە لێرە باش هاتووە. سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب انور:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من لێرە یەك شت هەیە روون نیە لەلای من و حەز ئەكەم روونیش ببێتەوە، لەخاڵی شازدەیا ئەڵێت: خزمەتی خانە نیشینی، بریتیە لەخزمەتی پێشمەرگایەتی یان خزمەتێكی دیكە، دەشێت بخرێتە سەری بۆ مەبەستەكانی خانەنیشینكردن، بە مەبەستی بڕیارێكی تایبەتی فەرماندەیی گشتی هیزەكانی پاراستنی هەرێم، ئەگەر خزمەتێكە بۆ ئەوەیە كە پێشمەرگەیە بێی خانە نیشین بكرێت، ئەو وشەیە دەشێت لابدرێت، كە بڵێت؛ بریتیە لە خزمەتی پێشمەرگایەتی، دووهەم: بۆ بەبڕیارێكی تایبەت بێت، یەعنی من ئەوە زۆر مەجالی ئەوەی تێدایە، هەم چەند جارێكی تر بگەڕێنەوە سەر واستەو واستە كاری وبەزم و رەزم، ئەگەر ئەو كەسە پێشمەرگەیەو لەپێش پێشمەرگایەتێكەی دكتۆر بووەو لەخەستەخانەیەكدا كاری كردووە و بووە بە پێشمەرگە، مەفروزە ئۆتۆماتیكیەن ئەو خزمەتەی چەند ساڵەی ناو حكومەتەكەی بۆ بخرێتە سەر ئەو چەند ساڵەی پێشمەرگایەتێكەی، چونكە لێرەدا جارێكی تر هاتووە ئەڵێت خزمەتی پێشمەرگایەتی ئەو ماوەیەیە كە پێشمەرگە خزمەتی فیعلی تێدا كردووە و خەباتی پێشمەرگایەتی لەریزەكانی شۆڕش و ئەو خزمەتەی لەدوای شۆڕش لەپێش هەموو كاتێك، یەعنی شەرت نیە، لەوانەیە ئێستا لەناو شۆڕش و لەناو ریزەكانی پێشمەرگەدا نەماوە، كارێكی تری هەیە، بەڵام شانازی بەو خزمەتەی خۆیەوە دەكات و پێویستە لەسەری دەست نیشان بكرێت، دووهەم: پاشەنیشین، منیش لە گەڵ ئەوەیدام میراتگربێت، بەڵام لێرەدا خاڵی نۆزدە روون نیە لە لام موستەحەق یاخود شایستە، هەر بەخۆی كەلیمەكە تۆزێ لەكوردیەكەیدا تۆزی وزایح نیە شایستە، لەخاڵی یەكەم دەڵێت: ئەو كەسەی لەنێوان وەچەكانی، ماڤ لەنێوان وەچەكانیا ماڤی وەرگرتنی مووچەی خانەنیشینی دەبێت لەدوای مردنی خانەنیشین كراو، ئێمە ئەزانین ئەوانەیە كەبەپێی یاساكەیە، بەڵام بەراستی پرسیارەكەی من لەوەدایە ئایا ئێمە لەناو پێشمەرگەدا چینێكی زۆر زۆرمان هەیە، راستە لەدوایانەوە كەس نەماوە، بەڵام كێ دەستنیشانی ئەو موستەحەقە

ئەكات كەوەرگرێت؟ ئەگەر خۆی نەماوە، بەڵام ئێستا خەڵك هەیە ئەڵێت من ئەمەوێ ئەو تەقاعودیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

تەنها یەك خاڵ سۆزان خان، ئەوەیش ئەوەیە خیدمەی پێشمەرگە لەگەڵ خیدمەی تەقاعودی فەرقی هەیە، خیدمەی تەقاعودی: خیدمەی پێشمەرگەیە زائیدەن خیدمەی تر كە ئاماژەی پێ كراوە، وازیحە شتەكە، بۆیە ئەوە شتێكە لەوێ دەڵێت دەكرێت ئیزافە بكرێت، یەكێك دە ساڵ خیدمەی پێشمەرگەی هەیە، بەڵام دوو ساڵێش كارمەند بووە، ئەوەیشی بۆ ئیزافە دەكرێت. شمسە خان فەرمووو.

**بەڕێز شمسە سعید محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەمادەی یەكەم، تێبینیم هەیە لەسەر خاڵی دووهەم كە دەڵێت رئیس الاقلیم: هو القائد العام، بەراستی من ئەلێرەدا بە زیادی ئەزانم، چونكە ئێمە تەعریفی (رئیس الاقلیم)مان لەمادە دوو لەیاسای سەرۆكایەتی هەرێم تەعریف كردووە بۆیە ئەوە بەزیاد دەزانم، خاڵی دووهەم كە دەڵێت: القائد العام لقوات حمایة الاقلیم، براستی ئێمە ئەگەر هاتو ئەوەمان لابرد، بڕگەی دووهەمان لابرد، بڕگەی سێهەم مادام دووبارەیە بۆ پێنجەم دیسانەوە، ئێمە تەعریفی القیادة العامة لقوات حمایة الاقلیم مان كردووە، هەربڕگەی پێنجەم بمێنێ وبڕگەی سێهەم نەمێنێ، چۆنكە رەبت دەبێتەوە بەبڕگەی دووهەمەوە، لە خاڵی دەهەم كە تەعریفی پێشمەرگە دەكات، ئێمە پێشتر تەعریفی پێشمەرگەمان لەیاسای رێزلێنانی پێشمەرگە كردووە، كەلەیاساكەیدا باسمان كردووە دەڵێت، ذلك المناضل المسلح الذي اشترك بارادته الحرة في الثورة التحرریة ولایزال یشی تیدایە، یەعنی ئەو كەسەی كە ئیلتیحاقی كردووە بە سەورەی تەحەروریەوە وەلایەزال ئەو لایەزالیشی تێدابێت، ئەنجا دوای ئەو بەرواره پەیوەندی ئەكات، پێم باشە ئێمە وەك یاسای رێزلێنانەكە تەعریفی پێشمەرگە بكەینەوە، لەخاڵی شازدەیشدا باسی خدمەی تەقاعودی كراوە، لەراستیدا منیش تەئییدی قەسەی كاك عبدالرحمن و سۆزان خان دەكەم، ئەو خیدمە مەدەنییەی كەپێشمەرگە هەیەتی كەئیزافە بكرێت بۆ خیدمەی پێشمەرگایەتی، بۆ بەقەرارێكی خاسبێت؟ هەر بابەیاسا ئەو خیدمەیە رێكبخرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

خیدمەی ئیزافی بۆیە بەقەرای خاسە، چونكە حاڵاتی خاسن عام نیە تا وەكو بەقانون بێت، بۆیە وا ئیزافە كراوە، چەند كەس باسی ئەوەی كرد، دوایی شەرحی بكەن كاكە. دكتۆرە رۆژان فەرمووو.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێناسەكان یەكجار زۆرن، بۆیە پێشنیار دەكەم ئەگەر دەستەواژەیەك لێرە هەمان مەعنای هەیە كەلەیاسایەكی تر بەكار هاتووە، لێرە لادرێت باشە، بۆ نموونە بڕگە چواردە كەمووچەی تەواو، راتبی تەواو لەهەمموو یاسایەك مووچەی تەواو دەگرێتەوەو پێویست ناكات لێرە دوو بارە بكرێتەوە وپێناسە بكرێت، لەبڕگە دوازدە پێناسەی مووچەی خانە نشین كراوە، لەناوڕكی یاسایەكە هیچ كێشە نیە، بەڵام لەپێناسەكە كە دەیخوێنینەوە وادەردەكەوێ كە تەنها ئەو حاڵەتە دەگرێتەوە كە خانەنیشینی پێشمەرگە، ئەوپێشمەرگە كە لەژیان مابێ، واتا بەهۆی نەخۆشی بێت یان بەهۆی تەمەن بێت، خانە نشین بەهۆی مردن ناگرێتەوە،

ئەگەر وشەیەك زیاد بكرێت كە مووچەی خانەنشین ئەو مووچەیە كەلەو حاڵەتەی پێشمەرگەیش خانەنشینەكەیش بەهۆی مردن بگرێتەوە، لە بڕگە بیست پێناسەی بێسەرو شوێن كراوە، ئەو پێشمەرگەیە كەبێسەرو شوێن كرایە، یەعنی نابێت بەدەستەواژەیەك بەهەمان وشە، بەهەمان زاراوە پێناسەبكرێت، ئەگەر سیاغەكەی بگۆڕرێت باشترە و ئایا مەفقودیش لێرە پێویستی بەحوكم هەیە؟ هەركەسێك ئەو سیفەتەی تێدابوو كە لەپێناسەكە هاتووە بێسەرو شوین كرایە پێویستی بەبڕیاری مەحكەمە هەیە؟ یان پێویستی بەبڕیاری مەحكەمە نیە؟ كە ئەوە بڕیاربدرێت بێسەرو شوێنە یان نەء؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك رشاد فەرموو

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

قسەكانی من زۆری كران، بەڵام لەپێناسەكەی هاتووە رئیس الاقلیم: لەبڕگەی دووهەم، مەفروزە بەتەنها رەئیس بێت وتەعریف بكرێت، نەك رەئیسی ئەقلیم، لەبڕگەی حەفت و هەشتیش الوزارة: هو وزارة البیشمركة لاقلیم كوردستان، نایەوێ، لەبەر ئەوەی لەپێناسەكە لەسەرەوە هاتووە الاقلیم: هو اقلیم كوردستان، وەزیریش بەهەمان شێوەدەبوایە وزیر البیشمركة بێت و اقلیم كوردستانی ناوێت، لەبڕگەی حەڤدەش باسی خەدەماتی پێشمەرگە دەكات و دەڵێت، خدمات البیشمركة: هو المدة التي قضاها في الخدمة الفعلیة في النضال في صفوف الثورة، والخدمات التی، (التی) یەك ئیزافە بكرێت نوقسانە لێرە. زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك دلێر فەرمووو.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من چەند خاڵێكم هەبوو یەكەم: لەگەڵ ئەو رەئیەی دكتۆرە رۆژانام كەتەعریفاتێكی زۆرە، فیعلەن هەندێك زیادەی تێدایە، ئەگەر دەكرێت لابدرێت، من پێم وایە وشەی پاراستن، حیمایە لێرانەیا ئەگەر لەكوردیەكە تەرجومەی كەین بەراستی وا نایەتەوە، یەعنی حیمایە بۆ پاسەوانی دێت نەك پاراستن یان بەرگری رەنگە باشتر بێت لەوە، چونكە لێرە هاتووە پاراستنی هەرێم/ من پێم وایە هەر حیمایەی ئیقلیم ناوی بە پاسەوانی هەرێم هاتووە لەبەر ئەوەی لەوێش هەر بوەتە پاسەوانی، ئەبێ تەوحیدی كەلیمەكە بێت باشترە، سێهەم شت، زەرورەت وایە ئێمە هەڵگیرساندنی شۆڕش بەكار بهێنین، اندلاع الثورة، نەك دەسپێكردن، ئەوە باشترە، پاشان ئەبێ كۆتایی هەبێ، لەگەڵ ئەو رەئیەی كاك عادل م چونكە لێرە مەقسەد لەكۆتایی شۆڕش نیە، لەبزووتنەوەی رزگاریخوازی، قەسد لەكۆمەڵێ حقوقە لەم یاسایە بۆ كۆمەڵەێ خەڵك دیاری دەكرێت بەپێی ئەو ماوە دیاری كراوە، یەعنی خەڵكێك هەیە لەپێشی راپەڕین پێشمەرگە بووە، ئیعتیبار دەكرێت بەخیدمەی تەقاعودی یان بە خیدمەی هەر شتێكی تر وە لەهەندێ شوێن لەیاساكە هاتووە ئیزافە ئەكرێت، ساڵێك بە دوو ساڵ، چونكە ئەبێت تەحدید بكرێت ساڵەكەی لێرانەندا، بۆ ئەوەی بزانێت ئەو كەسە مافەكەی تاكو كوێیەو ئەو مافە لەكوێ كۆتایی دێت، كەلیمەی یجوز بەراستی گونجاو نیە، منیش بەقەناعەتم هەر دەبێ بكرێتە یضاف كە لەمادەی شازدە هاتووە، دەشكرێت لە كوردیەكەیش یان لە

عەرەبێکەی یجوز پێم وایە ئەمە ئەبێت سیغەکە بگۆڕێت، چونکە ئەمە حاڵەتی ئیحتیمالی تێ ئەکەوێت، ئیحتیماله قەبۆڵ بکرێت یان قەبوڵ نەکرێت، لەبەر ئەوە ئەبێت یضاف دابنرێت باشترە نەك ئاوها، پاشان من پێم وایە لەدوو، سێ شوێنی ترا دێت خیزمەتی فیعلی یەعنی خیزمەت فیعلی، ئێمە فیعلەن تەعریفمان نە کردووە، زەرورەت وایە تەحدید بکرێت، خیزمەتی فیعلی بەچی مەعنایەك دێت لێرانە، چونکە تۆ کاتێك کە باسی خزمەتی فیعلی دەکەێت بۆ پێشمەرگەیەك بەر لە راپەڕین چۆنی ناو بنەیین؟ کێ ئەگرێتەوە؟ چەند پرسیارێك کرا فیعلەن ئیحتیماله رۆژێك لەرۆژان ئیشکالێکی قانونی دروست کاتکەسانێك هەبێ لەناو شۆڕشدا سەر بە شۆڕشە یان بە شێوەیەکی جیاجیا، یان لەمەجالێکی جیای شۆڕش ئیشی کردووە، بەڵام پێشمەرگەیەکی چەکداری حەقیقی نەبووە، لەبەر ئەوەی پێشمەرگایەتی ئەبێ بچێتە سەر رەبێ ولەمەجالی سەربازی ناو کاری پێشمەرگایەتیا، لەبەر ئەوەی خیزمەتی فیعلی بەقەناعەتم زەرور وایە تەحدیدی بکەین و پێناسەی بکەین و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك د. دلێر فەرموو.

**بەڕێز د.دلێر اسماعیل حقی شاوێس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی زۆربەی زۆری تێبینیەکانم وتران، بەڵام پێم چاکە لەخاڵی نۆهەما ئیشارەت بەوە بدەم نووسراوە، شۆڕش بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردستانیە کە لە 11 ئەیلولی 1961 وە دەست پێ دەکات، راستە شۆڕشی ئەیلول حەلەقەیەکی گرنگە لەبزووتنەوەی رزگاریخوازی نیشتمانیی کوردستان، بەڵام بزووتنەوەی رزگاریخوازی نیشتمانیی لە سەدەی نۆزدەوە دەست پێ ئەکات نەك لە 11 ئەیلولەوە، لێرە بۆ ئەوەی ئەو ئیشکالە مێژوویە نەمێنێت، پێم وایە بەکوردی ببێتە هەڵگیرسا و بەعەرەبێکەیش ببێتە اندلعت. زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو مولاحەزەیە دووبارە بوەتەوە، کاك زەعیم و کاك شێردڵ لەسەر نۆهەم، الحركة التحررية الكوردستانية، فعلەن وایشە، من تاريخ اندلاعها في 11 ايلول عام 1961، چونکە حەرەکەی تەحەروری کوردستانی زۆر قەدیم تریشە و کۆنترە، یەعنی بۆ ئەوەی بەو شکڵە بگەڕێتەوە. کاك ملا انور فەرموو

**بەڕێز انور محمد غفور:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دوو پرسیارم لە لیژنەی یاسایی و لیژنەی پێشمەرگە هەیە، بەنیسبەت بیدایەتی خاڵی نۆهەم، بیدایەتی هەڵگیرساندنی شۆڕشی کورد لە 11 ئەیلولی 1961، ئەوە بیدایەتی کە دەست پێ دەکات لەگەڵ خاڵی دووازدە کە باس لە راتب دەکات، تەبیعی لەو زەمانەدا راتب شتێك نەبووە، کەسێك هەبووە ساڵێك، دوو ساڵ پێشمەرگە بووەو شەهید بووە، یان کەسانێکی تر هەبوونە ئێستا دانیشتوون لەو شۆڕشەی ئەیلولا بەشدار بووە، لەخاڵی دووازدە باس دەکات دەڵێت، مبلغ من النقود الذي يصرف للبيشمركة في وقت احالته على التقاعد، ئەوانە چۆن؟ یەعنی نازانم چۆن تەرتیب دەکرێت لە گەڵ ئەو کەسانەی کە راتبیان وەکو پێشمەرگە نەبووە یان راتبەکەی کەم بووە؟ خاڵی حەڤدەیش هەر پرسیارە حەزئەکەم باسی بکەم، باسی

خەدەماتی پێشمەرگە ئەکات، هەمووما‌ن دەزانین حەرکەی تەحەروری کوردی خەڵکێك هەبووە پێشمەرگە بووە لەزەمانێك و دوایی بۆتە دژی پێشمەرگە، یەعنی هەڵگەڕایەتەوە، مەسەلەن ساڵێك پێشمەرگە بووە و دەساڵان دژی پێشمەرگە بووە، ئایە ئەوانە چۆن تەرتیب دەکرێت، هەر بەیەك حیساب دەبن؟ چونکە باس باسی خیدمەی فیعلی ئەکات، باسی النضال في صفوف الثورة، یەعنی خیدمەیەکی فیعلی هەبووە، بەڵام شتی تریشی هەبووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك جعفر فەرموو.

**بەڕێز جعفر مصطفى معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دوو، سێ تێبینیم هەیە، یەکەم: مادەی یەك بڕگەی شازدە ئەگەر ئەوە چاك بکرێت، ئەڵێت بریتیە لە پێشمەرگایەتی یان هەر خزمەتێکی تری نیشتمانی، چونکە ئەگەر نیشتمانێکەی لەگەل زیاد نەکەی جەیشی شەعبی دەگرێتەوە، ئەمن دەگرێتەوە، ئیستیخبارات دەگرێتەوە، چونکە ئێستا لە عێراقدا خەریکن لە باتی ریشە هەڵکیشی بەعس ئەیهێننەوە سەر کار، بەنیسبەت بڕگەی حەڤدە، ئەڵێت ئەو ماوەیە کە پێشمەرکە خزمەتی تێداکردووە لەماوەیەکی دیاریکراودا، چونکە راست دەکات کاك ملا انور دوو ساڵ پێشمەرگە بووە، دەساڵان بۆی حیساب کردووە، ئەگەر ئەو ماوە دیاری کراوە ئیزافە نەکرێت لێرە، ئەو کاتە دوو ساڵەکە دەبێت دەساڵی بۆ حیساب کەیت، بەڵام ماوەی دیاری کراو ساڵێك پێشمەرگە بووە یان دوو ساڵ پێشمەرگە بووە، بڕگەی شازدە دەبێت ئەو پێشمەرگەیەی دەست بەسەر دەبێت لە لایەنێکی دەرەکی یان ناوخۆیی، چونکە بەداخەوە ئێمە شەڕی ناوخۆیشمان هەبوو، تائێستایش پێشمەرگە هەیە بەهۆی شەڕی ناوخۆیەوە تائێستا لەسجندایە، پێشنیارێکی ترم هەیە ئێمە لەم یاسایە ئەسەرێکی رەجعی نەبێت، ئێمە کە واتا وەکو کاك عادل وتی ئەوانەی پێشوو پلەی چاکمان پێیان داو تەقاعودیشمان کردن، ئەگەر هەیەتی ئەبێت خاڵێك زیاد کەین بۆ ئەوانەی کەپێشتر تەقاعود کراون جارێکی تر بەسەریان بچێتەوە بۆ ئەوەی زیادی پێ دراوە لێی کەم بکریتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

موداخەلەتەکان کۆتایی هات، پێش ئەوەی مەجالی قسەکردن بدەم بە لیژنەی قانونی یان جەنابی وەزیر، کاك فرست هەندێك مولاحەزەی قانونی هەیە، فەرموو کاك فرست.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من هەندێك روونکردنەوەو وهەندێك رەئیشم هەیە لەسەر بڕگەی حەڤدە، بەنیسبەتی موستەڵەحات، ئەوە تەعریفە بۆ ئەو وشانە، ئەو کەلیماتانە ئەوەی لەناو سوڵبی قانونەکە هاتووە، یەعنی مەسەلەن هەر کەلیمەیەك لەناو قانونەکە نەهاتووبێت نابێت ئێمە لێرە تەعریفی بکەین، برادەران و کاك غفور باسی رێکخستنی نهێنی، ئەگەر موستەڵەحی رێکخستنی نهێنی لەناو سوڵبی قانونەکە نەهاتبێت نابێت ئێمە تەعریفی بکەین، چونکە موحتاجیمان پێی نیە، بەنیسبەت قەراری تایبەتی خوشکە سۆزان دەربارەی فەقەرە شازدە بڕیاری تایبەت مەعنای ئەوە ناگەیەنێت، بڕیارێکی ئیستسنائی بۆ یەکێك بدرێت، مەعنای ئەوە دەگەیەنێت موعامەلەیەك بە تەنها هین شەخسێکی موعەیەنە، موعامەلەیەکی عام نیە شمولی

مەجموعەیەکی خەڵکی زۆر بکات، لەبەر ئەوە مەفروزە بڕیارەکە تایبەت بێت و بەشکڵێکی وایشبێت و قانون ئیجازەی بدات، ئەگەر قانون ئیجازەی نەدات نابێت ئەو بڕیارە دەربچێت، بەنیسبەت فەقەرەی (أ) و (ب) لە بڕگەی حەڤدە بەڕەئیی من فەقەرە (ب) زیادە، چونکە عیلاقەتی لەگەڵ تەعریفەکە نیە، فەقەرە (أ) یش بۆشێوەیەکی راست و دروست نەهاتووە ئەڵێت، الموستحق: هو الشخص الذي له حقوق استلام الراتب، دەربارەی ئەم فەقەرە وەکیلیش حەقی ئیستیلامی راتبی هەیە، بەڵام بە موستەحەق دانانرێت، مەفروزە بەرەئیی من بەو شکڵە بێت و تەعریف بکرێت: المستحق هو الشخص الذي يستحق الراتب التقاعدي بعد وفاة البيشمركة المتقاعد، ئەوەی ئیستیحقاقی راتبی تەقاعودی هەبێت نە موستەحەق بێت راتبەکە وەربگرێت، چونکە وەرگرتن وەکیلیش دەتوانێت راتب وەربگرێت، بەڵام بەخۆی دوور نیە حەقێکی نەبێت لە ناو ئەو تەقاعودیە کە وەری ئەگرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

داوا لە کاک شێردڵ دەکەم روون کردنەوەیەك بدات لەسەر ئەو مولاحەزاتانە و بەهەند وەریبگرێت، ئەوانەی کە ئاماژەمان پێ کرد و خۆشیان موافەقەتیان کرد، من بەحەقیقەت پێش ئەوەی قسە بکەن ئەو موستەڵەحەی کە باسمان کرد لەسەر شۆڕش ئەوەی نۆهەم الثورة، الحركة التحررية الكوردستانية، دوایی شتێکمان کرد و بەحەقیقەت ئەگەر دیقەت تر بڵێین، دەبێ بڵێین: هي مرحلة من الحركة التحررية الكوردية الكوردستانية التي تبدأ في 11 ايلول 1961، چونکە ئەو مەرحەلەیە لە حەرەکەی تەحروری کوردستانی لە 11ی ئەیلولەوە دەست پێ کردنی شۆڕشی پێی دەوترێت، بۆ ئەوەی حەرەکە تەحرورێکە شامل ترو فراوانتربێ، هي مرحلة من الحركة التحررية الكوردستانية التي تبدا من 11 ايلول، فەرموو کاك عەونی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەلیژنەی یاسایی و لە گەڵ لیژنەی پێشمەرگە زۆر دیراسەتی ئەو خاڵەمان کرد، وامان کرد ئەو فەقەرەیە بەو شێوەیەی دابڕێژرێ، بۆ ئەوەی تەنسیقیکی هەبێ لە گەڵ قانونەکانی کۆن کە دەرمان کردووە، بەتایبەتی قانونی تەکریمی پێشمەرگە لەوێیش تەعریفی هەیە، جگە لەوش قەراراتی پەرلەمانی کۆن بەو شێوە تەعریفی کردووە، ئێمە ویستمان لەوە فەقەرەیە دیقەت زۆر بێت و نەسقێکی هەبێت لە گەڵ قانونەکانی پێشوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەزانی ئەگەر قانونەکانی پێشوو هەڵەیەکی تێدا ببینین لەقانونی ترا نابێت ئەو غەڵەتە تکرار بکەینەوە، ئەگەر پێمان باشتر بێت ئەوە لەناحییەی لوغەوی و ناحییەی سیاغەتیش هیچ فەرقێکی وا ناکات، چونکە کەلیمەیەکە ئیزافەی دەکەی، هی مرحلة من الحركة التحررية، لەبەر ئەوەی لەپێشیش سەورەکانی بارزانیش هەبوونە، حیزبی هیوا دروست بوو وحەرکەی پارتی لە ساڵی 1946 دروست بووە، حیزبی شۆڕش هەبووە، ئەوانە بەشێکین لە حەرەکەی تەحروری کوردستانی ماناکەی تەواوە, فەرموو کاك عونی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قانونەکەمان کە دەرهێناوە ماوەیەکی زۆری بەسەر تێ نەپەڕیوە, هەر هەفتەیەکە, یانی ئێستا چۆن دەبێت هەر نەفسی ئەندامانی پەرلەمان ئەگەر مولاحەزاتیان هەبێت ڕەئیان بگۆڕن لە ماوەیەکی کورت, یانی هیچ قاعیدەیەکی قانونی وانییە لە هیچ پەرلەماناتی عالەم کە لەماوەیەکی کورت ئەندامان ڕەئیان بگۆڕێ لەسەر شتێك, بەتایبەتی بابەتەکە بابەتێکی مەوزوعی نییە کە موئەسر بێت, تەعریفێکە, تەعریفەکەش لەناو قانونەکە هاتووە, ئەگەر بەو شێوەیە بمێنێتەوە بەڕەئیی من خراپ نییە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەلەن تەناقوض نییە کاك عونی, و هەمان ماناش دەگرێتەوە, لێرەدا زۆر بەزەقی هاتووە, سەورە نوقتەت نووسیوە, الحرکە الکوردستانیە, تەعریفی سەورەکە دەکەی بە حەرەکەی تەحەروری کوردستانی ئیبتیدائەن لە 11 ئەیلول, کە پێشتر هیچ نەبووە , حەرەکەی تەحرر لەگەڵ شۆرش دەستی پێکردووە, بۆیە لێرە ئینتباهمان کردووە زیاتر, چونکە زۆر بەروونی وبەزەقی وەکو عینوانێك هاتووە, من ئینتیباهم نەکردووە زۆر بەزەقی هاتبێت, من پێم وانییە تەئسیرێکی هەبێت, ئەندامانی پەرلەمانیش و چەند ئەندامێك ئیشارەتیان بەوەدا, هەر خۆشم قەناعەتم وایە, فەرموو کاك شێردل.

**بەڕێز شێردڵ عبدالله حەوێزی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەسەرەتاوە کەباسی یاسایەکەم کرد, شەرحەکەم لەوەدایە کە ئەو یاسایە واتێدەگەن هەر هی خانەنشینە, ئەو یاسای خانەنشین نییە, وتم بەشی یەکەمی موستەلاحاتە, بەشی دووەمی خزمەتە, بەشی سێیەمی خانەنشینییە, ئەو موستەلەحاتانە وەکو کاك فرسەتیش باسی کرد, ئەوە دەرگایەکە بۆ چوونە ژوورەوەی ناو قانون, مەسەلەن یەکێك کتابێك دەنووسی دوایی فەرهەنگۆکەیەك دەنووسی, دوایی هەندێك وشە بەکاربێنێ مانای لێك دەداتەوە کە ڕەنگ بێت خوێنەرەکە نەیزانیبێت, ئێمەش ئەوەمان کردووە, ئێستا کە دێینە ناو قانونەکە لە ناو قانونەکە هەموو شتەکان دەبینین, کە هەر شتە لە کوێ هاتووە, بۆ مەسەلەی جارێکی تر جەوابی کاك دیلیمان بدەینەوە, هەردوو بەڕێزان, هەردوو وەزیر پێش جەلسەکانی تر کە باسیان کرد کە چەند خۆیان و سەرۆکی هەرێم و جەنابی سەرۆك وەزیران و ئەوانە هەموویان چوونە بەغدا, چەند جار کۆبوونەوەیان کردووە لەبۆ ئەوەی وەزارەتی پێشمەرگە تابعی وەزارەتی دفاع بێت, کە تابعی وەزارەتی دفاع بێت هەمان قانونی وەزارەتی دفاع بەسەر عەسکەری عێراق و بەسەر پێشمەرگەی ئێمەش جێبەجێ دەکرێت, لەبەر ئەوە ئەوە قانونەکەی وەزارەتی دفاعی عێراقە, ئەوەی لای منە, ئێمە ویستوومانە ئەو قانونە لەگەڵ ئەوە بگونجێ, ماددەیەکیشمان لەناو هێناوە کە پێشمەرگە ئیستیفادە لە قانونەکانی بەغداش بکەن, ئەوە یەك, بەنیسبەتی زۆربەیان باسی ئەوە دەکەن سەرۆکی هەرێم و فەرماندەی زێرەڤانی یان فەرماندەی هێزەکانی پاراستن, ئەوانە فەرقیان هەیە, خۆی سەرۆکی هەرێم ئەوەکەی خۆیەتی کەسەرۆکی جیهاتی مەدەنیشە هەمووی, سەرۆکی هەموو کوردستانە, قائیدی حەرەسی ئیقلیم, یانی قائیدی پێشمەرگە, یانی هەر شتێك عاید بە پێشمەرگە بێت, ئەوە بە سیفەتی خۆی کە خۆی قائیدی حەرەسە و جێبەجێی دەکات, شتێکی دیکەیە کە قائیدی حیمایەی

ئیقلیمە، حیمایەی ئیقلیم یانی پێشمەرگە ، یانی پۆلیس، یانی ئاسایش، ئەوە شتێکی زۆر فراوان دەگرێتەوە، ئەوە حیمایەکەیە، یانی ئەوان خۆیان زۆریان موناقەشە کردووە لەگەڵ بەغدا، حیمایە و حەرەسیان لێك جودا کردۆتەوە، ئەوجا کە بێینە ناو قانونەکە دەبینین لە بەعزێ شوێن حیمایەمان بەکارهێناوە، لەهەندێ شوێن قائیدی حەرەسمان بەکارهێناوە، لە هەندێ شوێن سەرۆك، چونکە ئەوە دەسەڵاتن، هەموو ئەوە دەسەڵاتی خۆی هەبوو بەکاری دێنێ، ئی شۆرش ئەوە باسمان کرد، چۆن باس دەکرێت، هاتنە سەر خزمەت، ئێمە کە باسی خزمەت دەکەین، لە پێشەوە پێتان دەڵێین ئەوە مەسەلەی عەسکەریە، لەناو عەسکەری هەندێ شت هەیە بە موستەلاحاتیشەوە فەرقی زۆرە لەگەڵ مەدەنی، مەسەلەن خزمەتی فعلی چییە؟ خزمەتی فعلی ئەوەیە ئەو رۆژەی دەبێتە پێشمەرگە، ئەو رۆژەی واز دێنێ، خزمەتێکی تر هەیە پێی دەڵێین خزمەت کە داخلی شەڕ دەبێ، یاخود کە پێشتر کە پێشمەرگە بوو بە موزاعەفمان حساب کردووە، ئەوە خزمەتێکە ئەوەی پێشوو ئەوەی کە خدمەی فعلیە لەبۆ مووچە، لەبۆ تەرقیە، لەبۆ عەلاوە، لەبۆ ئەو شتانە هەمووی بەکاردێت، یەعنی مەعاشی پێ زیاد دەکرێت، ئەوە خدمەی فعلیە، خدمەیەکی ترە کە شەڕو شتی وا دەگرێتەوە، ئەوە لە بۆ خدمەی تەقاعدی، بەس لەبۆ خدمەی تەقاعودی بەکاردێت، خدمەیەکی تر هەیە لەناو ئەو قانونەی ئێمە ئێستا دوایی دێینە سەری ئەو خدمە چۆنە؟ دوو شتە یەکیان لە صەلاحیەتی وەزیرە، یەکیان لە صەلاحیەتی قائیدی عامە ، ئەویش ئەوەیە مەسەلەن یەکێك حەقی ئەوەی هەیە ئەگەر بێنە ناو خزمەتەکە، تەماشای دەکەن لەکاتی تەقاعودی، نەك لەکاتی خزمەت، ئەگەر پازدە ساڵی هەبوو ئەوجا تەقاعود دەکرێت، بەڵام ئەگەر چواردە ساڵ و شەش مانگی هەبوو، قائیدی عام دەتوانێت شەش مانگی بداتێ، ئەوە خدمەی ئوخرایە، کە دەڵێین خدمەی ئوخرا ئەوانە دەگرێتەوە، یانی چەندین خدمە هەیە کە هاتینە ناو قانونەکە، لەبەر ئەوەی ئەو شتانە لەناو قانونەکە هاتووە لەگەڵ موستەلەحاتەکانمان داناوە، بەنیسبەتی ئەسیر وموحتەجیز و مەفقود، فەرقیان زۆرە، چونکە ئەسیر ئەوە دیارە بەدیل دەگیرێ، موحتەجیز ئەوەیە کە یەکێك لە ئیجازە دێتەوە لە ڕێی بەغدا دەیگرن، لەوانەیە نەزانن ئەوە پێشمەرگەیە حجزی دەکەن و موقابیلی شتێك بەری دەدەن، رەهینە و موحتەجەزیش هەمان تەعریفیان هەیە، ئێمە نەمانویستووە شتێکی تر بکەین، ئێمە نووسیتمان یان لەلای دوژمن یان لەلایەکی دەرەکی، چونکە ئێمە ئەوانە لای ئێمە حەرەسی ئیقلیمن، حەرەسی ئیقلیم یانی دفاع لە هەموو سنووری هەرێم دەکات، کەواتە جاری وا هەیە شەڕیشمان نییە لەگەڵ جیرانەکانمان، دەبینین یەکێکی تر رێی لێ غەڵەت دەبێت و دەچێتە شوێنێك، ئەوان بەشتێکی وای دادەنێن وەك ئەسیرێك حسابی دەکەن یان بە موحتەجەزی حیساب دەکەن، لەبەر ئەوە نووسیتمان یانی شەرت نییە (من قبل العدو) بێت، لەوانەیە (بدل صدیق)یش بێت، چونکە (صدیق)ەکە وا تێدەگات، یەکێك هاتۆتە ناو حدودەکەم و حدودی بەزاندووە و دەیگرین، ئەوەی سەرۆکی هەرێمیشمان باس کرد، هی نهێنی، بەڕاستی ئەگەر بێینە ناو خزمەتەکەت دەنا نهێنی ناتوانین لە هیچ جەیشێك شتی نهێنی باس ناکات، مەسەلەن باس لە ئیخبارات دەکات کە خزمەتی ئیستخباراتی هەبێت، بەڵام ناڵێت خزمەتی نەهێنی، بەنیسبەتی زێڕەڤان و ئەوانە و بڵێین پاسەوان، من بە رەئیی خۆم زێرەڤانیەکە باشترە، چونکە پاسەوان یانی پاسەبانە، پاسەبانیش فارسییە، بەنیسبەت کاك رومیو وتی (یلتحق)، ئێمە (یلتحق) یانی وتمان ئەو کەسانە کە دێنە رێزی پێشمەرگە، چونکە ئەوانەی پێش ئەوی راپەرین و ئەوەی دوای راپەڕین لێرە کە دێنە ناوی، لێرە بەندێکمان هەیە کە دەڵێت ئەوانە دەگرێتەوە پێشی ئەو یاسایە دەرچێت، بەڵام ئێمە ئیشمان بەو یاسایە لە بۆ دوای ئێستاش هەیە، لەبۆ دوای ئێستا خەڵك دێت ئیلتیحاق دەکات، ئەوە دەبێت بەسەر ویش تەتبیق بکرێت، بەنیسبەت روتبەی عەسکەری و ئەوانە لە هەموو دونیا، مەسەلەن دەڵێن لە هەموو دونیا روتبەی

عەسكەری هەیە, بەڵام دەڵێن عەسكەری, یان دەڵێن خدمەی عەسكەری, ناڵێن خدمەی زابت و یانیش خدمەی رەئیس عورەفاو شتی وا, لەبەر ئەوە ئێمە كە دەڵێین پێشمەرگە, لەجیاتی بڵێین سەرباز دەڵێین پێشمەرگە, ئێمە هەمووومان فەخر بە پێشمەرگە دەكەین, لەبەر ئەوە دەمانەوێ ئەوە هەر بمێنێ, لەبەر ئەوە لێرە لەهەمموو شوێنەكان هێناومانە ناتوانین ئەوە بگۆڕین, بڕیاری تایبەتیش لەبۆ سۆزان خانیش ئەوە باسمان كرد, قائیدی عاممان باس كرد, مووچەش, كە دەڵێین مووچەی بنەڕەتی و مووچەو عەلاوە ئەوانە تێیدا هەیە, كە دێینە ناو قانونەكە ئێمە مووچەمان هەیە, بەڵام كە تەقاعودی دەكەین جگە لە مووچەكە هەندێ موخەسەساتی تایبەتیشی دەدەینێ, دوایی هەندێ موخەصەصاتی عائیلی دەدەینێ, هی خێزانی دەدەینێ, ئەوە كە هاتینە ناو قانونی تەقاعودیەوە ئەوانە بەدیار دەكەوێت, ئیدی پرسیارەكانیان وابزانم هەر ئەوەندە بوو, سوپاس.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە كاك انور كە دەڵێت, عەجەب ئەو قانونە شمولی ئەو كەسانە دەكات كە ئیلتیحاقیان كردووەو خیانەتیان كردووە لەگەڵ حەرەكەی تەحەروری كوردستانی, ئێمە دەڵێین نەخێر شمولی ئەوانە ناكات, لەبەر ئەوەی مادەیەكمان داناوە, ماددەی 46 دەڵێت (لایشمل هذا القانون اي شخص ثبت بصورة قانونية من كان له ظلع مع المؤسسات القمعية للنظام المنحل واشترك في جرائم القتل .......الخ) كاك شێخ جعفر ئیشارەتی بەوەدا عەجەبەن ئەو قانونە ئەسەر رەجعیە شمولی ئەو كەسانە دەكات, بەتەئكید وایە ماددەكانی قانون هەموو ئەسەری رەجعی هەیە, شمولی پێشمەرگە كەونەكانیش دەكات, قانونێكی نوێشە بۆ داهاتووی كوردستان سەبارەت بە پێشمەرگە لەبۆ خدمەی تەقاعودیان, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەگەر ئیجازە هەبێت بێجگە لەروونكردنەوەكان, هەندێ مولاحەزات بەجێهێڵدرا و هەندێكیشی وەڵام درایەوە, بەڵام هەندێكی دەبێت بیڵێین, دووەم و سێیەم (رئیس الاقلیم و القائد العام), ئەمن تەماشای ناوەڕۆكەكەیم كردووە, باشتر وایە ئەو دوو موستەڵەحە تەوحید بكرێت وەكو شێوەی خوارەوە بنووسرێ بە عەرەبیەكەی (القائد العام وصفی قائیدی عام: هو قائد العام لقوات لحرس الاقلیم (رئیس الاقلیم), ئەوها راستترە, چونكە رئیس اقلیم لێرە نەهاتووە, ئیشی قائیدی عام هاتووە, وەصفی قائیدی عام هاتووە, كەدەڵێی قائیدی عام لقواتی پێشمەرگە و حەرەسی ئیقلیم قەوسێك بكەوە (رئیس الاقلیم), ئەوە راستترە,چونكە ئەوەی لە قانون هاتووە باسی دەسەڵاتی قائیدی عام دەكات, بۆیە لە وەصفەكە دەبی بڵێی قائیدی عام كێیە, قائیدی عام لیقواتی پێشمەرگە, لەهەمان كاتدا قەوسێك دەكەیەوە (رئیس الاقلیم) یانی رەئیسی ئیقلیم بەو ئیشە هەڵدەستێت, ئەگەر پێتان باش بێت پێم وایە ئەو دوو ماددەیە رێك بخرێت, برادەران ئەندامانی پەرلەمانیش كە ئاماژەیان پێكرد, فەرموو.

**بەڕێز شێردڵ عبدالله حەوێزی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

جارێ لە بەینی حەرەس و حیمایە فەرقی هەیە, حەرەسەكە وتمان ئەوە پێشمەرگەیە, حیمایەش وتمان هەموو هێزە چەكدارەكان, نووسیتیشمان هێزەكانی موسەلەحە, هەموو چەكدارەكانی ناو هەرێم, بەڵام

سەرۆکی ئیقلیم یانی ئێستا ئێمە کە سەرۆکی ئیقلیم کە قائیدی عامە مومکینە بەعزێ جاران سەرۆکی ئیقلیم ئیحتیمالە رۆژێك بێت قائیدی عام نەبێت کە سەرۆکی هەرێمە ئەویش هەر صەلاحیەتی تایبەتی هەیە, ئێستا مەسەلەن رەئیسی جمهوری لە عێراق قائیدی عام نییە, بەڵام صەلاحیاتی هەیە, بۆ نموونە صەلاحیاتی بەعزێ مەراسیمی هەیە, ویسام دەدات, تەشریفاتی هەیەو شتی وا, لەبەر ئەوە سەرۆکی هەرێم لەگەڵ قائیدی عامی حەرەس لەگەڵ قائیدی عامی حیمایە صەلاحیەتەکان فەرقیان دەبێت, ئێمەش لەبەر هەندێ دەمانەوێ سەرۆکی هەرێم بمێنێتەوە وقائیدی حەرەسیش بمێنێتەوە و قائیدی عامی حیمایەش بمێنێتەوە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە لە قانونەکەدا لە کێندەر ناوی سەرۆکی هەرێم هاتووە, جێگایەکم پێ بڵێن توخوا, کە نەهاتووە نابێت لە تەعریف هەبێت, ئەگەر هاتووە پێم بڵێن من تەماشام کرد نەمدیت, کە نەهاتووە نابێت تەعریفی هەبێت, بۆیە دەبێت بڵێت قائیدی عامی پێشمەرگە و حەرەس ئیقلیم, بۆ ئەوەی بزاندرێت قەوسێك دەکرێتەوە دەنووسرێت رئیس ئیقلیم, ئەگەر لە قانونەکە ناوی رەئیسی ئیقلیم هاتبێت, لەتەعریف دەبێت, ئەگەر نەهاتبێت نابێت لە تەعریف هەبێت, ئێستا دووەم و سێیەم بەوشێوەی لێ دێت کە عەرزم کردن , قائیدی عام دەبێتە (القائد العام لقوات البیشمەرگە وحرس الاقلیم) وقەوسێك دەکەینەوە (رئیس الاقلیم), کاك غەفور تۆ خۆت ئیقتراحت کردووە, فەرموو.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فعلەن من لەگەڵ رەئیی جەنابت دامە, من بۆیە پێشنیاری ئەوەشم کرد, چونکە یاساکەم تەماشا کرد رەئیسی تێدا نییە, ئەوە یەك, دووش ئەو بەینە قەوسەی ناوێت بەرەئیی من, پێشنیارەکەی من وابوو کە بنووسرێت (القائد العام لقوات حمایە اقلیم کوردستان و هو رئیس اقلیم کوردستان) یانی بێ قەوس, پێشنیارەکەی من بەو شێوەیە بوو, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا پێویست ناکات, لێرە کەئینەهو قائیدی عامە, رەئیسی ئیقلیمە, قەوسەکەی بکەیەوە ئەوە قانونیەن من پرسم بە کاك فرسەت کرد, بۆیە ئەو صیاغەم دا, بەنیسبەت نۆیەم کە دەڵێ شۆڕش بە عەرەبیەکەی دەڵێ ( من الحرکە التحرریە الکوردستانیە التی تبدأ من 11 ایلول 1961, یەکێك پرسی کەی تەواو دەبێت, تەواو بوونەکەی نییە تا ئێستا بەردەوامە, ئەو مەرحەلەیە لە شۆڕشدا بەردەوامە, فەرموو .

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە مادده بیست و حەوت رەئیس ئیقلیم هاتووە, لەوێدا زیکر کراوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە غەڵەت هاتووە, دەڵی قائیدی عام نەك رەئیس ئیقلیم, ئەوە ئەصلی قانونەکە غەڵەتە, لێرە مادده بیست و حەوتەکە کە هاتووە بە صیفەتی قائیدی عام دەبێت ئەوە چاك بکرێت, ئەغلاتی قەواعیدی هەیە

ئەوە دوایی چاك دەكرێتەوە, دەچینە سەر ماددەی نۆزدە, (ب) لەسەر ئیقتراحی كاك فرست فەقەرەی نۆزدە لە مادده یەك, كاك فرست ئیقتراح دەكات فەقەرەی (ب) زیادە, دەیخەمە دەنگەوە بۆ شەتب كردنی, كێ لەگەڵ ئەوەیە ئەو فەقەرەیە شەتب بكرێت دەستی بڵند بكات تكایە؟ با بیخوێنمەوە بۆتان دەڵێ كە ئەلف و بایە, ئەلیفەكە كاك فرسەت ئەویشی چاك كردۆتەوە كە دەڵێ (الشخص الذي یستحق الراتب التقاعدي بعد وفاة البیشمەرگە المتقاعد) ب- دەڵێ (اذا لم یكن له خلف یعطی راتبه لمن یؤله المتقاعد قبل وفاته من اولئك لهم مسؤلیة اعالة بموجب قرار قضائي) ئەوە وەكو كاك فرست باسی كرد خاریجی تەعریفیشە, بۆیە زیادە لێرە, فەرموو كاك عونی.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لێرە دوو بابەتی جیاوازە, واریس ئەوە استحقاقی حقوقی تەقاعودی دەكات, بەڵام هەندێ جار هەیە پێشمەرگەیەك مەسئولە لە ئیعالەی شەخصێك, ئەوە وارسی نییە, ئەگەر مرد پێشمەرگەكە ئەوە هیچی پێ ناكەوێت, بەڵام دەبێت بە قەرارێكی قەزائی حجەی ئیعالەی بۆ دەربچێت لە مەحكەمەی ئەحوالی شەخصی هەتا بڵێن ئەوە مەسئولە لە ئیعالەی ئەو شەخصە, ئەو وەختی ئەو حەقەی وەردەگیرێتەوە, مەبەستی مەشروعەكە كە لەحكومەت هاتووە ئەو شێوەیە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك فرسەت جارێكی تر روونی دەكاتەوە, فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من ناڵێم فەقەرە (ب) موهیم نییە, بەڵام ئەگەر موهیم بێت جێگاكەی ئێرە نییە, ئەوە لە ماددەی تەعاریفی موستەلەحاتە, ئەوە باسی حوكمێك دەكات كە فلان كەس مرد, فلان كەس موستەحەقە, خاریجی موقتەزەیاتی ئەو ماددەیە, مەفروزە بچێتە جێگایەكی تر, ئەو ماددەیە ماددەی تەعاریفە, تەعریفی موستەلەحات دەكەین, لێرە تۆ باسی حالەتێك دەكەی, كە یەكێك مرد كێ موستەحەقە, ئەوە مەفروزە بچێتە جێگایەكی تر لەگەڵ زەرورەتی خۆی, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك عونی شەرحت كرد, ئێستا دەیخەینە دەنگدانەوە, هەردوو موقتەرەح, فەرموو.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

مەزمونی قانونەكە لە ماددەكانی قانونەكە بەحسی موستەحەق كراوە, واتە دەبێت تەعریفەكە هەر هەبێت, ئەگەر لایبدەین مانای وایە نازانین موستەحەق كێیە, لێرە تەعریفێكی روون و ئاشكرا كراوە, من هو المستحق, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك فرسەت موقتەرەحەكەی ئەوەیە ببێتە یەك فەقەرە, ئەلف و با نەمێنێت, بوترێت (الشخص الذي یستحق راتبه التقاعدي بعد وفاة البیشمركة المتقاعد) یانی ئێستا دەبێتە یەك فەقەرە پێكەوە دەیخەمە

دەنگدان, فەقەرە (ب) شەتب دەکرێت, دەبێتە (المستحق الشخص الذي يستحق راتبە التقاعدي بعد وفاة البيشمركة المتقاعد) کاك زعيم هيچ ئيعتيرازێکتان هەيە لەسەر ئەوە, کەواتە ئەو فەقەرەيە شەتب بکرێت, کاك زانا فەرموو.

**بەڕێز قادر سعيد خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە راستە فەقەرە (ب) پێويستی بە تەعاريف نييە, دەبێت بچێتە ناو ماددەی سی ويەك کە باسی ئەو مەسەلەيە دەکات, ماددەی سی ويەك بزەبت باسی ئەوە دەکات کە کێ موستەحەقن و چۆن دەبێت, لێرە شەتب دەکرێت باشە, بەڵام لەبيرمان نەچێت ماددەکە لێرە شەتب بکرێت, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە, ئێستا دەيخەمە دەنگەوە, ئەو فەقەرەيە لادەدەين فەقەرەی (ب) تەعريفەکەش وەکو خوێندمەوە وای لێ دێت, کێ لەگەڵ ئەوەيە فەقەرە (ب) لاببرێت دەستی بەرزبکاتەوە؟ کێ لەگەڵ نييە؟ بە ئەکسەريەت لابرا, لە فەقەرەی بيست و يەك (الاسير) ژمارەيەك لە ئەندامانی پەرلەمان ئيعتيرازيان هەبوو کە دەڵێ ( هو البيشمركة الذي تم اسره من قبل العدو) جيهەی خارجی ناوێ, يان (الجهة المعادية) کاتی کە ئەسير دەکرێت جيهەيەکی موعەيەن نييە, ئينجا دەگۆڕێت (الجهة المعادية),با ئەوە لامان روون بێت يانی مەقصەد لەوەدايە کە دەڵێی ئەسير يانی ئەوەيە کە لەشەڕدا دەگيرێت, نەك يەکێك کە سنوور دەبەزێنێت, فەرموو کاك زعيم.

**بەڕێز عمر عثمان ابراهيم(زعيم علی)/وەزيری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەسير فعلەن ئەو کەسەيە کە لە سەنگەر دەگيرێ, ئەسبابيشی زۆرە, جاری وايە فيشەك وشتی پێ نامێنێ, جاری وايە تووشی شەبەکە دەبێت, يانی قوەتی دوژمن زياترە لەسەری ناتوانێ مقاوەمەت بکات يان شێوەيەك لەشێوەکان, ئينجا ئەسير ئەوەيە کە لەسەنگەر دەگيرێ لە مەيدانی شەڕ, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەواتە ئەو صيغەيە راستترە بڵێی ( هو البيشمركة الذي تم اسره من قبل جهة معادية) کاك عونی ئەو گۆڕانکاريەی کە کرا, جارێکی تر بيخوێنيەوە تاکو بخرێتە دەنگدان, وەڵڵا من پێم باشە هەمووی بخوێنيەوە, بەڵێ نوقتەی نيزام چييە؟ فەرموو.

**بەڕێز غفور طاهر سعيد مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنيسبەت بڕگەی نۆيەم ئێمە چوار ئەندام پەرلەمان داوامان کرد کە ببێتە (الثورة, الحركة التحررية الكوردستانية) بکرێتە (الحركة التحررية الكوردستانية ) باسی ئەو پێشنيارەتان نەکرد, کە ئايا ئەوە وا دەمێنێتەوە يان (الوطنية)ی بۆ زياد دەکرێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ جەنابت ئەوەت کرد, ئەوە وەتەنيە تاريخيەن لەسەر ناوی حەرکەی تەحەروری کوردستانی هاتووە, حەرەکەی تەحەروری نيشتمانيی کوردستانی نەهاتووە, هەموو قەوانينەکانيش وا هاتووە, هەموو

ئەدەبیاتەکەش, ئەگینا ئینتیباهم کرد لە مولاحەزەکان, بۆیە موناقەشە و داوام لەوان نەکرد, بۆیە ناوەکە چۆتە مێژووە, بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان, کاك عونی ماددەی دوو و سێ ئەوانەی تر کە گۆڕانکاریان بەسەردا هاتووە تکایە بیخوێنەوە, جگە لەوەش تەبعەن هەندێك ئەغلاتی قەواعیدیش هەیە, مەسەلەن لە ماددەی پازدە (تلك الحقوق الذي) دەبێ (التی) بێت, ئەوانە هەمووی چاك دەکرێتەوە, فەرموو بەعەرەبیەکەی (خلف) موستەلەحێکی قانونیە , بۆ مەعلوماتیشت لە میراثەوە هاتووە, نەك زۆر کەیفمان بێت بلێین کوردیە, فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الاولى:

اولا: اقلیم: اقلیم کوردستان العراق.

ثانیا: القائد العام: هو القائد العام لقوات حرس الاقلیم, رئیس الاقلیم.

ثالثا: حکومة الاقلیم: حکومة اقلیم کوردستان.

رابعا: القیادة العامة لقوات حمایة الاقلیم: هي السلطة العلیا لمكونات القوات المسلحة الكوردستانیة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر ئیزافە بکەیت لە هەموو شوێنەکان (لقوات البیشمرکە الاقلیم) پێشمەرگە ئیزافە بکرێت, بۆ ئەوەی ناوەکە لە هەموو شوێنەکان حەرەس ئیقلیم پێشتر پێشمەرگەکە بلێ (القائد العام: هو القائد العام لقوات البیشمرکە (حرس الاقلیم) لەناو دوو قەوس (رئیس الاقلیم) .

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

ثانیا: القائد العام: هو قائد العام لقوات حرس الاقلیم (البیشمرکە).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هو القائد العام لقوات البیشمرکە – حرس الاقلیم (رئیس الاقلیم ).

**بەڕێز شێردڵ عبداللە حەوێزی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە پێشتریش وتمان قائیدی عامی حەرەس قائیدی پێشمەرگەیە, بەڵام قائیدی حیمایەی ئیقلیم, یانی قائیدی ئاسایشە, قائیدی پۆلیسە, قائیدی پێشمەرگەیە, قائیدی هەموو ئەو چەکدارانەیە کە حیمایەت لە ئیقلیم دەکەن, لەبەر ئەوە ئێمە قیادەی عامەمان هەیە, قیادەی عامە, قیادەی عامەی حمایەی ئیقلیمە کە دەبینن هەموو جار کۆدەبنەوە ئەو دوو بەڕێزە ئەندامن لەوێدا, یانی هەم قیادەی پێشمەرگە دەکەن کە لەوێ ئەندامی ئەو قیادەن, هەم قیادەی پۆلیس و چەکدارو کە رۆژێك ئەگەر نەفیر عامیمان کرد لەوانەیە نیوەی کوردستان چەك هەڵگرێ, ئەوە قائیدی عامی حیمایەی ئیقلیمە, یانی هەندێ جار لەناو قانونەکە هەندێ شت دێت, فەرماندەی هێز دەبێت قەراری لەسەر بدات, یانی فەرماندەی حیمایەی ئیقلیم دەبێت

**قەراری لەسەر بدات, نەك فەرماندەی پێشمەرگە, لەبەر ئەوە ئەو قەرارەمان هێناوە, بەرەئیی من حیمایەکەی تێدا بمێنێتەوە, چونکە ئەوانیش لەگەڵ حکومەتی عێراقی قسەیان کردووە, ئەوانیش حیمایەیان تەسبیت کردووە, سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**خۆی وایە, بەڵام لەرووی قانونیەوە ئەو کەلیمەیە لە دەستووری عێراق دا نیە, لە پرۆژەی دەستووری کوردستانیشدا نییە, حیمایەی ئیقلیم , هەر حەرەسی ئیقلیمە, ئینجا لەبەر ئەوە پێشمەرگە (حرس الاقليم) کاك زانا فەرموو.**

**بەڕێز قادر سعيد خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**(القياده العامه لقوات حمايه الاقليم) ئەوە شتێکە دروست کراوە, ئێستا هەیە, ئەوە مەوجودە, بەڵام هیچ سەندێکی قانونی نییە, دەبێ ئێمە سەندە قانونیەکەی بۆ دروست بکەین, لە قانونی ریئاسەی ئیقلیم نییە, روونکردنەوەکەی کاك شێردلیش زۆر راستە, ئەگەر قائیدی عام هەر قائیدی پێشمەرگە بێت, ئەی پۆلیس, ئەی ئاسایش , ئەی هێزە چەکدارەکانی تر؟, بۆیە دەبێت لێرە دروستی بکەین, بەس دەبێت ماددەیەك ئیزافە بکەین بڵێین (تشكل القيادة العامة لقوات حماية الاقليم تتكون من فلان و فلان) لە ماددەیەك بنووسین ئیحتیماله ئەو سەندە قانونیە بەو مەجلیسە دروست دەبێت, ئەگەر نا ئەو مەجلیسەی ئێستا دروست بووە لە هیچ قانونێك ناوی نەهاتووە کە ئێستا لێرە ناوی بێنین, سەیر دەبێت ئەگەر تەعریفی نەکەین, سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**ببورە لێرە ناکرێت ئەو ماددەیە, لەبەر ئەوەی ئەوە قانونی تەقاعودە, لە قانونی پێشمەرگە دەبێت تەنیا لێرە قانونی خزمەت وتەقاعودی پێشمەرگەیە، فەرموو کاك زەعیم.**

**بەڕێز عمر عثمان ابراهيم(زەعیم عەلی)/وەزیری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**خۆی فەرماندەی گشتی هێزەکانی پاسەوانی یان پاراستنی هەرێمی کوردستانە، خۆی لێرە عینوان ئەساسەکە، ئەوەیە هەیئەتێکی بۆ داندرایە، لەو هەیئەتەی وەزیری داخیلی، وەزیری ناوەخۆ تێدا عوزوە، مەسئول فەرماندەی ئاسایشی گشتی تێدا عوزوە، دەبێ ئەمە کە ئێمە ناوی لێدێنین بگونجێت لەگەڵ ئەو موصتەڵەحەی، فەرماندەی گشتی هێزەکانی، تەبعەن هەموو هێزە چەکدارەکانی پاراستنی هەرێم ، یەعنی هێزە چەکدارەکان کێ دەگرێتەوە؟ پێشمەرگە دەگرێتەوە، پۆلیس دەگرێتەوە، ئاسایشی گشتی دەگرێتەوە، سبەینێ ئەگەر قوەتەکی خاصیشت تەشکیل کرد، ئەویش دەگرێتەوە، جا لەبەر ئەوە دەبێ بە شێوەیەك قانونیەکان دایڕێژن لەو ئیتارەی دا دەرنەچێت و یەکتر بگرێتەوە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**وەڵڵا ئەوە دەبێ تۆزێك روونی بکەینەوە بەراستی ، مەسەلەن ئێستا ئێمە ئەگەر وا بێتن ئاسایشیش بگرێتەوە و ناوەخۆش بگرێتەوە ، کاك شێخ فەرموو.**

**بەڕێز شێخ جعفر علی/وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کە ئەڵێین قائیدی عام، مەبەستمان کە وتمان قائیدی عام ئەبێ ئەوەی کە کاك فەریق عەلی و کاك شێردڵ ئەڵێن ئەوەی بڵێین، چونکە قائیدی عام یەعنی قائیدی پێشمەرگەش و قواتی هەموو موسەلەحە، یان بڵێین قائد: فەرماندەی گشتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، یەعنی قائد قوات حرس الاقلیم یان قوات البیشمرگە، یان بتەوێ باسی یان شەرحی قائیدی عام بکەی، ئەبێ ئەوە بکەی کە ئێستا لێرە نووسراوە، پاراستنی هەرێم یان ئەبێ بڵێین قائید قوات الپیشمرگە، ئینجا ئەتوانێ ئەو تەعریفە بکەین، قائیدی عام بە تەئکید قائیدی قواتی موسەلەحەیە ، پۆلیسە ، حەرەسی حدودە، ئاسایشە؟ یەعنی ئەوەی کە چەکی پێ بێ و هین بکات، لەبەر ئەوەی یان ئەوە قائیدەکە بگۆڕێ بە قائیدی عامی قواتی پێشمەرگە، یان کە وتت قائیدی عام ئەبێ ئەوە تەعریفەکەی بێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك فەریق.

**بەڕێز عمر عثمان ابراهیم(زەعیم عەلی)/وەزیری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

چونکە ئەو مەوزوعە تایبەت مەندە بە پێشمەرگە دەتوانین بڵێین: هو القائد العام لقوات الپیشمرگە (حرس الاقلیم)

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئەوە ئەو صیغەیە باشترە لەگەڵ قانونەکە و لەگەڵ عینوانەکەش دەگونجێت، هو القائد العام لقوات الپیشمرگە-حرس الاقلیم (رئیس الاقلیم)، زۆر باشە وای لێدەکەین بۆ ئەوەی روون بێتەوە، کاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەرۆکی هەرێم قائیدی عامی قواتی موسەلەحەیە، کە قائیدی عامی قواتی موسەلەحە بێت، پێشمەرگە بەشێکە لە قیادە عامەی قواتی موسەلەحە، جوزئێکە، جوزئی تریش هەیە، مەسەلەن قیوای ئەمنی داخیلی هەیە، قیوای شورتە هەیە، ئەوانیش هەر قواتی موسەلەحەنە، بەڵام لێرەدا سەرۆکی هەرێم قائیدی عامی قواتی موسەلەحەیە و ئەو موستەڵەحە لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێمەوە هاتیە، القائد العام للقوات المسلحە، مەعنای ئەوەیە هەمووی دەگرێتەوە ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من شتێکم بیر کەوتەوە قسەکەی کاك زەعیم جارێکی دیکە بەقوەت دەکاتەوە، ئەویش ئەوەیە بە پێی دەستووری عیراقی قواتی موسەلەحە هەیە و قائید عامیش هەیە، بۆیە ئێمە لە قانونیشدا، رەئیسی ئیقلیم قائیدی عامی قواتی پێشمەرگەیە، بۆ ئەوەی ئەوە تەناقوز نەکات لەگەڵ ئەوەدا، چونکە بڵێین قائیدی عام بۆ قواتی موسەلەحە هەندێ شت هەیە عایدی جەیشی عیراقیە لەوێ و لە هەرێمیشدا بەشێکە لە جەیشی

هەرێمی کوردستان - عێراق
ئەنجومەنی نیشتمانیی
کوردستان - عێراق

ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

# پرۆتۆکۆلەکان

# 45

سالٚی/ 2007 – بەرگی چل و پێنج

---

چاپی یەکەم/ سالٚی 2008

# پێرِیست


پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (31) خولی دووەمی هەڵبژاردن – یەك شەممە 2007/12/9 ل5

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (32) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2007/12/10 ل65

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (33) خولی دووەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2007/12/11 ل165

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (34) خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2007/12/12 ل277

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (35) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2007/12/17 ل311

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (36) خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2007/12/26 ل325

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (37) خولی دووەمی هەڵبژاردن – پێنج شەممە 2007/12/27 ل383

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (38) خولی دووەمی هەڵبژاردن – یەك شەممە 2007/12/30 ل429

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (39) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2007/12/31 ل577

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (38)

## یەك شەممە رێكەوتی 2007/12/30

كاتژمێر (11)ی سەر لە بەیانی رۆژی یەك شەممە رێكەوتی 2007/12/30 ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆكی ئەنجومەن و, بە ئامادەبوونی بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی) جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سكرتێری ئەنجومەن, دانیشتنی ژمارە (38)ی خولی دووەم, ساڵی (2007) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی ئەنجومەن بڕیاردرا دانیشتنی ژمارەی (38)ی خولی گرێدانی دووەمی ساڵی سێیەمی خولی هەڵبژاردنی دووەمی پەرلەمانی كوردستان – عێراق, بەرنامەی كار بەم شێوەیە بێت:

1- خستنە ڕوو و گفتو گۆ كردنی پرۆەی یاسای راژە و خانەنشینی پێشمەرگە(زێرەڤانی هەرێم)، كە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشكەشكراوە.

2- خستنە ڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژەی یاسای رێكخستنی مافی بەكار هێنانی زەوی كشتوكاڵی لە هەرێمی كوردستان-عیراق كە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی كوردستانەوە پێشكەش كراوە.

3- خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژەی یاسای (رێكخستنی خۆپێشاندان و كۆبووەكانی گشتی) لە هەرێمی كوردستان-عیراق، كە لەلایەنی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی كوردستانەوە پێشكەش كراوە.

4- خستنە ڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژەی بڕیاری ئەژماردنی راژەی سەرۆكەكانی یەكەی كارگێڕی بە راژەی دادوەری، كە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشكەش كراوە.

5- خستنە ڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژەی هەموار كردنی یاسای كۆڕی زانیاری كورد ژمارە(12)ی ساڵی 1997 كە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی كوردستانەوە پێشكەش كراوە.

6- خستنە ڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژەی هەموار كردنی یاسای كرێی خانوو بەرە ژمارە(87)ی ساڵی 1979 ی هەموار كراو، كەلەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی كوردستانەوە پێشكەش كراوە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان دانیشتنی ئەمڕۆمان دەكەینەوە, بەرنامەی كار:

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار كراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆكایەتیی ئەنجومەن بڕیاریدا بەرنامەی كاری

دانیشتنی ژماره (38)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە کات(11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی یەك شەممە ڕێکەوتی 2007/12/30دا بەم شێوەیە بێت:

1-خستنە ڕوو و گفتو گۆ کردنی پرۆەی یاسای ڕاژە و خانەنشینی پێشمەرگە(زێرەڤانی هەرێم)، کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەشکراوە.

2-خستنە ڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای ڕێکخستنی مافی بەکار هێنانی زەوی کشتوکاڵی لە هەرێمی کوردستان-عیراق کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانەوە پێشکەش کراوە.

3-خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای (ڕێکخستنی خۆپێشاندان و کۆبووەکانی گشتی) لە هەرێمی کوردستان-عیراق، کە لەلایەنی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانەوە پێشکەش کراوە.

4-خستنە ڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی بڕیاری ئەژماردنی ڕاژەی سەرۆکەکانی یەکەی کارگێڕی بە ڕاژەی دادوەری، کە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە.

5- خستنە ڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی هەموار کردنی یاسای کۆڕی زانیاری کورد ژمارە(12)ی ساڵی 1997 کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانەوە پێشکەش کراوە.

6-خستنە ڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی هەموار کردنی یاسای کرێی خانوو بەرە ژمارە(87)ی ساڵی 1979 ی هەموار کراو، کەلەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانەوە پێشکەش کراوە.

ئێستاش لێژنەی پێشمەرگەو و لێژنەی یاسایی کەرەمکەن بۆ شوێنی خۆتان، فەرموو ئامادە بن.

بەرێزان بۆ ئەوەی کارەکان بە رێك وپێکی بڕوات تکامان لەو بەرێزانە هەیە کە زۆر مورەکەز گفتوگۆکانیان بکەن وە هەر کەس یەك جار کاتی پێ ئەدرێت بۆ گفتوگۆکردن وە وەختیش بۆی تەحدید دەکرێت، چونکە ئەمڕۆ و سبەیمان لەبەر دەستە، تکامان ئەوەیە مراعاتی وەخت و زەبتی جەلسەکە بکەن، زۆر سوپاستان ئەکەین.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خوشك و برایانی ئەندامانی پەرلەمان، لە کۆبونەوەی دانیشتنی ڕۆژی 2007/11/27 لە گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای خدمە و تقاعدی پێشمەرگە، ماددەی یەکەم تەواو بوو، ئێستا ئەمڕۆ بەردەوام دەبین لە گفتوگۆ کردن وە لە ماددەی دووەوە دەست پێ دەکەین.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکوکی):**

سەرەتا بەخێر هاتنی ڕێزدار وەزیری پێشمەرگە کاك زەعیم علی دەکەین زۆر بەخێر بێن کە ئامادەن لێرە، بەخێر هاتنی ڕێزدار کاك سعد ئەکەین وەزیری هەریم بۆ کاروباری ئەنجومەن زۆر بەخێر هات، بەرێز کاك شێخ جعفر ئەمرۆ لێرە ئامادە نیە لەبەر ئەوەی دانیشتنی سەرۆکایەتیان هەبوو و لە دانیشتنەکانی تر لەگەڵمان ئامادە دەبێت ئینشاالله، زۆر سوپاس. لێژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

دەروازەی دووەم

ڕاژەی ئەفسەر

بەشی یەكەم

دامەزراندن

ماددەی دووەم:

1-دامەزراندن و ڕەزامەندی دەست لە كار كێشانەوە و خانەنشین كردن و گەڕانەوەی پێشمەرگە لە پایەی ملازم و سەرووتر بە پێشنیاری وەزیری پێشمەرگەو بە فەرماندەی گشتی هێزی پاسەوانی هەرێم دەبێت یان ئەو كەسەی ئەو دەسەڵاتەی پێ دەدات.

2-سەرۆكی ئەركانی هێزی پیشمەرگەی كوردستان و یاریدەدەرەكان و فەرماندەی فرقەكان و پایەی سەربازیە تایبەتیەكان بە پێشنیاری فەرماندەی گشتی هێزەكانی پاسەوانی هەرێم بەرەزامەندی فەرماندەی گشتی دادەنرێت.

الباب الثاني

خدمة الضباط

القسم الآول،

التعيينن

المادة الثانية:

1-يكون تعيين اليێشمەرگە و قبول استقالته و احالته على التقاعدو اعادته الى الخدمة برتبة ملازم فما فوق باقتراح من وزير اليێشمەرگە و بموافقة القائد العام لقوات حماية الاقليم أو من يخوله.

2-يعيين رئيس اركان قوات بيشمركة كوردستان و مساعدوه و قيادة الفرق و المناصب العسكرية الخاصة باقتراح من القيادة العامة لقوات حماية الاقليم و بموافقة القائد العام.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

لێژنەی یاسایی لە ڕاپۆرتی خۆتان تكایە.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بزاز :**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ڕاپۆرتەكەمان ئەوەیە لە كۆبوونەوەی ڕابوردوو ئیشارەتمان پێدا هاوبەشە ئەو سیغەیەی كە ئێستا تەسبیت كرایە كە برادەران خوێندیانەوە ئەوە سیغەی موتەفەقە لەگەڵ وەزارەتی پێشمەرگەی و لەگەڵ لێژنەی پێشمەرگە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

لێژنەی پێشمەرگە تکایە راپۆرتەکەتان فەرموون بیخوێننەوە.

**بەڕێز شێردل عبدالله حەوێزی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە راپۆرتەکەمان هاوبەشە ، هەمان رەئیمان هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

ئێستا ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمانی کوردستان، ئەو بەڕێزانەی کە دەیانەوێتن موداخەلە بکەن تکایە ناویان.دیارە بەڕێزان هەموو موافقن، جەنابی وەزیر ڕات لەسەر مادەکە.

ئێمە خۆمان ئەوەمان هەموو موناقەشە کردووە و بە ئیتیفاقەوە هاتینە ئێرە، ئەگەر بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان مولاحەزەکیان هەبێ؟

لێژنەی یاسایی تکایە بیخوێیننەوە بۆ ئەوەی دەنگدانی لەسەر بکرێت.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثانية:

1-يكون تعيين البيشمركة و قبول استقالته و احالته على التقاعد و اعادته الى الخدمة من رتبة ملازم فما فوق باقتراح من وزير البيشمركة و بموافقة القائد العام او من يخوله.

2-يعيين رئيس اركان قوات بيشمركة كوردستان و مساعدوه و قيادة الفرق و المناصب العسكرية الخاصة باقتراح من القيادة العامة لقوات البيشمركة (حرس الاقليم) و بموافقة القائد العام.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

بە کوردیش تکایە.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی دووەم:

1-دامەزراندن و ڕەزامەندی دەست لەکار کێشانەوە و خانەنشین کردن و گەڕانەوەی پێشمەرگە لە پایەی ملازم و سەرووتر بە پێشنیاری وەزیری پێشمەرگەو بە ڕەزامەندی فەرماندەی گشتی هێزەکانی پاسەوانی هەرێم دەبێت،یان ئەو کەسەی ئەو دەسەڵاتەی پێ دەدات.

2-سەرۆکی ئەرکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و یاریدەدەرەکانی و فەرماندەی فرقەکان و پایەی سەربازە تایبەتیەکان بە پێشنیاری فەرماندەی گشتی هێزەکانی پاسەوانی هەرێم و بەڕەزامەندی فەرماندەی گشتی دادەنرێت.

**بەڕێز شێردڵ عبدالله حەوێزی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە ئەوەکەمان قیادەی عامی (القيادة العامة لقوات حماية الاقليم)ە ئەوە لە موستەلەحات گۆڕیتتان.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

لێژنەی پێشمەرگە ڕەئیتان تکایە بە وازیحی.

**بەڕێز شێردڵ عبدالله حەوێزی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی ئێستا قیادەکە هەیە، قیادەکە ناوی قیادەی فەرماندەی گشتی هێزەکانی پاراستنی هەرێمە .

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز عمر عثمان ابراهیم/وەزیری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من تەئیدی ڕەئیەکەی کاك شێردڵ دەکەم، بەلزەبت عنوانەکەشی ئەوهایە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

لێژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وا بزانم ئەو مەوزوعە ئیسارە کرا موتابیقە لەگەڵ ماددەی (13) لە قانونی سەرۆکایەتی هەرێم ژمارە(1) ساڵی 2005 کە ئێستا دەیخوێنمەوە بەو شێوەیە هاتووە:

ماددەی (13): 1- سەرۆکی هەرێم و فەماندەی گشتی هێزەکانی پێشمەرگەی هەرێم کوردستان-عیراقە.

زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

لێژنەی یاسایی و لێژنەی پێشمەرگە تکایە ڕەئیتان توحید بکەن، چونکە پێش ئێستا وتتان ڕەئیمان موەحدە، ئێستا دەرچوو موتەفەریقە، تکایە ڕوونی بکەنەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە ماددەی یەکەم پەسند کرا بەو شێوەیە: (المادة الاولى: ثالثآ: القائد العام هو القائد العام لقوات البيشمركة (حرس الاقليم).

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

لێژنەی پێشمەرگە تکایە.

**بەڕێز شێردڵ عبدالله حەوێزی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمن جاری پێشیش لەسەر ئەوە زۆرم موناقەشە کرد، وتم ئەوە فەرماندەی گشتی هێزەکانی پاراستنی هەرێمە، گوتتان نا ئەوە لەناو یاسایەکە نەهاتیە، ئێستا چەند جار تووشی ئەوە دەبن کە لەناو یاسایەکە هاتیە،ئەو کاتی پێشم گوتن گوتم رەئیسی ئەرکان لە عیراق، پەرلەمان دەبێ موافەقەتی لەسەر بکات، بەڵام ئێمە ئێستا فەرماندەی گشتی هێزەکانی پاراستنی هەرێم موافەقەتی لەسەر دەکات لەبەر ئەوە حەرسی ئیقلیم نیە، وەزارەتی داخلیەشی تێدایە، هێزەکانی قوەی ئەمنی داخلی تێدایە، چەندین ئەندامی دیکەی تێدایە، لەبەر ئەوە من ئەو کاتی زۆر تەئکیدم لەسەر ئەوە کردەوە، بەڵام گوتتان لەناو یاسایەکە نەهاتیە، بەڵام تەماشاکەن چەند جار لەناو یاساکە هاتیە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

جەنابی وەزیر فەرمووو.

**بەڕێز عمر عثمان ابراهیم/وەزیری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی بڕیارەکەی کە دەرچووە بە ئیمزای سەرۆکی هەرێم، خۆی عینوانەکەی بەو شکلەیە (فەرماندەی گشتی هێزەکانی پاراستنی هەرێم)، ئەوە وەزارەتی پێشمەرگەی تێدایە، وەزارەتی داخیلی تێدایە(ناوەخۆ) لەگەڵ ئاسایشی گشتی، ئەو سێ یە هەرسێك تێدا ئەندامن، عینوانەکە بەو شێوەیە، دەبێ ئەوەش ببێتە سیاغە ئەساسییەکە و هەموو لە سەر ئەو عینوانە بڕوات و ئەوە تەبەنی بکرێت و کۆتایی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

فەرموو .

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لە ماددەی یەکەم پێناسەکەی ئێمە کردیتمانە (فەرماندەی گشتی هێزەکانی پێشمەرگە پاسەوانی هەرێم- حرس الاقلیم)، لەسەر ئەوەی دەنگمان لێدا لە پێناسەی، چ دێتن دوای ئەوە کە تکرار دەبێتەوە لەو یاساییە لەهەر شوێنێك تیکرار بێتەوە دەبێ بە هەمان مانا تکرار بێتەوە، نابێ ئێمە لێرەدا بیکەینە پاراستنی هەرێم و لە پێناسەکەشدا پاسەوانی هەرێم بێتن.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

بەلێ، ئێستا بەرێزان ئەندامانی پەرلەمان ، لەبەر ئەوەی دوو بۆچوون هەیە، بۆیە دەرگا ئەکرێتەوە بۆ موناقەشەی ئێوەی بەرێز لەسەر ئەو خاڵە، ئەوەی ئەیەوێت قسە بکات تکایە ناوی بنووسێت.

**بەڕێزد.ڕۆژان عبد القادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەو بابەتە لە جەلسەی پێشوو كە گفتوگۆ لەسەر ماددە یەك كرا، گفتوگۆ یەكی زۆری لەسەر كرا و مەوزوعەكە بڕایەوە و دەنگی هێنا ، ماددەكە ، پێناسەكە ، موستەڵەحەكە تەواو، لەبڕگە چوارەمی ماددە یەك دەنگی هێنا و دەنگی لەسەر درا و تەواو حەسم بوو پێویست بە گفتوگۆ و موناقەشە ناكات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

سوپاس، ئێستا نوقتە نیزامەكەی ڕێزدار د.ڕۆژان بە هەند وەردەگرین، چونكە لە ماددەی یەكەم حەسم كراوە وەكو دەنگتان لەسەر داوە ، ئەگەر موافق بن بگەڕێنەوە سەر ئەوە موناقەشەكان كۆتایی پێ دینین، وەزیری پێشمەرگە فەرموو،

**بەڕێز عمر عثمان ابراهیم/وەزیری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڵێ من تەئیدی بۆچوونەكەی ئەو دەكەم، بەلزەبت لێرەش هاتیە لەماددەی سێی پێناسەكە فەرماندەی گشتی، تەواو ئەوەكەی هاتیە، شەرحەكەی بەلزەبت ئەوەیە،(فەرماندەی گشتی هێزەكانی پاراستنی هەرێمە). لەماددەی پێنجەمیش عەینی تكرار دەبێتەوە، لەبەر ئەوەی ئەوە قانوونیە زۆر ڕێكوپێكە دەنگی لەسەر بدەین و تەواو،

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

لیژنەی پێشمەرگە ڕەئیتان ئاخیر جار ، كاك شێردڵ فەرموو.

**بەڕێز شێردڵ عبدالله حەوێزی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێستا ئەوە ئەمە خۆ دروستمان نەكردیە، ئێستا ئەو قیادەیە هەیە، خۆشیان چەندین كۆبوونەوەیان كردیە، قەراریان داوە ئەو یاساییەشیان موناقەشە كردیە، هاتیتە لای ئێمە وە لەبەغدایش بە هەمان قیادە ناسراوە ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

كاك خورشید كەرەم كە.

**بەڕێز خورشید سلیم شێرە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وەكو من بیستوومە ئەو موناقەشەی كەلیمەی پێشمەرگەو پاسەوانی هەرێم لە بەغدا زۆر موناقەشە كرایە، وەفدی ئێمە ئیسراری ئەوەی كردیە كە دەبێت كەلیمەی پێشمەرگە بێتن، ناوی پێشمەرگە بێت،

ئەوان بە شەرتێك موافەقەی پێشمەرگەیان كردیە كە(پاسەوانی هەرێم)ی تێدا بێت،تەواوە ئەوەی پێشمەرگە هەردوو جوملەی دەبی تێدا بیت، ئەوە ئیتیفاقە لە بەغدا كراوە .

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

بەڕێزان لەماددەی یەك تەسویتمان لەسەر كردووە، بۆیە وەكو خۆی ئەمێنێ و موناقەشەی لەسەر ناكەین، كاك شێردڵ ئەگەر بۆ هەموار كردن یان بۆ تەعدیل كردن بۆ وەختێكی تر، ڕەئیەكتان هەبوو پێشكەشی بكەن. كاك د.ناصح فەرمووو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وشەی پاسەوان گونجاوترە لەگەڵ پاراستن،پاسەوان یەعنی حمایە، پاراستن یەعنی (محافظة) یە فەرقی زۆرە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

ماددەی یەك تەسویت لەسەری كراوە، وەكو قوات حمایە الاقلیم پێشمەرگەی اقلیم كراوە و بڕاوەتەوە و تكایە ئەو بەڕێزانەی ناویان نووساندووە با قسەی خۆیان بكەن و دوایی تەسویت لەسەر دەكەین، بەڕێزان وەكو براوەتەوە لەماددەی یەك كە تەسویتمان لەسەری كردووە بەو شێوەیە،ئێستا ئەیخەینە بەر دەنگدانەوە، ماددەی دوو تكایە بیخوێننەوە لێژنەی یاسایی ئاخیرجار ئەیخەینە بەر دەنگدان،زۆر سوپاس.

**بەڕێزعبدالكریم ابوبكر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

المادة الثانیة:

1 - يكون تعيين البيشمركة و قبول استقالته و احالته عى التقاعد و اعادته الى الخدمة من رتبة ملازم فما فوق باقتراح من وزير البيشمركة و بموافقة القائد العام لقوات حماية الاقليم او من يخوله.

2 - يعيين رئيس اركان قوات بيشمركة كوردستان و مساعدوه و قيادة الفرق و المناصب العسكرية الخاصة باقتراح من القيادة العامة لقوات حماية الاقليم و بموافقة القائد العام.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

بەڕێزان دیارە لێژنەی یاسایی باش شتەكەی خویان دانەڕشتووە ، تكایە سیغەیەكی كۆنكرێت حازركەن و ناوی پێشمەرگەشی تێابێت.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێستا من دەیخوێنمەوە بەو سیغەی كە تەسبیت كراوە:

المادة الثانیة:

1-يكون تعيين البيشمركة و قبول استقالته و احالته على التقاعد و اعادته الى الخدمة من رتبة ملازم فما فوق باقتراح من وزير البيشمركة بموافقة القائد العام لقوات البيشمركة حرس الاقليم او من يخوله.

2-يعيين رئيس اركان قوات بيشمركة كوردستان ومساعدوه و قيادة الفرق و المناصب العسكرية والخاصة باقتراح من القيادة العامة لقوات البيشمركة حرس الاقليم و بموافقة القائد العام.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

بەڕێزان ئێستا ئەو سیاغەی كە لیژنەی یاسایی خوێندیانەوە ئەیخەینە بەر دەنگدان،كێ لەگەڵدایە تكایە دەستی بەرزبكاتەوە؟ زۆر سوپاس،كێ لەگەڵدا نیە؟ چوار كەس لەگەڵ نیە، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، زۆر سوپاس. بۆ ماددەی سێیەم تكایە،

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی سێیەم:مەرجەكانی پێدانی پلەی مولازم لە هێزی پێشمەرگەی كوردستان، پاسەوانی هەرێم بەو شێوەی خوارەوە دەبێت:

1-هاووڵاتی هەرێمی كوردستان بێت.

2-(20)ساڵی تەمەنی تەواو كردبێت و (26)ساڵ زیاتر نەبێت.

3-ئابڕوو بەرز و ڕەوشت بەرز بێت و ناوبانگی باش بێت و حوكم نەدرا بێت لەسەر تاوانێك یان كەتنێكی ئابڕووبەر.

4-دەرچووی یەكێك لەمانەی خوارەوە بێت:

ا-كۆلێژە سەربازیەكان.

ب- كۆلێژ یان پەیمانگا باڵاكان بەمەرجێك خوێندن تێدا لەچوار ساڵ كەمتر نەبێت.

ج- خوولە تایبەتیەكانی هێزی پێشمەرگەی كوردستان.

5-مەرجەكانی تەندروستی و توانای جەستەیی تێدا بەدی بكرێت.

6-ئەو ئەفسەرانەی بەهۆی خزمەتی پێشمەرگایەتیان پلەی ئەفسەریان پێ بەخشراوە مەرجەكانی بڕگە دووەم و چوارەمی بەندی یەكەمی ئەو ماددەیە نایانگرێتەوە.

7-دەرچووی كۆلێژی كۆمەڵگای پزیشكی و كۆلێژی ئەندازە بە پلەی مولازمی یەكەم دادەمەزرێت لەكاتی خۆ بەخش كردندا لە ڕیزەكانی پێشمەرگە.

المادة الثالثة: تكون شروط منح درجة ملازم في قوات بيشمركة كوردستان حرس الاقليم كالاتي:

1-ان يكون من مواطني اقليم كوردستان.

2-اكمل (20) سنة من عمره و لم يتجاوز (26)من العمر.

3-له سمعة حسنة و اخلاق عالية و لم يكن محكوماً بجناية أو جنحة مخلة بالشرف.

4-ان يكون من خريجي:

أ-احدى الكليات العسكرية.

ب-الكليات أو المعاهد العالية بشرط ان يكون مدة الدراسة فيها لا تقل عن اربع سنوات.

ج-الدورات الخاصة لقوات بيشمركة كوردستان.

5- ان تتوفر فيه الشروط و القابليات البدنية.

6-لا تشمل الشروط الواردة في فقرتي ثانياً و رابعاً من هذه المادة الضباط الذين منحوا رتباً بسبب كونهم من البيشمركة المناضلين في صفوف الحركة التحررية الكوردستانية.

7-يمنح خريجي كليات المجموعة الطبية و الهندسة رتبة ملازم اول عند تطوعهم في سلك البيشمركة حرس الاقليم.

**بەرێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

لێژنەی پێشمەرگە تكایە.

**بەرێز شێردڵ عبدالله حەوێزی:**

**بەرێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمەش هەمان رەئیمان هەیە.

**بەرێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

ئەندامانی بەرێزی پەرلەمانی كوردستان ئەوانەی ئەیانەوێ موداخەلەی بكەن ناویان نەنووسیوە.د. رۆژان فەرموو.

**بەرێز د.رۆژان عبد القادر دزەیی:**

**بەرێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

پێشنیار دەكەم كە چوارەم ببێتە ئاخر مەرج لە تسلسل،هەروەها بڕگەی (ا،ب،ج) لە چوارەم دەمج بكرێت واتە یان خەریجی كولیەی عەسكری بێت یان كولیاتی مەدەنی پێویست بەو تەفسیلەی ناكات بكرێتە دوو بڕگە، پێنجەمیش نازانم ئەو مەرجانە مەبەستیان چییە؟ مەرجەكان هەموو وا لە خاڵەكانی سەرەوە دیاری كرایە، مەبەستی چیە شروت و قابلیەی بەدەنی؟ ئەگەر ئەو وشە بگۆڕدرێ بە وشەكی دیكە باشترە،تتوفر فیە الشروط البدنیة مەرجەكانی یاساش وا لەسەرەوە خاڵی یەك و دوو و سێ باسكرایە نازانم مەبەست لەو مەرجانە چیە؟ وە پێشنیاری زیادكردنی مەرجێكی دیش دەكەم كە پێشتر لەهیچ وەزیفەكی دی فەسڵ نەكرابێ، فەسڵكردنەكەش دیاری بكرێت بەهۆی ئەوەی ئەركەكان یاخۆد واجیباتی وەزیفەی جێبەجێ نەكردبیت، زۆر سوپاس.

**بەرێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

بەرێز كاك بكر فتاح، فەرموو.

**بەڕێز بكر فتاح حسين:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وەڵلا من پرسیارێكم هەیە لە بەڕێز وەزیری پێشمەرگە، لە نوقتەی حەوتدا دەڵێ: يمنح خريجوا كليات المجموعة الطبية و الهندسة رتبة ملازم اول ، من پرسیارەكەم ئەوەیە ئەوانە یەكسەر رتبەی ملازم اولیان دەدەنێ یان دەبێ دەورەیەك تەواو بكات؟ چونكە پێم وایە كە ئەبێ بە مولازم مەفروزە دەورەیەكی عەسكری بخوێنێ،ئەگەر دكتوریش بێت یان مهندسیش بێت، لەسەر ئەو هینەی رۆژان خانیش مەسەلەی شروط و قابلیەی بەدەنی ئەوە زەروریە، چونكە شروطی مەسەلە باڵای چۆنە، مەسەلە شروطی تیایە، هینی بەدەنی ئەوە لەوانەی پێشوو شمولی ئەوانە ناكات ئەو نوقتە، لەبەر ئەو نوقتەش موهیمە جا پرسیارەكەم ئەوە بوو، ئەگەر جوابمداتەوە ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

بەڕێز د. شوكریە فەرموو.

**بەڕێز د.شكريه رسول ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ماددەی سێوە هەست ئەكەم لەگەڵ كوردیەكەی جیاوازی هەیە، هەر بۆ نموونە، خاڵی یەكەم كە دەڵێ هاووڵاتی هەرێمی كوردستان بێت لە عەرەبیەكەی دەڵێت هاووڵاتی هەرێمی كوردستان یان كوردی عیراق بێت، كوردی عێراق تیای نیە. ئەمە یەك، دووش وشەی دەبێ هاووڵاتی هەرێمی كوردستان بێت، خاڵی سێهەم، دوو جار بەرز نووسراوە، بەرەئی من ئابڕوو و رەوشت بەرز بێت هەردووكی بەیەكەوە ، لێرە نووسراوە حوكم نەكرابێ لەسەر تاوانێ، لەسەر تاوانێ حوكم نەدرابێت رایەكەی تریشم لەگەڵ د.رۆژانە كە لای خۆشم نووسیومە، بەڕاستی ئەو خاڵی چوارەمە پێویست ناكات هەموو كولیەكان هەر یەك بە جیایەك نووسرا بێت، خاڵی چوارەم هەر بنوسرێت دەرچووی یەكێك لەم كۆلێژانە بێت ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

بەڕێز جمال شمعون فەرموو.

**بەڕێز جمال شمعون ايليا:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە بڕگە چوار د.رۆژان ئاماژەی پێكرد بە تەواوی گوێم لێ نەبوو، (ب وج)پێویستە یەك بخرێن، چونكە نابێ خەرێج كولیەی عەسكەری وەكو خەرێج دەورەیەكی خاص بیت، پێویستە ب و ج عەینی یەك خاڵ بن (الكلية او المعهد العالي بشرط ان يكون مدة الدراسة فيها لا تقل عن اربع سنوات على ان يكون قد اكمل الدورة الخاصة بقوات بيشمركة كوردستان)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

بەڕێز محمد حكيم فەرموو.

**بەڕێز محمد حكيم جبار:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وەڵڵا من تێبینیم لەسەر مەرجەكان هەیە، مەرجی ماددەی سێیەمی یەكەمیان، هاووڵاتی هەرێمی كوردستان بێت، ئەی هاوولاتیانی كوردی دانیشتووانی كەركووك و دووز و جەلەولاو ئەو مەنتیقانە كە داوا دەكەین بگەڕێنەوە سەر هەرێم، یەعنی ئەوە چۆن عیلاج دەكرێ؟ ئەوە خاڵێك، خاڵی دووەم ، ئەگەر ئێمە كۆلێژی سەربازیمان هەبێت، ئیتر پێویست ناكات كە خولە تایبەتیەكانی هێزی پێشمەرگەی كوردستان بمینێت،چونكە كۆلێژی سەربازیمان هەیە و پەیمانگای بالأمان هەیە،پرسیارێكیشم بۆ جەنابی وەزیر هەیە:ئایا لە بەرنامەیاندا هەیە پێداچوونەوەیەك بەو روتبانە بكرێت كە پێشتر دراون ؟ یەعنی ئایا هیچ بەرنامەیەكیان هەیە بەو روتبانەی پێشوو دابچنەوە ؟

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

بەڕێز د.رمضان فەرموو،

**بەڕێزد. رمضان عبد الرحمن محمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەڕای من ئەم مەرجانەی یەكەم و دووەم و تا سێیەم،مەرجی وەرگرتنە لە كۆلێژی سەربازی، نەك مەرجی پێدانی روتبە ،تۆ پێش وەرگرتن ئەو مەرجانەی بۆ دادەنێی، هەر كەسێ كە دەرچوو تۆ مولزەمی كە پلەی پێی بدەی بە پلەی مولازم، دواییش لە وەرگرتنی پزیشك لە (سابعاً)،دەرچووانی كۆلێژی پزیشكی و هەندەسە فەرقێك هەیە كە ئەمە دانراوە بۆئەو سالأنەیە كە ئەو خوێندكارە لە كولیەدا خوێندی، كۆلێژی پزیشكی خوێندنەكەی شەش ساڵە، كولیەی هەندەسە چوار ساڵە، ناكرێ تۆ هەردووكیان وەكو یەك سەیر بكەی ، ئەمە لە نیزامی سەربازیدا یان بە پێدانی پلەیەك زیاتر دێت یاخود بەسالأنی قدم حیساب دەكرێت، كۆلێژی پزیشكی شەش ساڵ دەخوێنێ و هەندەسە چوار ساڵە كەواتە ئەم دوو ساڵەی ئەو چی لێدی؟ جگە لەبەر چاو گرتنی تایبەتمەندیەكەی دكتور لەبواری سەربازیدا ،زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

بەڕێز عمر عبدالرحمن فەرموو،

**بەڕێز عمرعبد الرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من لەو مادده تەئیدی رەئیەكەی د.رمضان دەكەم خەلتێك هەیە لە شروطي منح و شروطي وەرگرتن ، پێم وایە یەكەم و دووەم و سێەم لە شروطي وەرگرتنە لەم كولیە ئەمە لەلایەك، لەلایەكی دیكە من پێم وایە فەقەرە (1) و فەقەرە(ج) ئیجحافێكی تێدایە، ئەوەی كە كولیەی عەسكەری تەواو دەكات چەند سالێك لە كولیە دەوام دەكات، ئەوشی كە بە دەورەیەكی خاص دەبێت، ئەوە پێم وایە غەدرێكی تێدایە لەم بەینە، بەنیسبەت فەقەرەی حەوتیشەوە من پێم وایە خەریجی كۆلێژی یاساش لە هێزی پێشمەرگە ئیش دەكات،

بۆ چی تەنیا هەندەسەو طبي دەرەجەی مولازم وەرگرن، بۆچی ئەمانەش کە بەشی یاسایان تەواو کردووە و قانوونین لەبەشە یاساییەکان کار دەکەن، بۆ چی هەر چوار ساڵیان تەواو کردە، بۆ چی ئەوانیش دەرەجەیەك وەرنەگرن؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

بەڕێز کاك عبدالرحمان فەرموو.

**بەڕێز عبد الرحمن احمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

له یەکێك له مەرجەکان باسی ئەوە دەکات دەڵێ تەمەنی (20) ساڵ بێت، دیارە لەتەمەنی (18) ساڵی دەکرێتە سەرباز تا (23) ئەکات، مولازمیش ئەگەر کولیەش بخوێنێ چوار ساڵی دەوێت ئەوە وەکو تەئیدەك بۆ ئەو بەڕێزانەی پێشە خۆم، کە ببێتە مولازم چوار ساڵی دەوێت، (20) ساڵ دیاری کراوە، چونکە ئەو هەموو پلانە لە سەرباز و لە نائب عەریف و لە عەریف و ئەفسەر و تا دەگاتە هین مولازم زۆری دەوێت ئەو (20) ساڵە کەمە، خاڵێکی تریش لەوەوە کە دەێت ئەو ئەفسەرانەی کە بەهۆی خزمەتی پێشمەرگایەتیەوە پلەی ئەفسەریان پێ بەخشراوە، ئەوە رابوردووە لەبەر ئەوەی ئەگەر دەوام بوو بە ئیستمرار بووتری ئەو ئەفسەرانەی کە بەهۆی خزمەتی پێشمەرگایەتیەوە پلەی ئەفسەریان پێ دەبەخشرێت، ئەوە بەردەوامە پێشمەرگەی وا هەیە هێشتا پێی نەبەخشراوە ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

بەڕێز کاك خورشید شێرە فەرموو.

**بەڕێز خورشید سلیم شێرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

له ماددەی چوار دەڵێت ( تكون شروط منح درجة ملازم في قوات بيشمركة كوردستان ) ، دەرەجە نیە دەبێ ئەمرەکە بۆ قبوول کردن لە کولیەی عەسکەری بێت (20) ساڵەکە نەك دەرەجەی پێ بدرێ ، ئەوە یەك ، ماددەی دووەم کە خوشکە رۆژان و برادەران باسیان کرد  لە نیزامی خدمەی عەسکەری عیراقی کە کاك شێردڵ و ئەوان لەمن باشتر دەزانن هەموو خەریج کولیەیەك ئەبێ تەتەوع بکات یان حکومەت پێویستی پێێ بێ وەریبگرێ، لەریگەی وەزارەت وەریدەگرێ،مەسەلەن د.رۆژان کە باسی کرد بە روتبەی نەقیب وەردەگێرێ، لە جەیشی عیراقی نقیب تەبیب دەبێ، هەندەسە ملازم اول دەبێ، چونکە خدمەی لە کولیە زیاتر لە چوار ساڵە، باقی تر هەموو ئەو خەریجانەی کە چوار ساڵ دەبن یان حکومەت پێویستی بیت یان خۆی تەتەوع بکات یان زروفەکی موعەین دەبێ یان هەر هەموویان بە روتبەی ملازم وەردەگیرێن ، بەڵام هەر هەموویان پێیان دەگوترێت ضابط احتياط لە روتبەی عقیدی رەد نابن ئەوانە، چونکە خەریجی کولیەی عەسکەری نینە، خەریجی کولیەی عەسکەری هەتا ئاخر روتبەی دەتوانێ بڕوات چ روکن بێ چ غیر روکن بێ، بەڵام ئەو کەسانەی کە بەو دەرەجانە وەردەگیردرین لە روتبەی عقیدی زیاتر رەد نابێ

، بۆیە فەرقەکە ئەلێرەیە کە یەکسەر بە ملازمی وەردەگیرێن، چونکە  ئەعدادەکەیان مەحدودە و ناتوانن بچنە کولیەی دیکە ئەوانە ، بەڵام کولیەی عەسکەری (شروطي) خۆی هەیە لەبەر ئەوەی ئەو (20) ساڵەی دەبێ بۆ کولیەی عەسکەری بێ نەك  بۆ ئەوەی چونکە عومری (20) ساڵە، چونکە هیچ کولیەك نیە ، عومری لە (20) ساڵ تێدەپەڕێتن کە کولیەی تەواو دەکات، ئەوە غەڵەتە دەبێ بۆ قبوول کردن لە کولیەی عەسکەری ئەمرەکە وابێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

سوپاس، ئێستا لێژنەی پێشمەرگە رەئیتان دەربارەی موداخەلەکانی ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمانی کوردستان.

**بەڕێز شێردڵ عبدالله حەوێزی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەنیسبەت ئەوەی د.رۆژان کە دەڵێت کولیەی عەسکەری، کولیەکانی تێکەڵاو بکرێ ئەوە ناکرێ، چونکە ئەسلەن ئەوەی دەبێتە ضابط دەبێ خەریجی کولیەی عەسکەری بێت، لە هەندێ جار پێویستی بەوەی دەبێ کە هەندێ کەس تەتەوع دەکەن، کە تەتەوع دەکەن دەبێ ئەوەی کە روتبەی ملازمی دەدرێتێ دەبێ کولیەی تەواو کردبی، جا کولیە بێ مودەکەشی چوار ساڵ بێ یان پەیمانگا بیت ئەو کاتە داخیلی دەورەشی دەکەین داخیلی دەورەك بەلانی کەمەوە شەش مانگ بێت، ئەوجا دەبێتە ضابط ، ئەوە ئەو شتانەی عەسکەری هەموو بە حیساب داندرایە، یەعنی یەك یەك دادەنرێت ئەوە نیە تێکەڵاوی بکەین، دەبێ سیحەتی باش بێت، دەبێ حوکم نەدرابێت، عومرەکە . کاك بکر باسی دەورەی کرد، من گوتم یەعنی هەر کەسێ تەتەوع دەکات عەقدیش دەکات و داخیلی دەورەی دەکەن و دەورەکەش شەش مانگە، بەڵام هەر کەسێ کە تەتەوعی کرد  یەکسەر ئەمە روتبەکەی دەدرێتێ، یەعنی بە روتبەکە دەچێتە ئەوەکە، ئەوە لەوەتی جەیشی عیراقی دانرایە ئەو شتە هەیە یەعنی ئێمە شتێکی نوێمان دروست نەکردیە وە ئێستاش لە جەیشی عیراقی هەمان یاسا هەیە، ئێمە دەمانەوێ میزانیەمان بکەوێتە سەر میزانیەی جەیشی عیراقی کە گەیشتە سەر وەزارەتی دفاع، دەبێ ئەو یاسایەی ئێمە لەگەڵ یاسایەکەی ئەوان وەکو یەك بێت، لەبەر ئەوەی ئیستفادەمان لەوان کردیە، چی لێرە هاتیە لە یاسایەکەی وانیش هاتیە، ئێمە عیراقی تێدا نیە نووسیتمان هاووڵاتی کوردستان بێت ، بەنیسبەتی خەریجی کولیەی هەندەسە و خەریجی کولیەی طب  ئەوانە لە یەکەمەوە بە پێی یاسایە کەی ئێمە و بە پێی یاساکەی عیراقیش بە ملازم اول وەردەگیرێ، بەڵام خۆی لەناو وەزارەت تەعلیماتی تایبەتیان هەیە بۆ ئەوانە و لەوێ قیدەمیان هەیە، لەوێوە جیایان دەکەنەوە ، دوایی مهندس شەرت نیە بە چوار ساڵ دەربچێت، مهندس هەیە بە پێنج ساڵ دەردەچی و مهندس هەیە ممکنە بە شەش ساڵ دەردەچێتن، وەزارەتی پێشمەرگە خۆی هەندێك کەس دەنێرێتە دەرەوە یان داخیلی کولیەیان، دەکات هەر لە صفی یەکەوە مەسرەفیان دەکات لەو رۆژەی داخیلی کولیە مەدەنیەکەش دەبن، ئەوانە هەموو بە خدمە بۆیان حیساب دەکەن، کە دەردەچن مهندس هەیە چوویتە دەرەوە خوێندیتی ساڵەك زمانی خۆندووە، دوو

**ساڵ زمانی خوێندووە و چوار ساڵیش كولیەی خوێندووە بوویتە مهندس، مهندس هەیە بوویتە مهندسی معماری پێنج ساڵی خوێندووە ، ئێمە ناتوانین وای لێبكەین بڵێین ملازم زائیدەن ساڵێك، یان ملازم اول زائیدەن دوو ساڵ، یان نەقیب ناقیسەن ساڵێك ، لەبەر ئەوە ئێمە ئەوەكەمان داناوە هەردووكیان بە ملازم اول دەچن، ئینجا دوای تەعلیماتی وەزارەت ئەوە قانوونە تەعلیمات و نیزامی پێ دەردەچێ، وەزارەت خۆی ئەو تەعلیماتانە دەردەكات و قیدەمیان دەداتێ دوایی تەماشای كەن ماددەیەكی تێدایە باسی قیدەم دەكات، هەموو ئەو شتانەی تێدایە، لۆیە ئەوان ئەو شتانە عیلاج دەكەن، بە نیسبەتی تەمەن، ئێمە تەمەنی ضابطمان دانایە، ئەوە ضابطە نەك تەلەبە، ضابطە كە ملازمەكەیە، ملازم دەبێ سیحەتی زۆر باش بیت ، فەرقی ضابط و تەلەبەكە چەند رۆژێكە، دوو رۆژ پێش ئێستا تەلەبە بووە، مودەی پێ نەچووە تازە لە كولیە دەرچووە دەبێ بەو شێوەیە بێت، جاری وا هەیە كولیەی عەسكەری بە ساڵ و نیوێك دەردەچێ، ئێ باشە (18) بووە دكاتە (19) و نیو، جاری وا هەیە بە دوو ساڵ دەردەچێت، یەعنی شەرت نیە سێ ساڵەكە تەواو بكات، هەتا بڵێین دەبێتە (21) ساڵ ، ئەمە(20)ەكەمان بە معدل دەرهێنایە، یەعنی لە (19) زیاتر و لە (21) یەكیش كەمتر، بەنیسبەت ئەوەی كاك خورشیدیش زۆر ڕاستە ئەوەی كە داندرایە ئەوانەی كە مەدەنینە مەسەلەن دەوراتی ئیحتیات هەبوو جاران، هەر كەسێ كە لە كولیەی دەردەچوو دەچوو داخیلی دەورەی ئیحتیات دەبوو، لە كولیەی ئیحتیات شەش مانگ داخیلی دەورەی دەبوو و ساڵێك یان شەش مانگ بە ضابطی خزمەتی دەكرد، جاری وا تەتەوعی دەكرد كە تەتەوعی دەكرد ئەوە روتبەكەی بەو شێوەیە دەدانێ كە لە عەقیدی زیاتر نەبێ و لە كولیەی ئەركانیش وەرناگیرێ، كولیەی قانون لە ضمنی كولیەكانی ئینسانیە، ئێمە ئیمتیازمان نەدایتە هیچ كولیەكی دی هەتا كیمیاوی كە زۆر پێویستە لەناو هێزی پێشمەرگە، بەڵام ئەویش ئیمتیازی نەدرایتێ، تەنها ئیمتیاز لەبۆ هەندەسەی هەیە و لە بۆ طب، ئەویش بۆ ئەوەی بێن، چونكە ئەوانە تۆزێك نادرن، شەرت نیە بێنە عەسكەری، چونكە كولیەی هەندەسەش كە دێن زۆر تووشی ختورەت دەبن، وەكو دكتۆرەكە نیە، لە صنفی هەندەسە بێ پرد دروست دەكات، سەنگەر دروست دەكات، مخازن دروست دەكات، قنبلە چاك دەكات، قنبلە دروست دەكات، میكانیكن، كەهرەبائین، ئی طرق و جسورن، ئیشەكەیان زۆر قورسە، یەعنی دكتۆر دەچێ لۆ وەحدەكی مەیدانی و طبي دەبینن عیلاج دەكات یان لە مستەشفایەك دەبێ، لەبەر ئەوە لە یەكمان نزیك كردینەوە ، بەڵام دواییش وەزیر خۆی دەتوانێ، بە سەلاحیاتی وەزیر و بە تەعلیماتی وەزارەت ئەوانە هەموو عیلاج دەكرێن و، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

**لێژنەی یاسایی فەرموون.**

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**ئێمە موافقین لەگەڵ قسەكانی بەڕێز سەرۆكی لێژنەی پێشمەرگە.**

**بەرێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

جەنابی وەزیر رەئیتان تکایە.

**بەرێز عمر عثمان ابراهیم/وەزیری پێشمەرگە:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ من تەئیدی ئەو رەئیە دەکەم.

**بەرێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

ئەو بەرێزانەی موداخەلەیان کرد ئەگەر تەئیدی لێژنەی پسپۆر کە لێژنەی پێشمەرگەیە و جەنابی وەزیر لەو بارەوە پسپۆرە ئەگەر تەئیدی موفتەرەحەکانیان دەکەن ئەیدەینە دەنگدانەوە،

**بەرێز محمد حکیم جبار:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵلاّ من بەس بۆ کوردی کەرکووك و ئەو مەنتیقانە کە هەرێمی کوردستانیان ناوە، فعلا جوابێکی وازحم وەرنەگرت؟

**بەرێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

سوپاس نیزامی بوو نوقتەکەت، جەنابی وەزیر بۆ شوێنە دابڕاوەکان کە هێشتا ئینتیزار ئەکەن بۆ ئەو شوێنانە چی؟

**بەرێز عمر عثمان ابراهیم/وەزیری پێشمەرگە:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمە هاتووە لە قانوونەکە هەر کەسێ ناسنامە و ئەساڵەتی کوردی ئیسبات کرد لە هەر شوێنێك بێ وەردەگیرێ، با لە بەغداش بێ لە هەر شوێنێك بێ.

**بەرێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

لێژنەی پێشمەرگە تکایە ئەو موفتەرەحە کە لە شوێنێکی تر فەسڵ نەکرابێتن رەئیتان بۆ ئەو موفتەرەحە چیە؟

**بەرێز شێردڵ عبدالله حەوێزی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئەوە شتێکی زیادە، یەعنی شتێکی عەسکەریش نیە، یەك مولاحەزەی دیکەم هەیە کولیە حەقی هەیە زۆر جار حصەکی بداتە شوێنی دیش، یەعنی ممکنە ئێمە خەڵکی دەرەوەی کوردستانیش وەرگرین، خەڵکی دەرەوەی عیراقیش وەرگرین، خۆی وایە یەعنی لە هەموو کولیەك نیسبەتەك دەدرێت وممکنە لە کوردستانێکی دیش بن داخل بن، ئەوە عیلاقەی بە کولییەوە هەیە، یەعنی ئەوانە دەکەونە ژێر نیزامی کولیە، زۆر جار جامیعەی سەلاحەددین خۆتان ئاگادارن چەند کەس وەدەگرن ، شتی وا یەعنی ئەو بەعزە ئیستیسنائاتە پێویست ناکات باسی بکەین،

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

بەڕێزان ئێستا لیژنەی یاسایی ئاخر جار بیخوێننەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة الثالثة: تكون شروط منح درجة ملازم في صفوف بيشمركة كوردستان- حرس الاقليم كالاتي:

1- ان يكون من مواطني اقليم كوردستان.

2- اكمل (20) سنة من عمره و لم يتجاوز (26) سنة.

3- له سمعة حسنة و اخلاق عالية و غير محكوم بجناية او جنحة مخلة بالشرف.

4- ان يكون من خريجي:

ا-احدى الكليات العسكرية.

ب-الكليات او المعاهد العالية بشرط ان يكون مدة الدراسة فيها لا تقل عن اربع سنوات.

ج-الدورات الخاصة لقوات بيشمركة كوردستان .

5-ان تتوفر فيه الشروط و القابلية البدنية.

6-لا تشمل الشروط الواردة في فقرتي ثانياً و رابعاً من هذه المادة الضباط الذين منحوا رتباً بسبب كونهم من البيشمركة المناضلين في صفوف الحركة التحررية الكوردستانية .

7-يمنح خريجوا كليات المجموعة الطبية و الهندسة رتبة ملازم اول عند تطوعهم في سلك البيشمركة- حرس الاقليم.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

بەڕێزان ئێستا وەكو لیژنەی یاسایی كە ئاخر سیاغەی خوێندەوە ئەیخەینە دەنگدان، تكایە كێ لەگەڵیدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ سوپاس، كێ لەگەڵیدا نیە؟ بەكۆی دەنگ پەسندكرا زۆر سوپاس ،بۆ ماددەی چوار.

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی چوارەم:مووچە و سەرمووچەی ساڵانەی ئەفسەران بە یاساییەك دیاری دەكرێت.

**بەڕێزعبد الكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

المادة الرابعة:يحدد الراتب و العلاوة السنوية للضباط بموجب قانون.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

لیژنەی پێشمەرگە.

**بەڕێز شێردڵ عبدالله حەوێزی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە شتەکی ئیعتیادیە ئەمەش لەگەڵ ئەو ڕەئیەین.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

جەنابی وەزیر.بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ئەگەر موناقەشەتان نیە ئەیخەینە دەنگدانەوە، د.ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێزد. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەنها یەك پێشنیارم هەیە چەندین بابەت لەو یاساییە باس کرایە کەوا بە یاساییەك یاخود نیزامێکی خاص ڕێکدەخسترێت، ئەگەر هەمووی بکەینە یەك مادده،مادده چوارە،مادده شەشە،مادده بیست و چوارە و مادده نۆ بڕگە دوو،چەند بابەتەك کەوا بە یاسا ڕێکدەخسترێت بکرێتە یەك مادده و دەمج بکرێت،زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

لێژنەی یاسایی ڕەئیتان تکایە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبەر ئەهمیەتی بابەتەکە متعلقە بە ڕاتب و علاوەی سنوی ضباط، لۆیە ماددەکی خاصی بۆ تە ثبیت کرایە،زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

ئێستا وەك لێژنەی یاسایی خوێندیەوە ئەیخەینە بەر دەنگدان،تکایە کێی لەگەڵدایە؟ سوپاس، کێ لەگەڵدا نیە؟ بەکۆی دەنگ پەسند کرا بۆ ماددەی پێنج.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەشی دووەم

پلە بەرزکردنەوە

ماددەی پێنجەم: پلەی ئەفسەر بە پێی ئەو مەرجانە لەم یاساییە دیاری کراوە بەرز دەکرێتەوە دوای ماوەی تەواو کردنی خزمەتی لە ڕیزەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان کە لە خوارەوە بەرامبەر پلەکەی دیاری کراوە بەم شێوەی خوارەوە:

| پایە | ماوەی پایەی بەرزکردنەوە |
| --- | --- |
| ملازم | سێ ساڵ |

| | |
|---|---|
| ملازمی یەکەم | سێ ساڵ |
| نەقیب | چوار ساڵ |
| رائد | چوار ساڵ |
| مقدم | چوار ساڵ |
| عقید | چوار ساڵ |
| عمید | چوار ساڵ |
| لیوا | شەش ساڵ |
| فریق | شەش ساڵ |

**بەڕێز عبد الكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**القسم الثاني**

**الترقية**

**المادة الخامسة: تتم ترقية الضابط بموجب الشروط المبينة في هذا القانون وبعد اكمال المدة المحددة في الخدمة مقابل رتبته في صفوف قوات بيشمركة كوردستان وكالاتي:**

| الرتبة | مدة الترقية |
|---|---|
| الملازم | ثلاث سنوات |
| الملازم الاول | ثلاث سنوات |
| النقيب | اربع سنوات |
| الرائد | اربع سنوات |
| المقدم | اربع سنوات |
| العقيد | اربع سنوات |
| العميد | اربع سنوات |
| اللواء | ست سنوات |
| الفريق الى الفريق الاول | ست سنوات |

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

**لێژنەی پێشمەرگە تكایە،**

**بەڕێز شێردل عبدالله حەوێزی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**ئەوە شتەكی ثابت و ستاندەردە و قابیلی گۆڕان نیە، زۆر سوپاس.**

**بەرێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكى):**

بەرێز جەنابى وەزیر، بەرێزان ئەندامانى پەرلەمان ئەگەر مداخەلەك هەیە؟ كاك محمد احمد كەرەمكە.

**بەرێز محمد احمد صالح:**

**بەرێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

ئمن زیاتر پرسیارێكم هەیە،دەلێتن (تتم ترقیة الضباط بموجب الشروط المبینة في هذا القانون)، شروتەكان لە قانوونەكەدا نیە . و لە ماددەى شەش دەلێتن (یحدد بقانون شروط الترقیه)، یەعنى تا ئێستا شروتەكان نین، باشتر وایە بلێن (یتم الترقیه بقانون) حتى مەزبوت بیت،نازانم شروتەكان نیە و نەمدیتیە .

**بەرێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكى):**

لێژنەى پێشمەرگە رەئیتان؟

**بەرێز شێردڵ عبدالله حەوێزى:**

**بەرێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

شروتى قانوونى هەرساڵەكە نیە، لەبەر ئەوە دەڵێین شروتى قانوونى ئەوە داخلى دەورات دەبێ، دەوراتى ئەساسى، دەبێ ئیمتیحانى تەرقیە بدات، هەندێ شوێن كولیاتیشى دەوێت لە دواى موقەدەمى داخل بێت، بەعزى كولیاتى قیادە و ئەوانە دەبیتن لەبەر ئەوانە ئەو شروتانە دەبێ بە قانوون بن، سوپاس.

**بەرێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكى):**

جەنابى وەزیر فەرموو.

**بەرێز عمر عثمان ابراهیم/وەزیرى پێشمەرگە:**

**بەرێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

هەر وەكو كاك شێردڵ شەرحى دا و تەوزیحى دا بەو شێوەیە، بۆیە ئێمە تەئیدى دەكەین.

**بەرێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكى):**

لێژنەى یاسایى تكایە دووبارە بیخوێننەوە بۆ ئەوەى بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەرێز عونى كمال سعید بزاز:**

**بەرێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

المادة الخامسة: تتم ترقیة الضابط بموجب الشروط المبینة في هذا القانون و بعد اكمال المدة المحددة في الخدمة مقابل رتبته في صفوف قوات بیشمركة كوردستان و كالاتي:

| الرتبة | مدة الترقية |
|---|---|
| الملازم | ثلاث سنوات |
| الملازم الاول | ثلاث سنوات |
| النقيب | اربع سنوات |
| الرائد | اربع سنوات |

| | |
|---|---|
| المقدم | اربع سنوات |
| العقيد | اربع سنوات |
| العميد | اربع سنوات |
| اللواء | ست سنوات |
| الفريق | ست سنوات |
| الفريق الاول | |

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

تکایە بە کوردیش بیخوێننەوە.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی پێنجەم:پلەی ئەفسەر بە پێی ئەو مەرجانەی لەم یاساییە دیاری کراوە بەرز دەکرێتەوە دوای تەواو بوونی ماوەی خزمەت کردنی لە هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان کە لە خوارەوە بەرامبەر پلەکانی دیاری کراوە بەم شێوەی خوارەوە:

| پلە | ماوەی پایە بەرزکردنەوە |
|---|---|
| ملازم | سێ ساڵ |
| ملازم یەکەم | سێ ساڵ |
| نەقیب | چوار ساڵ |
| رائد | چوار ساڵ |
| مقدم | چوار ساڵ |
| عقید | چوار ساڵ |
| عمید | چوار ساڵ |
| لیوا | شەش ساڵ |
| فەریق | شەش ساڵ |
| فەریقی یەکەم | |

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

بەڕێز د.شکریە فەرموو.

**بەڕێزد. شکریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆشم نازانم بەس لەوێ عەریفی تێدایە لێرە تیای نیە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

بەرێزان ئێستا ماددەكە وەكو خوێندرایەوە لە لایەن لێژنەی یاسایی بە كوردی و بە عەرەبی ئەیخەینە دەنگدان،كێ لەگەڵێدایە تكایە دەستی بەرز كاتەوە؟ سوپاس.كێ لەگەڵدا نیە؟ بەكۆی دەنگ وەرگیرا، زۆر سوپاس.تكایە بۆ ماددەی شەش.

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی شەشەم:مەرجەكانی پلە بەرز كردنەوە و پێشخستن و سزاكان و مۆڵەتەكان بە یاساییەك دیار دەكرێت.

**بەڕێز عبد الكریم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة السادسة: یحدد بقانون شروط الترقیة والقدم و العقوبات و الاجازات.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

بەرێزان لێژنەی پێشمەرگە رەئیتان هەیە؟

**بەڕێز شێردڵ عبدالله حەوێزی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە هەمان رەئیمان هەیە و ئەوە جوابەكەی كاك دیلمانیشە ،ئەوە ئەوەیە كە دەڵێین شروتی تەرقیەیە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

بەرێز جەنابی وەزیر؟

**بەڕێز عمر عثمان ابراهیم/وەزیری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڵێ بە هەمان شێوە وەك كاك شێردڵ گوتی.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

بەرێزان ئەندامانی پەرلەمان ئەوانەی دەیانەوێتن قسە بكەن؟ كەس نیە. ئێستا ئەیخەینە دەنگدانەوە،لەبەر ئەوەی كەس موناقەشەی نەكرد و هەموو ڕازین لەسەر ئەو خوێندنەوەی یەكەم بەم شێوەی كە خوێندرایەوە لەلایەن لێژنەی یاسایی بە عەرەبی و كوردی و لێژنەی پێشمەرگە تەئیدی كرد و جەنابی وەزیریش، ئەیخەینە دەنگدانەوە. كێ لەگەڵێدایە تكایە دەست بەرز كاتەوە؟ سوپاس ،كێ لەگەڵدا نیە؟ بەكۆی دەنگ پەسەند كرا، تكایە بۆ ماددەی حەوت.

**بەرێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەرێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

**بەشى سێيەم**

**ڕاژەى پێشمەرگەى خۆبەخش**

**ماددەى حەوتەم:**

**1-پێشمەرگەى خۆبەخشكەر، ئەو خۆبەخشەيە كە لە نێوان پلەى پێشمەرگە تا جێگرى ئەفسەرى پلەى ناياب و ڕاژەى پێشمەرگايەتى كردووتە پيشە بۆ ماوەيەكى ديارى كراو.**

**2-دامەزراندن و پلەپێدان و بەرزكردنەوە و گواستنەوەى پێشمەرگەى پاسەوانى هەرێم لەصنفێك بۆ صنفێكى تر و كۆتايى هێنان بە ڕاژەكەى و خانەنشين كردن و گەڕانەوەى بۆ ڕاژەكەى بە پێى پەيڕەوێكى تايبەت دەبێ كە لەلايەن وەزيرى پێشمەرگەوە يان ئەو كەسەى دەسەڵاتى پێدەدرێ دەردەچێت.**

**بەرێز عبد الكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەرێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

**القسم الثالث**

**خدمة البيشمركة-حرس الاقليم المتطوع**

**المادة السابعة:**

**1-البيشمركة المتطوع، هوالمتطوع الذي اتخذ من مهنة البيشمركة حرس - الاقليم من درجة البيشمركة لغاية درجة نائب ضابط ممتاز مهنة له و لمدة معينة.**

**2-يكون تعين البيشمركة و ترقيته و نقله من صنف الى اخر و أنهاء خدماته و أحالته على التقاعد أو أعادته الى الخدمة بموجب نظام و بامر من الوزير او من يخوله.**

**بەرێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكى):**

**لێژنەى پێشمەرگە تكايە.**

**بەرێز شێردڵ عبدالله حەوێزى:**

**بەرێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

**بەڵێ ئێمە هەمان ڕەئيمان هەيە.**

**بەرێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكى):**

**جەنابى وەزير ڕەئيتان؟**

**بەرێز عمر عثمان ابراهيم/وەزيرى پێشمەرگە:**

**بەرێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

**بەڵێ، بە هەمان شێوە، تەئيديان دەكەم.**

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ئەو بەڕێزانەی ئەیانەوێ موداخەلە بكەن، مامۆستا اخر فەرموو.

**بەڕێز اخر شێخ جمال انور:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وەڵلا من ئەوەی دەمەوێ باس بكەم دوو پرسیارە لە جەنابی وەزیری پێشمەرگەی دەكەم، پرسیاری یەكەم هەندێ پێشمەرگە لە ساڵ (61) كەوە پێشمەرگە بووینە تاكو ساڵی (1975)لەوێ وازیان لێ هێنایە، دوایی بووینەتە فەرمانبەر لە حكومەتی عیراقی، دوایی ئیدامەی دراوتەوە، هەتاكو پاش ڕاپەرین فەرمانبەر بوو ئەو پاشان تەقاعود بووینە، ئایا ئەو خدمەتەی پێشمەرگایەتی لە(61) بۆ(75) یان هەر ساڵەكی بیتن حیساب دەكرێن یان نا؟ ئەگەر حیساب بكرێ من پرسیارەكەم ئاراستەی جەنابی وەزیر كردیە، ئەگەر حیساب بكرێ خدمەتەكە مومكینە ڕاژەی مەعاشی كەمتر بێ، ئایا بە پێشمەرگایەتی تەقاعد دەكرێ لە خلالی ئەو (15) ساڵەی خزمەتی كردووە یان چەند ساڵەك، یان بە فەرمانبەری تەقاعود دەكرێ؟ پرسیاری دووەمیشم ئەوەیە، هەندێ پێشمەرگە بووینە لە ئیستمراریەتیان هینایە خاصەتەن لە پاش(75)ەوە و (76)ەوە پێشمەرگە بووینە هەتاكو سەرهەڵدان یان ڕاپەڕین، پاشی ڕاپەرین لە(93،94) و ئەوانە هەندێ پێشمەرگە گوتیان لەبەر ئەوە حەرەسی مەقەراتن دەبێ بكرێنە شورتەی پۆلیس، ئایا ئەو نەوعە پێشمەرگانە بە پۆلیس تەقاعود دەكرێن یان بە پێشمەرگایەتی؟ چونكە وەختە زەحمەتەكەیان هەموو بە پێشمەرگایەتی بووە، كێهای ئیختیار بكەن؟ لۆیان هەیە یان نا؟ و داوای جوابی لە جەنابی وەزیر دەكەم،زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

بەڕێز كاك شێخ جعفر فەرموو.

**بەڕێز جعفر مصطفى معروف:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وەڵلا من دوو تێبینیم هەیە، یەكەم ماددە حەوت بڕگەی یەك دەبێت ئەو پلە چاك بكرێت، كاك شێردڵ ئەگەر عەفووم بكەی لە باتی تا پلەی جێگری ئەفسەری پلەی نایاب بكرێتە پلەی ئەفسەر، چونكە ئەوە غەدرێكی زۆرە لە هەردوو نەوعی پێشمەرگە، خاڵی دوو خاڵێكی دی بۆ زیاد بكرێت، ببێتە بڕگەی سێ، بنووسرێت ئەگەر پێشمەرگەیەك ئازایەتی سەلماند لە بەرەكانی شەر و دژبە دوژمنی گەلەكەمان هەقی هەبێ پلەی ئەفسەری پێ ببەخشرێ یاخود زیاتر، بەس ئەگەر ئەوە چاك نەكرێ ئێستا هەمو پێشمەرگەی شۆرشی گۆلان و پێشمەرگەی شۆرشی نوێ هەموویان بە نائب ضابط تەقاعود بكرێن وە غەدرێكی زۆر گەورەشە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

لێژنەی پێشمەرگە رەئیتان تكایە.

**بەڕێز شێردڵ عبدالله حەوێزی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ئەو کەسانەی کە لە مەدەنی بووینە و خدمەکەشیان زۆرە ئێستا ئیشی مەدەنیشیان هەیە پێشمەرگایەتیشیان هەیە خۆیان کامەی تە فضیل دەکەن ئەوە ئەوەیان بۆ دەکرێ، کامە لە بۆ وان باشە دەتوانن، ماددەکیشی تێدایە خۆی ئێمە نامانەوێ ئەو کەسە زەرەرمەند بێ، پێمان باشە کامەی لە بۆ ئەو باشە، کامەی زیاترە ئەوی بۆ دەکرێ، بە نیسبەتی کاك شێخ جعفر خۆی ضابط خوێندمانەوە پێشتر شروتی ملازم چیە؟ ناتوانین لەو شروتانە دەربچین، ئیدی ئەوە مەغدوریەت و شتی وا نیە، ئەوە ئی وا هەیە لەناو جەیشەکانی دونیایی ڕەئیس عورەفایە دەیکەنە ضابطیش نایکات، حورمەتی ئەوندە زۆرە، یەعنی فەخر دەکا کە ئەوە ڕەئیس عورەفایە، ڕەئیس عورەفایەك هەبوو جەنابی وەزیر دەزانێ لە کولیەی عەسکەری عیراقی موعەلیمی عبدالکریم قاسمی بوو و موعەلیمی عبدالسلام عارف بوو هەیکەلیان لەبۆ کولیەی کردبوو لەبۆ هیچ ضابطە کیان نەکردبوو ، نائب ضابط زۆر دەرەجەکی گەورەیە، بەڵام کەی ئەو نائب ضابطة خوێندی و ثانە وی تەواو کرد ئەو کات دەتوانێ ئەوە یەك، یاخود لەشەرا ئازا بوو ئەوە دیسان قائد دەتوانێ بیکاتێ ئەوە عیلاقەی بە چالاکی ئەوە، بەڵام هەموو نابێ، ئەوی چالاك بوو هەم وەزیر دەتوانێ قیدەمی بداتێ، هەم قائدی عام دەتوانێ بیداتێ، لە عەسکەری ئەو شتانە هەیە، یاخود خۆی جهد بکات و بخوێنێ و هەتا ئەگەر لە مسائیش تەواو بکات و بچێتە کولیەك ئەوە دەتوانێ ببێتە ضابط، بەڵام شەهادەی نەبێ و مودەکەشی ئەوە بێ، ناتوانین بیکەینە ضابط، چونکە ئەو کاتە غەدر لە ضابط دەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

جەنابی وەزیر ئەگەر ڕەئیەکتان هەبوو فەرموو.

**بەڕێز عمر عثمان ابراهیم/وەزیری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڵێ هەمان ڕەئی کاك شێردڵ تەئید دەکەم، لە ماددەی دە بە تەواوی هاتیە ئەگەر ئێستا بیخوێنینەوە جوابەکەی کاك اخریشی تێدایە، بەس ئیزافەتەن لەسەر ئەو قسەی ئەو نائب ضابطە ي کە کاك شێردڵ باسی کرد، ئەو کورد بوو و خەڵکی ئەم ناوەش بوو، مەنتیقەی بەرواری.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

بەڕێزان نوقتەی نیزامی کاك خورشید فەرموو،

**بەڕێزخورشید سلیم شێرە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەو ملاحەزەی کاك شێردڵ جوابی دایەوە، خدمەی پێشمەرگەی هەیەو ئێستا نەقڵی وەزیفەی مەدەنی بووە، چەند ساڵێکە بە خدمەی مەدەنیەکەی تەقاعود دەکرێ بە ئیزافەی خدمەی پێشمەرگایەتی، ناتوانێ بگەرێتەوە سەر کە تقاعود بێ بە خدمەی پێشمەرگایەتی بە مولاحەزات چونکە ئەوە ناکرێ، بە قانوونیش ناکرێ ئەو چەند ساڵەی خدمەی مەدەنی و ئیزافەی خدمەشی کردیە ئیستا ئەو وەزیفە مەدەنیەی کە ئێستا هەیتی، ئەوەی چۆن واز لێدێنێ بچیت ببێتە پێشمەرگەو تەقاعود بیتن؟ سوپاس.

**بەرێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

سوپاس، لیژنەی پێشمەرگە رەئیتان تکایە.

**بەرێز شێردڵ عبدالله حەوێزی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەماددەکمان هەیە ئەو شتانەمان تێدا شەرح کردیە ، بەلأم ئەگەر هەر پێشمەرگەیەك چووە وەزیفەی مەدەنی ، خدمەکەی وەزیفەی مەدەنی ئەگەر لە پێنچ ساڵ کەمتر بوو حەقی تەقاعودیشی هەبوو بە عەسکەریەکەی تەقاعود دەبێ، ئەوە لە عەسکەری عیراقیش ئەوهایە،زۆر سوپاس.

**بەرێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

لیژنەی یاسایی ئێستا ئاخر جار بیخوێنن ،ماددەکە ئەخەینە بەر دەنگدان.

**بەرێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة السابعة:

1 - البيشمركة المتطوع، هو المتطوع الذي اتخذ من مهنة البيشمركة -حرس الاقليم من درجة البيشمركة لغاية درجة نائب ضابط ممتاز مهنةله و لمدة معينة.

2 - يكون تعين البيشمركة و ترقيته و نقله من صنف الى اخر و انهأء خدماته و احالته على التقاعد او اعادته الى الخدمة بموجب نظام و بامر من الوزير او من يخوله.

**بەرێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

بە کوردیش تکایە

**بەرێز کریم بحری عبدالله:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی حەوتەم:

1-پێشمەرگەی خۆبەخشکەر؛ ئەو خۆبەخشەیە کە لە نێوان پلەی پێشمەرگە تا جێگری ئەفسەری پلە نایاب ڕاژەی پێشمەرگایەتی کردووتە پیشە بۆ ماوەیەکی دیاری کراو.

2-دامەزراندن و پلە پێدان و پلە بەرزکردنەوە و گواستنەوەی پێشمەرگە- پاسەوانی هەرێم لە صنفێك بۆ صنفێکی تر و کۆتایی هێنان بە ڕاژەکەی و خانەنشین کردنی و گەڕانەوەی بۆ ڕاژەکەی بە پێی پەیرەوێکی تایبەت دەبێ کە لە لایەن وەزیری پێشمەرگەوە یان ئەوەی ئەو دسەلاتی پێدەدات دەردەچێ.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکوکی):**

بەڕێزان ئێستا ئەیخەینە دەنگدان، کێ لەگەڵێدایە تکایە دەستی بەرز کاتەوە؟، سوپاس، کێ لەگەڵدا نیە؟ بە کۆی دەنگ پەسند کرا، تکایە بۆ ماددەی هەشت.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی هەشتەم: مەرجەکانی وەرگرتنی پێشمەرگەی خۆبەخش ئەمانەن:

1-هاووڵاتی هەرێمی کوردستان بێت.

2- تەمەنی لە (18) ساڵ کەمتر نەبێت.

3-تەمەنی لە (25) ساڵ زیاتر نەبێت بۆ صنفە فەنییەکان و لە (30)ساڵ تێپەر نەبێت بۆ صنفەکانی تر.

4- رەوشت و ئابروو بەرز بێت و ناو بانگی باش بێت و بە هیچ تاوانێك یان کەتنێکی ئابروو بەر سزا نەدرابێت.

5-بەلایەنی کەمەوە پۆلی شەشەمی بنەڕەتی تەواو کردبێت .

**بەڕێزعبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثامنة:يشترط لقبول البيشمركة المتطوع -حرس الاقليم ما يلي:

1 - ان يكون من مواطني اقليم كوردستان .

2 - ان لا يقل عمره عن (18) سنة.

3 - ان لا يزيد عمره عن(25)سنة بالنسبة للصنوف الفنية و لا يزيد عن (30) سنة بالنسبة للاصناف الاخرى.

4 - ان يكون ذا سمعة و سيرة حسنة و غير محكوم بجناية او جنحة مخلة بالشرف.

5 - ان يكون قد اكمل السنةالسادسة من المرحلة الدراسية الاساسية.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

لێژنەی پێشمەرگە تکایە.

**بەڕێز شێردڵ عبدالله حەوێزی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە شتێکمان نیە لەسەری، لەگەڵێداین.

**بەرێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كركووكى):**

ئەندامانى بەرێز ئەوانەى ئەيانەوێ قسە بكەن ناويان بنووسن.كاك شێخ جعفر فەرموو.

**بەرێزجعفر مصطفى معروف:**

**بەرێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

لە ماددەى هەشت ئەگەر ئەو ساڵە زياتر بكرێت باشترە لە (25) بكريت بە (30) بە (40)، خاڵى دوو ئەو برگە پێنج لابدرێت، ئەو برگەيە زيادەيە بەڕاستى، چونكە باشترين پێشمەرگە زۆربەيان ئەوانە بوون كە نەخوێندەوار بوون، تۆ ئەڵێى تا شەشى خوێندبێت، كوا لە كوردستان ئەو نيسبەتە خوێندنە هەيە؟ هەموو پێشمەرگەى وەرگرتبێت شەهادەى شەشى هەبێت، خۆ ئەمە ئيجازەى سايقەكە نيە ئەبێ خوێنەوار بێت، پێشمەرگايەتى خوێنەوارى بۆ چيە؟ئەبێ ئەو برگە هەر لاچێ باشترە، زۆر سوپاس.

**بەرێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكى):**

بەرێز كاك محمد فەرموو.

**بەرێز محمد فرج احمد:**

**بەرێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

ئەم ماددەيە من ئەوە ئەبينم يەعنى وەكو بڵێى دەرگاكەى داخستووە، ئيتر ئەوەى كە ئەو جيلە نوێيەى كە لە دايك بووە مەسەلەن (91) بەدواوە مەسەلەن تاوانى چيە لە (91)بەدواوە لە دايك بووە بەشدارى نەكردووە لە شۆڕش؟ شۆڕش ئەبێ بيدايەتەكى ديارى كراوە و بە قەناعەتى من ئەبێ نيهايەتەكەشى ديارى بكرێ، ئەمە حەياتى مەدەنيە خزمەت كردنى ئالاّ گەورەترين هۆكارە بۆ دروست كردنى ئينتيما بۆ نيشتمان، ئەمە لەو ياسايە بەم ماددەيە ئەمە بنبڕ دەكات نايهێلى، يەعنى هەر ئەوە دروست دەكات كە خەڵك وەكو خۆبەخش لە هەموو دونيا ئەمە مەسەلەكى گرنگە، يەعنى ئەگەر لەسەر حاڵەتى عيراق كە حاڵەتێكى ئاڵۆزە بەس خۆ هەموو دونيا وانيە، يەعنى خزمەتى ئالاّ زۆر مەسەلەيەكى گرنگە، ئەبوو بە قەناعەتى من ئەم ماددەيە هەر زيادە خۆبەخش پێويستى بە مەرج و شت نيە، كە يەكێك ئەگەر خۆبەخش بكات ئەو وەريئەگرن لە مادەيەكى دى خۆ جێگەى ئەبێتەوە، ئێمە شتێك ديارى بكەين، يەعنى رێگە نەگرين لەوەى كە رۆژێك خزمەتى ئالاّ ببێتە ئەساسێك لەم هەرێمە كە بە قەناعەتى من جارێكى ديش ئەيڵێمەوە گەورەترين هۆكارە بۆ دروست بوونى ئينتيما بۆ ئەو نيشتيمانە،سوپاس.

**بەرێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكى):**

بەرێز كاك محمد حاجى محمود فەرموو.

**بەرێز محمد حاجى محمود:**

**بەرێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

من سێ، چوار هینم هەیە، یەکەم لە هینەکە زۆر جار هاتووە کە ئەڵێت تەنها لە هەرێمی کوردستان بێت، هەرێمی کوردستان قانوونیەن تا ئێستا ئەو سێ محافظە یە یەعنی ئەوە یەکێکە لە خاڵەکان، خاڵێکی تر مەسەلەی ئەوەی کاك محمد ئیشارەتی پێدا، من نامەوێ دووبارەی بکەمەوە،نە، ئەو مەوزوعەش ئیدامەی پێ بدرێت، مەسەلەی ئەو ئابڕوو ، ئابڕووە بەڕاستی ئەوە شتێکی هینە ئەو ئابڕووە هەر لابردرێت باشترە بکرێت بە رەوشت بکرێت، بە ناوێکی دی لێبنرێت مەسەلەی ئابرووەکە،مەسەلەیەکی تر هەیە ئایا ئەمانە مەسەلەن دەڵێ مەرجەکان ئایا ئەمەش ئەو کاتە هەر بە تەزکیەی حیزبی وەردەگیرێن خەڵکەکان یان نا؟ سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

سوپاس، گولناز خان فەرموو.

**بەڕێز گوڵناز عزیز قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پشتگیری لە رەئی هەردوو کاك محمد ئەکەم، ئەگەر هەر ماددەکەش وەکو خۆی مایەوە، مەسەلەی هاووڵاتیانی هەرێم، ئێمە کوردێکی زۆرمان هەیە لە شارەکانی باشوور دائەنیشن و لە عیراقا پێیان خۆشە بێنە رێزی پێشمەرگە،وە لە خاڵی پێنچەمیشدا ئەگەر شەشی بنەڕەتی ئەمینێتەوە ئێستا لە نیزامی نوێی خوێندندا ئەو شەشە نەماوە، هەر بوویتە قۆناغی بنەڕەتی و ئەچێتە سێ ناوەندی، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

کاك اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبد الله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەللا من لەسەر دووەم و پێنجەم، دووەم بەڕاستی (18) ساڵی دیاری کراوە ڕاستە خۆی مودەکەی (18) ساڵ قانوونیە، بەڵام ئێمە لە پێشمەرگایەتی تەجروبەمان هەیە، باوەڕتان هەبێ پێشمەرگەمان هەبووە لە (13) و لە (14) ساڵی بووینە و باشترین پێشمەرگەش بووە، یەعنی جەنابیشت پێشمەرگە بووی و شارەزای، ئەگەر (17) ساڵ بێت زۆر باشە، من پێموایە لە باتی (18) بێتن ، خاڵی پێنجەمیش بەڕاستی پێنجەم وەکو کاك شێخ گوتی لابردرێت باشترە، چونکە پۆلی شەشەمی بنەرەتی تەواو کردبێت، بەلای کەمی نەخوێندەوار بێت، نەك پۆلی بنەڕەتی، خەڵك هەیە لە ماڵی خۆیتی خوێندەوارە و شەشیشی تەواو نەکردیە و پێشمەرگەکی زۆر باشیشە حەقە هەر نەخوێندەوار بیت نەك بنەڕەتی مەرج نیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

شیرین خان فەرموو.

**بەڕێز شیرین عبدالرحمن دینۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر نەفسی رەئی من هەیە، تەئیدی كاك شیخ جعفر دەكەم و برادەران، شەرت نینە پێشمەرگە ئیلا شەهادەی ئیبتیدائی هەبێت با خوێندەوار بیتن یان با ببێتە پێشمەرگە، زۆر سوپاس.

**بەرێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

لیژنەی پێشمەرگە رەئیتان دەربارەی وەلامەكان تكایە.

**بەرێز شێردڵ عبدالله حەوێزی:**

**بەرێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئێمە دەمانەوێ هێزێكی موحتەرف دروست بكەین، یەعنی موالید داوا ناكەین و خەڵكیشمان دەوێ كە نەوعی بێ و هەموو ئیشەكان بە تەواوی جیبەجێ بكات، چونكە عەسكەری ئەوەندە سەهل نیە هەر كەسێ حەز دەكات و بێت هەموو كەسێك ببتە عەسكەری، دەبێ مەرجی تێدا بێ، هەم سیفاتەكانیان حیساب كردیە، ئەگەر یەكێك لە (18)ساڵی ببێتە عەسكەری فەرقی هەیە، فەرقی عەسكەری و مەدەنی چیە؟ فەرقەكەی ئەو دەورەیەیە كە داخیلی دەبێ، ئەو دەورەیە بە گەورەیی داخیلی بێ نابێتە عەسكەری، لە (18) ساڵی بێ، لەوێ لە قالب دەدرێ كە داخیلی دەورەكە بوو دبێتە عەسكەرێكی تەواو، هەتاهەتایە دەبێتە خوو و رەوشتی، هەموو ژیانی دەبێتە عەسكەری، ئەگەر دە ساڵیش لە عەسكەری جیا بێتەوە، ئاخیری هەر خووەكانی و شتەكانی و هەڵسوكەتیشی هەر عەسكەریە، لەبەر ئەوە ئەو مەرجانە زۆر پێویستە، اولا دەبێ ئەخلاقی باش بێت، دەبی سیحەتی باش بێت، دەبی شەهادەی هەبی، ناكرێ شەهادەی نەبێ، چونكە ئەگەر شەهادەی نەبێ تەماشای ئەوەكانی خوندەوە دەرەجەكانی نایاب و نائب ضابط و رئبس عورەفا و ئەوانە ئەگەر شەهادەی شەشی نەبێ نابیتە، یەعنی تەرفیع ناكات ،دوای ئەوە مەرجی وەرگرتنە نەك مەرجی ئەوەی كە بێتە ناو پێشمەرگەی ئێستا، ئەوەی خەڵك وەردەگرین كە خەڵك وەردەگرین، ئێمە دەمانەێ هێزێكی نەموزەجی بێت و پەیوەندی بە حیزبەكانەوە نەبێ، هێزەكە هێزی كوردستانی بێت لەبەر ئەوە دەڵێین هاووڵاتی كوردستان بێت، بەڵام ئەوە رێ ناگری خەڵكی دیكەش وەربگرین، لەبەر ئەوە دەبی ئەم شروتانەی هەموو تێدابی، ئەوەی لێرە هاتیە دەنا ناتوانین ئەم جەیشە باشە دروست بكەین وە ئەوە هیچ شتێكی غەریبیشی تێدا نیە لە هەموو دونیاییش ئەوهایە و ناتوانین هەندێ عومریش زیادكەین، لەبەر ئەوەی ئەگەر بیەوێ ماددەیەكمان هەیە لە هەندێ عومر هەیە مەسەلەن جندی عومری (45) ساڵ بیت دەبێ تەقاعودی بكەین مەعقولە، ئەمڕۆ بیكەبنە جندی و سبەی تەقاعودی بكەین؟لێرەش هەر لەبۆ فەنییەكان ئیمتیاز كرایە و هەندێ صنفی دیش، عومرەكە رێ ناگرێ ئەگەر ئیشمان پێیان بێ وەریدەگرین، چونكە ممكنە نائب ضابطە ك دەتوانی ئیشەكی زۆر باش بكات لە عومری(30)ساڵی ئیستیفادەی لێ بكەین وەریدەگرین، چونكە ئەوە لەبۆ هەموو كەس وەرناگیرێ، بەڵام شرووت كە دێ بە عام دێ، زۆر سوپاس.

**بەرێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

نوقتەی نیزامی كاك شوكر فەرموو.

**بەڕێز شكری صالح تمر:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

نوقتە نیزامییەكە ئەوەیە خاڵی یەكەم كوردی و عەرەبی وەكو یەك نیە (ان یكون مواطن من كوردستان او كوردی عراقی). بە كوردییەكە وا نەهاتووە هاوولاتی هەرێمی كوردستان بێت، ئینجا ئەگەر كوردییەكە وەكو عەرەبییەكەی لێبێت بە رەئی من باشترە، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

نوقتەی نیزامی د.شكریە.

**بەڕێز د.شكریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێستا پتر لە سێ كەس ڕایان لەگەڵ ئەوە هەیە مەسەلەی شەشی بنەڕەتی تێدا نەبێت، ئەگەر بەڕێزتان بیخەنە دەنگدانەوە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

فەرموو كاك شێردڵ.

**بەڕێز شێردڵ عبدالله حەوێزی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

خۆی لە ئەسڵەن ئەوە شەشی ئیبتیدائیە، ئەمن ئەو ڕۆژە ئەو پرسیارەشم كرد ئەلێرە كە وەزیر لێرە بوو گوتم ئەو كەسانەی كە دوای دێنە سەر شوێنێك كە پێوەستیمان بە شەشی ئیبتیدائی هەیە، خۆ ئێمە نامانەوێ جەیشێكی جاهل دروست بكەین دەبی جەیشەكە خوێندەوار بی ئەو كاتی جوابیان نەدامەوە، لەبەر ئەوە ئێمە و لجنەی قانونی و بەڕێز جەنابی وەزیریش گوتمان با بیكەینە بنەڕەتی عەلەلئەقل شەش ساڵی خوێندبێ، یەعنی خێندواری فێربووبێ، ئەو نیزامەی ئێستا شەرت نیە خوێندەواری لە صەفی یەك و دوو شت فێربی شەش ساڵ لە مەكتەب خوێندواری فێردەبی یەعنی ئێستاش ئەوە شەهادە نیە ئەوە خوێندەوارە، بەڵام خۆ دەبێ ئەساسێك دانێین، لەبەر ئەوەی ئێمە لەگەڵ جەیشی عیراقین، جەیشی عیراقی ئەو نیزامەی ئێمەی نیە دەبی شەشی ئیبتیدائی هەبێ، ئێمە كردیتمانە شەشی بنەڕەتی، خۆتان دەزانن لە جامعەش تەعادولی شەهادە دەكرێ ئێمەش گوتمان ئەگەر وابوو لەگەڵ بەغدا ڕێك دەكەوین و تەعادولی شەهادەیان پێ دەكەین ،و زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

جەنابی وەزیر رەئیتان؟

**بەڕێز عمر عثمان ابراهیم/وەزیری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وەللا من زۆر سوپاس تەئیدی رەئیەكان دەكەین، تەبعەن پێشتر ئێمە هەموو ئەو موناقەشانەمان كردیە، نوقتەك هەیە لێرە پرسیار كرا كە ئایا دەبی لە پارتی و مەسەلەی تەحەزوبێ تێدابێ، ئەسلەن ئەوە نیە لە گۆڕێ، یەعنی هەموو خەڵكی كوردستان حەقی هەیە بێ، دەبێتە پێشمەرگە، وە ردەگیری حرس الاقلیم،

بەبێ ئەوەی مەسەلەی حزبی تێدا ڕچاو بکەین، ئەسلەن مەسەلەی حزبایەتی نامانەوێ بێنینە ناو مەسەلەکە، ئەوە هەر ئەوەبوو بۆ تەوزیح.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

سوپاس،سێ بەڕێز ڕایان ئەوە بوو کە خاڵی پێنج لابردرێ، لەبەر ئەوەی کە نەخوێندەوار،یەکەم خوێندن لە کوردستان ئیلزامیە، بۆتە ئیلزامی، تشجیعە بۆ خوێندن، ئەگەر ئەو بەڕێزانە لەگەڵ ئەوەن کە موفتەرەحەکەیان بمێنێ، موفتەرەحەکەیان ئەخەینە دەنگدانەوە،ئەگەر سەحبی بکەن، ئەوە لێژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو ئیقتیراحە موخالفی قانوونە وە نابێ بدرێتە دەنگدان، چونکە موخالەفەی قانون نابێت تەسبیت بکرێت.زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

پێش شەش ساڵ داندراوە، قانوونێکی تەربیە تازە دانراوە، چونکە ئێستا خەڵکێك هەیە نەخوێندەوارە، بۆیە ئەگەر خاوەنی موفتەرەحەکە لەگەڵ موفتەرەحەکەیان بەردەوامن، ئەوا ئەخرێتەوە دەنگدانەوە ، کاك د. ناصح فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری بۆچوونەکەی کاك عونی دەکەم لە لێژنەی یاسایی لە (92)ەوە خوێندنی ئیلزامیە، نەك شەش ساڵە، لە (92) خوێندن ئیلزامیە، کەواتە نابێ نەخوێندەوار مابێ تاکو ئێستا، ئەگەر مابێتیش ئەوە خەلەلێکە لەگەڵ ڕێز و سوپاسمدا، چونکە ئەوەی لە یاساکە هاتووە زۆر لە جێی خۆیەتی .

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

بەڕێزان ئێستا ماددەکە ئەخەینە دەنگدانەوە وەکو خۆی، ئەو بەڕێزانەی کە نەیانخوێندووە دیارە خۆیان لێی بەرپرسن، کێ لەگەڵ ئەوەیە ماددەکە وەکو خۆی بمێنێ؟سوپاس کێ لەگەڵدا نیە؟ بەزۆرینەی دەنگ پەسند کرا، تکایە بۆ ماددەکەی تر.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی نۆیەم:

یەکەم: پلە و پایەکانی پێشمەرگەی خۆبەخش بەم شێوەی خوارەوە دەبی:

ا-جێگری ئەفسەر پلە نایاب .

ب-جێگری ئەفسەر پلەی یەك.

ج-جێگری ئەفسەر پلە دوو.

د-جێگری ئەفسەر پلە سێ.

هـ- جێگری ئەفسەر پلە چوار.

و-جێگری ئەفسەر پلە پێنج.

ز-جێگری ئەفسەر شەش.

ح-جێگری ئەفسەر پلە حەوت.

گ-جێگری ئەفسەر پلە هەشت.

ی-رئیس عورەفاء

ك-عەریف.

ل-نائب عەریف.

م-سەربازی یەکەم.

ن-سەرباز.

دووەم:مووچە و سەر مووچەی ساڵانەی پێشمەرگەی خۆبەخش بە یاسایەك دیاری دەکرێ.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

المادة التاسعة:

أولآ: يكون درجة و مناصب البيشمركة المتطوع كالاتي:

ا-نائب ضابط درجة ممتازة.

ب-نائب ضابط درجة اولى.

ج-نائب ضابط درجة ثانية.

د-نائب ضابط درجة ثالثة.

ه- نائب ضابط درجة رابعة.

و-نائب ضابط درجة خامسة.

ز-نائب ضابط درجة سادسة.

ح-نائب ضابط درجة سابعة.

ط-نائب ضابط درجة ثامنة.

ي-رئيس العرفاء.

ك-عريف.

ل-نائب عريف.

م-جندي اول.

ن-جندي.

ثانياً:يحدد الراتب و العلاوة السنوية للبيشمركة المتطوع بقانون.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

لێژنەی پێشمەرگە تكایە.

**بەڕێز شیردل عبدالله حەوێزی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ ماددەكەین.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

جەنابی وەزیر.

**بەڕێز عمر عثمان ابراهیم/وەزیری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڵێ هیچ تێبینیمان نیە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان،ئێستا سێ بەڕێز ئەیانەوێت قسە بكەن،كاك خورشید فەرموو.

**بەڕێز خورشید سلیم شێرە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەو دەرەجانەی هاتوونە شتێكی چاكە و ڕاستیشە ولە جەیشی عیراقیشدا هەیە، بەڵام (13)شرتی تەقاعد و ترقیە و ئەوانەی دانرایە بە قانوونی خدمەی عیراقیش، كاك شێردڵ لەمن باشتر دەزانێ ئەو دەرەجاتانە هەیە، بەڵام بۆ هەموو ئەو دەرەجاتانە راتبی ئەسڵیش تەحدید كرایە و مودەی تەرقیەش تەحدید كرایە وە شروطي تەرقیەش تەحدید كرایە، نازانم لێرە نووسرایە بە نیزام بەس نازانم بەقانوون؟ دەبێ بە قانوون بێ نەك بە نیزام بیت، چونكە لە قانوونی خدمەی عەسكەریە (بنظام خاص) دەڵێ،خۆی دەبێ بڵێ بە قانوون.

**بەڕێزاخر شیخ جمال انور:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وەللا من، كێ ئەم نیزامەی دائەنێ؟پرسیارەكەم ئەوەیە،سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

فخریە خان فەرموو.

**بەڕێز فخریە مصطفى محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

اولاً نووسرایه (یکون درجه) یەعنی دەبێ (تکون درجه) یەعنی مؤنث بێت لێره.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

ڤیان خان فەرموو.

**بەڕێز ڤیان سلیمان حاجی بشار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت دووەمەکە کە ئەڵێ (راتبەکە و عەلاوەی سەنەوی پێشمەرگە بە قانوون دیاری دەکرێت)، پێم باشترە ئەو بڕگەیە بچێتە سەر ماددەی چوار، چونکە لەوێش هەر ئەڵێ راتب و عەلاوەی ساڵانەی ضباط بە قانوون دیاری دەکرێت، هەردووکیان بە یەك قانوون دیاری بکرێت باشترە،سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

لێژنەی پێشمەرگە تکایە.

**بەڕێز شێردڵ عبدالله حەوێزی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ئەوەکەمان خۆمان ئەوەندەمان موناقەشە کردیە، لەبەر ئەوە چەند نوسخەیەك چاپ کرایە، بەقانوونە شتەکە، بە قانوونە، نووسیتیشمان بە یاسا، بەنیسبەتی کێ نیزامەکە دادەنێ ئەوە اولاً بە قانوونە و دواییش نیزام تەعلیمات لە وەزارەتی پێشمەرگە دەردەچێ، ئەوە عیلاقەی بە وەزارەتە، بە نیسبەتی ئەوەی ڤیان خان پرسیارەکەی خۆی فەرقی پێشمەرگەی خۆبەخش و فەرقی ضابط زۆرە، یەعنی ضابط و ضابط صف فەرقیان هەیە، دەبێ هەر یەکەو لە بابی خۆی بێ، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

لێژنەی یاسایی فەرموون.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە وا موڵاحەزە دەکەین برادەران ئەندامانی پەرلەمان نوسخەی کەونیان لەکنە، نوسخەی هاوبەشیان لەکن نیە بەنیسبەت هاوبەشەکانیان کە بووە ئەساسی موناقەشە وە لە کۆبوونەوەی 11/27 تەسبیت کرا، واتا مولاحەزەی ئەوەی بکەین ئێستا کە جەنابی کاك خورشید و هەندێك برادەران ئاماژەیان بەوەی دا کە بە نیزامە، بە نیزام نیە، بە قانوونە، گۆڕانکاری لەسەر کرایە ،و زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

جەنابی وەزیر؟

**بەڕێز عمر عثمان ابراهیم/وەزیری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بەڵێ هەر تەئیدی ڕەئی ئەو بەڕێزانە دەکەم کە شەرحیان دا، بیزەبت بەو شێوەیە.**

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

**لێژنەی یاسایی تکایە ئاخر صیاغە بیخوێننەوە، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدان.**

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**المادة التاسعة:**

**أولآ:تكون درجة  مناصب البيشمركة المتطوع كالآتي:**

**ا-نائب ضابط درجة ممتازة.**

**ب-نائب ضابط درجة اولى.**

**ج-نائب ضابط درجة ثانية.**

**د-نائب ضابط درجة ثالثة.**

**ه-نائب ضابط درجة رابعة.**

**و-نائب ضابط درجة خامسة.**

**ز-نائب ضابط درجة سادسة.**

**ح-نائب ضابط درجة سابعة.**

**ط-نائب ضابط درجة ثامنة.**

**ي-رئيس العرفاء.**

**ك-عريف.**

**ل-نائب عريف.**

**م-جندي اول.**

**ن-جندي.**

**ثانيآ:يحدد الراتب و العلاوة السنوية للبيشمركة المتطوع بقانون.**

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

**بە کوردیش تکایە.**

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ماددەی نۆیەم:**

**یەکەم:پلە و پایەی پێشمەرگەی خۆبەخش بەم شێوەی خوارەوە دەبێ:**

**ا-جێگری ئەفسەری پلەی نایاب.**

**ب-جێگری ئەفسەری پلەی یەك.**

**ج-جێگری ئەفسەری پلە دوو.**

**د-جێگری ئەفسەری پلە سێ.**

**هـ-جێگری ئەفسەری پلە چوارەم.**

**و-جێگری ئەفسەر پلە پێنج.**

**ز-جێگری ئەفسەری پلە شەش.**

**ح-جێگری ئەفسەری پلە حەوت.**

**گ-جێکری ئەفسەری پلە هەشت.**

**ی-رەئیس عورەفا.**

**ك-عەریف.**

**ل-جێگری عەریف.**

**م-سەربازی یەكەم.**

**ن-سەرباز.**

**دووەم:مووچە و سەر مووچەی ساڵانەی پێشمەرگەی خۆبەخش بە یاسا دیاریدەکرێ.**

**بەرێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

**بەرێزان ئێستا ماددەكە وەكو خۆی بە عەرەبی و كوردی خوێندرایەوە، ئەیخەینە دەنگدان،كێ لەگەڵێتی تكایە دەستی بەرزبكاتەوە؟.زۆر سوپاس ، كێ لەگەڵیدا نیە؟ بەكۆی دەنگ پەسند كرا، بۆ ماددەی دەیەم تكایە.فەرموون لیژنەی یاسایی.**

**بەرێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەرێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**دەمەوێ تەوزیحەكی بدەم بەنیسبەت ماددەی دەیەم فەقەرەك لە طبع دەرنەچووە ئێستا ئیشارەتی پێ دەدەین، ماددەی دە بەم شێوەیە دوو فەقەرەی هەیە.**

**بەرێز كریم بحری عبدالله:**

**بەرێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**ماددەی دەیەم:**

**1-خزمەتی پێشمەرگایەتی لە ریزەكانی بزووتنەوەی رزگاری خوازی گەلی كوردستان، یاخود خزمەتی ناو پێكهاتەكانی هێزی پێشمەرگەی كوردستان پێش دەرچووونی ئەو یاسایە بە خزمەت دادەنرێت بۆ گشت مەبەستەكانی خانەنشین و سەرمووچە و پلە بەرزكردنەوە و مۆڵەت، بۆ ئەوانەی بەردەوامن لە خزمەت كە راژەكەی لە لایەن فەرماندەی گشتییەوە پشتگیری لێكراە لە وەزارەتی پێشمەرگەوە ئەژمار دەكرێت.**

2-خزمەتی پێشمەرگایەتی پێش 1991/3/5 لە مەیدانی شەڕدا یان لەو ناوچە سەربازییانەی وەزیر بە بڕیارێك هێز و یەکە سەربازیەکانی تێدا دیاری دەکات خزمەتی دوو بەرامبەر دادەنرێت بەمەبەستی خانەنشینی.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

نوقتەی نیزامی د.شکریە.

**بەڕێز د.شکریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوانەی کە خۆمان ژمار کردبێ، ژمارەی نیساب تەواو ناکەین .

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

ئێستا موناقشە ئەکرێ کەی هاتە سەر دەنگدان ئەگەر نیساب نەبێت، ئەو جار نیە، ئێستا نیساب هەیە و زیادیشە،لێژنەی پێشمەرگە فەرموو.

**بەڕێز شێردل عبدالله حەوێزی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ ماددەکەین.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

عەرەبیەکەی کەرەم کە فەرموو.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة العاشرة:

1-تعتبر خدمة البيشمركة في صفوف الحركة التحررية الكوردستانية او في تشكيلات قوات بيشمركة كوردستان قبل صدور هذا القانون خدمة لجميع اغراض التقاعد و العلاوة و الترفيع و الاجازات من الذين مستمرون في الخدمة و المؤيدة خدمتهم من قبل وزارة شؤون البيشمركة.

2-تحتسب مدة الخدمة التي قضاها البيشمركة قبل 1991/3/5 و التي يقضيها في ساحة الحرب او في منطقة الحركات العسكرية التي تحدد القوات و القطاعات المشتركة فيها بامر من الوزير خدمة مضاعفة لاغراض التقاعد.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

لێژنەی پێشمەرگە فەرموو.

**بەڕێز شێردڵ عبدالله حەوێزی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ ماددەکەداین،سوپاس.

**بەرێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

جەنابی وەزیر .

**بەرێز عمر عثمان ابراهیم/وەزیری پێشمەرگە:**

**بەرێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڵێ بە هەمان شێوە.

**بەرێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

بەرێزان ئەندامانی پەرلەمان ئەوانەی ئەیانەوێ موداخەلەی بكەن،كاك دلێر فەرموو.

**بەرێز دلێر محمد شریف:**

**بەرێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئەم دوو بڕگەیە من وەك هەست دەكەم تۆزێك تێكەڵی تێكەوتووە،یەكەمیان لە بڕگەیەكدا خۆی باسی لە پێشمەرگەی بزووتنەوەی رزگاریوازی دەكات، ئێمە لە تەعریفەكاندا ئیعتیبارمان كردووە پێشمەرگەی بزووتنەوەی ڕزگاری- خوازی كوردستان لە(11)ی ئەیلوولی (61)ەوە دەست پێدەكات، لەبڕگەی دووە جارێكی دی باس لە پێشمەرگە دەكات تا 1991/3/5، بەڕاستی لێرە من هەست بە زوڵمێك دەكەم لە پێشمەرگەی پێش ڕاپەرین، تەنها ئیعتیبار كردن بە ساڵێك و بە دوو ساڵ بۆ خانەنشینی، پێموایە ئەبێ بۆ گشت مەبەستەكان بێ،بۆ سەر مووچەش بی،بۆ تەرفیع و عەلاوەو ئەوانەش بی،چونكە هیچ مەنتق نیە ئێمە دەیان بەڵگەی وامان هەیە و سەدەها بەڵگە ئەوەی لە پێش ڕاپەرینا پێشمەرگە بێت ئەزانێت چەندەها پێشمەرگە لە زانكۆكان خوێندنی بە جێهێشت، لە اعدادیەكانا جێی هێشت و چووتە شاخ و لە دوای راپەرینا هاتووتەوە خوێندنی كردووە،ئێستا لە حاڵەتی كە تۆ خدمەی پێشمەرگایەتی ئەبەی بۆ ئەوەی جارێكی تر ئەو خزمەتەت بۆ حیساب بكری، تەنها بۆ خانەنشینی حیساب دەكرێت، بۆ تەرفیع و عەلاوە حیساب ناكرێ و ئیعتیباریشە پێش ساڵ تەخەرووجت ئیعتیبار دەكرێت لەو حاڵەتەیا بە خدمەی فعلی، لەبەر ئەوە بەڕاستی زوڵمێكی زۆریشە لە پێشمەرگەی بەر لە ڕاپەرین ئەكرێ، كەچی بەدەست خۆی نەبووە زروفێك ناچاری كردووە، لەو حاڵەتە من بە راستی پێشنیار دەكەم بۆ هەمو مەبەستەكان بێت بۆ پێشمەرگەی پێش 1991/3/5، بۆ هەموو مەبەستەكان بێت، نەك تەنها بۆ خانەنشینی بەڕاستی،چونكە بەڕاستی ئەوە زوڵمێكە لە پێشمەرگەی پێش ڕاپەرین دەكرێ، زەرووره ئەوانە تەكریم بكرین،ئەوە لە بەغداش طبعا ئێستا حالیا هەر چی ضباط و بەعسی و ئەمنەكانی جەیشی عیراقی هەبوو لە رابردوو ئێستا ئەوە ئەو تەكریمەی بۆ دەكرێت، ئێستا ئەوان تەكریم دەكرێن،ئێمە پێشمەرگەی خۆمان ئەو زوڵمەی لێ دەكەین؟ سوپاستان دەكەم.

**بەرێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

پەخشان خان فەرموو.

**بەرێز پەخشان عبد الله حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕاستی من لە بڕگەی دوو (ساحە الحرب) تۆزێك نازانم، یەعنی ئەگەر بگۆڕدرێ بۆ (ساحە القتال) شتێكی وا هینتر نیە؟ئەوە پرسیار بوو،زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبداللە(د.كمال كەركووكی):**

لیژنەی پێشمەرگە تكایە وەڵام.

**بەڕێز شێردڵ عبداللە حەوێزی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وابزانم شتەكان زۆر وازحن، خزمەتی فیعلی: ئەو خزمەتەیە كە پێشمەرگە لە پێش $3/5$ كردیتی و ئەو ساڵانەی كە پێشمەرگە بووە بە خزمەتی فیعلی بۆی حیساب دەكرێ و نووسراشە بۆ مۆڵەت لەبۆ خانە نشینی و سەر مووچە و پلە و پلە بەرز كردنەوە و مۆڵەت، یەعنی بە خزمەتی فیعلی، خزمەتی تەقاعودی پێكهاتووە لەو شتانە: خزمەتی فیعلی لەگەڵ هەر خزمەتێكی تر، خزمەتەكانی تر ئەوەیە ئەگەر هەر یەك لە خدمەی مەدەنی بووبی یاخود ئەو خزمەتەی حەرەكات، ئێمە كە دەڵێین حەرەكات ئێستا جوابی ئەوەش دەدەینەوە،كە لەوەی خزمەتی مضاعفة حیساب كەین، خۆی هەر هێزێك كە دەكەوێتە شەڕ لەهەموو هێزی دونیایە، ئەو كاتەی كە دەكەوێتە شەڕ ساحەكەی هەموو وەزیر دەیخاتە ژێر ئینزار، كە هاویشتیە ژێر ئینزار، یەعنی ئەوانە شەو و رۆژ ئیش دەكەن  وە هەموو دەمێش لە هەموو ساحەكەی مەسەلەن جاران كە لە شوێنێك مەقەڕی لێیە هەتا سەنگەرەكانی پێشەوە ئەوە هەموو دەمێك موعەرەزن لە بۆ خەتورەت و كەمین دابندرێتەوە و شەو نەنوونن و حیراسەت بگرن و نەڕۆن و ئیجازەو هیچ نامێنێ، لەبەر ئەوانە هەموو جەیشی دونیایە ئەو مەنتیقەیان وا لێكردیە ئەو خزمەتەیان بە دوو خزمەت حیساب بی، بەڵام یەكیكیان فعلی كە لە بۆ تەرفیع و عەلاوەو، ئەوانە دەستدەدا و یەكێكیانیش لە بۆ خدمەی تەقاعودی لەبەر ئەوەی هەر لەو فەترەی جسمیشی زیاد ئیستیهلاك دەكات، یەعنی لە عومریشی كەم دەكاتەوە، ئەوانەیان هەموو بۆ حیساب دانایە، ئەو خزمەتەیان ناتوانین بۆ خزمەتەكانی دی حیساب بكەین، یەعنی خزمەتی تەقاعودی،ئەوە ئەسڵەن خۆی تەحفیزەكە لە بۆیان، بۆ ئەوەی خەڵك بێت تەتەوع بكات و ببتە پێشمەرگە، یاخۆد ببێتە هێزێكی چەكدار بۆ ئەوەی تۆزێك شتی وای بۆ بكەین بۆ ئەوەی بیكات، چونكە هەندێ كەس مەجبوور نیە وا بكات لەبەر ئەوە ئەو خزمەتەی بۆ حیساب دەكرێ، تەنها لە بۆ تەقاعودی نەك بكرێ لە بۆ شتێكی دی حیساب بكەین، ئەوەشم گوت كە وەزیری دیفاع خۆی ئەو شوێنانە تەحدید دەكات كە ساحەی حەرەكاتن، ئەو ساحەیە هەر لە شوێنی قیادەوە هەتا ئەو شوێنەی كە دەیكەن لە ژێر خەتورەتە، خۆی لە ضمنی حەربە، چۆن لە ضمني حەربە؟ هەر سەنگەرەكانی پێشەوە لە ضمنی حەرب نین ،مومكینە شوێنەكەی تۆ بە صاروخ قەصف بكرێت، مومكینە بە تۆپ قەصف بكرێت، مومكینە بە تەیارە قەصف بكرێت، لەبەر ئەوە ئەو ساحە هەموو دەگرێتەوە هەموو ساحەكە ساحەی شەڕە.

**بەڕێز محمد قادر عبداللە(د.كمال كەركووكی):**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز عمر عثمان ابراهیم/وەزیری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڵێ ئەو تەعبیرەی کە کاك شێردڵ کردی بیلزەبت فراوانی ئەو شوێنەیە کە روو بە رووی خەتەر دەبێتەوە، زۆر جار هەیە قەصف لە خەڵکی دەکرێ، نەك لە ئەمامی، بۆیە دەبێ ئەو تەصمیمەی بۆ تەسبیت بکەین و ئەو ختورەتەی کە هەشە بۆی حیساب بکەین، بۆ ئەوەی حەقی نەسووتێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

نوقتەی نیزامی کاك خورشید فەرموو.

**بەڕێز خورشید سلیم شێرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەئیدی قسەی کاك شێردڵی دەکەم، ئەوە خدمەی مضاعفە،

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

لێژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة العاشرة:

1-تعتبر خدمة البيشمركة في صفوف الحركة التحررية الكوردستانية في تشكيلات قوات بيشمركة كوردستان قبل صدور هذا القانون خدمة لجميع اغراض التقاعد والعلاوة والترفيع والاجازات على ان يكونوا مستمرين في الخدمة و المؤيدة خدماتهم من قبل وزارة شؤون البيشمركة.

2-تحتسب مدة الخدمة التي قضاها البيشمركة قبل 1991/3/5 او التي يقضيها في ساحة الحرب او منطقة الحركات العسكرية التي تحدد القوات والقطاعات المشتركة فيها بامر من الوزير خدمة مضاعفة لاغراض التقاعد.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

بەڕێزان بە کوردیش تکایە.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی دەیەم :

1-خزمەتی پێشمەرگایەتی لە بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان یاخود خزمەتی ناو پێکهاتەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان پێش دەرچوونی ئەم یاسایە بە خزمەت دادەنرێت بۆ گشت مەبەستەکانی خانەنشین و سەرمووچەو پلە و پلە بەرزکردنەوە و مۆڵەت بۆ ئەوانەی بەردەوامن لە خزمەت کە ڕاژەی لە لایەن فەرماندەی گشتی پشتیوانی لێ دەکرێت لە وەزارەتی پێشمەرگەوە ئەژمار دەکرێت.

2-خزمەتی پێشمەرگایەتی پێش 1991/3/5 یان لە مەیدانی شەڕ یان لەو ناوچە سەربازیانەی وەزیر بەبڕیارێك هێز و یەکەی سەربازیەکانی تێدا دیاری دەکات بە خزمەتی دوو بەرامبەر دادەنرێت بەمەبەستی خانەنشینی .

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

بەڕێزان ئێستا وەکو خوێندرایەوە بە عەرەبی و بە کوردی، ئەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵیدایە تکایە دەستی بەرزبکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لە گەڵیدا نیە؟ بەکۆی دەنگ پەسندکرا، بۆ ماددەکەی تر تکایە.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی یازدە:ئەگەر پێشمەرگە دامەزرا یان گوازرایەوە بۆ وەزیفەیەکی تر مافی هەیە خزمەتەکەی بخاتە سەر خزمەتی وەزیفە نوێیەکەی بۆ گشت مەبەستەکان بە پێچەوانەوە نابی تەنها بۆ مەبەستی خانەنشینی نەبێت بەپێی یاسای خانەنشینی شارستانی.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

نوقتەی نیزامی کاك سەردار کەرەمکە.

**بەڕێز سەردار صباح بوزو هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەللا من متأکد نیمە نوقتەی نیزامیە، بەڵام بۆ ئەوەیپەلە بکەین بۆ دەرچوونی قانوونەکە لیژنەی پێشمەرگە و یاسایی بیدایەت بە کوردی و بە عەرەبی دەیخوێندەوە، دوای بۆ دەنگدان دیسان بە کوردی و بە عەرەبی، ئەوە وەختی دەبرد، هەر یەك جار وا بزانم کفایەتە، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

دوای موناقەشە پێویستە بیخوێننەوە ئەگەر گۆرانکاری بەسەر بێت یان نا،سوپاس.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الحادية عشرة: اذا عين البيشمركة أو حول الى وظيفة اخرى فله الحق ان يضيف خدمته الى وظيفته الجديدة و لجميع الاغراض و لا يقبل عكسه الا لغرض الاحالة على التقاعد و بموجب قانون الخدمة المدنية.

**بەڕێز شێردڵ عبدالله حەوێزی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ ماددەکەین.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

جەنابی وەزیر.

**بەرێز عمر عثمان ابراهيم/وەزيرى پێشمەرگە:**

**بەرێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

ئێمەش لەگەڵ ماددەكەين.

**بەرێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكى):**

بەرێزان كێ قسەى هەيە؟كەس نيەتى، ئەوە ماددەكە خوێندرايەوە، بۆيە ئەيخەينە دەنگدان، كێ لەگەڵيتى تكايە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نيە؟ بە كۆى دەنگ پەسند كرا، بۆ ماددەى دوازدە.

**بەرێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەرێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

ماددەى دوازدە:

1-وەزير بۆى هەيە لە كاتى پێويست و بە پێى پێويست و بە رەزامەندى فەرماندەى گشتى يان ئەو كەسەى كە ئەو رێى پێ دەدات گرێبەست لەگەڵ ئارەزوومەندانى خۆبەخش كردن وەك ئەفسەر لە هێزەكانى پێشمەرگە پاسەوانى هەرێم مۆر بكات.

2-لەسەر پێشنيارى وەزير و بە رەزامەندى فەرماندەى گشتى پايە دەدرێتە ئەو كەسانەى كە بڕگەى يەكەمى سەرەوە دەيانگرێتەوە.

**بەرێز عبد الكريم** ابوبكر **مصطفى:**

**بەرێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

المادة الثانية عشرة:

1-للوزير و بمساعدة القائد العام او من يخوله التعاقد مع الراغبين في التطوع للعمل بصفة ضابط في قوات البيشمركة- حرس الاقليم عند الاقتضاء وحسب الحاجة و الاختصاص .

2-تمنح الرتبة للمشمولين بحكم الفقرة (اولآ) اعلاه باقتراح من الوزير و بموافقة القائد العام.

**بەرێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكى):**

لێژنەى پێشمەرگە تكايە.

**بەرێز شێردڵ عبدالله حەوێزى:**

**بەرێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

ئێمە هيچ تێبينيەكمان نيە.

**بەرێز عمر عثمان ابراهيم/وەزيرى پێشمەرگە:**

**بەرێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

بەڵێ هيچ تێبينيەكمان نيە.

**بەرێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكى):**

بەرێزان ئەندامانی پەرلەمان کەس قسەی نیە، ئەیخەینە دەنگدان وەکو ئەوەی بە کوردی و بە عەرەبی خوێندرایەوە ،کێ لەگەڵیدایە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نیە؟ بەکۆی دەنگ پەسندکرا، بۆ ماددەی سێزدە تکایە.

**بەرێز کریم بحری عبدالله:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی سێزدە:

1- ماوەی گرێبەست دە ساڵ دەبێت و دەشێ بە رەزامەندی وەزیر هەر جارەی بۆ ماوەی سێ ساڵ درێژ بکرێتەوە.

2- کە ماوەی گرێبەستەکە تەواو بوو ئەفسەری گرێبەست لە خزمەتی پێشمەرگەی پاسەوانی هەرێم کارکەنار دەکرێت .

3- وەزیر بۆی هەیە لە کاتی تەنگانە و ئیمیرجەنسی گرێبەستی ئەو کەسانە درێژبکاتەوە کە حوکمەکانی بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیە دەیانگرێتەوە.

**بەرێز عبد الكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثالثة عشرة:

1-تكون مدة العقد للضابط عشرة سنوت و قابلة للتمديد لمدة ثلاث سنوات في كل مرة و بموافقة الوزير.

2-يصرح الضابط من خدمة البيشمركة- حرس الاقليم عند اكماله مدة العقد.

3-للوزير تمديد مدة العقد للمشمولين باحكام العقد (اولآ)من هذه المادة في حالة الحرب و الطواريء و النفير.

**بەرێز شێردڵ عبدالله حەوێزی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ ماددەکەین.

**بەرێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

ئەو بەرێزانەی ئەیانەوێ قسە بکەن؟ کاك خورشید فەرموو.

**بەرێز خورشید سلیم شێرە:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵلا من لە مێژە دابرایمە و پرسیارەکەم لە کاك شێردڵیە،عقد و تەتەوع و مودەی تەتەوع بۆ ئەفسەر و بۆ جوندی هەیە دوو ساڵێك، سێ ساڵێك دەتوانێ تەتەوع نەکات، بەڵام وەکو من زەمانی خۆمان ئاگادار بووم بۆ ضباط نیە تا دەگاتە سنی قانوونی مودەی عقد نیە بۆ ضباط تا دەگاتە سنی قانوونی خۆی، جا یان بە نەخۆشی یان بە چ شتێك، جا نازانم قانوونەکە پێشتر گۆڕابێ، چونکە لە قانوونی خدمەی جەیشی عیراقی مودەی عقد نیە، چونکە کە داخیلی کولیەی عەسکەری دەبێ، یان بە نەخۆشی یان معەوق بێت، یان بە ئەسبابی سیحی دەربچێتن، ئەوە مەسەلەکی دیکەیە تا سنی تقاعودی حەقی نیە عقد نوێ بکاتەوە یان دەربچیت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

كاك سەردار فەرمووو.

**بەڕێز سەردار صباح بوزو هەركی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێشنیاری من ئەوەیە ئەو ماوەی گرێبەست دە ساڵ زیاتر نەبێ، یەعنی هەندێ جار لەشكر پێویستی بە چەند ضابطێك هەبێ، كاك شێردڵ و ئەوان زیاتر خبرەیان هەیە لەو بوارەی لەوانەیە لەشكر پێویستی بەوەی هەبێ چەند ضابطیك بە عقد گرێبەست لەگەڵیان مۆر بكات بۆ ماوەی ساڵێك، دوو ساڵ، بۆیە من دەڵێم دە ساڵ زیاتر نەبێ، واتە ئەو مەجالەیان بۆ بەجێبێڵین كە كەمتریش بێتن، بەڵام لە تەقاعودیەكەی بڵێین ئەگەر دە ساڵی تەواو كردبێت، سوپاس، واتە یەعنی بەس جوملەك ئیزافە بكرێت دە ساڵ زیاتر نەبێ.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

لێژنەی پێشمەرگە تكایە.

**بەڕێز شێردڵ عبدالله حەوێزی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

مومكنیە جاران ئەو شتە نەبێتن، بەڵام ئێستا هەیە، ئێستا ئەو قاعیدەی ئەمریكی كە لە بۆ عیراق بە كۆنتراكتر ئیشی دەكرد ئەوەی ئێستا كە قاعیدەیە، لەبەر ئەوە ئێستا لە بەغدا زۆر ئەو شتانە هەیە، ئێمە نووسیتمان مودەكەی دە ساڵ، بەڵام سەلاحیەتی وەزیریش هەیە كە زیادی كات، لەبەر ئەوەی ناتوانین بڵێین  زیاتر نەبێ، ئەگەر پێویستی پێ بوو وەزیر دەتوانێ چەند ساڵێكی دیكەش نویێ كاتەوە، چونكە هەندێ كەس هەیە ئیستیفادەی زۆریان لێ دەكرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

بەڵێ جەنابی وەزیر.

**بەڕێز عمر عثمان ابراهیم/وەزیری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڵێ بە هەمان شێوە ئێستا كە كاك شێردڵ شەرحی كرد، ئیستا خۆشمان هەمانە، لە كولیەكان هەمانە، لە وحدەكان هەمانە بە عقد وا ئیشمان لۆ دەكەن، فەنییە خبرەی زۆرە و تەجروبەی زۆرە و سوودی لێ وەردەگیری و تەعویز ناكرێتەوە تا خەڵكانی تر دروست دەبێ ئەوی بەكاری دەهێنین تا ئیستیفادە و كارەكان بەڕێوەببا.زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

لەبەر ئەوەی هیچ تەغیرەك بەسەریەوە نەهاتیە و خوێندرایەوە بە عەرەبی و بەكوردی، لێژنەی  یاسایی بیكە فەقەرە و بیخوێننەوە.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة الثالثة عشرة:

1-تكون مدة العقد للضابط (10) سنوات قابلة للتمديد لمدة ثلاث سنوات لكل مرة بموافقة الوزير.

2-يصرح الضابط من خدمة البيشمركة- حرس الاقليم عند اكماله مدة العقد.

3-للوزير تمديد مدة العقد للمشمولين باحكام العقد للفقرة (اولآ) من هذه المادة في حالة الحرب و الطوارئ و النفير.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

ئێستا بەو شێوەی كە خوێندرایەوە چەند فەقەرە گۆڕانكاری بەسەر داهات، كێ لەگەڵدایە تكایە دەستی بەرز كاتەوە، زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نیە؟ بە كۆی دەنگ پەسند كرا بۆ ماددەی چواردە تكایە.

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی چواردە: فەرمانداری گشتی پێشمەرگەی پاسەوانی هەرێم بۆی هەیە لەسەر پێشنیاری وەزیر گرێبەستی ئەفسەر هەڵوەشێنتەوە، ئەگەر دەركەوت پابەند نیە بە داب و نەریت و پرەنسیپی ڕاژەی پێشمەرگە، پاسەانی هەرێم بە بڕیارێكی ئەنجومەنی لێكۆڵینەوە پێك هاتبێت بۆ ئەم مەبەستە لەسەر پێشنیاری بەرپرسەكانی بە پێی زنجیرەی بەرپرسێیەتی .

**بەڕێز عبدالكریم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة الرابعة عشر:للقائد العام لقوات البيشمركة-حرس الاقليم باقتراح من الوزير فسخ عقد الضابط عند ثبوت عدم تقيده باداب و ضوابط خدمة البيشمركة حرس الاقليم بناءآ على قرار مجلس تحقيقي يشكل لهذا الغرض و بتوصية من آمريه بالتسلسل.

**بەڕێز شێردڵ عبدالله حەوێزی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ ماددەكەین.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

د.ڕۆژان فەرمووو.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبد القادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

تەنها سەرەتای ماددەكە القائد العام كیفایەتە، چونكە لە ماددە یەك پێناسە كرایە، پێویست ناكات هەموو جار ڕستەكە هەمووی دووبارە بكرێتەوە ، سوپاس.

**بەرێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

كاك خورشید فەرمووو.

**بەرێز خورشید سلیم شێره:**

**بەرێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دیسان سوئالم بۆ كاك شێردڵە، كە ضابط فسخ عقد دەكرێت ضابط دەرەجەكی گەورەیە، خەریجی كولیەیە یان روتبەكی گەورەی هەیە، ڕاستە ئاخر صلاحیاتی رەئیسی اقلیمە، بەڵام كە كرا مجلس تەحقیقی، قەرار لەسەر قەراری مجلس تەحقیقی رەئیسی اقلیم نابێ بیدات، ئەوەی ئەمن بیزانم دەبی مەحكمەی عەسكەری بیدات كە مەحكەمەی عەسكەری دای ئینجا دەبی رەئیسی اقلیم یان صاحب دەسەڵات ئەو قەرارەكەی تەنفیز، دەكات ئەمری صادر دەكات، مەجلس تەحقیقی دەدرێتە مەحكەمەی عەسكەری، رەئیس تەحقیقی دەنێرێتە مەحكەمەی عەسكەری، هەموو مجلس تەحقیقیەك دەبێ بنێردرێتە مەحكەمەی عەسكەری، خاصەتەن ئەگەر بۆ فەصلی ضابطیك بوو كە خەریجی كولیەیە، یان روتبەكی عەسكەری گەورەی هەیە، یان روتبەی لێ وەردەگیرێتەوە، لەبەر ئەوەی دەبێ، توهمەكەی بدرێتە مەحكەمەكی، مەحكەمەكە ئیقراری بكات، موصادەقەی رەئیس اقلیم لەسەری دەدات، زۆر سوپاس.

**بەرێز شێردڵ عبدالله حەوێزی:**

**بەرێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەوە بە عقد هاتییە، یەعنی هەموو دەمێ موعەرەزە لەهەر كاتێك موخالەفەكی كرد ئیدی وەزیر كە لجنەی تەحقیقی لەسەر دانا، ئەوانە بە تسلسل ئەو امانەی بە تسلسل كە شاهیدیان لەسەر دا، ئەوە لای دەبەن تەواو .

**بەرێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

لێژنەی یاسایی رەئیتان دەربارەی ئەو پێشنیارانە؟

**بەرێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەرێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

جەنابی سەرۆكی پەرلەمان لە ناحیەی سیاغەوە پشتگیری لە رەئی رێزدار د.رۆژان دەكەین .

**بەرێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

تكایە سیاغەی بكەنەوە و بیخوێننەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدان.

**بەرێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەرێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة الرابعة عشرة: للقائد العام باقتراح من الوزير فسخ عقد الضابط عند ثبوت عدم تقييده باداب وضوابط خدمة البيشمركة- حرس الاقليم بناءآ على قرار المجلس التحقيقي يشكل لهذا الغرض وبتوصية من آمريه و بالتسلسل.

**بەرێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

بەرێزان ئێستا بە كوردیش بیخوێننەوە بۆ ئەوەی بیدەینە دەنگدانەوە.

**بەرێز كريم بحری عبدالله:**

**بەرێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی چواردەم: فەرماندارى گشتى بۆى هەیە لەسەر پێشنیارى وەزیر گرێبەستى ئەفسەر هەڵبوەشینیتەوە ئەگەر دەركەوت پابەند نەبوو بە داب نەریت و پرەنسیپی ڕاژەی پێشمەرگە پاسەوانی هەرێم بە بڕیارێكی ئەنجومەنی لێكۆڵینەوە پێك هاتبێت بۆ ئەم مەبەستە لەسەر پێشنیاری بەرپرسەكانی بە پێی زنجیرەی بەرپرسێتی.

**بەرێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

بەرێزان ئێستا وەكو بە كوردی و عەرەبی خوێندرایەوە ئەیخەینە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە دەست بەرزكاتەوە؟،زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نیە؟ بەكۆی دەنگ پەسندكرا، بۆ ماددەیەكی تر تكایە.

**بەرێز كريم بحری عبدالله:**

**بەرێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی پازدە:

1- دەكرێ ئەفسەر بەرەزامەندی فەرماندەی گشتی ئینتیداب بكرێ بۆ خزمەت كردن لە دەرەوەی ریزی پێشمەرگە- پاسەوانی هەرێم بۆ ماوەیەك لە سێ ساڵ تێپەڕ نەكات و دەشێ جارێك درێژ بكرێتەوە.

2- دەكرێ خۆبەخش بە ڕەزامەندی وەزیر ئینتیداب بكرێت بۆ خزمەت كردن لەدەرەوەی ریزی پێشمەرگە- پاسەوانی هەرێم بۆ ماوەیەك لەسێ ساڵ تێپەر نەكات و دەشێ جارێك درێژ بكرێتەوە.

3- دوای كۆتایی ماوەی ئینتیداب یان لە كاتی پێویست پێشمەرگە- پاسەوانی هەرێم ئینتیداب بكرێت دەگەرێندرێتەوە بۆ فەرمانی پێشمەرگایەتی.

**بەرێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەرێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة الخامسة عشرة:

1-يجوز انتداب الضابط بموافقة القائد العام الى الخدمة خارج البيشمركة حرس الاقليم لمدة لا تتجاوز ثلاث سنوات و قابلة للتمديد مرة واحدة.

2-يجوز انتداب المتطوع بموافقة الوزير الى الخدمة خارج البيشمركة حرس الاقليم لمدة لا تزيد على ثلاث سنوات و قابلة للتمديد مرة واحدة.

3-يعاد البيشمركة -حرس الاقليم المنتدب الى وظيفة البيشمركة بعد انقضاء مدة انتدابه او عند الحاجة اليه.

**بەرێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

لێژنەی پێشمەرگە فەرمووو.

**بەڕێز شێردڵ عبدالله حەوێزی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ ماددەکەین .

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان کەس نیە بۆیە وەکو خوێندرایەوە بە کوردی و عەرەبی دەیدەینە دەنگدان، کێ لەگەڵیدایە تکایە دەستی بەرزبکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نیە؟ بەکۆی دەنگ پەسەندکرا، بۆ ماددەی تر تکایە.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی شازدە:

1-ماوەی خزمەت کردنی پێشمەرگە - پاسەوانی هەرێمی ئینتیداب کراو بۆ دەرەوەی ریزی پێشمەرگە بە ڕاژەی سەربازی دادەنرێت و پلەی بەرز دەکرێتەوە ئەگەر مەرجەکانی لێ هاتە جێ و مافی بەرزکردنەوەی هەبوو.

2-مووچەو دەرماڵەکانی پێشمەرگە- پاسەوانی هەرێمی ئینتیداب کراو لەو لایەنە پێی دەدرێت بۆی ئینتیداب کراو و هەمان حوکمەکانی گشتی ئینتیداب دەیانگرێتەوە.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

المادة السادسة عشرة:

1-تعتبر مدة خدمة البيشمركة - حرس الاقليم المنتدب خارج البيشمركة خدمة عسكرية ويرقى عند توفر شروط الترقية واستحقاقه لها.

2-تدفع رواتب و مخصصات البيشمركه-حرس الاقليم المنتدب من الجهه التى ينتدب اليها و تسري بحقه اثناء انتدابه الاحكام العامة للانتداب.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

لێژنەی پێشمەرگە تکایە.

**بەڕێز شێردڵ عبدالله حەوێزی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ ماددەکەین.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان کێ تێبینی هەیە؟ پەخشان خان فەرمووو.

**بەڕێز پەخشان عبدالله حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تێبینیم نیە، بەس هینەکی صیاغیە لە کوردیەکە ئەڵێ لە ریزەکانی پێشمەرگە ئەوە ڕاسترە ئەوەی هین ئەڵێ (خارج الپیشمرگە، خارج صفوف الپێشمرگە) یەعنی شتێکی صیاغیە لە کوردیەکە ئەڵێ لە دەرەوەی ریزی پێشمەرگە لە عەرەبیەکە بڵێن (خارج صفوف الپێشمرگە) باشترە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

لێژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە پشگیری پێشنیارەکەی پەخشان خانی دەکەین.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

ئێستا ماددەکە وەکو خوێندرایەوە لەگەڵ پێشنیارەکەی پەخشان خان ئەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەو ماددەیەیە با دەستی بەرزبکاتەوە؟ زۆر سوپاس،کێ لەگەڵدا نیە؟ بەکۆی دەنگ پەسند کرا،بۆ ماددەی حەڤدە تکایە.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی حەڤدە: وەزیر بۆی هەیە ئەفسەر بکاتە سەر نیوەی مووچە لەبەر یەکێك لەو هۆیانەی خوارەوە:

1-بێ ڕەوشت بوو بەپێی ئەو راپۆرتانەی بەرپرسەکانی لەسەریان بەرز کردووتەوە بەپێی زنجیرەی بەرپرسیەتی.

2-نەیتوانی بەهۆی ناشیاوی بەئەرکەکانی هەڵبستێت بەپێی ئەو راپۆرتەی کە بەرپرسەکانی لەسەریان بەرزکردووتەوە بەپێی زنجیرەی بەرپرسیەتی.

3-لەیەکێك لە خولەکانی پێویست و بنەڕەتی لە صنفی خۆی کەوت.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة السابعة عشرة: يجوز للوزير احالة الضابط الى قائمة نصف الراتب لاحد الاسباب الاتية:

1-سوء سلوكه استنادآ الى التقارير المرفوعة عليه من قبل آمريه بالتسلسل.

2-عجزه عن القيام بواجباته لعدم الكفاءة استنادآ الى التقارير المرفوعة عليه من قبل آمريه بالتسلسل .

3-رسوبه في احدى الدورات الحتمية او الاساسية في صنفه.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

لێژنەی پێشمەرگە تکایە.

**بەرێز شێردل عبدالله حەوێزی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە هیچ تێبینیەکمان نیە.

**بەرێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

بەرێزان ئەندامانی پەرلەمان کێ دەیەوێ قسە بکات؟ بەرێز د.ناصح فەرموو.

**بەرێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت عەرەبیەکە و کوردیەکە فەرقی هەیە، بێ رەوشت زۆر خەتەرە، فەرقی هەیە لەگەڵ (سوء السلوك)، (سوءالسلوك)جیایە و بێ رەوشتی جیایە، بێ رەوشتی ئەسڵەن مەفروزە کە بێ رەوشت بوو دەبێ ئەسڵەن لە رێزی پێشمەرگایەتی نەمێنێ، لەگەڵ رێزو سوپاسمدا، لەبەر ئەوە وشەیەکی تر بدۆزنەوە، چونکە (سوءالسلوك) فەرقی هەیەلەگەڵ بێ رەوشتی، خەتەرە،چونکە بێ رەوشت بێ نابێ لە ریزی پێشمەرگە بی.لەگەڵ رێز و سوپاسمدا.

**بەرێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

کاك اسماعیل فەرموو.

**بەرێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەڵێ وەزیر بۆی هەیە ئەفسەر بخاتە سەر نیوە مووچە لەبەر یەکێك لەو هۆیانەی خوارەوە، کە دەیخاتە سەر نیوەی مووچە بۆ رۆژێکە؟ بۆ ساڵێکە؟ بۆ شەش مانگە؟ هەتاهەتایە؟ حەقە ئەوە وازح بێت و مودەی بۆ دیار بکرێ.زۆر سوپاس.

**بەرێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

کاك جووتیار فەرموو.

**بەرێز کریم مجید شریف(جووتیار):**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵلا بەڕای من ئەم ماددەیە زیادەیە، لە ڕاستیدا دەسەڵاتی وەزیرە، وەزیر دەتوانی بە تەعلیماتێك ئەوە رێکبخات، هیچ پێویست ناکات بکرێتە ماددەیەك و لێرە دابنرێت، زۆر سوپاس.

**بەرێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

کاك اخر فەرموو.

**بەرێز اخر جمال انور:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من نازانم كە وەزیر ئەفسەرێك نیوە مووچەی ئەداتێ لەو كاتە ئەو ئەفسەرە ئەمێنێتەوەو دەوام دەكات یان لەماڵی خۆی دەبێت و دوور دەكرێتەوە؟ دەبێ ئەمە روون بكرێتەوە، ئەگەر لە ماڵی خۆی بێ و دوور بكرێتەوە ئەوە مەوزوعێكە، ئەگەر لە ماڵی خۆی نەبێ ودەوام بكات، ئاخر چۆن دەبێ ئەفسەرێكی بێ رەوشت لەناو ریزی ئەوە دەوام بكات؟ زۆر سوپاس .

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

كاك دلێر فەرموو.

**بەڕێز د.دلێر اسماعیل حقی شاویس:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئەم ماددەیە زۆر تەم و مژاویە، ئەگەر ئەمە (سحب الید)ە وەكو ئیجرائێكی ئیداری ئەگەر سحب الیدە ئەمە بەو شێویە ناكرێ و نابێ لە سوپا شتێكی واهیی بكرێت، ئەگەر ئەمە  سحب الیدە، ئەگەر ئەمە شتێكی ترە وەكو كاك جوتیار گوتی بەڕاستی بە تەعلیماتێك وەزیر خۆی ئەتوانێ ئەم ئیشە بكات،زۆر تەم و مژاویە و روون كردنەوەی پێویستە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

كاك شێردڵ.

**بەڕێز شێردڵ عبدالله حەوێزی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەوە شتێكی ئیعتیادیە لە هەموو شوێنێكەوە هەیە كە یەكێك موخالەفە دەكات سحب الید دەكرێت، سحب الید هەموو كەس بیستیتی لە بۆ ماوەیەك وەزیر دەتوانێ ئەو كەسە سحب الید بكات، ئەگەر ئەو كەسە ئەو مەرجانەی تێدا نەبوو مومكینە دوای ئەوەی كە سحب الید دەكات تەحویلی مەحكەمەشی بكات و پاش ماوەیەك حوكمەكەی گەورەتر بێت.مومكینە ئیحالەی مەحكەمەی بكات و پاشان مەحكەمە عەفووی بكات، كە عەفوویان كرد دێتەوە ناو هێزەكە و دیسان ئیش دەكاتەوە، ئەگەر جارێكی دی دیسان بێنە سەری دوای ماویەك دێت ئەگەر جارێكی دی موخالەفەی كرد ئەو كاتە موحاسەبەكی دی دەكرێتن ،ئەو ماوەیە سحب الید دەكرێت، هەر خدمەشی بۆ حیساب ناكرێت، یەعنی سحب الید عقوبەیە، عقوبە دەبێ ئێمە لێرە باسی بكەین ناكرێ باسی نەكەین بەتایبەتی بۆ ضابط دەبێ لێرە لەو ماددانە بێ و ئیتر پاشی بە تەعلیمات و بە نیزامێكی تایبەت لە وەزارەت عیلاجی ئەو شتە دەكەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

لێژنەی یاسایی تكایە.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بۆ پێشنیارەکەی کاك اسماعیل محمود ڕاستە دەبێ ماوەکی دیار بکەین ئەوە یەك، بە نیسبەت (احالە الى قائمە نصف الراتب) ئەوە عقوبەیە و عقوبەش بە تەعلیمات موعالجە ناکرێ دەبێ بە قانوون بێ، لێرە کە تەسبیت کرایە بە قانوون، ئەوە شتێکی قانوونی و زۆر ڕێك و پێکە .

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

ئێستا ماددەکە گۆرانکارِی بەسەر نەهات وەکو خوێندرایەوە بە کوردی و بە عەرەبی، بەڵێ(لمدە معینە) وەکو ئەوەی پێشنیار کرا دوای صیاغە دووبارە بیخوێننەوە تکایە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة السابعة عشرة:يجوز للوزير احالة الضابط لمدة محددة الى قائمة نصف الراتب لاحد الاسباب الاتية:

1-سوء سلوكه استناداً الى التقارير المرفوعة عليه من قبل آمريه بالتسلسل.

2-عجزه عن القيام بواجباته لعدم الكفاءة استناداً الى التقارير المرفوعة عليه من قبل آمريه بالتسلسل.

3-رسوبه في احدى الدورات الحتمية او الاساسية في صنفه.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی حەڤدەم: وەزیر بۆ ماوەیەکی دیاریکراو بۆی هەیە ئەفسەر بخاتە سەر نیوە مووچە لەبەر یەکێك لەم هۆیانەی خوارەوە:

1-بەد ڕەوشت بوو بە پێی ئەو راپۆرتانەی بەرپرسەکانی لەسەریان بەرز کردۆتەوە بەپێی زنجیرەی بەرپرسیەتی.

2-نەیتوانی بە هۆی ناشیاوی بە ئەرکەکانی هەڵبستێت بە پێی ئەو راپۆرتانەی بەرپرسەکانی لە سەریان بەرز کردۆتەوە بە پێی زنجیرەی بەرپرسیەتی.

3-لە یەکێك لە خولەکانی پێویست و بنەڕەتی لە صنفی خۆی کەوت .

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

نوقتەی نیزامی کاك کرخی.

**بەڕێز کرخی نجم الدین نورالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جەنابی کاك د.ناصح و کاك شێخ اخر باسی ئەو وشەی بەد ڕەوشتیان کرد، من پێم وابێ لە جێی خۆیدا نیە. ئەوە دەبێ بەدرەفتار بیتن،چونکە باسی سیرە و سلوك دەکات، رەفتارەکەیە، بەد رەفتار نەك بەد رەوشت، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

لێژنەی یاسایی وەڵام تکایە.

**بەڕێز کریم بحری عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕەوشت لێرەدا سلوکە، ڕەفتار تصرفە، لۆیە بەد ڕەوشتی سوء السلوکە، بەد سوئە ئاکار ئەخلاقە،

**بەڕێز محمد قادر عبداللە(د.کمال کەرکووکی):**

نوقتەی نیزامی کاك د.ناصح فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش عەینی ڕەئیەکەی کاك (کرخی)م هەیە بەدرەفتار بێ باشترە لە بەد ڕەوشت، چونکە ڕەوشت ئەخلاق دەگەینێ، بەد ڕەفتار بێت تصرف و سلوکی هەردوو دەگەینێ، یەعنی سلوك تصرفەکەی عەینی دەگەینیتەوە لە عەرەبی مرادف یەکن، یەعنی با ڕەفتارەکە بێت هەتا ئەگەر بڵێن تصرف دەکات نەفسی شتە، چونکە بەدرەوشت زۆر خەتەرە، لەگەڵ ڕێز و سوپاسمدا.

**بەڕێز محمد قادر عبداللە(د.کمال کەرکووکی):**

لێژنەی پێشمەرگە ئاخر ڕەئیتان لەو مداخەلەیە؟

**بەڕێز شێردڵ عبداللە حەوێزی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی لە ناو عەسکەری، چونکە بە کۆمەڵ دەژین زۆر شتی ئەخلاقیشی دەکەوتێ، لەبەر ئەوە ئەو شتەیان داناوە .

**بەڕێز محمد قادر عبداللە(د.کمال کەرکووکی):**

بەڕێز لێژنەی یاسایی؟

**بەڕێز کریم بحری عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەسەر مصطلحە کە سوءالسلوکە، سلوك و ئەخلاق یەعنی ئەخلاق ئاکاری پێ دەگۆترێت و ڕەوشتیش سلوکە لە رووی زمانەوانیەوە.

**بەڕێز محمد قادر عبداللە(د.کمال کەرکووکی):**

ئێستا وا دەرکەوت لێژنەی پێشمەرگە کە ئەڵێ مەبەستمان لەمە سلوکە، بۆیە بەو شکلە دێتن، بۆیە وەکو ئاخر صیغەی کە خوێندرایەوە ئەیخەینە دەنگدان، کێ لەگەلیدایە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ سوپاس، کێ لەگەڵدا نیە؟ چوار کەس لەگەڵیدا نیە بە زۆرینەی دەنگ وەگیرا، تکایە بۆ ماددەی دواتر.

**بەڕێز کریم بحری عبداللە:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ماددەی هەژدە:ئەفسەری خراوە سەر نیوە مووچە شایستەی نیو مووچەی پایەکەی دەبێ لە رۆژی رەوانە کردنی بۆ سەر نیوە مووچە و لە ژێر باری یاسا و فەرمانە سەربازییەکان دەمێنێتەوە.**

**بەرێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**المادة الثامنة عشرة: يستحق الضابط المحال الى قائمة نصف الراتب نصف راتب الرتبة اعتباراً من تأريخ أحالته الى قائمة نصف الراتب و يبقى خاضعاً للقوانين و الاوامر العسكرية .**

**بەرێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

لێژنەی پێشمەرگە ؟

**بەرێز شێردڵ عبدالله حەوێزی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ ماددەکەین.

**بەرێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

پەخشان خان فەرموو.

**بەرێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من وای تێئەگەم ماددەی حەڤدە و ئەو ماددانەی بەدوایا هاتووە زیادە، چونکە لە ماددەی (24) باسی عقوبات ئەکات، ئێمە ئەچینە ئەو تەفاصیلەوە و لەویشا دەڵێت عقوبات بە قانوون تەحدید دەکرێت، کەچی لێرەوە بۆ ئەو سحب الیده چووینەوە تەفاصیل.

**بەرێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

سوپاس، کاك فتاح.

**بەرێز فتاح عبدالله نەقشبندی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵلا من هەمان رەئیم هەبوو، ئەو ماددەی هەژدە لەگەڵ ماددەی دوای خۆشی هەر یەك نەهجن، پێم وایە زیادن لەگەڵ ماددەی حەڤدە بیکەن بە یەك و لەگەڵ رێزمدا.

**بەرێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

لێژنەی پێشمەرگە تکایە.

**بەرێز شێردڵ عبدالله حەوێزی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەکێك کە سحب الید دەکرێت، مانای ئەوە نیە لە عەسکەری دوور کەوتیتەوە، لەبەر ئەوە دەبێ خاضعة لە بۆ قوانینی عەسکەری، مومکینە لەهەر کاتێك وەزیر داوای کاتەوە، لەبەر ئەوە دەڵێ خاضعە، ئیدی ئەوە نیە دوور کەوتیتەوە، ئیتر هەر عقوبە نادرێ مومکینە مەحکەمەی کەن ، مومکینە عەفووی کەن، مومکینە شەڕ بێت داوای کاتەوە لەبۆ هەر واجباتێك، لەبەر ئەوە زۆر زەرووریە ئەو ماددەیە لێرە هەبێ، و زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

لێژنەی یاسایی؟

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وابزانم ئەوە هەبێ باشترە لە نەبوونی (وجود شیء خیر من لا شیء)، زیاتر تەوزیح دەکات وەلەو لە ماددەکانی دی هاتیە کە بە قانوون باس دەکات بە ئەو تەفصیلاتە لێرە بدرێتی زیاتر روون دەبیتەوە و باشترە و، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

ئێستا وەکو ماددەکە خوێندرایەوە بخرێتە دەنگدان تکایە، کێ لەگەڵدایە تکایە دەستی بەرزبکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نیە؟ پێنج دەنگ لەگەڵێدا نیە. بە زۆرینەی دەنگ پەسند کرا، بۆ ماددەی دواتر تکایە.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی نۆزدە: ئەگەر ئەفسەر خرایە سەر نیوە مووچە لەبەر بەد ڕەوشتی یان لەبەر ناشیاوی بە پێی بڕگەکانی (یەك و دوو)ی ئەم ماددەیە، ئەم ماوەی لە لیستی نیوە مووچەدا ماوە لە ڕاژەکەی کەم دەکرێتەوە لە جاری یەکەم و دو هێندەی جاری دووەم و لە جاری سێیەمیشدا خانەنشین دەکرێ.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة التاسعة عشرة: اذا احیل الضابط الی قائمة نصف الراتب لسوء سلوکه او لعدم کفاءته وفقآ للبندین (اولآ وثانیآ) من هذه المادة تطرح مدة بقائه في قائمة نصف الراتب من خدمته في المرة الاولی وضعفها في المرة الثانیة ویحال الی التقاعد في المرة الثالثة.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

لێژنەی پێشمەرگە تکایە.

**بەڕێز شێردڵ عبدالله حەوێزی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ ماددەکەین.

**بەرێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

کاك شێروان حیدەری فەرمووو.

**بەرێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من وابزانم لەو ماددەیە خەلەلەك هەیە، چونکە ئەو مادده بەندی یەکەم و دووەمی نیە، هەتا ئیشارەتمان پێی دابێ، ئیحتیمال هەیە بەندی دیکەبێ لە موادی دی، ئەگەر برادەران لە لێژنەی قانوونی مولاحەزەی بکەن، بەندی یەکەم و دووەمی نیە ئەم ماددەیە.

**بەرێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

لێژنەی یاسایی تکایە.

**بەرێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ملاحەزەکەی کاك شیروان زۆر لە جێی خۆیتی، فیعلەن ئەوە لە تەبع دەرنەچووە فقرە (اولاً و ثانیاً) من الماده السابعه عشره، زۆر سوپاس.

**بەرێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

لێژنەی یاسایی ئاخر صیاغە  بیخوێننەوە تکایە.

**بەرێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة التاسعة عشرة: اذا احيل الضابط الى قائمة نصف الراتب لسوء سوكه او لعدم كفاءته وفقآ للبندين (اولآ و ثانيآ) من المادة السابعة عشرة تطرح مدة بقائه في قائمة نصف الراتب من خدمته في المرة الاولى و ضعفها في المرة الثانية و يحال الى التقاعد في المرة الثالثة.

**بەرێز کریم بحری عبدالله:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی نۆزدە: ئەگەر ئەفسەر خرایە سەر نیوە مووچە لەبەر بەدرەوشتی یان لەبەر ناشیاوی بە پێی بڕگەکانی (یەکەم و دووەمی) ماددەی حەڤدە، ئەو ماوەیەی لە لیستی نیوەی مووچەدا ماوە ماوەی ڕاژەکەی کەم دەکاتەوە لە جاری یەکەم و دوو هەندە لە جاری دووەم و لە جاری سێیەمیشدا خانەنشین دەکرێ.

**بەرێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

ئێستا ماددەكە وەكو پێشنیارەكەی ڕێزدار كاك شیروان وەرگیردراو لە لایەن لیژنەی یاسایی، ئێستا ئەیخەینە دەنگدان، كێ لەگەڵیدایە تكایە دەستی بەرزبكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نیە؟ بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، بۆ ماددەی دواتر تكایە.

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی بیست:

1-پێشەوا لە هێزی پێشمەرگە- پاسەوانی هەرێم دادەمەزرێ و پلەی خۆی پێ دەدرێت و بەرزدەكرێتەوە و خانەنشین دەكرێ و دەگەڕێتەوە بۆ خزمەت و دەست لەكار كێشانەوەی بەبڕیارێك لە وەزیرەوە ئەنجام دەدرێت.

2-هەمان ئەو حوكمە یاساییانەی كە بەسەر ئەفسەری هاوشێوەی لە مووچەدا پیادە دەكرێ پێشەواش دەگرێتەوە مەگەر دەقێكی یاسایی تایبەت هەبێ

**بەڕێز عبدالكریم ابوبكر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة العشرون:

1-يعين الامام في البيشمركة- حرس الاقليم و يمنح درجته و يرقى و يحال الى التقاعد و يعاد الى الخدمة و تقبل استقالته بقرار من الوزير.

2-تسري على الامام ذات الاحكام القانونية التي تطبق على الضابط الذي يماثله في الراتب الا اذا وجد نص قانوني خاص.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

لیژنەی پێشمەرگە تكایە.

**بەڕێز شێردڵ عبدالله حەوێزی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ ماددەكەین.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كركووكی):**

ئەو بەڕێزانەی ئەیانەوێ ناویان بنووسن، ئێستا ناویان بنووسن،كاك ئارێز فەرموو.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وەڵلا ئەو هێزی پێشمەرگەیە، ئەو سوپایەی ئێمە دایدەمەزرێنین مەسیحی تێدایە، یەزیدی تیدایە، كاكەیی تێدایە هەمووی تێدایە، بەرای من پێویست بەو ئیمامە ناكات، ئەوە یەك، یەعنی خەڵكیشی تێدایە ،هێزی پێشمەرگەی كوردستان هێزێكی عەسكەری دوور لە مەسائلی دینی و ئەو شتانەیە وە دەبی دووریشی بكەینەوە، دەبێ هێزێكی نیشتمانیی، زیاتر ئەوە یەك،من داوا دەكەم ئەوەی تێدا نەبی و ئەگەر تێداشی بێ نابێ وشەی پێشەوا لە كوردیەكەدا بەكار بهێنرێت، هەر ئیمامی عەرەبیەكەی بەكاربهێنرێت،سوپاس.

**بەرێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

بەرێز كاك اسماعیل.

**بەرێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەرێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پشتیوانی رەئیەكەی كاك ئارێز دەكەم ئەوەی كە باسی كرد ئەوەم مەبەست بوو، شتێكی تریش بە ئیزافەی نازانم ئەو مامۆستایانە ئەو پێشەوایە چۆن دێت ؟ یانی هەر خۆی داخیلی دەورات بووە، یان پێشمەرگەیە، یان راستەوخۆ دێت و تەعین دەكرێت بەو پلە و پایانە؟ حەقە ئەوەش وازحتر بكرێتن، زۆر سوپاس.

**بەرێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

رێزدار طارق جامباز.

**بەرێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەرێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە جەیشی عیراقی ئیمام طابور هەبووە، بەڵام لێرە پێشەواكە كێ ترجمەی كردووە؟ نازانم پێشەوا مانای قائیدە، ئێمە كە دەڵێین پێشەوا، قازی محمد بەناوبانگ بووە بەم ناوە، بەڵام پێشەوا قەت ناكرێ ئەمە دەبی راست بكرێتەوە.

**بەرێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كركووكی):**

رێزدار د.شكریە فەرموو.

**بەرێز د. شكریە رسول ابراهیم:**

**بەرێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

هەمان رای كاك طارقم هەبوو، ئەمە پێش نوێژ جوانترە دابندرێ، زۆر سوپاس.هەر چەندە كاك شێردڵێش قەت لەگەڵ رایەكانمان نیە ئەمرۆ تەصروفاتێكی عەسكەری دەنوێنی .

**بەرێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

رێزدار كاك سەردار فەرموو.

**بەرێز سەردار صباح بوزو هەركی:**

**بەرێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

منیش هەمان رەئیم هەیە، پێشنیار دەكەم ئەم ماددەیە حەزف بكرێت، بەراستی ئیمام یان پێشەوا یان هەر شتێكی تر نووسرابی پێویستی بە قانوون ناكات لە عسكەری ئەگەر یەكێك هەبی خەڵكانێكی موتەدەین جەنابی وەزیر یان قائدی ئەو مەنتیقەیە بە تەعلیماتێك و بە اوامر دەتوانێ تەعینی بكات، پێویست ناكات قانوونێكی بۆ تەرخان بكات، زۆر سوپاس.

**بەرێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

ڕێزدار فتاح عبدالله فەرموو.

**بەڕێز فتاح عبدالله نەقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەللا من پشتگیری لە ڕەئیەکی کاك طارق ئەکەم،من هەمان ڕەئیم هەیە، امام طابور لە هەموو قانوون جەیشێکدا هەیە، بەڵام ئەوەی من قسەم لەسەر پێشەوایە، پێشەوا بۆ شتێکی دیکە بەکار دێت، امام طابور لێرە ئەبێ بکرێ بە مورشید جا نازانم لجنەی قانوونی ناوێکی بۆ بدۆزنەوە بۆ مورشید لەناو جەیشەکە لەناو فەوجەکە هەیە، قانوونیشە کاك شێردڵ باشتر دەزانێ جێی خۆیەتی هەبێ، بەڵام بە شێوەی پێشەوا نا ، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز د. ناصح غفور ڕمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە تەرجومەکەی هەڵەیە، پێشەوا نابێ هەبێ باسی ئیمام طابوریان کردٚ ئیمام طابور یەعنی ئیمامی جەیش، طابور یەعنی جەیش، لەبەر ئەوە من پێم وایە باشترە بگوترێت لە جیاتی پێشەوا مامۆستای پێش نوێژ، چونکە ئەوەی کە دەبێتە ماموستای پێش نوێژ یان ئیمام طابور خەریجی کولیەی شەریعەیە، لەبەر ئەوە مانای پلەیەکی هەیە پێش ئەوە کولیەی تەواو کردیە، کەواتە بیکەینە مامۆستای پێش نوێژ باشترە لەوەی کە پێشەوا بیت، لەگەڵ ڕێز و سوپاسمدا.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

ڕێزدار کاك محمد احمد .

**بەڕێز محمد احمد صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ ئەو ڕەئیەمە کە ماددەکە زیادە و نەمێنێ لە یاساکە، هەروەها ماددەی بیست و یەك و بیست سێ ، چونکە ئەمە حرس الاقلیمە ئەمە پاسەوانی حدودن لە ڕەبیەنە، ئەمانە لە مەیدانی عەسکەرین، ئەمە محتاجی طقوسي دینی و احکامی عبادات نیە، پێشمەرگە لەوێ یەعنی خوتبە یان نوێژی جەماعی ڕەنگە لەوێ نەبێتن، ڕەبیە لەحدودە، لەگەڵ ئەوەم ئەو ماددەیە لابردرێت لە یاساکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

تکایە تەعلیق لە یەکتر لێمەدەن وە هەموو ڕەئیەکیش لێرە موحتەرەمە وە قەراری ئەخیریش بۆ ئێوەی بەڕێزە، هیچ کەسێك خۆی فەرز نەکردیە، سەر کەسێکی تر، جماعی و ئەکسەریەتی دەنگەکان هەموومان ملکەچین و ئیحترامی لێ دەگرین، لێژنەی پێشمەرگە بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکان تکایە.

**بەڕێز شێردڵ عبدالله حەوێزی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی بەڕاستی جەیش یەعنی موجتمەعێکی تایبەتە، دوور دەکەوتەوە وانواعی قەزایای شەرعی دەبێتن دوایی طقوسي دینی لە هەموو شوێنێك هەیە، زۆر پێویستی بە ئیمامە بەڕاستی، دوایی شەهید دەبن لە کاتی شەهید زۆر جار ناتوانی جەنازەکەی بینیەوە، ئەدی کێ تەلقینی بدات؟ کێ بینێژێ؟ خۆ ئێمە ناکرێ، ئەو شتانە نابی، ئەگەر تەماشاتان کرد ئەو موئتەمەرەی فەلەستین کە گیرا لە ئەمریکا مومکینە کاك جمال بزانێت لە انابولس گیرا، لەو مەعەسکەرە گیرا مەعەسکەرەکیدا، بەحریش بوو، لەبەر ئەوە مزگەوتیشی لێ بوو، یەعنی مزگەوت و ئیمام دەوری هەیە بەڕاستی لە عەسکەریدا من لەگەڵ ئەو پێشەوایەش نیمە، لەگەڵ ئیمامم مەنصەبێکی دینیە لەهەموو دونیا دەڵێن ئیمام، لێرە شەهادەشی هەیە ناتوانین بلێین پێش نوێژ، چونکە پێش نوێژ هەمو کەس دەیکات، ئەوە مەنصەبیشی هەیە مەنصەبەکەی عەسکەری، دەڕوات هەتا دەرەجەی عقید، ئێستا ئێمە دوو مامۆستای زۆر گەورەمان هەیە لە قانوون هەردووکیشیان کوردن و هەردووکیشیان ئیمام طابور بوون لەناو جەیشی عیراقی، هەریەکیان ئێستا دوو ،سێ دکتۆرایان هەیە، یەعنی لە مەلا هەرە بەرزەکانی مەنتیقەی شەرق الاوسطن و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

لێژنەی یاسایی ڕەئیتان تکایە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە پشتگیری ڕەئیەکانی کاك شێردڵ حوێزی دەکەین لەو نوقاتانەی کە تەوزیحی کرد، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

ئێستا لەگەڵ ئاخر صیاغە دووبارە بیخوێننەوە تا بیدەینە دەنگدان. پێش ئەوەی بە عەرەبیەکەی بیخوێننەوە چاکی بکەن و چەند بەڕێزێك پێشنیاریان کرد کە ئەوە لابردرێت، چونکە لە چەند کەسێك زیاتر بوون ئەو موقتەرەحە ئەخەینە دەنگدانەوە پێش ئەوەی ماددەکە بخەینە دەنگدان، نوقتەی نیزامی د.ناصح.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەبیعی زۆر دروستە ئەگەر وشەکە بکەینە ئیمام، بەڵام بە تەنها ئیمام نابێت ،

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

ئەو نوقتەیەت نیزامی نەبوو دکتور رجائەن دانیشە، تکایە ماددەکە بخوێننەوە بە عەرەبی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة العشرون:

1-يعين الامام في البيشمركة- حرس الاقليم و يمنح درجته و يرقى و يحال على التقاعد و يعاد الى الخدمة و تقبل استقالته بقرار من الوزير .

2-تسري على الامام ذات الاحكام القانونية التي تطبق على الضابط الذي يماثله في الراتب الا اذا وجد قانون خاص.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكى):**

ئەو پێشنیاری ئەو بەڕێزانە ئەگەر صیاغەیەكتان هەیە بۆ ئەوەی بدرێتە دەنگدان، فەرموو كاك ئارێز.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێشنیار ئەوەیە تێدا نەبێ، ئەوە نەبێ پێویست ناكات .

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كركووكى):**

ئێستا دوو ڕەئی هەیە، مەجموعەك لەو بەڕێزانە ڕەئیان ئەوەیە كە ئەو ئیمامە لەناو جەیش لابردرێت وە لێژنەی پێشمەرگەو جەنابی وەزیر و لێژنەی یاسایی پێیان وایە كە گرنگە بمێنێتن، ئێستا ئەو پێشنیارەی كە لابردرێت ئەیخەینە دەنگدانەوە، پێشنیاری لێژنەی یاسایی بە هەند وەردەگرین، دوو بەڕێز لەگەڵ ئەوە قسە بكات كە لابردرێت بۆ لابردرێ؟ ئەو بەڕێزانەی كە ئەیانەوێ لابردرێت تكایە روون كردنەوەی زیاتر بدەن.

**بەڕێز  ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من زووتر قسەم كرد  كاك دیلمانیش قسەی كرد و برادەران كاك اسماعیلیش قسەیان كرد هەموومان ڕەئیمان ئەوەیە، ئەوە سوپایە، هێزە هێزەكە لەسەر ئەساسی موسڵمانیەتی دانەمەزرایە، لەسەر ئەساسی وەلاء بۆ نیشتمانەكە دادەمەزرێت، ئێمە لەو كوردستانە یەك موسڵمان راستە زۆرینەیە، بەڵام هێزی دیمان هەیە، بەڵام مەسیحیمان هەیە، بەڵام خەڵكی ڕەنگە دینی تریشمان هەبێ، كاكەییمان هەیە، بەڵام خەڵكمان هەیە موتەدەین نیە ئەوە یەك، دوو، من نازانم چ پێویست دەكات ئیمام؟ ئێمە پێشمەرگە بووینە قەت ئیمامی طابورمان نەبووە لە پێشمەرگایەتی، لەوەختی شەهید دەبین تەلقینمان دان وا بزانم شەهید بوون هەر تەلقینیشی لەسەر نیە، ئەوەشی لەسەر نیە، یەعنی شەهید شەهیدە لەڕێی نیشتمان و وەتەن لەبەر ئەوە ئێمە لە رابووردوودا ئەزمونی خۆمان هەیە، حەز دەكەم بۆ چی ئێمە لاسایی جەیشە دوا كەوتووەكان بكەینەوە؟ بوونی ئیمامی طابور لە جەیشێكدایە كە لە ساڵی(21)ەوە تا ئێستا كوردستان تەخت دەكات و وێران دەكات، ئیمام طابوری تێدا بووە، كەی ئیمام طابورێكتان دیتیە بڵێت برادەرینە مزگەوتەكانی كوردستان نەسووتێنن ئەوە دژی ئیسلامە ،برادەرینە قورئانەكان نەسووتێنن ، مەبەستم بۆ چی تەقلیدی جەیشی عیراقی بكەین كە داگیركەر بووە كە زیاد لە (80) ساڵە قورئانەكانی كوردستان، كتێبە پیرۆزەكانی

کوردستان، ئایینەکانی کوردستان دەسووتێنن، لەبەر ئەوە ئێمە پێویست ناکات ئەوە بکەین، بەڕاستی پێویست ناکات ئەوەی تێدابێت جەیشەکەمان، سوپایەکەمان، هێزی پێشمەرگەکەمان هێزێکی نیشتمانی نەتەوەییە ئەرکەکانی ئەرکی نیشتمانیە، مەسەلەکانی خوا پەرستی پەیوەندی بە خۆی و خوای خۆی هەیە ئەکرێت ئامادەی جومعە بێت،ئەکرێت لەناو مەعسەکەرەکەیدا مزگەوت بۆ خۆی بکاتەوە، بەڵام هیچ پێویست ناکات لەوێ هەر مەجموعەیەك ئیمامێکی هەبێ ، ئیمام هیچ ڕۆڵێکی نە لە رووی دینی و نە لە رووی نیشتمانی و نە لە رووی نەتەوەیی نەبینیوە تا ئێستا ببینێ، مەبەستم لەناو سوپادا ،سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

کاك دیلمان فەرموو.

**بەڕێز محمد احمد صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من هەمان رەئیم هەبوو و گوتم چونکە ئەوە هێزی اقلیمە ئەمە لە رەبایەیە ئەمە لە مەیدانی عەسکەریە،ئەمە پێویستی بە ئیمامەت ناکات، چونکە هەتا ئەگەر کەسێك شەهیدیش ببێتن خۆ لەوێ نایشارنەوە دەبەنە گوندێك، دەبەنە شارێك لەوێ تەلقین هەیە،لەوێ مەلا هەیە، یەعنی لەناو رەبیەکدا تەصور ناکەم شتێك هەبێ لەناو یاسایەکە بەناوی ئیمام، چونکە لەوێ ئەحکام، عیبادات، طقوسي دینی تەنها نوێژکردنە، جا لەهەر نوێژکردنێك دەتوانێ یەکێك هەبێ پێش نوێژ بکات لە رەبیەکەدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

مامۆستا مەلا انور.

**بەڕێز انور محمد غفور:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەرەتا ئیحترامم لە بۆ هەموو ئەو رەئیانە، ئەوەی باس لە باسی لێکۆڵینەوەیەو باسی دانانی قانوونە، یاسایە بۆ ئێمە، ئەو رەئیانەی ئەو پیاوە بەرێزانە کاك ئارێز و خۆشەویستان تەرحیان کرد، ئەوە بەستنەوەی کۆمەڵە شتێکە بە شتێك، ئەوە نابێتە موبەریر بۆ ئەم مەوزوعە، باسەکە باسی یاسایەکی عەسکەری و پێشمەرگەو پاسەوانی هەرێمە، ئەصڵ وایە ئەو کەسانەی کە زیاتر قسەی تێدا دەکەن خەبیر بن تێدای و معلوماتێکی باشیان هەبێ لەو مەوزوعانەدا، ئەوە خۆی لە ئەصڵدا ئەصڵێکی وای دەوێ، ئێمە کاك دیلمان باس دەکا ئەو حرس الاقلیم هەمووی لە رەبیە و ئەوانەنن، ئێمە مەعەسکەراتمان هەیە و شتمان هەیە و تەدریبمان هەیە، خۆ چوار کەسمان نیە هەریەك لە رەبایەك بیتن، ئەوجا ئەو سیستەمە هیچ نابێتە مانای ئەوەی کە کەسێك هەبێ یان ئیمامێك هەبێ بۆ ئەو پەیویستیانەی کە هەیتی وەکو

جەنابی كاك شێردڵ ئیشارەتی پێكرد ئەوە موجتەمەعێكی بەشریە بۆ كارێكی مەخصوص و پێویست، كەسێك ئەگەر هەر عقیدە و بیرو بڕوایەكی هەبێت، مامۆستا ناچێ بڵێ دەبێ ئەتو ئیلا ئەوها بكەی یان ئەوها بیت، ئەوە شتێكی ئازادیە و حاڵەتێكە و بەشێكە لە كۆمەڵگا، چۆن مزگەوت هەیە، خەستەخانە هەیە، چۆن دكتۆری دەوێ، چۆن شتی دەوێ، با ئەوەشی هەبێت، خۆ نابێتە ئەركەك و قورساییەك لەسەر ئەم دامودەزگایە، بۆیە حەز دەكەم شتەكان بە رێك و پێكی و بە وازیحی تەماشا بكرێت، نەك بە شێوازێكی تر كأنما دابڕابی لە كۆمەڵگا و ئەوانە ئینسانێك نەبن كە پێویستیان بە طقوسات هەبێت بە هیچ شێوەیەك، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

ڕێزدار كاك محمد فرج فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پێم وایە ئێستا هێزی پێشمەرگە ئەتوانین بڵێین گەورەترین ڕێژەی خەڵكێكی دیندار و نوێژكەرە، ئەوە تۆمەتێكی خراپە بیخەیتە پاڵی كە پێویستی بەو شتانە نیە، یەعنی كەم كردنەوەیە لە بەهای ئەو خەڵكە، ئەوە یەك،دوو، یەعنی ئەم خەڵكەش وەكو ئێمە ئەویش پێویستی بە كۆمەڵە شتێك هەیە، شتەكانی ئەبێ رێك بخرێت، تۆ ئەڵێی مزگەوتی ئەوێ، جومعەی ئەوێ، شتی ئەوێ، كێ بیكات؟ ئەگەر ئێستا تۆ بە یاسایەك یەكێك نەبێ ئەوە بكات كێ ئەیكات دوایی؟ ئەبێتە گەڕەلاوژە، هەركەسێ بۆ خۆی دروستی ئەكات، ئەبێتە فەوزا، لەبەر ئەوە من تەعەجوب ئەكەم،ئینجا ئەوەی دەڵێ لە دێیەك دەمرێ و ئەچێتە دێكە ئاخر ئەوە بوویتە سیستەم، ئەو كات پێشمەرگە بووە نە رەسمیەتی هەبووە و نە كەس توانای هەبووە، نەكەس ناسیویتێ، ئێستا ئەمە موئەسەسەیە،موئەسەسە دبێ بە شێوەیەكی قەدر و بە قیمەت ئەبێ ئەو كەسەی خۆشی تەلقینی بكات بەجۆرێكی دروست، ئەوەی ئێستاش ئێمە دەیكەین پێشمەرگە لە شوێنێك شەهید دەبێت و دەیهێننەوە بۆ شوێنەكەی خۆی، ئەوەش هەڵەیەكە، كەمكردنەوەیە لە قیمەتی، لەبەر ئەوە ئەمە هەڵەیە لەناو گەلێكی وا تۆ بڵێی وەڵلا پێویستی بەمە نیە، خەڵكی نوێژكەر و مولتەزیم تۆ بڵێی پێویستی بەمە نیە، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

كاك شیردل فەرموو.

**بەڕێز شێردڵ عبدالله حەوێزی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕێزان ئەو ئیمامە لەسەر میلاك دادەنرێت، ئەوە مەعنای ئەوە نیە هەر رەبیەك و ئیمامەكی هەبێ، ئەوە مەعنای ئەوە نیە هەموو رۆژێ دەورە دەكات و لە مزگەوت دادەنیشن، ئەو شتانەی تێدا نیە، ئەو ئیمامە لە

خەستەخانەی عەسكەری دەبێ، لە مەقەری فرقە دەبێ، لە مەقەری لیوا دەبێ، لەو شوێنانە زۆر پێویستە وە ئەوانە بڕوا بکەن ژمارەیان لەناو جەیش ئەوەندە زۆر نیە، بە هەمووی چەند دانەیەکن هەتا لە عیراقیش،یەعنی من پێم گوتن لە ئەمریكای لە مەعەسكەرەكی مؤتمریان بەست مزگەوتی تێدا بوو، یەعنی ئەوە بە ڕای من بەو شێوەی کە لە عەسكەری دانرایە بوونەکەی باشترە لە نەبوونەکەی،چونکە زۆر پێویستیان پێی دەبێ، لە خەستەخانەك ڕۆژی ئەو هەموو جەنازەیە دێتەوە دەبێ یەكێكی تێدا بی، هەر ئەوانەی ئێمە ئەگەر لێیان بگەڕێن نازانن کفن چۆن دەکرێت بەڕاستی، ئێ خۆ ئەکسەریەتی ئێمەش ئیسلامین وە دەشكرێ لە کاتی پێویست ئیستیفادە لە خەڵكانی دی وەربگرین و لە دینەکانی دیش، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز عمر عثمان ابراهیم/وەزیری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەو شتانەی ئێستا لێرە ئەو جەدەلە جێی خۆی نیە، لەبەر ئەوەی جێی خۆی نیە شتێك هاتیە لە میلاكدا هەیە وەكو هەموو بەشەكانی تر كە هەمانە و لە وحدات باسكرایە، ئیمام طابور هەیە، طابور كەلیمەكی توركیە، طابور یەعنی فەوج، لەبەر ئەوەی مجموعە خەڵكێك كۆ دەكاتەوە پێش نوێژیان لە پێش دەكات، لام وایە لە تەسمیەكەی دەتوانین ئیمامی تەسبیت بكەین، بوونیشی نەك هەر زەروریە، زۆر زەروریە، پاشان خەڵكانێك نایانەوێ نوێژ بكەن با نەیەن، نایانەوێ تەلقین بدرێن با وەسیەت بكات لەسەری نەخوێنن، بەڕاستی ئەو مەوزوعە داب و نەریتێكی كوردین، ئێمە هەموو ئیسلامین، ڕاستە خەڵكانی تریش لە پێكهاتەی پێك هاتووە بەس زۆرینەی ئیسلامە، بۆیە ئەو عادات و تەقالیدەی كە پێشتریش هاتووە لە جەیشی عیراقی وەكو میلاك پێویستە بمێنێ، زۆریش لەسەر كەس نیە، خۆی ئازادە كاری دینی چ هەڵدەبژێرێ. زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

ڕێزدار د. ناصح فەرموو.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پشتگیری لە وتەكەی جەنابی وەزیر و كاك شێردڵ دەكەم ئەبێ بمێنێ، هۆكارەكەشی ئەوەیە كە لە هێزی بەرگری عیراقدا ئەوە هەیە و پێشمەرگەش بەشێكە لە هێزی بەرگری عیراقدا، واتە ئەبێ هەبێت، بەڵام تكام وایە وشەكەی كە ئەیكەنەوە كوردی بیكەنە ئیمامی تابور ، چونكە تەنها ئیمام بەكەڵك نایەت، لەگەڵ ڕێز و سوپاسمدا.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

ڕێزدار کاك ئارێز فەرموو.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە کاتێك کە ڕەئی دەدەین هەر کەس تەعبیر لە بیر و بۆچوونی خۆی دەکات، پێویست ناکات کەس کەس بە غەڵەت دابنێ، کاك محمد فرج دەڵێت غەڵەتن، ئەوان وا ئەڵێن، من پێم وایە بەخۆی غەڵەتە کە پێی وایە ئێمە بیرو بۆچوونی خۆمان دەردەبڕین، لەبەر ئەوە حەق نییە بەم شێوە تەعامول لەگەڵ یەك بکەین.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

تکایە تەعلیق لەسەر ڕەئی یەك لێ مەدەن، با هەر کەسێك ڕەئی خۆی بداتن، ئێستا کۆتایی پێ دێنین، دوو بیروبۆچوون هەیە، یەکێك ئەیەوێت لابچێت و ئەوەی تر ئەیەوێ بمێنێ، تکایە هەر ڕەئێ لێرە ئەوترێت ڕەئیەکەی موقدەسە بەس ڕووی دەم لە یەکتر نەکەن ئەوا ئەکسەریەت قەرار دەدات جێگای ڕێزی هەموومانە، تکایە ئەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەو فەقەرەیە لابچێت دەستی بەرزبکاتەوە؟ کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەو ماددەیە بمینێت؟ زۆرینەی دەنگ لەگەڵ ئەوەیە لە شوێنی خۆی بمێنێ و زۆر سوپاس، ئێستا لێژنەی یاسایی ئاخر صیاغەتان بۆ ئەوەی گشت ماددەکە بدەینە دەنگدان،

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی بیست:

1-ئیمام لە هێزی پێشمەرگە -پاسەوانی هەرێم دادەمەزرێ پلەی خۆی پێ دەدرێت و بەرز دەکرێتەوە و خانەنشین دەکرێ و دەگێردرێتەوە بۆ خزمەت و دەست لە کار کێشانەوەی بەبڕیارێك لە وەزیرەوە ئەنجام دەدرێت.

2-هەمان ئەو حوکمە یاساییانەی کە بەسەر ئەفسەری هاوشێوەی لە مووچەدا پیادە دەکرێت ئیمامیش دەگرێتەوە مەگەر دەقێکی یاسایی تایبەت هەبێت.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

ئێستا وەکو ئەوەی لێژنەی یاسایی ئاخر صیاغەی خوێندەوە ئەیدەینە دەنگدان تکایە کێ لەگەڵیدایە دەستی بەرزبکاتەوە؟ زۆر سوپاس کێ لەگەڵدا نیە؟ شەش کەس لەگەڵیدا نیە بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی بیست و یەك: دەبێ ئەم مەرجانەی لە ماددەی سێیەمی ئەم یاسایەدا هاتوون جگە لە بڕگەی چوارەمیدا لە پێشەوەشدا هەبن بەمەرجێك بڕوانامەی بەرایی زانکۆی بەدەستەوە بێت لە زانستە شەرعی یان ئایینی یان هاوشێوەکانی.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الحادية و العشرون: يشترط فيمن يعين اماماَ نفس الشروط المنصوص عليها في المادة الثالثة من هذا القانون بأستثناء الفقرة الرابعة منها على ان يكون حائزآ على شهادة جامعية اولية في العلوم الشرعية او الدينية او ما يعادلها.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

ئێستا وەکو ئەوەی بە کوردی و عەرەبی خوێندرایەوە ئەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵێدایە با دەستی بەرزبکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵێدانیە؟ چوار کەس لەگەڵێدا نیە ، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، زۆر سوپاس ، تکایە بۆ ماددەیەکی تر لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی بیست ودوو: وەزیر بەو ڕێنمایە دەریدەکات:

1-پلە و مووچە و سەر مووچەی ساڵانە و بەرزکردنەوەی پلەکانی ئیمام دیاری دەکات.

2-ئەرك و پۆشاك و نیشانەکانی ئیمام دیاری دەکات.

المادة الثانية و العشرون: تحدد تعليمات يصدره الوزير ما يلي:

1-درجة الامام و راتبه و علاوته السنوية و ترقياته.

2-واجبات الامام و زيه و شاراته.

**بەڕێز شێردڵ عبدالله حەوێزی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ ماددەکەم و تەماشای ماددەکەش کەن، ماددەکە هەموو وەزیر دایدەنی، یەعنی مەرسومی هەرێم نیە، وەزیر بەپێی پێویستیش دایدەنێ لەبەرئەوە شتەکە موحەددەدیشە یەعنی ویستم ئەمە روون کەمەوە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز عمر عثمان ابراهیم/وەزیری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ ماددەکەم .

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

بەڕێزان ئەندامانی پەرەمان کێ دەیەوێ قسە بکات؟ پەخشان خان فەرموو.

**بەڕێز پەخشان عبدالله حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی من قسەم لەسەر خودی ماددەکە نیە، قسەم لەسەر شێوازی موناقەشەیە .

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

نەخێر رەجائەن دانیشە، د.رۆژان فەرموو.

**بەڕێز رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەنها روونکردنەوەیەکم دەوێ لە لێژنەی یاسایی یان لێژنەی پێشمەرگە، لە مادده بیست بڕگە یەك دەڵێ بە بڕیاری وەزیر دەرەجە و تەرفیەی هەموو دەکرێ، لێرەش دەڵێ بە پێی تەعلیمات، ئەگەر تەنها لۆم روون بکەنەوە، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

رێزدار کاك خورشید فەرموو.

**بەڕێز خورشید سلیم شێرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە مادده بیست لە فەقەرە دوو دەڵێ(تسري على الامام ذات الاحكام القانونية التي تسري على الضابط) لێرش دەڵێ (تحدد راتبه و علاوته .....بامر من الوزير)، لەوێ حقوقی ضابطي دەداتێ ضابط وەزیر ناتوانێ تەحدیدی راتب و ئەوەی بۆ بکات، جا نازانم ئەوە تناقض نیە؟

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

رێزدار لێژنەی پێشمەرگە.

**بەڕێز شێردڵ عبدالله حەوێزی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی تەعینی ئیمام درایتە دەست وەزیر، یەعنی بە مەرسوم نیە، لەبەر ئەوەی هەموو شتەکانی لەیەکەم جارەوە تەحدیدی دەکات مومکینە هەندێکیان شەهادەشیان لەوە زیاتر بێ، یەعنی شەهادەیان لەکولیە زیاتر بێ، ئەو کاتە وەزیر دەکرێ روتبەی زیاتریشی بداتێ و عەلاوەی زیاتریشی بداتێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

جەنابی وەزیر فەرمو.

**بەڕێز عمر عثمان ابراهیم/وەزیری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ هیچ مولاحەزەم نیە لەسەر ماددەکە، بەڵام ئەوەی کە کاك شێردڵ باسی کرد تەبعەن پاشان تەعلیمات و شروتی بۆ دەردەچێتن و بەپێی ئەو تەعلیماتانە دەتوانێ مەنحی روتبەی بکەین و جل و بەرگی چۆن بێت و وسامی چۆن بێت.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

لێژنەی یاسایی ئێستا دووبارە ئاخر صیاغەی بخوێننەوە بۆ ئەوەی بیدەینە دەنگدان

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثانية و العشرون: تحدد تعليمات يصدره الوزير ما يلي:

1-درجة الامام و راتبه و علاوته السنوية و ترقياته.

2-واجبات الامام و زيه و شاراته.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

بەکوردیش تکایە.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی بیست و دوو: وەزیر بەو ڕێنمایە دەریدەکات:

1-پلە و مووچە و سەر مووچەی ساڵانە و بەرزکردنەوەی پلەکانی ئیمام دیار دەکات.

2-ئەرك و پۆشاك و نیشانەکانی ئیمام دیار دەکات.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کرکووکی):**

ماددەی بیست و سێ تکایە.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماددەی بیست و سێ:مووچەی تەواو بەو ئافرەتانە دەدرێت لە ریزەکانی هیزی پێشمەرگەی- پاسەوانی هەرێم کاردەکەن لەگەڵ هەموو ئەو دەرماڵانەی کە پێیان دەدرێت لە کاتی منداڵ بوون و مۆڵەتی دایکایەتیدا.

**بەڕێزعبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

المادة الثالثة والعشرون: تدفع للنساء اللواتي تخدمن في صفوف قوات البيشمركة حرس الاقليم الراتب الكامل مع كافة المخصصات الممنوحة لهن اثناء الولادة و في فترة اجازة الامومة.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

بەڕێزان کەس موناقەشەی هەیە؟ کەرەم کە.

**بەڕێز سارا خضر پیرۆت:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو ماددەیە ماددەیەکی باشە، لەبەر ئەوەی هەمان ماف لە نێوان پێشمەرگەی ژن و پیاو جیاوازی پێ نەکراوە، بەڵام پرسیارێکم هەیە لە لیژنەی پێشمەرگە یان جەنابی وەزیر تەنها ڕوونکردنەوەیەکە، ئێمەی ژنان بە دوو شێوە بەشدار بووین لە خەباتی ڕزگاریخوازی کوردستان، یەکێکیان ئەوەیە کە وەکو پێشمەرگەی فیعلی کە بە داخەوە ژمارەیان زۆر کەمە ئەمانە وەکو پێشمەرگەیەکی ئاسایی ئیشیان کردووە و فەرقی پێ ناکرێ لەگەڵ پێشمەرگەی پیاو، حاڵەتێکی دیکەی بەشدارکردنی ژنان هەیە لەناو شۆڕشدا ئەویش کە هاوسەری ئەم پێشمەرگانە بوون و چەوسانەوە کاریان کردووە بۆ خزمەت کردن و خواردن ئامادە کردن و ئەو کارانە لە بواری پێشمەرگایەتی، پێشتر حاڵەتێك بوو خانەنشینی هەبوو پێیان دەگۆتن ژنانی شار، ئایا ئەو حاڵەتە حیسابی بۆ ناکرێ؟ هیچ بە خزمەت حیساب نیە؟ جێگای نابێتەوە لەم یاسایە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

لیژنەی پێشمەرگە تکایە.

**بەڕێز شێردڵ عبدالله حەوێزی.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە قانوونەکەمان قانوونی پێشمەرگەیەو لە دوای خۆی وەزارەتی پێشمەرگە تەعلیماتی پێ دەردەکات بۆ ئەو شتانەی کە دەیەوێ بیگرێتەوە، چونکە هەموو کەسێك کە پێشمەرگە بێ دەبێ فەرماندەکانی کۆنی پێشمەرگە تەئیدیان بکات، ئەوەشمان کرد لەبەر ئەوەی ژن کە مەسەلەی منداڵبوون و ئەوانە مووچەی تەواویان نەدەدایێ، ئێستا دەمانەوێ مووچەی تەواویان بدەینێ، یەعنی هەموو مخصصات و هەموو مووچەکانی لەکاتی ئەوەی وەریدەگرێ لەکاتی دەوام، لە کاتی ئیجازە و لەکاتی منداڵبوون و ئەو مۆڵەتەی دواییش هەمووی دەیدرێتێ، لە هەموو ئەوانە مووچەی تەواو وەردەگرێتن و حیسابەکانی دیکەشی وەکو حیسابی پێشمەرگەی ئیعتیادی دبێت و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

بەڕێزان ئێستا وەکو ئاخر صیاغەی لیژنەی یاسایی خوێندیەوە ئەیخەینە دەنگدان، کێ لەگەڵدایە دەستی بڵندکات تکایە؟ زۆر سوپاس،کێ لەگەڵدا نیە؟ بەکۆی دەنگ پەسند کرا، بۆ ماددەی دواتر تکایە.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی بیست و چوار: مەرجەکانی پلە بەرزکردنەوە و پێدانی پێشخستن و سزادان و مۆڵەتەکان بۆ پێشمەرگەو پلەدارەکان بەیاسایەك دیار دەکرێت.

**بەرێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەرێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**المادة الرابعة والعشرون: تحدد شروط الترقية و الترفيع و العقوبات و الاجازات و الشؤون الاخرى للمتدرجين بموجب قانون.**

**بەرێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

**لێژنەی پێشمەرگە؟**

**بەرێز شێردڵ عبدالله حەوێزی:**

**بەرێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**ئێمە لەگەڵ ماددەكەین .**

**بەرێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كركووكی):**

**بەرێزان كێ ئەیەوێت لەسەر ئەم ماددەیە قسە بكات؟ كاك سەردار كەرەم كە.**

**بەرێز سەردار صباح بوزو هەركی:**

**بەرێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**ئێمە هەر چەندە لە چەند یاسای دیكەش باسی ئەو شتەمان كردیە بەڵام من پێموایە یاسا دەستنیشانی ئەوە ناكات یاسایەكی دی دەربخات، یەعنی لە دەستووردا دەڵێت (ینظم بقانون)، دەستوور تەحدید دەكات بە یاسایەك دەربكرێت، یاسا تحدید دەكات بە نیزام و بە تعلیمات دەربخات، بەڵام یاسا بڵێین بە یاسایەكی دی دەربخات من لەگەڵ ئەو رەئیەدا نیمە، من پێشنیار دەكەم بە نیزام بێت، سوپاس.**

**بەرێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

**لێژنەی پێشمەرگە تكایە.**

**بەرێز شێردڵ عبدالله حەوێزی:**

**بەرێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**ئەوانە شتێكی زۆر تەفاصیلیان تێدایە، ئێمە نەمانویستیە تەفاصیلەكان لێرە بینین، بەنیسبەت شرووتی تەرقیە تەفاصیلی زۆرە. بەنیسبەتی تەرفیع شرووتی زۆرە،عقوبات، ئیجازات،ئیجازات ئەنواعی ئیجازات هەیە، ئیجازەی مرضي هەیە، درێژ هەیە، خارج هەیە، یەكجار زۆرە، لەبەر ئەوە قانوونی عەسكەریش قانوونێكی تایبەتە لەگەڵ قانوونی مەدەنی ،زۆر لەگەڵ قانوونی مەدەنی جیاوازە، مەحاكمی عەسكەری جیاوازە هیچ عیلاقەیەكی بە مەحاكمی مەدەنی نیە، یەعنی ئەوانەی لە عەسكەری مختصن، ئیش و كارەكانی عەسكەریش مختصە، لەبەر ئەوە ئەوە زۆر زەروورییە كە لێرە بی ، چونكە ئەوە شتێكی زۆر فراوانەو شتێكی كورت نیە، زۆر سوپاس.**

**بەرێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

جەنابی وەزیر ڕات چیە؟

**بەڕێز عمر عثمان ابراهيم/وەزیری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ وەکو روونی کردەوە یاسای مەدەنی کە تۆ بیخوێنیەوە شتێکی یەکجار زۆرە و بێهێنی لێرە موناقەشەی بکەی، یەعنی تەرفیع و تەرقیە یان ئەو قانوونانەی کە دەردەچێتن، حەتمەن دەبێ بە قانوون بێت نەك بە نیزام، بەنیزام نیە بە قانوون، بۆیە دەبێ وەکو خۆی بمێنێتەوە و تەئیدی ئەوەی دەکەم و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

لێژنەی یاسایی رەئیتان؟

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەکە زۆر وازحە و بەپێی قانوونە، پشتگیری بۆچوونی لێژنەی پێشمەرگە و جەنابی وەزیر دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

ئەیخەینە دەنگدان وەکو ئەوەی کە خوێندرایەوە بە کوردی و بە عەرەبی، کێ لەگەڵیدایە تکایە دەستی بەرزبکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نیە؟ یەك کەس لەگەڵدا نیە بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا ،بۆ ماددەی دواتر تکایە.

**بەڕێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**دەروازەی سێیەم**

**خانەنشینی**

**بەشی یەکەم**

**خانەنشین کردن**

**ماددەی بیست و پێنج: پێشمەرگە لەم حاڵەتانەی خوارەوە خانەنشین دەکرێت:**

1-بەپێی تەمەن و بە پێی ئەم خشتەیەی خوارەوە:

| پلە | تەمەن |
|---|---|
| فەریقی یەکەم | 63 ساڵ |
| لیوا | 60 ساڵ |
| عەمید | 58 ساڵ |
| عقید | 55 ساڵ |
| مقدم | 53 ساڵ |

| | |
|---|---|
| **رائد،نقیب** | 49 ساڵ |
| **ملازم،ملازمی یەکەم** | 45 ساڵ |
| **نائب عەریفی فەنی تاجێگری ئەفسەری فەنی** | 55 ساڵ |
| **نائب عەریف تاجێگری ئەفسەر** | 50 ساڵ |
| **سەرباز تا سەربازی یەکەم** | 45 ساڵ |

**2-لە کاتی تووشبونی بە نەخۆشیەك کە ڕێگر بێ لە بەردەوام بوونی لە خزمەت ئەمەش بە ڕاپۆرت دەبێ لە لایەن لێژنەی پزیشکی پسپۆڕەوە.**

**3-لەکاتی مردنی ئەگەر خۆی دەستی تێدانەبێت خزمەتەکەی دەگەیندرێتە (15) ساڵ ئەگەر لەوە کەمتر بێت.**

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

**لێژنەی پێشمەرگە ڕەئیتان؟**

**بەڕێز شێردڵ عبدالله حەوێزی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ئێمە لەگەڵ ماددەکەین.**

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

**بەڕێزان ئەوانەی ئەیانەوێ قسە بکەن با ناویان بنووسن، ڕێزدار د.هالە فەرموو.**

**بەڕێز د.هالە سهیل وادی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**لە بڕگە دوو لە کاتی تووش بوونی بە نەخۆشیەك، پێشنیار دەکەم یان کەم ئەندامی ئیزافە بکرێت، لەبەر ئەوەی هەر نەخۆشی نیە لەوانەیە تووشی کەم ئەندامی بیت، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

**کاك محمد فەرموو.**

**بەڕێز محمد احمد صالح(دیلمان ئامێدی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ئەوەی من دەزانم لە عیراق دەرچووە قانوونێکی خانەنشینی موەحەد، ئەمە موعارز نەبێت لەگەڵ ئەو قانوونە، ئەوە یەکەم، دوو ، تەوحید نابن ئەوە بێ لەسەر ئەساسی عومر با (63) ساڵ بیت، یەعنی بۆ تەوحیدی ئەم ساڵە با هەمووی ببێتە (63) ساڵ، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی)**

**ڕێزدار د.شوکریە فەرموو.**

**بەڕێز د. شوكریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من دەربارەی خاڵی سێهەم ئەڵێ لەكاتی مردنی ئەگەر خۆی دەستی تێدا نەبێ، ئەم پرسیارەم ڕووبەڕوی بەڕێز وەزیری پێشمەرگە دەكەم، یەكێك ئەگەر مرد چۆن خۆی دەستی تێدا بی؟ حەز دەكەم ئەوەم بۆ ڕوون بكەنەوە،

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

ڕێزدار كاك ئیحسان.

**بەڕێز احسان عبدالله قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕای من ئەو فەقەرانە فەرقن لە كوردی و لە عەرەبی،یەكێك زیاد دەبیتن دەبێتە چوار فەقەرە، چونكە ئی كوردی باسی ئیمامی نەكردیە و ئی عەرەبی باسی مردنی نەكردیە لەبەر ئەوە با ببێتە یەك، لەفەقەراتەكان یەكێك زیادە، ئی عەرەبی باسی ئیمام كردیە لە كوردی نەكردیە، ئی عەرەبی باسی مردن نەكردیە ئی كوردی باسی كردیە، ئەبێ لێك بكرێتەوە ببێتە چوار فەقەرە، لێرە مەسەلەكە دروست دەبێ و تەواو دەبێ .

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

ڕێزدار لێژنەی پێشمەرگە ڕەئیتان تكایە.

**بەڕێز شێردڵ عبدالله حەوێزی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە اولا، ئیستیناد دەكەین لەسەر عەرەبیەكە، دووەم ئێمە گوتوومانە ئەگەر نەخۆشیەكەی نەیەڵێ ئیستمرار لە خدمەی بكات، چونكە هەندێ نەخۆشی هەیە شەرت نیە كەم ئەندام بیت، توشی نەخۆشی نەفسی دەبێت، تووشی نەخۆشیەك دەبێت هەموو ئەنامەكانی تەواوە و ناتوانی كار بكات، لەبەر ئەوەیە ناتوانین تەحدید بكەین، كە نەیتوانی ئیش بكات ئیحالەی تەقاعود دەكرێت، بەنیسبەتی ئەوەی د.شوكریە، ئەگەر خۆی دەستی تێدا بێت، چونكە خۆت دەزانی عەسكەر سیلاحیان بە دەستەوەیە، سیلاح عادەتەن دوژمنی شەخصەكەیە، جاری وا هەیە خۆی ئینتیحار دەكات، كە خۆی ئینتیحاری كرد ئەوا موستەحەق نیە .

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

لێژنەی یاسایی ڕەئیتان تكایە.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

صیاغەی عەرەبیەکە تەواوە ئی کوردیەکە نا، دیارە بەغەڵەتی ئەو فەقەرەیە ئیزافە کرایە، برادەران دیارە مولاحەزەیان نەکردیە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

لەبەر ئەوەی لە تەرجومەکە لە کوردی بەهەڵە هاتووە، بۆیە عەرەبیەکە دەکەینە ئەساس بۆ ئەم ماددەیە، تکایە بە عەرەبی ئاخر صیاغەی بخوێننەوە تا بدرێتە دەنگدان.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من ئیقتیراحێکم هەیە (ثانیآ و ثالثآ) جێیەکانیان بگۆڕین، چونکە (ثالثآ: في حالة اصابته )، ئەو کاتی لەبۆ ئیمام دەڕوات اما بینما لە بۆ پێشمەرگەیە لەبەر ئەوە ثالثآ بکەینە ثانیآ و ثانیآ بکەینە ثالثآ ئەگەر رەئیتان هەبێ؟

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

بەڕێز کاك فرست روونکردنەوەیەکی هەیە، کەرەم کە.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ثالثآ شاملی هەموویانە، چونکە لەسەری هاتووە (یحال البیشمرکە علی التقاعد فی الحالات التالیة اولآ، ثانیآ، ثالثآ) ، بۆ ئیمام ناچێت بۆ هەموویان دەچێت ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

تکایە ئێستا بە عەرەبی بخوێننەوە وەکو ئاخر صیاغە تا بیدەینە دەنگدان.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

الباب الثالث

التقاعد

القسم الاول

الاحالة على التقاعد

المادة الخامسة والعشرون:یحال البیشمرکة على التقاعد في الحالات الاتیة:

1-بموجب العمر کالجدول الاتي:

| الرتبة | العمر |
|---|---|
| الفریق الاول | 63 سنة |
| اللواء | 60 سنة |
| العمید | 58 سنة |
| العقید | 55 سنة |

| | |
|---|---|
| المقدم | 53 سنة |
| الرائد-النقيب | 49 سنة |
| الملازم-الملازم الاول | 45 سنة |
| من نائب عريف فني الى نائب ضابط فني | 55 سنة |
| من نائب عريف الى نائب ضابط | 50 سنة |
| من الجندي الى الجندي الاول | 45 سنة |

2- يحال الامام على التقاعد عند اكماله سن الستين من العمر.

3 - في حالة اصابته بمرض يمنعه من الاستمرار في الخدمة على ان يثبت ذلك بموجب تقرير صادر من لجنة طبية مختصة.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكى):**

بەڕێزان ئێستا كێ لەگەڵ ماددەكەیە بەو شێوەى كە بەعەرەبى خوێندرایەوە دەستى بەرزبكاتەوە تكایە؟، زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نیە؟ بەكۆى دەنگ وەرگیرا، زۆر سوپاس، بەڕێزان ئێستا سەعات دووە ئەیكەینە پشوو سەعات چوار بەردەوام دەبین بۆ ئەوەى ماددەكە تەواو بكەین، تكایە سەعات چوارى ڕێك لێرە ئامادە بن، زۆر سوپاس تا ئەو وەختە.

**دانیشتنى دواى نیوەڕۆ**

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكى):**

**بەناوى خواى گەورەو میهرەبان.**

بەناوى گەلى كوردستان، ئێستا بەردەوام دەبین لە سەر دانیشتنەكەى ئیمڕۆ سەر لە بەیانى، داوا لە لێژنەى پێشمەرگە و لێژنەى یاسایى دەكەین تەشریف كەن و بێنە جێگاى خۆیان، فەرموون، لێژنەى یاسایى كەرەم كەن فەرموون.

**بەڕێز كریم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

ماددەى بیست و شەش:فەرماندەى گشتى هێزەكانى پاسەوانى هەرێم یان ئەوەى دەسەڵاتى پێ دەدات، بۆى هەیە پێشمەرگە خانەنشین بكات لەم حاڵەتانەى خوارەوە:

1-ئەگەر لە میلاك زیاد بوو.

2- سەلمێنرا كە بێ توانا و كارامەیە .

3-پابەند نەبوونى بە نەریت و پرەنسیپەكانى خزمەتى پێشمەرگایەتى .

**بەڕێز عبدالكریم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

المادة السادسة والعشرون: للقائد العام او من يخوله، احالة البيشمركة على التقاعد في الحالات التالية:

1 - اذا كان زائدآ على الملاك.

2 - عند ثبوت عدم كفاءته للخدمة .

3 - عدم التزامه باداب و مبادئ البيشمركة.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

لێژنەی پێشمەرگە كەرەم كە.

**بەڕێز شێردڵ عبدالله حەوێزی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە تێبینیمان لەسەر نیە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمانی كوردستان ئەوەی ئەیەوێت قسە بكات با ناوی بنووسێت، شمسە خان فەرموو كەرەم كە.

**بەڕێز شمسە سعید محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە بەدەر لەم سێ خاڵەی كە ئیحالە كردنی پێشمەرگە بۆ تقاعد لە لایەن قیادەی عامەی قواتی حرس الاقلیمەوە بێ، لە ماددەی دووە ئەو صلاحیەتەشمان داوەتە وەزیری پێشمەرگەش بەشێوەیەكی عام كە لێرە ئەڵێ( یكون قبول استقالته و احالته علی التقاعد .... باقتراح من وزیر البیشمركة و بموافقة من القائد العام لقوات حمایة الاقلیم او من یخوله ). لێرە ئەپرسم ئەو صلاحیەتە لێرە بۆ لەم ماددەیەدا نەدراوەتەوە دەست وەزیری پێشمەرگەش جیا لەو سێ خاڵە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

شیرین خان كەرەم كە.

**بەڕێز شیرین عبد الرحمان دنیو:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

(احالة البیشمركة علی التقاعد اذا كان زائداً علی الملاك)، باشە ئەگەر هاتوو تەمەنی وی ناكرێ تقاعد بێ چۆن دەبێ تقاعد بێ؟ ئەو شرووتە لەسەر چ ئەساسەك؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

كاك ئەرسەلان كەرەم كە.

**بەڕێز ئەرسەلان غفور سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وەللاّ من زیاتر وەكو پرسیاروایە، فەرماندەی گشتی هێزی پاراستنی هەرێم لە بۆ خانەنشین كردنی پێشمەرگە یەكەمیان ئەگەر لە میلاك زیادبوو، ئەوە شتەكی باشە، بەڵام دو خاڵەكەی تریان ئەگەر سەلمێنرا بێ توانایە و خاڵی سێیەم پابەند نەبوون بەنەریت و پرەنسیپەكانی خزمەت كردنی پێشمەرگایەتی، ئەوە ئەگەر لە نیزامی سەربازی بێ مەفروزە عقوبە بدرێن نەك ئیحالەی خانەنشین بكرێن، خانەنشین كردنیش جۆرێكە لە پاداشت، ئیمتیازات و حقوق و مافی خۆی دەبێت، ئەوانە حەقە عقوبە بدرێن بە

گواستنەوە یان دەرکردن یان ئیعفا کردن یان هەر نەوعەکی دیکە بێت نەك خانەنشین، خاڵی یەکەمیان ئەگەر لە میلاك زیاد بوو رەنگە ئەتۆ پێویستت بە هێزێکی زیاتر بێت ئەوانە لە میلاك زیادن کەسانێك هەڵئەبژێری کە خانەنشین دەکرێن و جێی کەسانێکی دیکە دەگرنەوە، ئەوانەی کە بێ توانا و بێ ئیمکانیاتن کە دەرۆن مەفروزە ئیعفا بکرێن، ئەگەر روونکردنەوەکمان بدەنێ، زۆر سوپاس.

**بەرێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

سوپاس، لێژنەی پێشمەرگە تکایە وەڵامی ئەم بەرێزانە بدەنەوە.

**بەرێز شێردڵ عبدالله حەوێزی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لێرە کە باسی ئەوەی دەکەین کە دەڵێین ئیحالەی پێشمەرگە مەقصەدمان پێشمەرگە و ئەفسەریشە، کو دەڵێی عەسکەری بیلزەبت عەسکەریەکەمان دانایە، لەبەر ئەوە کە لەوێ ئەو باسی کرد کە گوتی لە شوێنێکی تر هاتیە، ئەوە ئەو کاتی لەوێ لە بۆ ئەفسەران هاتیە، لێرە  بۆ هەموویان هاتیە ئەفسەر و خۆبەخش، لەوێ تەنها بۆ خۆبەخش هاتیە صلاحیاتەکەی وەزیر بۆ خۆبەخشەکەیە، بەنیسبەتی زائد علی الملاك ئەوە ئیعتیادیە کە ملاك زیاد بوو یەعنی پێویستیان پێ نیە، بە نیسبەت ئەوەی دووەمیش ئەوە زەبت و رەبتی دەگرێتەوە، مبادئ پێشمەرگە چیە؟ مبادئ پێشمەرگە دیفاعە لە وەتەن، یەعنی ئەگەر یەکێك دیفاعی لەوەتەن نەکرد چی لێ دەکەی؟ دەبی تەقاعودی بکەین.

**بەرێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

بەرێز وەزیری پێشمەرگە فەرموو.

**بەرێز عمر عثمان ابراهیم/وەزیری پێشمەرگە:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مومکینە هەندەك لەو بابەتەی کە لێرە هاتبێ مومکینە ئەسلەن هەندەك ئیلتیزام نەکەن بە زەوابت و ئەوامرو تەعلیمات و بە ئەرکەکانی خۆیان هەڵنەستن، یان ئەسڵەن لە رێزی پێشمەرگایەتی نەمێنێ لەو حالەتەی مەبەستی ئەوەش دەگرێتەوە، ئەوجا دەبێ ئەو ئیجرائاتەی لەگەڵ بکرێت کە لێرە هاتووە.

**بەرێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

لێژنەی یاسایی ئاخر رەئیتان تکایە.

**بەرێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە راپۆرتی هاوبەشمان نووسیوە لەگەڵ لێژنەی پێشمەرگە، ئەو شتانەی کە تەسبیت کراینە ئەوە رەئی هەردووکمانە، لێژنەی یاسایی و لێژنەی پێشمەرگە.

**بەرێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

ئێستا وەکو هیچ گۆڕانکاریەك بەسەریان نەهات ئەیخەینە دەنگدانەوە وەکو بە کوردی و عەرەبی خوێندرایەوە و لێژنەی پێشمەرگەش تەئیدی کرد، کێ لەگەڵدایە با دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نیە؟ بە زۆرینەی دەنگ پەسند کران بۆ ماددەیەکی تر تکایە.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی بیست و حەوت: لەکاتی پێویست ولەبەر بەرژەوەندی گشتی، سەرۆکی هەرێم کە فەرماندەی گشتییە بۆی هەیە پێشمەرگە خانەنشین بکات و مافەکانی خانەنشینی پێ بدرێت بە پێی ساڵەکانی خزمەت ئەگەر ماوەی یاساییشی لەخزمەتی پێشمەرگایەتی بۆ خانەنشینی تەواو نەکردبێت.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة السابعة والعشرون: في حالة الضرورة و للمصلحة العامة، لرئيس الاقليم احالة البيشمركة على التقاعد ومنحه الحقوق التقاعدية ولو لم يكمل المدة القانونية للتقاعد كبيشمركة.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

بەڕێز کاك فرست موداخەلەیەکی هەیە.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرەئی من ئیحالە کردنی لەسەر تەقاعود بە سیفەت قائیدی عامە قائیدی گشتیە نەك بە سیفەت سەرۆکی هەرێم، مەفرووزە لێرە بەو شکلە بێت(في حالة الضرورة للقائد العام احالة البيشمركة على التقاعد)، چونکە لازمە خۆی بە سیفەتی عەسکەری ئیحالە بکرێت لەسەر تەقاعود نەك بە سیفەتی مەدەنی.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

بەڕێز جەنابی وەزیری پێشمەرگە.

**بەڕێز عمر عثمان ابراهیم/ وەزیری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ تەئیدی کاك فرست دەکەم قائدی عامە، بەس توخوا شتەکە تێپەڕی و دەنگ درا ئەو برایانە بەس من یەك تەوزیح دەدەمە ئەو فەقەرەی پێشتر کە دەڵێن لەبەر چی عقوبە دەدرێ بۆ تقاعد؟ دەبینی بیست ساڵە پێشمەرگە بووە (25) ساڵ پێشمەرگایەتی کردووە طردي کەی،عقوبەی کەی، ئیلتیزامیشی مایە، لەبەر ئەوەی یەکسەر تەقاعودی دەکەین و ئەو خزمەتەی لێ نەسووتێ، ئەو موقتەرەحەی تازەش من تەئیدی کاك فرست دەکەم.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

لێژنەی پێشمەرگە ڕەئیتان تکایە.

**بەرێز شێردڵ عبداللە حەوێزی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر ئەو ئیقتیراحەی کاك فرست ئەوها دابنێین کە قائدی عام بێ مەفرووزە ئەگەر بکرێ ئەوەشی بۆ زیادکەین (او من یخوله).

**بەرێز محمد قادر عبداللە(د.کمال کەرکووکی):**

لێژنەی یاسایی تکایە.

**بەرێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیارەکە زۆر چاکە، دەبی (او نائبە او من ینوب عنە)، چونکە لە ماددەی (13) لە قانوونی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان تەسبیت کرایە کە سەرۆکی هەرێم فەرماندەی گشتی هێزەکانی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستانی عیراقە و جێگرێکی هەیە، واتە لێرەش جێگرەکەی تەسبیت بکرێ باشە، (للقائد العام او نائبە).

**بەرێز محمد قادر عبداللە(د.کمال کەرکووکی):**

بەرێز کاك فرست فەرموو.

**بەرێز فرست احمد عبداللە:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نابێت دوو شخص نەفسی صلاحیەتی هەبێت، (او من یخوله) ئەبێت، بەس نائبە و قائد عام نابێت هەردووکیان نەفسی صلاحیاتیان هەبێت، قائد دەتوانێت صلاحیاتی خۆی بە نائب بدات لەو حالەتە ئەبێت، چونکە (تناقض)ەك و (تضارب)ەك دەبێت لە ممارەسەی صلاحیات .

**بەرێز محمد قادر عبداللە(د.کمال کەرکووکی):**

بەرێز وەزیری پێشمەرگە؟

**بەرێز عمر عثمان ابراهیم/وەزیری پێشمەرگە:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر وەکو کاکە فرست گوتی (او من یخوله)، یەعنی دوو کەس نابێ یەك صلاحیەتیان هەبێ، او من یخوله دەتوانێ یەکێك تەخویل بکات تا صلاحیەتی بداتێ.

**بەرێز محمد قادر عبداللە(د.کمال کەرکووکی):**

لێژنەی یاسایی فەرموو.

**بەرێز کریم بحری عبداللە:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی ئەوەی کە سەرۆکی هەرێم وەکو بە سیفەتی فەرماندەی گشتی کە تەخویلی دەکات وەکو جێگرەکەیتی بە پێی قانوونیش، بە پێی قانوونی ژمارە یەکیش لە سەرۆکایەتی، ئەوەی کە خۆی تەخویلی دەکات جێگرەکەیتی، جا ئیحتماله بڵێت نائبه او من یخوله، پێم وایە نەفسی شتە.

**بەرێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

ئەندامانی بەرێزانی پەرلەمانی کوردستان دیارە دوو بۆچوونی جیاواز هەیە لێرە، بۆیە لەسەر ئەو خاڵە ئەوەی ئەیەوێ قسە بکات ناویان بنووسن، رێزدار جمال قاسم فەرموو.

**بەرێز جمال محمد قاسم:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر وازیحە صلاحیاتی سەرۆك، هەمو ئەو صلاحیەتانەی کە هەیتی جێگرەکەی نیەتی، لەبەر ئەوە من تەئیدی لێژنەی پێشمەرگە و کاك فرست دەکەم، عادەتەن سەرۆك خۆی دەبێ ئیختیاری ئەو شەخصە بکات لەو کاتانە، ئینجا ئیحتماله خۆی جێگر ئیختیار دەکات، زۆر سوپاس.

**بەرێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

رێزدار کاك شێروان فەرموو.

**بەرێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی ئەگەر تەماشای نەصەکەی بکەین دەڵێ: للقائد العام، ئەوە اولاً نەصەکە خۆی جەوازیە قائد العام بۆی هەیە، یەعنی شتەکە وجوبی نیە، بۆی هەیە، بۆشی نیە، ئەمە یەك، دوو بەقەناعەتی من لێرە تخویلەکە زەرووەیە، او من یخوله ئیزافە بکرێ زەرووریە، لەبەر ئەوەی ئەگەر خۆی دەسەڵاتی بەکار هێنا ئەوە هێنای، ئەگەر نا تەخویلی نائیبەکەی خۆی دەکات یان تەخویلی کەسانی تر دەکات بۆ ممارەسە کردنی ئەو دەسەلاتە و، زۆر سوپاس.

**بەرێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

رێزدار کاك سەردار هرکی فەرموو.

**بەرێز سەردار صباح بوزو هەرکی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵلا من رەئیم لەگەڵ ئەوە دایە ئەو شتانە بە پێوەر و بە یاسا دەستنیشان بکرێت، یەعنی ئەو صلاحیاتە نەدرێت بە هیچ کەسێك نە فەرماندەی گشتی وە نە جێگرەکەشی، نازانم نوسخەی پێشتر باسی ئەوەی دەکرد کە ماوەی پێنج ساڵ خزمەتی هەبێ بەبێ دابڕان، ئەوانە مافی ئەوەیان هەبێ جۆرێك لەو پێوەرانەی تێدا بێت چاکترە، ئەوە یەك، دوو: ئێمە لە یاسای دەسەڵاتی دادوەری بۆ نموونە بەندێك هەبوو لە ئەسڵی ماددەکە لە (65)ساڵ بۆ زیادکردنەوەی سەرۆکی هەرێم ئەو صەلاحیەتەی هەبێ لاماندواە، ئێرەش هەر شتێکی مشابهە بە پێچەوانەوە ۆ ئەم کەمکردنەوەیە، بۆیە پێشنیار دەکەم لابردرێت و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

ڕێزدار كاك خورشید فەرموو.

**بەڕێز خورشید سلیم شێرە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە لە سەرەتای دانیشتنمان لەهەر مەسئولیەتێك، لە هەر وەزارەتێك كە داماناوە، جێگرەكان واجباتمان بۆ دانەناوە، رەئیسی دائیرە تەخویل كرایە ئەو صلاحیاتەی كە ئارەزوویتی بیداتە جێگرەكەی، لەبەر ئەوەی هیچ جێگرەك بۆی نیە هەتا جەنابیشت صلاحیاتت نیە ئەگەر رەئیسەكەت نەداتێ، لەبەر ئەوەی تەئیدی رەئی لێژنەی پێشمەرگەی دەكەم، رەئیسی هەرێم یان قائد قواتی مسلەحە صلاحیەتی هەبێ یان كێ تەخویل دەكات؟ واجبات بۆ هیچ نائبیك لەم پەرلەمانە دانەنرایە چ گچكە چ گەورە، زۆر سوپاس .

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

كاك ئیسماعیل فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەو مەسەلەیە بۆ ئەوەی نەبێتە مەسەلەیەكی حزبی، ئەوە هەمووی تەوافقاتە، خۆی پێشتر كە ئەو قانوونە داندرایە بەو شێوەی قانونی سەرۆكایەتی هەرێم داندرابوو، دوایی تەعدیلی قانوونەكە كرا بۆ جێگری، جێگر دەستنیشان كرا، لێرە هەتا ئێمە كە تەقدیری سەرۆكایەتی خۆمان دەكەین، سەرۆكەكانی ئێمە و هەموو سەرۆكەكانی دونیا لە هەموو حاڵەتەك دەسەڵاتی خۆیان بەكار دەهێنن، بەڵام بۆ ئەوەی مەسەلە حەساسیەتی پێ وەرنەگرین و نەبیتە مەسەلەی حیزبایەتی، كێ تەخویل دەكات، سەرۆكی هەرێم؟ ئەكید جێگرەكەی خۆی تەخویل دەكات، بۆ جێگر نەنووسرێت؟ بۆ بنووسرێت ئەو كەسەی كە دەسەڵاتی پێ دەدات، هەر یەكسەر بنووسرێت جێگرەكەی، ئەوە یەك، دوو ، بۆی هەیە پێشمەرگە خانەنشین بكات و مافەكانی خانەنشینی پێ بدرێت بە پێی ساڵانی خزمەت، تا ئێرە زۆر باشە، دوایی ئەڵێ ئەگەر ماوەی یاساییشی لە خزمەتی پێشمەرگایەتی بۆ خانەنشینی تەواو نەكردبێت، ئەوە پێم وایە ئەگەر تەواوی نەكردبێت بۆ دەسەڵاتیان پێ بدەین ئەو خەڵكە خانەنشین بكەن؟

بەڕاستی حەقە شتێكی صیحی بگرێتەوە لە هەر لایەنێك لەو لایەنانە، ئەگەر كەسەكە تەواو نەبێت یان لە لایەنی عەقلی بی یان بەدەنی بی یان جەستەیی بێ لەسەر ئەو مەسەلانە حەقی خۆیتی خانەنشینی بكات، بەڵام ئەگەر وا نەبی من پێم وایە وای لێبێ هەموو خەڵكی كوردستان خانەنشین دەكرێتن، با ئەو زەغتەش نەخەینە سەر سەرۆكایەتی هەرێم، بۆ وای لێبكرێت هەموو كەسێك چەند رۆژێك پێشمەرگایەتی كردبیت عەریزەیەكی بنووسێت بە واستە و واستەكاری برادەرەكانمان ئیحراج بكەین كاكە ئەوەش خانەنشین بكەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

بەڕێز كاك ئارێز.

**بەڕێز ئارێز عبد الله احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەو پرۆژە یاساییە بۆ حاڵەتێکی ئاسایی بەڕای من زۆر ئاساییە کە بڵێین سەرۆکی فەرماندەی گشتی دەسەڵاتی هەیە، بەڵام برادەرینە لەبیر نەکەن ئێمە ئێستا دوو هێزی سەرەکی پێشمەرگەمان هەیە، دوو وەزارەتی پێشمەرگەمان هەیە، بەڕاستی ئێمە تا ئێستا نەمانتوانیوە هێزی پێشمەرگە تێکەڵکەینەوە چۆن دەسەڵاتێك دەدەی بە لایەن، من مەبەستم شخص نیە، مەبەستم بە لایەنێکە، ئینجا لەوەش خراپتر کە باس لەوە دەکەین (من یخوله)، من پرسیارێك دەکەم، سبەی سەرۆکی فەرماندەی گشتی هێزی پێشمەرگە جێگرەکەی خۆی دانەنا ،دەسەڵاتی نەدا جێگرەکەی خۆی، دایە وەزیری پێشمەرگە، ئێ باشە لێرە ئیشکالەك دروست دەبێ، وە حەز دەکەم هەندێك حەقیقەتی بزانین، ئێمە لەو مەوزوعانەدا هەتا هێزی پێشمەرگە تێکەڵ نەکرێتەوە و هەتا هێزی پێشمەرگە یەك نەگرێتەوە و هەتا ئێمە کار لەسەر یەك هێزی پێشمەرگە نەکەین، ناتوانین هەموو شتەك بکەین، دوو هێزی پێشمەرگە هەیە، باشە، ئەڵێن بۆ بەرژەوەندی گشتی، من سبەینێ با وا قسە بکەین، فەرماندەی گشتی مەبەستم فەرماندەی گشتی ئێستا نیە، فەرماندەی گشتی یەکێ، چونکە ئێستا دوو هێزی پێشمەرگەمان هەیە، بڕیارێك درا لایەنگیرانی حزبێك ئەوەی هەموویان پێشمەرگە بووینە خانەنشین بکات لەبەر بەرژەوەندی گشتی، لەبەرژەوەندی گشتی چیە؟ بۆ ئەوەی یەك بۆچوون بمینێ لە هێزی پێشمەرگە، ئینجا لەبەر ئەوە حەز دەکەم ئەو حەقیقەتە بزانین ئێستا دوو هێزی سەرەکی هەیە، هێزی تریش هەیە، بەڵام دوو هێزی سەرەکی هەیە، یەکیان نەگرتووتەوە وە ئەو مەسەلە مەسەلەی تەوافقی نێوان دوو هێزی سەرەکیە لە پێناوی یەکگرتنەوە،پێویستە لەم مەسەلەیە موراعاتی جێگری فەرماندەی گشتی بکرێت لایەنی کەم لەو مەرحەلەیە، بەبێ ئەوەی ئێمە ناتوانین هێزی پێشمەرگەش یەك بکەینەوە، ئەوە یەك، دوو: ئەگەر ماوەی یاساییشی تەواو نەبێ، بەلامەوە سەیرە ئەگەر ماوەی یاسایی تەواو نەبێ، کەواتە عقوبەی بدە ئەگەر شاینی دەرکردنە دەری کە بۆ چی؟ خەلەلەك هەیە لە ماوەی یاسایی بۆ چی خانەنشینی بکات؟ ئێ سبەینێ کەواتە دەرگا دەکرێتەوە، هەر خەڵك بێنینە هێزی پێشمەرگە و هەر سەرۆك بۆی هەیە، وە هەر ئێمە خۆشمان باش دەزانین ئێمە عاتفین بە سەرۆکی هەرێمەوەش وە بە فەرماندەی گشتییەوە هەر تەقریری بۆ دەنووسین بۆ بەرژەوەندی گشتی ئەمە خانەنشین بکەن، بۆ بەرژەوەندی گشتی ئەوە لابردرێ، ڕەنگە تووشی وەزعەکی زۆر دەبین، لەبەر ئەوە بەڕاستی داواکارم لە برادەران و ئەندامانی پەرلەمان ئەو مەسەلەیان لەبەر چاو بێ، ئەو مەسەلەی مەسەلەیکی تەوافقیە تا یەکگرتنەوەی هێزی پێشمەرگە دەکات، دەبێ ئەم مەسەلەیەمان لەبەر چاو بیت وە ناکرێ ئێمە یەك لایەنە بریار بدەین، ئێمە لەگەڵ ئەوەینە سەرۆکی هێزی فەرماندەی گشتی دەسەڵاتەکەی جیاواز بێت لە جێگرەکەی، بەڵام هێزی پێشمەرگە ئەو وەختە یەك ناگرێتەوە، کە یەك نەگرێتەوە چی دەکەی؟ دوو هێزی پێشمەرگە دەمێنێتەوە هەتا هەتایی و کێشەمان بۆ دروست دەبێت، لەبەر ئەوە پێمان خۆشە ئەوەی ئێمە داوای دەکەین بۆ هاوکاری هێزی پێشمەرگەیە و بۆ زیاد کردنی دەسەڵاتی هێزی فەرماندەی گشتیە و سەرۆکی هەرێمە کە خۆی فەرماندەی گشتیە، بۆ ئەوەی نیە کە

عەرقەلە دروست بکەین، بەبێ ئەوە ئێمە ناتوانین دەسەڵاتەکانی هێزی فەرماندەی گشتی وەکو ئەوەی پێویستە وای لێبکەین، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

ڕێزدار کاک جووتیار فەرمووو.

**بەڕێز کریم مجید شریف(جوتیار):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەللاّ من پێم باشە ئەم ماددەیە بکرێتە دوو بڕگە، لە پرۆژەی یاساکەی پێشتردا ماددەکە وا نوسرابوو (هەر کەسێك لە پێش راپەڕیندا تاکو 1991/3/5 چووبێتە ریزی شۆڕش و بووبێتە پێشمەرگە و ساڵانی خزمەتی لە پێنج ساڵ کەمتر نەبێت، خزمەتەکەی دەگەینێتە (15) ساڵ و خانەنشین دەکرێت)، من پێم باشە ئەوە بڕگەیەکی بێت بەو شەرت و مەرجانەی کە دانراوە بێ مووچە بێت وە ئەو خزمەتە لێرە پێنج ساڵ نووسراوە من پێشنیارم وایە بکرێتە سێ ساڵ، پێم باشە ماددەی (27) بکرێتە دوو بڕگە، بڕگەیەکیان ئەوە بیت ئەو پێشمەرگە دێرینانە نەبەسترێنەوە بەوەی فەرماندەی گشتی خانەنشینیان ناکات، بە پێی یاسایەك لێرە دیاری بکرێت ئەوانەی پێش راپەڕین پێشمەرگە بوون و لێی دابڕان، پێنج ساڵ پێشمەرگە بووینە وە خزمەتیان بە بەردەوامی کردبێت، دژی شۆڕش نەبن وە لە کاتی پێشمەرگایەتییان تەمەنی (16) بووبێت، ئەمانە بە پێی قانوونێك خانەنشین بکرێن، بڕگەی (ا)، بڕگەی (ب)، پێم باشە لە کاتی پێویست و لەبەر بەرژەوەندی گشتی فەرماندەی گشتی بۆی هەیە بەڕاستی لەگەڵ جێگرەکەیدا خانەنشین بکات، ئەمە بۆ ئەو کەسانەی کە حەقی خانەنشینیان هەیە پێشمەرگایەتی زۆریان نیە، بەڵام حەقێکیان هەیە بەسەر کورد و بەسەر شۆڕش و ئەوانە بە ئەسبابی جیا جیا، حەقی خانەنشینیی یەعنی سەرۆکەکەی و جێگرەکەی حەقی خانەنشین کردنیان هەبێ، بۆیە جێگرەکەشی بەڕاستی لەو واقیعە سیاسیەی ئێستای ئەمڕۆی کوردستانی ئێمە، ئەو تەوافقە سیاسیانەی ئێستا لە ئارادا هەن، ئەکرێ بۆ ئەوەی تەوازنێك دروست بێت لێرە بەلایەنی کەم تا سەردەمێك تا ئەو کاتانەی وەزارەتی پێشمەرگە یەك ئەگرێتەوە وە کۆمەڵێك یاسا جێی خۆی ئەگرێت، وە بتوانێ کۆمەڵێك هەنگاوی تر بۆ تەسبیت کردن، بۆ جێگیر بوون، بۆ دڵنیا بوون لە نێوان خۆماندا دروست بکەین، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

ڕێزدار کاک د.ناصح.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە ئەسڵەن صیغەکەی خۆی لە هەمووی باشترە کە هاتووە، چونکە حاڵەتەکە حاڵەتی زەروورەتە، یەعنی کاتی بەرژەوەندی گشتیە نەك حاڵەتەکی تەبیعی بێت، کە مادام حاڵەتی زەرووریەت بێت وەزارەت ئەو پێشنیارە بەرز دەکاتەوە ولە سەرۆکایەتی موناقشەی لەسەر دەکات ئینجا بریاری لەسەر دەدات، بۆیە

**من پێموایە ئەسڵەن تەخویلی تێدا نەبێت ، هەر تەنها هی سەرۆکی هەرێم بێ باشترە، چونکە حاڵەتێکی زەروورەتە، نەك حاڵەتێکی تەبیعیە، لەگەڵ ڕێزو سوپاسمدا .**

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

**ڕێزدار کاك محمد احمد فەرموو.**

**بەڕێز محمد احمد صالح (دیلمان):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**من لەسەر ئەو مەسەلەیە لەگەڵ (من یخوله)، چونکە کە ماددەی (26) پێش ئەو ماددەیە هات نووسرابوو (القیاده العامه او من یخوله)، یەعنی پێش ئەو ماددەیەیە، دوو ، لە ماددەی (12) او من یخوله هەیە، ماددەی (7) نەفسی حاڵەتە و ماددەی (2) نەفسی حاڵەتە، ئەمن خاڵەکی دیکەم هەیە، بەڵام ئەوەی کە دەڵێتن (منحه الحقوق التقاعدیة ولو لم یکمل المدة القانونیة)، بە تەصوری من ئەوە دەبێتە متناقض لەگەڵ ماددەی تر کە دەڵێتن ئەوەی ماوەی قانوونی کە تکمله دەکات مکافەئەی دەدەینێ وەکو تقاعدی نین، ئەگەر چووینە ماددەی (28) کە دێین لەسەری بیلزەبت ئەوە دەڵێ ئەگەر کەمتر لە (15) ساڵ خدمەی هەبیت، ئەوە مکافەئەی دەبێت و حەقی تەقاعودی دەبێت لەبەر ئەوەی لێرە تناقض دروست دەبێت، باشترە ئەوەی لەگەڵ نەمێنێت، سوپاس.**

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

**ڕێزدار کاك محمد صالح.**

**بەڕێز محمد صالح اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**وەکو کاك شێروان ئیشارەتی پێدا ئەوە حاڵەتێکی طارئە، حاڵەتێکی عام نیە بۆ هەموو کەسێك، د.ناصحیش ئیشارەتی پێدا، بۆیە من پێم چاکە او (من یخوله)، لەبەر ئەوەی کە کاك (فرست)یش گووتی، ناکرێ بە حەقیقەت لەرووی سیاقی ئوسولیەتەوە دوو شخص لە عەینی موقع، عەینی صلاحیەتیان هەبێ، بەڵام ئەکید شخصی یەکەم مومکین نیە ئەگەر جێگرەکی هەبێت ئەو صلاحیەتەی هەبێت بیدا بە شخصی سێەم و چوارەم من باب الاولی بیدات بە جێگرەکەی خۆی زۆر تەبیعیە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

**ڕێزدار کاك محمد حاجی محمود فەرموو.**

**بەڕێز محمد حاجی محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**لە خاڵی یەکەم بەڕاستی من دوو مولاحەزەم هەیە، خاڵی یەکەمیان وەکو ئەوەی کە باسی دەکرێت لە هەردوو لا کە قسە دەکرێت ئەڵێن دەسەڵاتی قائد القوات، لایەك دیفاعی لێ ئەکات وا ئەزانێ هەتا هەتایە**

هەر ئەو قائد القواتە، لایەکی تر دیفاع لە ئەوەی تر دەکات، ئیتر نازانم یەعنی ئەوە خۆشیان هەردوو لا ئەڵێن ئەوە مەسەلەی ئیتیفاقە لە نێوان هەردوو لا کراوە، باسی هەردوولا ئەکەن، ئێمەش پێشمەرگەمان هەیە تا ئێستا باس نەکرایە، من لەسەر خاڵەکەی تر هێنم هەیە لەسەر ئەوەی کە ئەڵێن مودەی قانوونی ئەوەی ئەو هەڤاڵانەش باسیان کرد لەسەر مودەی قانوونی ئێمە خۆمان لێرە قانوونەکە دائەرێژین، قانوونێکی تر لێرە ئەچین خۆمان موخالەفەی دەکەین، ئەڵێن بۆی هەیە (12)ساڵی بۆ بکات بە (15) یان (13) بۆ بکات بە ئەوەندە، یەعنی خۆی بۆ خۆی موخالفی قانوونەکەی پێشووە لە لایەك، لە لایەکی تر ئەوەیە ئەو کاتی واستە و واستەکاری بەریز ئەوەستێت، لەوانەیە فەوجێکی پێ دروست کات نەك هەر هێنەکە، من ئەو مولاحەزەم هەیە، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

ڕێزدار د.رمضان فەرموو.

**بەڕێز د.رمضان عبدالرحمان رضا محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە باسی ئەو کەسانە دەکەین کە ئیحالەی تقاعد بکرێن، بەڵام ئێمە پێشتر باسی ئەوانەمان کرد کە ئینتیدابە، ئەوەی کە ماوەی قانوونی تەواو نەکردووە لە ریزەکانی پێشمەرگەدا ، نامانەوی ئیش بکەن دەبێ ئینتیداب بکرێت، تاکو مودەی قانوونی ئیش کردن دەکات، دووش، ئێمە بەرەو بنیاتنانی دەوڵەتی موئەسەسات دەڕۆین، لە دەوڵەتی موئەسەساتدا مەفرۆزە دانانی پێشمەرگە و دەرەجە دانانی ناو هێزی پێشمەرگە بە پێی پێویستی بێت نەك وەکو ئێستا، بە زروفێکی تاریك کۆمەڵێکی زۆر تەعین کەین و دوایی نەزانین چیان لێ بکەین؟ دوای ساڵێك یان دوو ساڵ بڵێین بە پێی بەرژەوەندی گشتی هەموویان تەقاعود کردن، کێشەی ئێمە لە بودجەدا هەیە، کێشەی ئێمە لە هەڵاوسانی ژمارەی زۆری کارمەند و موزەفدا هەیە، دیسانەوە وەکو ئەو کێشەی بۆ ململانەی حیزبایەتی و رازی کردنی خەڵکدا کردوومانە تا دە ساڵی دیکەش لێی نەجاتمان نابێ بۆ خۆمان بخەینە ئەو کێشەیە؟ بەرەو دەوڵەتی موئەسەسات دەروێن و موئەسەساتیش یاسا بەرێوەی دەبات، میزاج بەرێوەی نابات، مەفرۆزە یاسا سەروەر بێت لەسەرووی هەموو دەسەڵاتەکانەوە بێت، ئێمە شەرت نیە خەڵك تەقاعود بکەین، دوو قانوون هەیە قانوونی خدمەی مەدەنی و قانوونی خدمەی عەسکەری هەیە مەفرووزە ئیش بەو دوو قانوونە بکرێت بۆ هەموو فەردەکان و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

ڕێزدار کاك احسان فەرموو.

**بەڕێز احسان عبد الله قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕای من د. ناصح ئیشارەتێکی باشی لێدایە گوتیە ڤ (حالة الضرورة)، کە حالەتی زەرووریە ئەوە سەلاحیەتەکە بە پێی قانوون بە سەرۆکی دایە، کە سەرۆك حازر نیە بە پێی یاسای سەرۆکایەتی بە جێگرەکەی دایە، صلاحیەتی هەیە ئەو ئیشە دەکات لەبەر ئەوە پێویست ناکات جارێکی تر هیچ تەخویلێك یان سەلاحیەتێك بدرێتە یەکێکی تر، سەرۆك سەلاحیەتێکی تایبەتە بۆ حاڵەتێکی طارئە حاڵەتێکی زەروریە بۆ بەرژەوەندی گشتی ئەو حاڵەتە لەوانەیە حاڵەتێك دێتە پێش پێشمەرگەك نەخۆش دەبێتن وەزعەکی نالەبارە لەوێ بە کت و پڕی ئەو سەلاحیەتە بە کێ بدرێ تەقاعودی بکات؟ ئەوە قائدالعام لەوێە قائدالعام لەوێ نەبێت بە پێی یاسای سەرۆکایەتی جێگرەکەی لەوێە کەس بە حالەتی زەروورە بە تەصوری من صلاحیاتی حالاتی زەروریە کە تۆ دەدەیە یەکێك بەلەبالترین کەس لە کوردستاندا بە کەسی تر ناچێتن تەنیا با ئەو دەبێتن، ئەگەر هەر مەبەست ئەمەیە با هەر کەس ببیتن لە جێگای خۆی و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

کوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێش ئەوەی ڕەئیەکەی خۆم بدەم حەز دەکەم یەك روون کردنەوە بدەم، یەعنی حەقە برادەرانی لیستی زەرد وا نەزانن هەتا دنیا دنیایە سەرۆکی هەرێم پارتیە، ئێمەش برادەرانی لیستی سەوز وا تەصور نەکەین هەتا دنیا دنیایە جێگری سەرۆکی هەرێم هەر یەکێتی یە وە حەقیش نیە کەس حەساسیەتی بەوەی هەبێت کە ناوی جێگری سەرۆکی هەرێم لەگەڵ سەرۆکی هەرێم بێت، لەگەڵ ئەوەی زۆر دڵنیام ئێستا لەم قۆناغەدا لەگەڵ ئەوەی ئیتیفاقیەی ستراتیجیمان هەیە، ئەگەر جەنابی سەرۆك صەڵاحیەت بەهەر کەسێ تەخویل بکات ئەبی جێگرەکەی تەخویل بکات، دڵنیام لەوەی یەکسەر ئەوی تەخویل دەکات، بەڵام من ڕەئیەکەم ئەوەیە کە ئەو ماددەیە هەر پێویست نیە لایبەرین و، ئەگەر ماشەوە جێگرەکەی بنووسرێت، چونکە کە ئەڵێن ئەوەی کە تەخویلی دەکات کەواتە بۆی هەیە کەسی سێیەم تەخویل بکات مەجالی ئەدەین تەخویلی سێیەم بکات، بە پێی یاسای پێشووی سەرۆکایەتی هەرێم جێگرەکەی جێگری فەرماندەی گشتیە لەبەر ئەوە پێویستە جێگرەکەی ئەو صلاحیەتەی هەبێت، نەك ئەوەی تەخویلی دەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

لێژنەی یاسایی ئاخر ڕەئیتان تکایە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری قسەکانی کاك اسماعیل دەکەم لەگەڵ کوێستان خان بە تایبەتی ماددەی(13) لە قانوونی سەرۆکایەتی هەرێم بە وازحی ئیشارەتی بەوەی دەدات کە سەرۆکی هەرێم جێگرەکی هەیە، جێگرەکەی بەو کارانە هەڵدەستێ کە سەرۆکی هەرێم تەکلیفی دەکات، واتە ئەگەر لێرەش ئیزافەی بکەن شتێکی زۆر تەبیعیە، نەسەقەکی دەدەینە قانوونەکانی خۆمان، قانوونی خدمەی تقاعدی پێشمەرگە و قانوونی سەرۆکایەتی هەرێمیش، ئەمری واقیعیش ئەوهایە ئێستا لە کوردستان وا تەسبیت کرایە.

**بەڕێز محمد قادر عبداللە(د.کمال کەرکووکی):**

لێژنەی یاسایی کەرەم کە کاك کەریم.

**بەڕێز کریم بحری عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی ئێمە پێمان وایە لە لێژنەی یاسایی بڵێین فەرماندەی گشتی او ما یخول نائبە، مەسەلەکە کۆتایی پێ دێت.

**بەڕێز محمد قادر عبداللە(د.کمال کەرکووکی):**

وەزیری پێشمەرگە تکایە.

**بەڕێز عمر عثمان ابراهیم/وەزیری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەبعەن برادەران لێرە خەریکە بیخەنە قاڵبێکی سیاسی و بوونی فیفتی فیفتی لێ بکەن، تەبعەن ئەوە شتێکی خراپە، جارێ ئەو قانوونە پاش دیراسەتێکی باش بردیتمانە حزووری جەنابی سەرۆکایەتی هەرێم بە هەموو هەیئەتەکەوە دانیشتین، شخصی کاك کۆسرەتیش لەوێ بووە و کاك شێخ جەعفریش لەوێ بووە، برادەران بە هەمووومان دانیشتین موناقەشەمان کرد، پاشان دایتمانە سەرۆکی حکومەت بە هەموو تەرکیبە و تەشکیلەیەوە تەماشایان کردووە لەگەڵ لایەنی یاسایی دووبارە، ئەوجا هاتین ئێمە لەگەڵ لێژنەی یاسایی ئەنجومەنی بەرێز و بەرێز لێژنەی عەسکەری پەرلەمان، پاشان ئێمە دووبارە دین موناقەشەی دەکەین ئەگەر ئەوە خەلەلەکی تێدا با هەر لەوێندەرێ رانەدەوەستا، لەبەر ئەوەی ئەو من یخولە زۆر لە جێی خۆیتی، لەوێش قبوول کرا و زۆر بە تەبیعی بمانەوێ و نەمانەوێ ئیستیسنائیشە نە هەموو جار روو دەدات، وەختی زەرووریات یان کە بە خۆی سەفەرەك دەکات لە حاڵەتێکی مەشغوڵی دابێت ئۆتۆماتیکی جێگرەکەی ئەو ئیشە دەکات، ئەوە هەموو رۆژێش نایەتە پێش، مومکینە هەر رووش نەدات، یان بە چەند ساڵێك جارێك روو بدات، بۆیە پێویست بەو هەموو موناقەشەی ناکات، لەوێدا هاتیە بەو هەموو فلتەرانە، پاشان گەیشتە ئێرە، بۆیە دەمەوێ وەکو خۆی بمێنێتەوە او من یخولە ئیزافە بکرێت جێی خۆیتی و زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبداللە(د.کمال کرکووکی):**

لێژنەی پێشمەرگە تکایە.

**بەڕێز شێردڵ عبدالله حەوێزی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

خۆی ئێمە ئیستیسنائیاتمان زۆر هەیە، یەعنی زرووفەكەی ئێمە لە هیچ شوێنێكدا تكرار نەبوویتەوە، بەڕاستی هەردوو وەزارەتیش ئەوەیان هینایە، ئیحتیماله ئەوان خۆیان بەلگەی دیكەیان هەبێ، بۆیە ئەو خاڵەیان هێنایە، من لەسەر ئەوەی من ینوبە او من یخوله ئەوە پەرلەمان موافەقەی لەسەر دەكات، لەبەر ئەوەی بۆقائدی عام رەئی لەسەر دەدا، بەلاّم لێرە كە دەڵێین دوو سنوور داندرایە دەڵێن حاڵەتی زەروری و مەصلەحەت نە قائدی عام و نە جێگری قائدی عام ئەوها بە سەهلی خەڵك تەقاعود ناكەن، اولا مەسئولیەتێكی گەورەیان لەسەر شانە، دوایی بودجە تەحدیدیان دەكات میلاك تەحدیدیان دەكات، خۆ ئێمە ئەوها قسە دەكەین، یەعنی هەموو كەسێ دەكەینە پێشمەرگە و هەموو كەسیش تەقاعود دەكەین شتی وا نابێ، ئێستا ئێمە بە ژمارە محدودین هەتا ئێستا لەگەڵ حكومەت پێك نەهاتین، بە پارە مەحدودین، ناكرێ، ئێمە هیچ كەسێك لێمان قبوول ناكات، ئەوجا لێرە دێنە سەر ئەوەی كە نووسرایە( و لو لم یكمل المدة القانونیة في الخدمة العسكریة)، نازانم ئەوەیان كێ لێمان قبوول دەكات، ئەو ئیستیسنائیە، ئەوە چونكە لێرە دەڵێ خدمەكەی تەواو نەكردیە، ئەوە لێژنەی قانونی نازانم چۆن؟ لەولاتر نازانم چۆن لێمان قبوول دەكەن؟

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

لێژنەی یاسایی كەرەم كە.

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێم وایە لە رووی قانوونیەوە فەرماندەی گشتی و هێزی پێشمەرگەی كوردستان كە صلاحیەتی ئەوەی هەیە ئەو شەخصانەی دابمەزرێنێت بۆشی هەیە ئیحالەشیان بكات بۆ تەقاعود پێویست ناكات ئەو ماددەیە، پێم وایە تەحصیل حاصلە لێرە هەر زیادیشە، زیاد نەكرێت و ئیلغای بكرێت، من وا پێشنیار دەكەم وەكو شخصی، پێشنیار دەكەم لێرە هەر ذكر نەكرێت، ئەگەر ذكریش بكرێت بەڕاستی دەبێ رچاوی واقیعی ئەمرۆی كوردستان بكرێت، ئەو پرۆژە یاسایە بۆ یەكگرتنەوەی دوو هێزی پێشمەرگە كوردستانە وەكو كاك ئارێز ئاماژەی پێدا بۆیە ئەو واقیعە دەبێ رچاو بكرێت، وە بۆ ئەوەی هێزی پێشمەرگە بگریتەوە دەبێ ئێمە نائب لەگەڵ سەرۆكی فەرماندەی گشتی پێكەوە ئەو صەلاحیەتەیان بدەینێ و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

لێژنەی پێشمەرگە و لێژنەی یاسایی تكایە رەئیتان بكەنە یەك، صیغەیەكمان بدەنێ بۆ ئەوەی عەرزی پەرلەمانی بكەین، وەكو لێژنەی یاسایی ئەتوانن لێرە قسە بكەن لەسەر مێزەكە تكایە.

**بەڕێز عبدالكریم ابو بكر مصطفی:**

**بەرێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**المادة السابعة و العشرون:في حالة الضرورة و للمصلحة العامة للقائد العام احالة البيشمركة على التقاعد او تخويل نائبه بذلك.و منحه الحقوق التقاعدية و لو لم يكمل المدة القانونية في الخدمة كبيشمركة.**

**بەرێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

**نوقتەی نیزامی كاك سەردار.**

**بەرێز سەردار صباح بوزو هەركی:**

**بەرێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**پێشنیارێك هەبوو بە ئیلغا كردنی ماددەكە، ئەو پێشنیارە ئەگەر سەر بگرێت نەسفی پێشنیارەكانی تر هەر هەمووی دەكات، بۆیە وە پێشتریش لە قانوونەكان وامان كردووە پێشنیاری ئیلغا ئەوە لە پێش هەموویان طرح دەكرێت، سوپاس.**

**بەرێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

**پێشنیاری ئیلغا ئەخرێتە پێشەوە بۆیە ئیلغای ماددەكە ئەخەینە دەنگدان، كێ لەگەڵێدایە با دەستی بەرزبكاتەوە؟ سێ كەس لەگەڵ ئەوەیە كە ئیلغا بكرێت. كێ لەگەڵ ئەوەی دایە كە ئیلغا نەكرێت؟ ئیلغا كرا ماددەكە بە زۆرینەوە دەنگ، زۆر سوپاس.**

**بەرێز كریم بحری عبدالله:**

**بەرێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**بەشی دووەم**

**مافەكانی خانەنشینی**

**ماددەی بیست و هەشت كە دەكاتە ماددەی بیست و حەوت:**

**1-پێشمەرگە مافی هەیە داوای خانەنشینی بكات، ئەگەر خزمەتی لە(15)ساڵ كەمتر نەبێت بە مەرجێك كاتی خانەنشین كردنی ناوی هەبێت لە پێكهاتەكانی هێزی پێشمەرگەی كوردستان وەزیری پێشمەرگە رەزامەندی بدات.**

**2-ئەگەر پێشمەرگە خانەنشین كرا، بەڵام خزمەتی پێشمەرگایەتی لە (15) ساڵ كەمتر بوو بەرێژەی 200٪ مووچەی تەواو پاداشتی بۆ سەرف دەكرێت لە بەرامبەر هەر ساڵێك لە ساڵانی خزمەتی.**

**بەرێز عبدالكريم ابو بكر مصطفى:**

**بەرێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**القسم الثاني**

**حقوق التقاعد**

**المادة الثامنة و العشرون:**

**1-للبيشمركة طلب احالته على التقاعد اذا كانت خدمته لا تقل عن (15) سنة على ان يكون مسجلآ في صفوف قوات البيشمركة و بموافقة وزير البيشمركة.**

**2- اذا احيل البيشمركة على التقاعد و كانت خدمته تقل عن(15) سنة. تصرف له مكافأة بنسبة 200٪ من اخر راتبه مقابل كل سنة من سنوات خدمته.**

**بەڕێز شێردل عبداللە حەوێزی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە لەگەڵ ماددەکەین.

**بەڕێز محمد قادر عبداللە(د.کمال کەرکووکی):**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ئەوەی ئەیەوێ موداخلە بکات ناوی بنووسیت، کاک غفور مەخموری فەرمووو.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ئەم ماددەیە کە دەڵێ ئەگەر پێشمەرگە خزمەتی (15) ساڵی هەبیت وە ناوی هەبێت لە پێکهاتەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، لێرەدا ئێمە هەموومان دەزانین بەڕاستی ئەوەی کە تا ئێستاکە دوو موئەسەسەی گەورە، موئەسەسەی پارتی دیموکراتی کوردستان و موئەسەسەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، ئەوانە هێزی پێشمەرگەن کە دەمج کرابی لە وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە ناویان هەیە، ئەی پێشمەرگەی هێز و لایەنەکانی تری کوردستان کە هیچیان لە ضمني ئەو وەزارەتەدا نین؟ بەڕاستی لە ضمني حیزبەکانمان تا ئێستا هەر چەندە لە دوای رووخانی سەددام بەشێك لە حیزبەکان چەك و تەقەمەنی خۆشیان داوە حکومەتی کوردستان و هێزی پێشمەرگەی خۆشیان هەڵوەشاندەوە، بەڵام بەشێکی زۆریشیان تا ئێستا مانەتەوە لە ضمني پاراستنی بارەگاکانی حیزبەکانیان، بەشێکیان زێرەڤانین و بەشێکیان لەسەر حیزبەکەن، ئایا مەشمولن بەو ماددەیە یاخود مەشمووڵ نینە؟ ئەگەر مەشمووڵ نینە بەو یاسایە رێگە چارە چیە بۆ چارەسەر کردنی ئەم کێشەیە؟ لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز محمد قادر عبداللە(د.کمال کەرکووکی):**

رێزدار کاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەللا من تەوزیحەکم هەیە، ئێمە وەکو سەرۆکی فراکسیۆن (15) ساڵە لەو پەرلەمانە و کاك فرست شاهیدە، هەر جارێك دەستمان هەڵگرتبێت سەرۆکایەتی ئیزنی بە ئێمە دایە، لۆیە ئیزن نەدانێکی سەرۆکایەتی بۆ ئێمە بە شتێکی سروشتی نازانین، رجا دەکەم لەمەو دوا سەرۆك فراکسیۆنەکان مەجالیان

بدێ تەوزیحاتیان هەیە، دەیانەوێ مەوزوعەکان شی بکەنەوە بەو شکلە دەست هەڵگرین و مەجالمان پێ نەدەن ئێمە ناتوانین بەردەوام بین بەڕاستی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

ڕێزدار کاک سەردار هەرکی.

**بەڕێز سەردار صباح بوزو هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تێبینیم نیە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر مصطفى معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من داوا دەکەم دوای بڕگەی یەك بڕگەیەکی دی بۆ زیاد بکەین ئەگەر کاك شێردل موافەقەت بکات، ئەوە بڕگەیەك زیاد بکات پێشمەرگە مافی هەبێت داوای خانەنشینی بکات ئەگەر تووشی نەخۆشی درێژ خایەن بوو بە هۆی کارەکەیەوە، چونکە ئەو پێشمەرگەیەمان هەیە، بکرێتە بڕگەی دوو.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

ڕێزدار کاك جوتیار فەرموو.

**بەڕێز کریم مجید شریف(جووتیار):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەللا من پرسیارێکم لە کاك شێردڵ هەیە، لە چ شوێنێکدا شوێنی ئەو پێشمەرگانە دەکرێتەوە کە خانەنشین کراون کە پێش 1991/3/5 پێشمەرگە بوون،ببوورن.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

سەرۆکی فراکسیۆنەکان کە قسە دەکەن ناوی خۆتان بنووسن، ئەوەی ناوی نووسی و قەتعمان کرد دوایی ڕێگەی نادەمێ داوای لێبوردن دەکەم، ناوتان تۆمار بکەن بۆتان تکرار دەکەینەوە وە ئەگەر تەوزیحتان هەبوو ئا، بەڵام ئەگەر لە بیدایەت نەتانویست هیچ قسەیەك بکەن ئەوە گوناحی لە مل خۆتانە، لێژنەی پێشمەرگە تکایە.

**بەڕێز شێردڵ عبدالله حەوێزی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من وەکو پێم وتی، ئێمە تەجروبەکی زۆر ئیستیسنائیمان هەیە، شتی زۆر هینمان هەیە کە جارجارە ئەوانەی لێشی دا دەژین زۆر جار تووشی ئیشتیباه دەبن، ئێمە پێشمەرگەمان هەیە، پێشمەرگەی پێش ڕاپەرین و دوای ڕاپەرینمان هەیە، ئێستا پێشمەرگەمان هەیە و حرس الاقلیمان هەیە، تەعیناتی پێشمەرگەی ئێستا بە جۆرێکە، ئی پێشتر بە جۆرێکە، ئەوە ئەو پێشمەرگانە دوو جۆرمان هەیە، ئەو پێشمەرگانەی کە ئێستا پێشمەرگەنە کە پێشمەرگەی پێش ئەیلوول نین بەو شێوەیە دەبێ، ئەوە لە هەموو دونیا ئەوهایە، یەعنی ئەوە خۆی خدمەکەی دەبی(15)ساڵی تەواو کردبێت ئەوجا تەقاعود بێت لە (15)

ساڵ کەمتر بێت تەقاعود نابی، بەڵام ئەگەر (14) ساڵ و شەش مانگ بێت وەزیر دەتوانی شەش مانگی بداتێ، هەندێ شتی ئیستسنائیشمان کردیە بۆ ئەوەی هەندێ کەس حەقیان نەڕوات، بەڵام ئەگەر بچینە ماددەیەکی دی لە ماددەی بەولا و بەدوایی دەگەینە ئەحکامی موتەفەریقە حیسابەکمان بۆ ئەو پێشمەرگانە کردیە کە مودەتەکەیان کەمە، پێشمەرگە یەعنی ئەو کاتە حیزبەکانیش ئەوەکانی خۆیان مورەشەح دەکەن و دەیانێرن لەسەر سیقەی حیزبەکانیان لە وەزارەتی پێشمەرگە بۆیان دەکرێ، ئەوانە دامانایە کە مودەتەکە زۆر کەمە، بەڵکە ئەگەر ئەوەی سەرۆکەکەتان لابرد مودەتەکەی کەمتریش کەینەوە لە بۆ ئەوەی حەقی زۆر کەس نەخورێ وە ئێستاکە سەبر بگرن دەچینە سەر هەموو شتەکان، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

بەڕێز وەزیری پێشمەرگە فەرموو.

**بەڕێز عمر عثمان ابراهیم/وەزیری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵلا دەربارەی ئەو برایەی کە باسی حیزبەکانی تری کرد، من حەز دەکەم ئەوەی بزانن کە هەموو ئەحزابەکان زۆر جار ئیمتیازمان داینێ لە هەموو ئەوانەی کە بەشداری خەباتیان کردیە لە پێشتر، بەس ئەو یاسایە بۆ لێرە بەسەروەتر هەر بۆ وانیش دەرگا کراوەتەوە بەتەنیا پارتی و یەکێتی نیە و تەحەزوبیشی تێدا نیە، هەموو دانیشتووانی خەڵکی کوردستانە، ئیلا ئەوانەی ئیرهابی بن، ئیلا ئەوانەی کە لە شرووتی وەرگرتنی پێشمەرگە شرروتیان تێدا نەبێ وەرناگیرێ، حەز ناکەم ئەو فەرق و جیاوازیە وا سەیر بکرێ کە وا ئەو دوو حیزبە بەتەنیا پێشمەرگەی خۆیان هەیە و تەقاعودیان دەکەن، ئەمە نیە و ئێستاش کە هەن ئەوە ئەحزابەکانی تری کە لەگەڵمانن ئێستا لە پەرلەمان بەشداریان کردووە، لە حکومەت بەشداریان کردووە لە ئیمتیازات لە وەزارەتی پێشمەرگە هەیانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

کاك شێردڵ فەرموو:

**بەڕێز شێردڵ عبدالله حەوێزی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە نیسبەت جوابەکەی کاك شێخ جعفر، ئەوەی کە نەخۆش بێ هەر خۆی لە لجنەی طبي خۆی داوا ناکات، لیجنەی طبي خۆی ئیحالەی تەقاعودی دەکات، هەتا مودەتەکەی زۆر کەمتریش بیت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

لێژنەی یاسایی ئاخر موداخەلەتان تکایە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وا بزانم گفتو و گۆیەکە زۆر تێر و تەسەل بوو، داوا دەکەین بدرێتە دەنگدان و زۆر سوپاس.

**بەرێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

ماددەکە وەکو خۆی دووبارە بخوێننەوە بۆ ئەوەی بدرێتە دەنگدان، زۆر سوپاس.

**بەرێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**القسم الثاني**

**حقوق التقاعد**

**المادة التاسعة والعشرون:**

1-للبيشمركة طلب احالته على التقاعد اذا كانت خدمته لا تقل عن (15) سنة على ان يكون مسجلآ في صفوف قوات البيشمركة وبموافقة وزير البيشمركة.

2- اذا احيل البيشمركة على التقاعد وكانت خدمته تقل عن(15) سنة. تصرف له مكافأة بنسبة 200٪ من اخر راتبه مقابل كل سنة من سنوات خدمته.

**بەرێز کریم بحری عبدالله:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بەشی دووەم**

**مافەکانی خانەنشینی**

**ماددەی بیست و نۆ:**

1-پێشمەرگە مافی هەیە داوای خانەنشینی بکات، ئەگەر خزمەتی لە(15) ساڵ کەمتر نەبێت بە مەرجێك کاتی خانەنشین کردنی ناوی هەبێت لە پێکهاتەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان وەزیری پێشمەرگە رەزامەندی بدات.

2-ئەگەر پێشمەرگە خانەنشین کرا، بەڵام خزمەتی پێشمەرگایەتی لە (15) ساڵ کەمتر بوو بەرێژەی 200 ٪ مووچەی تەواو پاداشتی بۆ سەرف دەکرێت لە بەرامبەر هەر ساڵێك لە ساڵانی خزمەتی .

**بەرێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

بەرێزان ئێستا وەکو ئەوەی بە کوردی و بە عەرەبی خوێندرایەوە، ماددەکە ئەخینە دەنگدان، کێ لەگەڵێتی تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نیە؟بە کۆی دەنگ وەرگیرا، تکایە بۆ ماددەیەکی تر.

**بەرێز کریم بحری عبدالله:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ماددەی بیست و نۆ:**

1-پێشمەرگە مافی هەیە داوای خانەنشینی بکات، ئەگەر خزمەتی لە (15)ساڵ کەمتر نەبێت بە مەرجێك لە کاتی خانەنشین کردنی ناوی هەبی لە پێکهاتەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەرەزامەندی وەزیری پێشمەرگە لەسەر بنەمای دوا مووچەی وەرگیراو یان مووچەی ئەو پایەی پێی خانەنشین کراوە، جارانی ژمارەی مانگەکانی ڕاژەی خانەنشینی دابەش لەسەر ژمارەی (260).

2-دەرماڵەی هاوسەر (50000) دینارە وە بۆ هەر منداڵێکیش (25000) دینارە تا پێنج منداڵ .

3-بۆ مەبەستی جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم ماددەیە هەر ماوەیەك لە ساڵێك کەمتر بێت بەیەك ساڵ و لە مانگێك کەمتر بیت بە یەك مانگ دادەنرێت.

4-ئەو مووچەی بە خانەنشین کراو دەدرێ لە هەموو بارێکدا نابێت لە دوا مووچەی تەواوی کاتی خزمەت کردنی تێپەر بێت.

**بەرێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة التاسعة والعشرون:

1-للبيشمركة ان يطلب احالته على التقاعد اذا لم تكن خدمته اقل من (15) سنة شريطة ان يكون اسمه مسجلآ في قوات بيشمركة كوردستان بموافقة وزير البيشمركة على اساس اخر راتب تقاضاه او راتب الرتبة التي احيل بموجبها على التقاعد مضروبآ بعدد اشهر خدمته التقاعدية مقسومآ على رقم (260).

2-تكون مخصصات الزوجية و الاطفال (50000) دينار للزوجة، و (25000) دينار لكل طفل لحد خمسة اطفال.

3-تعتبر لاغراض تنفيذ احكام الفقرة اولآ من هذه المادة كسر الشهر شهرآ كاملآ و كسر السنة سنة كاملة.

4-لا يتجاوز راتب التقاعدي في كل الاحوال الراتب الذي كان يتقاضاه اثناء الخدمة.

**بەرێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

لێژنەی پێشمەرگە تكایە فەرموون.

**بەرێز شێردڵ عبدالله حەوێزی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ ماددەکەین.

**بەرێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

بەرێزان ئەندامانی پەرلەمان ئەوەی دەیەوێ قسە بکات بەرپرسی فراکسیۆنەکانیش ئەوانەی ئەیانەوێ قسە بکەن ناویان بنووسن، قسەشیان نەبێ بۆیان تکرار دەکەینەوە، بەس ناویان نەبێتن داوای لێبوردن دەکەم دوای قسە کردنەکە داوا بکەن مەجالیان نادەمێ،ئێستا ئەو بەرێزانەی ئەیانەوێ قسە بکەن با ناویان بنووسن.کاك بکر فەرموو.

**بەرێز بکر فتاح حسين:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەڵبەتە جارەکەی دیش دەستم بەرز کردەوە، ئەوە نەبوو لەخۆمەوە، لەوە تێدەگەم کە ناوم نەنووسی نابێ قسە بکەین، بەڵام دەستم بەرز کردبووە، و دیار بوو نەتانزانی موشکیلەیەك نیە، بە نیسبەت ئەوە من تەنیا پرسیارێکی بەسیتم هەیە، برِگە سێیەم دەڵێ ( تعتبر لاغراض الفقرة الاولى من هذه المادة كسر الشهر شهرآ كاملآ)، مەسەلەن (12) ساڵ و دە رۆژ بە (13) ساڵ حیساب دەبێ؟چونکە کەسری مانگەکە دە رۆژە

ئەبێ بە مانگێك و كەسری ساڵەكە مانگێكە ئەبێ بە ساڵێك، تەحدیدی نەكردیە كەسرەكە چەندە لەساڵ، لە شەش مانگ كەمتر بێت، یان زیاتر بیت؟ یان لە مانگ لە (15)رۆژ زیاتر بێ یان كەمتر؟

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وەللا من لەسەر ساڵەكەی تێبینیم هەیە، حەق نیە موەزەف لە (15) ساڵ مافی هەبێ خۆی خانەنشین بكات و پێشمەرگەیەك لەو شاخانەیە ماندوونەناس شەو و رۆژ خزمەت دەكات عەینن وەكو موەزەفێكی ئیعتیادی مافی ئەوەی هەبێ كە خۆی خانەنشین بكات، من پێم وایە ماوەكە زۆرە، یەعنی ئەو (15) ساڵە كەم بكرێتەوە، یەعنی لە (12) ساڵیدا بتوانن و حەقی ئەوەی هەبێ خۆی خانەنشین بكات نەك لە(15) ساڵی، لەگەڵ رێز و سوپاسمدا.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

ڕێزدار كاك زانا فەرموو.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

تێبینیەكەی من لەسەر بڕگەی چوارەمە، كوردیەكە باش هاتیە، بەس لە عەرەبیەكەی دەبێ بڵێی (ان لا یتجاوز الراتب التقاعدي في كل الاحوال الراتب الاخیر) ، كەلیمەی ئەخیری نوقستانە .

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

بەڕێز كاك عبدالرحمن فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن احمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە بڕگەی چوار كە دەڵێ ئەو مووچەی بە خانەنشین دەدرێ نابێت لە دوا مووچەی تەواوی كاتی خزمەت كردنی زیاتر بێت، بەڵام لە یاسای خانەنشینی عیراقی لە ماددەی (31) بڕگەی دوو هاتووە دەڵێت: نابێت مووچەی خانەنشینی لە كۆی مووچە و موكافەئە و لە موخەصصات لە 80 ٪ زیاتر بێت تەنها بۆ شەهید نەبێ، ئەمە بە پێچەوانەی ئەو یاسایە نیە كە یاسایەكی مەدەنی و عەسكەریشن وە حصریشە بۆ هەموو عیراق، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

ڕێزدار لێژنەی پێشمەرگە كەرەم كە.

**بەڕێز شێردڵ عبدالله حەوێزی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەنیسبەتی كەسری ساڵ دیارە یەعنی بەرۆژ نیە كەسری ساڵ بە مانگە بەڕاستی وە وەزیریش خۆی دەسەڵاتی شەش مانگی هەیە، مەعنای وەیە لە بەینی شەش مانگ و لە بەینی چەند مانگێك جێبەجێ دەكرێ، كەسری مانگ رۆژە، ئێمە دەمانەوێ مانگەكە تەواو بكەین و ساڵەكەش بە شەش مانگ زیاتر تەواو بكەین نەك نیوەكەی كەمتر، بە نیسبەتی مودەكەی، ناكرێ كە مودەی قانوونی هەر (15) ساڵە لەوە كەمتر ناكرێ، بەڵام ئێمە لەبەر پێشمەرگە لە ماددەكی دێت ئێستا لە ئەحكامی موتەفەریقە لەوێ چارەمان كردیە، بە نیسبەتی ئەو سوئالەی لەسەر نیسبەتی مووچەكەی، خۆی نیسبەتی قانوونی ئەوەیە وە لە ساڵی(48)ەوە ئەو موعادەلە هاتیە، بەڵام تطوراتی بەسەر هاتیە و گەیشتووتە ئەو (260)، ئەوە لە بۆ ئەوەی داندرایە كە ئەو حیسابە كرایە كە مووچەی خانەنشینی ئینسانی عەسكەری یان پێشمەرگە زیاتر بێ لە ئێ مەدەنی وە بەوە زیاتریش دەبێ، ئەو نیسبەتە بەراستی نیسبەتێك بوو داینا ئەو نیسبەتە لە هیچ شوێنێك نیە لە 80٪ و 70٪ و شتی ئەوها، هەتا لە بۆ مەدەنیش شتی وا نیە، ئینجا ئێمە لە عەسكەری نامانەوێ ئەوها بێ بەو معادەلەی ئێمە لە بۆ پێشمەرگەش، پێشمەرگەی وا هەیە لە شۆڕشی ئەیلوولەوە تا ئێستا مودەتەكەی یەكجار زۆرە، یەعنی ئەگەر مادەكانی لە بۆ حیساب بكەین، ئەگەر ئەو شەرتەی ئاخیرمان دانەنابا كە نابێ لە مووچەی خۆی زیاتر بی، مووچەكەی مومكینە وەكو خۆی دەرچی، ئێمە پێمان خۆشە هەموو پێشمەرگەك مووچەكەی بەقەدەر مووچە ئاخیرەكەی دەرچێ، ئێمە خۆمان پێمان خۆشە لەبەر ئەوە ئێمە نیسبەی لە بۆ دانانێن لەبەر ئەوە ئەو معادەلەیە، معادەلەیەكی قانوونیە، عیراقیش خۆی وەزارەتی دیفاعی عیراق یاسایەكی ئەوهایان ئیقتراح كردیە لە ئەنجومەنی وەزیران موافەقەتیشی لەسەر كرایە و دایتیانە پەرلەمان و پەرلەمان تا ئێستا مەجالی نەبووە لەسەری دانیشی، ئەگەر پەرلەمان لەسەری دانیشێ ئی وانیش دەبێتە عەینی معادەلە، جا ئەگەر معادەلەی ئەو (260)ەش كەمتر نەكەنەوە، ئەگەر كەمیشیان كردەوە ئێمەش كەمی دەكەینەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

لێژنەی یاسایی تكایە.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بە نیسبەت ئیقتیراحەكەی كاك زانا، وا بزانم زۆر واریدە ئەگەر كەلیمەی ئەخیر ئیزافە بكرێت پاش في كل الاحوال الراتب الاخير لە فەقەرەی چارەم لە ماددەی بیست و نۆ.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز عمر عثمان ابراهیم/وەزیری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەس لێرە هاتووە بۆ ئاخر راتبەکەی کاکە بەس ئەوەی د.ناصح کە باسی کرد تەبعەن ماددەی (40) کە بخوێنیتەوە ئەو پێشمەرگانەی قەدیم ئەگەر پێنج ساڵ خزمەتیان هەبوو بەشەرتێك (15) ساڵ کەمتر خزمەتیان هەبوو ئەگەر پێنج ساڵ خزمەتیان هەبی لۆیان تەکمیلە دەکەین بۆ (15) ساڵ و تقاعد دەکرێن و ئەو ئیمتازەیان دەدرێتی، یەعنی فەرقی هەیە ئەو پێشمەرگانەی کە لە شاخ بووینە و لەگەڵ ئەوانەی کە تازە بووینە پێشمەرگە .

**بەرێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی)؛**

لێژنەی یاسایی ئەوەی راتبی ئەخیر تکایە تەوزیحی بکەن.

**بەرێز عونی کمال سعید بزاز؛**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة التاسعة والعشرون:

1-للبيشمركة ان يطلب احالته على التقاعد اذا لم تكن خدمته اقل من (15) سنة شريطة ان يكون اسمه مسجلاً في قوات بيشمركة كوردستان بموافقة وزير البيشمركة على اساس اخر راتب تقاضاه او راتب الرتبة التي احيل بموجبها على التقاعد مضروباً بعدد اشهر خدمته التقاعدية مقسوماً على رقم (260).

2-تكون مخصصات الزوجية و الاطفال (50000) دينار للزوجة، و (25000) دينار لكل طفل لحد خمسة اطفال.

3-تعتبر لاغراض تنفيذ احكام الفقرة اولاً من هذه المادة كسر الشهر شهراً كاملاً و كسر السنة سنة كاملة.

4-لا يتجاوزالراتب التقاعدي في كل الاحوال الراتب الاخير الذي كان يتقاضاه اثناء الخدمة.

**بەرێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی)؛**

بەرێزان ئێستا وەکو لێژنەی یاسایی خوێندیانەوە ئەو ئیزافەی ئاخر بۆ ئاخر راتب ئەخەینە دەنگدانەوە کێ لەگەڵدا تکایە دەستی بەرزبکاتەوە؟،سوپاس ، کێ لەگەڵدا نیە؟ بەکۆی دەنگ وەگیرا، تکایە بۆ ماددەیەکی تر .

**بەرێز کریم بحری عبدالله؛**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی سی:

1-ئەگەر پێشمەرگە خانەنشین کرا یان بە خانەنشین داندرا بەم جۆرەی خوارەوە پاداشتی کۆتایی ڕاژەی پێ دەدرێت:

ا- تەواوی مووچەی ساڵێك ئەگەر ڕاژەکەی بەر لە مێژووی 1991/3/5 لە (15) ساڵ کەمتر نەبوو.

ب-تەواوی مووچەی ساڵێکی ئەگەر ڕاژەی خانەنشین لە (20) ساڵ کەمتر نەبوو.

2-جگە لەوانەی لە هەردوو بڕگەی لاوەکی(ا،ب) بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیە هاتوون، پاداشتێك بە بڕی دوایین مووچەی شەش مانگی پێ دەدرێت.

**بەرێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

غەلەتەکی مەتبەعی لەو ماددەیەدا هاتیە، ئێستا مامۆستا کاکە دەیخوێنیتەوە بە چاکراوەکە .

**بەرێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثلاثون:

1-اذا احيل البيشمركة او اعتبر محالآ على التقاعد تصرف له مكافأة نهاية الخدمة كالاتي:

ا-راتبه الكامل لمدة سنة واحدة اذا كانت خدمته التقاعدية لا تقل عن (15) سنة قبل تأريخ 1991/3/5 .

ب- راتبه الكامل لمدة سنة واحدة اذا كانت خدمته لا تقل عن (20) سنة .

2-فيما عدا ما ورد في الفقرتين (ا و ب ) من اولآ اعلاه من هذه المادة تصرف للمحال على التقاعد مكافاة لمدة ستة اشهر من الخدمة للمتقاعد بقدر اخر راتب عندما كان في الخدمة .

**بەرێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

لێژنەی پێشمەرگە رەئیتان تکایە.

**بەرێز شێردڵ عبدالله حەوێزی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ ماددەکەین.

**بەرێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

کەس نیە، بۆیە ماددەکە ئەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵێدا نیە دەستی بەرزبکاتەوە، کێ لەگەڵدا نیە؟ بە کۆی دەنگ وەرگیرا، تکایە بۆ ماددەیەکی تر.

**بەرێز کریم بحری عبدالله:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی سی:ئەگەر پێشمەرگە یان خانەنشین کراو کۆچی دوایی کرد هەموو مافەکانی خانەنشینی و دەرماڵەکانی خێزانی و ئەو مافانەی کە لە خزمەتەکەیەوە شایستەی دەبێت، هەروەها لەم یاسایە دیاری کراوە بۆ پاشەنشینەکانی دەگوازرێتەوە.

**بەرێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

المادة الحادية الثلاثون: اذا توفي البيشمركة المتقاعد ينقل كافة الحقوق التقاعدية و المخصصات العائلية و الحقوق المستحقة من جراء خدماته الى خلفه مثل ماهو محدد في هذا القانون .

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

لێژنەی پێشمەرگە.

**بەڕێز شێردڵ عبدالله حەوێزی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە تێبینیمان لەسەری نیە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كركووكی):**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ئەو بەڕێزانەی ئەیانەوێتن موداخەلە بكەن، تكایە دەست بەرز كەن بۆ ناو نووسینیان،نیە، بۆیە وەكو خۆی ئەخرێتە دەنگدانەوە كێ لەگەڵە تكایە دەست بەرزبكاتەوە، زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نیە؟ بە كۆی دەنگ وەرگیرا، بۆ ماددەیەكی تر تكایە.

**بەڕێز كريم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی سی و دوو: مافەكانی خانەنشینی لە ڕۆژی دەست هەڵگرتن لە كار یان مردنەوە خەرج دەكرێت، ئەگەر داواكارییەكە لە میانەی سێ ساڵ دەركرا، بەڵام دوای ئەو ماوەیە لە ڕۆژی پێشكەش كردنی داواكە خەرج دەكرێت، مەگەر سەلمێنرا دەستی خۆی لە دواكەوتنەكە نەبووە.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة الثانية والثلاثون: تصرف الحقوق التقاعدية اعتباراً من تأريخ الانفكاك او الوفاة الا اذا تأخر الطلب اكثر من ثلاث سنوات فتصرف حينئذ من تأريخ تقديم الطلب ما لم يكن التأخير لعذر مشروع.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

لێژنەی پێشمەرگە تكایە.

**بەڕێز شیردل عبدالله حەوێزی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە تێبینیمان نیە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان كێ ئەیەوێ موداخەلە بكات؟نیە. بۆیە ماددەكە وەكو خۆی ئەخەینە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە با دەستی بەرزبكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نیە؟ بەكۆی دەنگ وەرگیرا بۆ ماددەی دواتر تكایە.

**بەڕێز كريم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی سی و سێ: ئەگەر خانەنشین کراو لە وەزیفەیەکی تر دامەزرا مافی هەیە لە نێوان مووچەی خانەنشینی و مووچەی وەزیفی کامیان بۆی باشترە یەکێکیان هەڵبژێریت.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

المادة الثالثة والثلاثون: اذا تعين المتقاعد في وظيفة اخرى فله الحق ان يختار بين راتبه التقاعدي وراتبه الوظيفي.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

لێژنەی پێشمەرگە تکایە؟

**بەڕێز شێردڵ عبدالله حەوێزی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە تێبینیمان نیە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان کێ ئەیەوێ موداخەلە بکات؟نیە. بۆیە ماددەکە وەکو خۆی ئەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە با دەستی بەرزبکاتەوە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نیە؟ بەکۆی دەنگ وەرگیرا بۆ ماددەی دواتر تکایە.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەشی سێیەم

بێ سەر و شوێن و دەست بەسەر کراو

ماددەی سی و چوار:

1-لە کاتی بێ سەر و شوێن بوون و دەست بەسەر بوون واتە حجز، پێشمەرگە مووچەکانی بەتەواوی بۆ ئەوانە خەرج دەکرێت کە واریسی شەرعین تا گەڕانەوەی یاخود سەلماندنی مردنی.ئەگەر سەلمێندرا لە کاتی خزمەت کردن بە هۆیەوە بووە.

2-مافەکانی خانەنشین دەدرێتە پاشەنشینی واتە (خلف)ی پێشمەرگەی بێ سەرو  شوێن یاخود دەست بەسەر لەم حاڵەتانەی خوارەوە:

ا- لە رۆژی سەلماندنی مردنی .

ب- دوای تێپەڕبوونی دوو ساڵ بەسەر بێ سەر و شوێن بوونی یاخود دەست بەسەر بوونی پێشمەرگە، ئەگەر سەلمێنرا کە لە ژیاندا ماوە.

ج-ئەوانەی خاڵەکانی (ا و ب) لە بڕگەی دووەم لەم ماددەیەدا دەیانگرێتەوە بە شەهید دەژمێردرێن و دەخرێنە سەر وەزارەتی شەهید و ئەنفالکراوەکان.

3-ئەگەر سەلمێنرا کە بێ سەر و شوێن یاخود دەست بەسەر بوونی پێشمەرگە بە هۆی کەم تەرخەمی و پابەند نەبوونی بە پرەنسیپەکانی پێشمەرگە بووە ئەوە خانەنشین دەکرێ و ئیجرائاتی یاسایی بەرامبەر دەکرێ.

4-ماوەی بێ سەرو شوێنی و دەست بەسەری بە خزمەت دەژمێردرێ جگە لەوەی لە خاڵی سێیەمی ئەم ماددەیە هاتووە.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**القسم الثالث**

**المفقود والمحتجز**

**المادة االرابعة والثلاثون:**

1-في حالة فقدان او احتجاز البيشمركة من جراء الخدمة او بسببها يصرف راتبه بصورة كاملة لورثته الشرعيين لحين عودته او ثبوت وفاته.

2-يمنح الحقوق التقاعدية الى خلف المفقود او المحتجز في الحالات التالية:

ا-يوم ثبوت وفاته.

ب-بعد مرور سنتين على فقدانه او احتجازه اذا ثبت وفاته.

ج-يعتبر الذين يشملهم الفقرتان (ا و ب) من هذه المادة شهيدآ و يتم الحاقهم بوزارة شؤون الشهداء و المؤنفلين.

3-اذا ثبت بان فقدان او احتجاز البيشمركة كان بسبب اهماله او عدم التزامه بمبادئ البيشمركة فيحال على التقاعد و تتخذ الاجراءات القانونية ضده.

4-تحتسب مدة فقدانه او احتجازه خدمة له باستثناء ما ورد في الفقرة الثالثة من هذه المادة.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال کەرکووکی):**

لێژنەی پێشمەرگە تکایە.

**بەڕێز شێردڵ عبدالله حەوێزی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە تێبینیمان نیە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال کەرکووکی):**

کاك فرست موداخەلەیەکی هەیە.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وا بزانم (من جراء الخدمة او بسببها)نەفسی مەفهومە، مەفروزە (اثناء الخدمة او بسببها)، ئەگەر متوەهم نەبم ئەوە غەلەتەکی مەتبەعیە،

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال کەرکووکی):**

لێژنەی قانوونی ڕەئیتان.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بزاز:**

**بەرێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

مولاحەزەكەی سكرتێری پەرلەمان لە جێی خۆیتی .

**بەرێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

بەرێزان ئەندامانی پەرلەمان یەك بەرێز دەیەوێ موداخەلە بكات، كاك رۆمیو فەرمووو.

**بەرێز رۆمیو حزیران نیسان:**

**بەرێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە فەقەرەی ثالثآ (اذا ثبت بان فقدان او احتجاز البیشمركة كان بسبب اهماله او عدم اهتمامه بمبادئ البیشمركة، فیحال على التقاعد و تتخذ الاجراءات القانونیة ضده). یەعنی چۆن ئیحالەی تقاعد دەكرێ و ئیجرائاتی قانوونی دژی وەردەگیرێ؟ سوپاس.

**بەرێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

لێژنەی یاسایی وەلام تكایە.

**بەرێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەرێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەوە لێژنەی پێشمەرگە جوابی ئەو مولاحەزەی دەداتەوە بە تایبەتی لجنەی مختص.

**بەرێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

لێژنەی پێشمەرگە فەرمووو.

**بەرێز شێردڵ عبدالله حەوێزی:**

**بەرێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بۆ ئەو مولاحەزەی زۆر لە جێی خۆیتی، بەلام ئێمە ئەوەمان وا كردیە بۆ ئەوەی عائیلەكەی مەغدور نەبێتن، یەعنی رزقی عائیلەكەی نەبڕین، تقاعدی بكەین و ئیجرائاتی قانوونی دژی بكەین.

**بەرێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

جەنابی وەزیر كەرەم كە.

**بەرێز عمر عثمان ابراهیم/وەزیری پێشمەرگە:**

**بەرێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

خۆی كە ئیحالەی تقاعدی دەكەی ئەوە تقریبا عقوبەیە، نامانەوی لە شوێنی خۆی بمێنێتەوە و حقووقەكەشی نەسووتێ چەند ساڵە خزمەتی كردیە لەبەر ماڵ و منداڵی، یەعنی نابێ طرد و فصلی بكەین، تقاعدی دەكەین و لە سلكی دوور دەخەینەوە .

**بەرێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

لێژنەی یاسایی ئاخیر صیاغەی تكایە لەگەڵ پێشنیارەكەی كاك فرست تاكو بیدەینە دەنگدان.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**القسم الثالث**

**المفقود والمحتجز**

**المادة الرابعة والثلاثون:**

**1-في حالة فقدان او احتجاز البيشمركة اثناء الخدمة او بسببها يصرف راتبه بصورة كاملة لورثته الشرعيين لحين عودته او ثبوت وفاته.**

**2-يمنح الحقوق التقاعدية الى خلف المفقود او المحتجز في الحالات التالية:**

**ا-يوم ثبوت وفاته.**

**ب-بعد مرور سنتين على فقدانه او احتجازه اذا ثبت وفاته.**

**ج-يعتبر الذين يشملهم الفقرتان (ا و ب) من هذه المادة شهيداً و يتم الحاقهم بوزارة شؤون الشهداء و المؤنفلين.**

**3-اذا ثبت بان فقدان او احتجاز البيشمركة كان بسبب اهماله او عدم التزامه بمبادئ البيشمركة فيحال على التقاعد و تتخذ الاجراءات القانونية ضده.**

**4-تحتسب مدة فقدانه او احتجازه خدمة له باستثناء ما ورد في الفقرة الثالثة من هذه المادة.**

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

**نوقتەی نیزامی کاک زانا فەرموو.**

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بەعەرەبیەکەی دەڵێ(اذا ثبتت وفاته)، بە کوردیەکەی دەڵێت ئەگەر سەلمێنرا لە ژیاندا ماوە، مەعنایەکانی دژی یەکە ئەگەر بکرێتەوە یەك ئەوجا بخرێتەوە دەنگدان.**

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

**لیژنەی یاسایی رەئیتان تکایە.**

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ئێمە گوتمان ئەگەر خلاف هەبوو لە نێوان نووسخەی عەرەبی و کوردیەکە ئەوە عەرەبیەکە ئەساسە. زۆر سوپاس.**

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

تکایە لیژنەی یاسایی دووبارە بیخوێننەوە بەعەرەبیەکەی بکرێتە ئەساس تا بدرێتە دەنگدان.بەڵێ، عەرەبیەکەی ئەساسە و ئەخرێتە دەنگدان. کێ لەگەڵێتی با دەستی بەرزبکاتەوە؟ کێ لەگەڵدا نیە؟ بەکۆی دەنگ وەرگیردرا، بۆ ماددەیەکی تر تکایە، زۆر سوپاس.

**بەرێز کریم بحری عبدالله:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ماددەی سی و پێنج: پێشمەرگە- پاسەوانی هەرێم لەو حاڵەتانەی خوارەوە مافی خانەنشینی پێدەدرێت:**

1-ئەگەر پێشمەرگە - پاسەوانی هەرێم کۆچی دوایی کرد لە کاتی خزمەت کردن یان بەهۆیەوە بۆ ئەم مەبەستەش خزمەتی پێشمەرگایەتی دەگەینرێتە (15) ساڵ، ئەگەر خزمەتەکەی لە (15) ساڵ کەمتر بوو.

2-شەهیدی بەرەکانی جەنگ و کردەوە سەربازیەکان بە پێی یاساکانی وەزارەتی کاروباری شەهیدان ماف و ئیمتیازاتی تایبەتیان پێ دەدرێت.

3-بەڵگەی یەکەمی سەرەوە ئەو پێشمەرگەیەش دەگرێتەوە کە پێش راپەرینی 1991/3/5 بەردەوام بووە تا رۆژی مردنی .

4-ئەوانەی کە برِگەکانی (1،2،3)م لەم ماددەیەدا دەیانگرێتەوە دۆسیەکانیان دەگوازرێتەوە بۆ وەزارەتی کاروباری شەهید و ئەنفالکراوەکان وەکو لایەنی پەیوندار.

**بەرێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**المادة الخامسة والثلاثون: يمنح البيشمركة -حرس الاقليم الحقوق التقاعدية في الحالات التالية:**

1-الوفاة اثناء الخدمة او من جرائها اذا كانت خدمته كبيشمركة اقل من (15)سنة بعد ابلاغ خدمته الى (15) سنة.

2- الشهيد في جبهات القتال و الحركات العسكرية يمنح له الحقوق و الالتزامات بموجب قوانين وزارة شؤون الشهداء و المؤنفلين .

3-تشمل الفقرة اولآ اعلاه البيشمركة الذي كان مستمرآ في الخدمة قبل الانتفاضة 1991/3/5 الى يوم وفاته.

4-تنقل اضابير المشمولين باحكام هذه المادة الى وزارة شؤون الشهداء و المؤنفلين كجهة مختصة.

**بەرێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

لیژنەی پێشمەرگە تکایە.

**بەرێز شێردڵ عبدالله حەوێزی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ ماددەکەین.

**بەرێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ئەوانەی دەیانەوێ قسە بکەن ناویان بنووسن، ڕێزدار فخریە خان فەرموو.

**بەڕێز فخریه مصطفى محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت بڕگەی یەکەم لە ماددەی 35 دەڵێت (خمسة عشر) ئەوە غەڵەتە قواعدیەن دەبێ بڵێ (خمسة عشرة)سنه، چونکە لێرە دەڵێ عشره تطابق المعدود لێرە تخالف المعدود.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

ڕێزدار کاک غفور فەرموو.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ئەو ماددەیە ماددەی 35 یاساکە لە بڕگەی سێیەم دەڵێ بڕگەی یەکەمی سەرەوە ئەو پێشمەرگەیە دەگرێتەوە کە پێش ڕاپەڕینی 1991/3/5 بەردەوامە تا ڕۆژی مردنی، ئەدی ئەوانەی ئێستا و لەمەودوا؟ ئەوە باشە بۆ ئەوانەی پێش ڕاپەڕینە، ئەدی ئەوانەی دوای ڕاپەرین؟ ئەوەش پرسیارێکە. زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

ڕێزدار شێخ جەعفەر فەرموو.

**بەڕێز جعفر مصطفى معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من پێشنیارێکم هەیە لە ماددەی 35 لە دوای بڕگەی 3 بڕگەیەك زیاد بکرێ بکرێت بە بڕگەی 4 پاشان بڕگەی دوایی بگوردرێت لەدوای ئەو بڕگەیە بنووسرێت پێشمەرگە مافی هەبێت عەفووی بکەین، ئەو پێشمەرگانەی کە کاری ڕێکخستنیان کردیە لە شارەکان پێش ڕاپەرین ئەمە مافی بڕگەی یەك بیانگرێتەوە، چونکە زۆر پێشمەرگە هەبووە لە شارەکان لە ڕێکخستنەکان ئیشیان کردووە، بەڵام کاری پێشمەرگایەتیان نەکردووە، ئەگەر ئەوەی بۆ زیاد نەکەین ئەو مافە نایانگرێتەوە کە لە بڕگەی یەکدا باس کرایە، بۆیە داوا دەکەم ئەو بڕگە زیاد بکرێت بۆ ئەوەی پێشمەرگەکانی ڕێکخستن شمولی ئەو یاساییە بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

لێژنەی پێشمەرگەی تکایە.

**بەڕێز شێردڵ عبدالله حەوێزی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو ماددەیە هەموو پێشمەرگە دەگرێتەوە. پێشمەرگەی پێش ڕاپەرین و پاش ڕاپەڕین، هەر کەسێك لە خدمە دابوو لە کاتی خدمە ئەگەر ئەوانەی بەسەر هات خانەنشین دەیانگرێتەوە، بەڵام ئەوەی دی ئەو

تەنزیمانەی ناو شار ئەوە عیلاقەی بە مەڵبەند و بە ئەو شتانەوە هەیە عیلاقەی بە وەزارەتی پێشمەرگەوە نیە، چونکە دەبێ ناوی لە وەزارەتی پێشمەرگەوە هەبی یان لە لای فەرماندەکانی پێشمەرگە هەبێت، لەبەر ئەوە لەگەڵ نیزام و قوانینی وەزارەتی پێشمەرگە ناگونجێت، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

ڕێزدار جەنابی وەزیر؟

**بەڕێز عمر عثمان ابراهیم/وەزیری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ، هەر وەکو تەوزیحی دا ئەوانەی کە تەنزیمی بووینە عایدی لق و کۆمیتە و ئەوانەن، بەس ئەوەی کە پێشمەرگە بووینە و چەکدار بووینە ناوی هەبووە ئەوە دەیانگرێتەوە.وازحە ئەو مەوزوعە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

لێژنەی یاسایی ئاخر ڕەئیتان تکایە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الخامسة والثلاثون: يمنح البيشمركة حرس الاقليم الحقوق التقاعدية في الحالات التالية:

1-الوفاة اثناء الخدمة او من جرائها اذا كانت خدمته كبيشمركة اقل من (15)سنة بعد ابلاغ خدمته الى (15) سنة.

2- الشهيد في جبهات القتال و الحركات العسكرية يمنح له الحقوق و الالتزامات بموجب قوانين وزارة شؤون الشهداء و المؤنفلين .

3-تشمل الفقرة اولآ اعلاه البيشمركة الذي كان مستمرآ في الخدمة قبل انتفاضة 1991/3/5 الى يوم وفاته.

4-تنقل اضابير المشمولين باحكام هذه المادة الى وزارة شؤون الشهداء و المؤنفلين كجهة مختصة.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

بەڕێزان ئێستا لەبەر ئەوەی گۆڕانکاری لەسەر نەکرایە وەکو خۆی ئەیخەینە دەنگدان، کێ لەگەڵێتی با دەستی بەرز بکاتەوە، سوپاس . کێ لەگەڵدا نیە؟ بەکۆی دەنگ وەرگیرا ، زۆر سوپاس، بۆ ماددەی دواتر تکایە .

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی سی و شەش: مافەکانی پێشمەرگەی دیل:

1- تەواوی مووچە و دەرماڵە بۆ ئەوانە خەرج دەکرێت کە بەخێو کردنیان لە ئەستۆی بەدیل کراوەکەیە بەدرێژایی ئەو ماوەیەی کە بە دیلی دەمینێتەوە لەگەڵ تەواوی ئەو مافانەی کە لەکاتی خزمەت کردنیان دەیانگرێتەوە.

2- ماوەی بەدیل گرتنەکەی بۆ گشت مەبەستەکانی خزمەت کردنی فیعلی دەژمێردرێت.

**بەڕێز عبد الكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة السادسة والثلاثون:

1- يصرف كامل الراتب والمخصصات والحقوق لمن كان يعيلهم الاسير طوال مدة الاسر.

2- تحتسب مدة الاسر لجميع الاغراض كخدمة فعلية.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

لێژنەی پێشمەرگە تكايە؟

**بەڕێز شێردڵ عبدالله حەوێزی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە تێبینیمان نیە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

ڕێزدار جەنابی وەزیر؟

**بەڕێز عمر عثمان ابراهيم/وەزیری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ ماددەکەین.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان کێ قسەی هەیە؟ کاك اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز اسماعيل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ ئەوەین کە پێشمەرگەیەك دیل دەکرێت هەموو حقوق و ئیمتیازاتێکی پێ بدرێت، بەڵام بەو شەرتە ئەو کەسەیە کە خۆی دیل دەکرێت هەر ئەوە نەبێ حەقە شتێکی بۆ دابندرێت، ئەگەر وابێ ئێمە لەشکرەکی فشوڵ دروست دەکەین هەر چی دیل کراوە هەمووی تەسلیم دەکرێت، حەقە شتی بۆ دابندرێت سەبەبەك هەبێ بۆ ئەوەی کە خۆی دیل دەکرێت، خەڵکی وا هەیە هیچ تەقەیەکی لێ ناکرێت ڕەبیەکە بەتەواوی تەسلیم دەکرێت، حەق نیە بەڕاستی ئەوەی بەو نەوعەی خۆی تەسلیم دەکات هیچ حەق و ئیمتیازاتێکی بدرێتی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

لێژنەی پێشمەرگە تكايە؟

**بەڕێز شێردڵ عبدالله حەوێزی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشتر ئیشارەتمان کردیە کە ئەوە ئەگەر لە دەستی خۆی دا نەبێ لەشەڕ ئەسیر، ئەسیری شەرە، تەسلیم بوون نیە .

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

جەنابی وەزیری پێشمەرگە؟

**بەڕێز عمر عثمان ابراهیم/وەزیری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو کەسانەی کە خۆی بەدەستەوە دەدات یان کەمتەرخەمی دەکات بگێری بەو شێوەی کە بێتەوە دەست خۆمان مومکینە موحاسەبەشی دەکەین، ئیجرائاتیشی لێ وەردەگیرێ، بەئەسیریش حیساب ناکرێ حەز دەکەم ئەوەی بزانین، یەعنی ئەوانە هەموو لێك دەکرێنەوە، ئەوە ئەسیرە لە حاڵەتێکە حاڵەتەکە مەعلوومە و دیاریکراوە، بەس ئەگەرکەمتەرخەمی کردبێ یان خۆی تەسلیم کردبی ئەوە بە خاینیش حیسابە و ئیجرائاتیشی لەگەڵ دەکرێت و ئەو حقووقانەش هیچیان نایانگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

لیژنەی یاسایی ئاخر رەئیتان تکایە .

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة السادسة والثلاثون:

1-يصرف كامل الراتب و المخصصات و الحقوق لمن كان يعيلهم الاسير طوال مدة الاسر.

2-تحتسب مدة الاسر لجميع الاغراض كخدمة فعلية.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی سی و شەش: مافەکانی پێشمەرگەی دیل:

1-تەواوی مووچە و دەرماڵە بۆ ئەوانە خەرج دەکرێت کە بەخێو کردنیان لە ئەستۆی بەدیل کراوەکەیە بەدرێژایی ئەو ماوەیەی کە بە دیلی دەمینێتەوە لەگەڵ تەواوی ئەو مافانەی کە لەکاتی خزمەت کردنیان دەیانگرێتەوە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

بەڕێزان ئیستا وەك ئەوەی ماددەکە بە کوردی و بەعەرەبی خوێندرایەوە ئەخرێتە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵێدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵیدا نیە؟ بەکۆی دەنگ وەرگیرا، بۆ ماددەی دواتر تکایە.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بەشی چوارەم**

**حوكمە پەرتەوازەكان**

**ماددەی سی و حەوت: خانەنشین كراو یان واریسەكانی بێبەش دەكرێن لە مافەكانی خانەنشینی لە حاڵەتی سەلماندنی خیانەتكردنی یاخود هاوكاری كردنی لەگەڵ لایەنەكانی دژ بە بزووتنەوەی رزگاریخوازی كوردستان یاخود حكومەتی هەرێمی كوردستان.**

**بەڕێز عبدالكریم ابوبكر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**القسم الرابع**

**الاحكام المتفرقة**

**المادة السابعة والثلاثون: یحرم المتقاعد او ورثته من الحقوق التقاعدیة اذا ثبتت خیانته او تعاونه مع الجهات المعادیة من الحركة التحرریة الكوردستانیة و حكومة اقلیم كوردستان.**

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

لێژنەی پێشمەرگە تكایە.

**بەڕێز شێردڵ عبدالله حەوێزی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ ماددەكەین.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كركووكی):**

بەڕێزان ئەندمانی پەرلەمان یەك رێزدار دەیەوێ قسە بكات جەنابی د.ناصح كەرەم كە.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من بەنیسبەت وەرەسەكانی، ئەو خەڵكە چ گوناحەكیان هەیە باوكیان بە شەهید حیساب كراوە تقاعودیان دەدرێت و پاشان لێان دەبردرێت، بەڕاستی ئەوە نازانم ئینەیەكی تێدا هەیە؟

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

لێژنەی پێشمەرگە تكایە.

**بەڕێز شێردڵ عبدالله حەوێزی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

خۆی ئەو كەسانە ئەوانە خیانەتیان كردووە، مومكینە هەندێ كەس خیانەتیان كردووە كاتی لەگەڵ شۆرش خۆی لەناو حكومەتەكەی پێشوو تەقاعودی هەبووە و ئێستاش داوا دەكاتەوە، ئێمە دەمانەوێ ئەوەشیان نەبێ، ئەوانە خیانەتیان كردیە ئیدی عائیلەكەی چی؟ خۆی ئەوە حەقی تەقاعودی نیە، چونكە هیچ خزمەتەكی لەبۆ ئێمە نەكردیە و دوژمنی ئێمە بووە، خۆی تەقاعودی دەدرێتە شەخصەكە نادرێتە

ئەوەکانی دوای ئەوی خەلەفەکەی یاخود عائیلەکەی تەقاعودی وەردەگرن، تەقاعودی ئەو وەردەگرن نەك ئی خۆیان، لەبەر ئەوە ئێمە نامانەوێ تەقاعودی بدەینە ئەو هەتا هەموو کەس بزانێ کە خیانەتی کرد، تەقاعودی نیە، یەعنی حەقی تەقاعودی نیە، سوپاس.

**بەرێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

یژنەی یاسایی رەئیتان تکایە.

**بەرێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەینە ، هیچ تێبینیمان لەسەر نیە.

**بەرێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

بەرێزان ئێستا وەکو ئاخیر صیاغەی کە خوێندرایەوە ئەیخەینە دەنگدان، کێ لەگەڵێتی دەستی بەرزبکاتەوە، زۆر سوپاس ، کێ لەگەڵدا نیە؟ یەك دەنگ لەگەڵدا نیە، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، بۆ ماددەی دواتر تکایە.

**بەرێز کریم بحری عبدالله:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی سی و هەشت: ئەگەر خانەنشین کراو لەسەر فەرمانی فەرماندەی گشتی هێزەکانی پێشمەرگە و پاسەوانی هەرێم گەرایەوە بۆ خزمەت بۆی نیە بۆ جاری دووەم پاداشتی خانەنشینی داوا بکاتەوە.

**بەرێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثامنة والثلاثون: اذا اعيد المتقاعد الى الخدمة بامر القيادة العامة لقوات حرس الاقليم فلا تمنح له المكافأة التقاعدية للمرة الثانية.

**بەرێز شێردڵ عبدالله حەوێزی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ ماددەکەین.

**بەرێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

جەنابی وەزیر.

**بەرێز عمر عثمان ابراهیم/وەزیری پێشمەرگە:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش لەگەڵ ماددەکەین.

**بەرێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

بەرێزان ئەندامانی پەرلەمان ، رێزدار کاك طارق فەرموو.

**بەرێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەو ماددەیە زێدەیە، چونكە لە قانوونەكانی تر دا هاتووە هیچ كەسێك نیە كە تەقاعود بكرێت دوو جار مكافأە وەربگرێت، یەك جار لە حەیات وەریدەگرێت، ئەو ماددەیە لابچێت ،چونكە لە قانوونەكانی تر دا هاتووە وە قانوونەكانی دیش جێبەجێ بكرێت لەسەر پێشمەرگەش.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

لێژنەی پێشمەرگە ڕەئیتان تكایە دەربارەی ئەو پێشنیارە.

**بەڕێز شێردڵ عبدالله حەوێزی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە وا بزانین لە مانی هیچ زەرەر ناكەین، بمێنێ باشترە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

ێژنەی یاسایی ڕەئیتان؟

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ ئەوەینە كە ماددەكە بمینێتەوە لەبەر ئەوەی تەئكیدی حاڵەتەكەی دەكات كە دووەم جار موكافەئەی وەرنەگرێت و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

جەنابی وەزیر ڕەئیتان؟

**بەڕێز عمر عثمان ابراهیم/وەزیری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وەللا ئەوە لە بۆ تەئكیدە، وەبی جاری دووەم موكافەئەی پێ نەدرێ، بمینێتەوە باشە،لەگەڵ ئەوەین بمینێتەوە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

ڕێزدار كاك طارق داوای ئیلغات كرد ئەگەر سەحبی بكەی ؟

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە قانونەكانی دی هاتووە ئەمن پێم باشە ئەو شتە دوو ڕەئیەیە لە قانوونەكانی دی هەیە تەئكید لۆ بكرێت لێرە؟ چونكە لە قانوونەكانی دی تەئكیدی بۆ كرایە، قانوونەكانی عام باسی دەكات وە لێرە لەبەر چی تەئكید بكرێت؟ چونكە هیچ موەزەفێك نیە دوو جار مكافەئەی وەربگریت.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

بەڕێزان لەبەر ئەوەی موناقەشە لەسەر ئیلغا یان مانی قەپات کرابوو، پێشنیارەکەی کاك طارق ئەخەینە دەنگدانەوە بە ئیلغا کردنی ،

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جەنابت ناو نووسینت قەپات کردیە، یەعنی ئەگەر یەکێك حەز بکات تەئیدیش بکات مەجال نیە ناوی خۆی بنووسێت لەبەر ئەوە مەفرووزە بیخەیە دەنگدان، کەسی تر نیە، چونکە بەتەنیا قسەی کرد، مەجال نیە کەسی تر تەئیدی بکات.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

بەڵێ ئێستا ئیلغاکە ئەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەو ماددەیە ئیلغا بکرێت تکایە دەستی بەرزبکاتەوە؟ حەوت کەس لەگەڵێتی، کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمینێ؟ بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا، تکایە بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی سی و نۆ: ئەو کەسەی خانەنشین دەکرێت بە پێی بەندەکانی ئەم یاسایە مووچە وەردەگرێت و نابێت بە هیچ شێوەیەك مووچەی تری فەرمی هەبێت.

**بەڕێز عبد الکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة التاسعة والثلاثون: ليس لمن يحال على التقاعد تصرف له الحقوق التقاعدية بموجب احكام هذا القانون ان يتقاضى راتباً رسمياً آخر.

**بەڕێز شێردڵ عبدالله حەوێزی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ ماددەکەین .

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

جەنابی وەزیر؟

**بەڕێز عمر عثمان ابراهیم/وەزیری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش لەگەڵ ماددەکەین.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، کێ ئەیەوێ قسە بکات لەسەر ماددەکە؟ د.ڕۆژان کەرەم کە.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو کێشە لە مادده سی و چوار چارەسەر کرایە، کە ئەگەر وەزیفەیەکی دیکەی وەرگرت ناتوانی مووچەی خانەنشینی و مووچەکەی تریش وەربگرێت، یەعنی تەنها لەویٚ چارەسەر کرایە کەوا لۆی هەیە یەك مووچە یەك جار وەریبگرێت، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

لێژنەی پێشمەرگە رەئیتان تکایە.

**بەڕێز شێردڵ عبدالله حەوێزی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر لەماددەکەی دی کرابی ئێمە دەمانەویٚ دوو مووچە وەرنەگریت، لەکام مادده کرایە؟ ئەوە پەیوەندی بەوەوە نیە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

لێژنەی یاسایی رەئیتان تکایە؟

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە ماددەی 33 کە 34 بوو پێشان، لێرەدا حەقی ئیختیار دەداتە ئەوەی کە کامەی ئیختیار بکات بۆ خانەنشینی؟ ئەوەی مەدەنی یان ئەوەی عەسکەری؟ لێرەدا جیایە، لێرە نابیٚ دوو مووچە پێکەوە وەربگیریٚ، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

جەنابی وەزیر.

**بەڕێز عمر عثمان ابراهیم/وەزیری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵیٚ من تەئیدی رەئی لێژنەی قانوونی دەکەم.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

بەرێزان ئێستا ماددەکە وەکو خۆی ئەخەینە دەنگدانەوە، چونکە تەغیرێکی لەسەر نەکرا، کیٚ لەگەڵێتی تکایە دەست بەرزبکاتەوە؟ زۆر سوپاس. کیٚ لەگەڵدا نیە؟ یەك کەس لەگەڵدا نیە، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، بۆ مادەی دواتر تکایە.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی چل: هەر کەسێك لە پێش راپەڕین تاکو 1991/3/5 چووبێتە ریزی شۆڕش بووبێتە پێشمەرگەو ساڵانی خزمەتی لە پێنج ساڵ کەمتر نەبێت خزمەتەکەی دەگەیندرێتە (15) ساڵ و خانەنشین دەکرێت بە مەرجێك :

1-بیٚ مووچە بێت.

2- دژی شۆڕش نەوەستا بێتەوە.

3-ئەو خزمەتەی پێش راپەڕین بێ پچڕان بووبێت .

4-لە کاتی بوونی بە پێشمەرگە (16) ساڵ لەتەمەنی تەواو کردبێت.

**بەڕێز عبدالکريم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**المادة الاربعون: يحال على التقاعد كل من التحق قبل الانتفاضة بصفوف الثورة لغاية 1991/3/5 و لا تقل خدمته عن خمس سنوات و تكمل خدمته الى (15) سنة بالشروط التالية:**

1 - ان لا يتقاضى راتباً رسمياً.

2 - لم يكن من معارضي الثورة يوماً ما.

3 - خدم هذه المدة قبل الانتفاضة و بدون انقطاع.

4 - اكمل (16) من العمر عند التحاقه بصفوف البيشمركه.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

لێژنەی پێشمەرگە تکایە رەئیتان.

**بەڕێز شێردڵ عبدالله حەوێزی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە ماددەکمان هەبوو زۆر مشاکلمان پێ حەل دەکرد لەناو پێشمەرگە، ئەم ماددە هەڵگیرا ئەوەی سەرۆکی هەرێم لەبەر ئەوەش بەناوی سەرۆکی هەرێم دانابوو نەك بە ناوی قائدی عام، چونکە ئەو صلاحیەتی زیاتر بوو دەیتوانی هەر کەسێ خزمەتی کەمیش بێ تەقاعودی بکات، بەڵام کە ئەومان هەڵگرت لێرە ئەو (5) ساڵە لێرە مەشاکیلمان بۆ دروست دەکات، چونکە هەندێ پێشمەرگە لە کاتی ئەنفالکراوەکان پەیوەندیان بە هێزی پێشمەرگەیان کردیە هەنێ کەس لە کاتێك کە هەموو کەسێك تووشی یەئس ببوو هیچ سیقە نەمابوو کە شۆڕش دەمێنێ، نامێنێ دەگەینە ئینتیفازە، لەو کاتەدا هاتیە پەیوەندی بە شۆڕشەوە کردیە وە هەندێکیشیان شەهیدیش بووینە وە هەندێکیشیان پێشمەرگەی زۆر چاك بووینە، ئێستا ئەوە سێ ساڵە ئەوەمان لابرد بەهۆی ئەوەکەی سەرۆکی دەمانتوانی ئی ئەوانە چارە بکەین، ئێستا ئێمە لێرە ئەگەر ئەو پێنج ساڵەی کەم کەینەوە و بیکەینەوە سێ ساڵ، ئەگەر لە زمنی قانونیش ئەوە جێی خۆی بگرێت وا بزانم زۆر باشە و موشکیلەکەمان بۆ حەل دەکات و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

جەنابی وەزیر رەئیت تکایە؟

**بەڕێز عمر عثمان ابراهیم/وەزیری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر فەترەكە فەترەی ئەنفال تەحدید بكرێت برِەك ناوی لێ بنرێت، پێم وایە زیاتر روون دەكرێتەوە و بەقووەت تر دەبێ بۆ جێبەجێ كردنی، زۆر سوپاس.

**بەرێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

بەرێزان ئەندامانی پەرلەمان ئەوانەی ئەیانەوێ قسە بكەن تكایە ناویان بنووسن، كاك ئارێز فەرموو.

**بەرێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەرێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لێژنەی پێشمەرگە پێشنیارێكیان كرد وا بزانم بە شێوەیەكی تریش وەزیری پێشمەرگە پشتیوانی كرد، منیش پشتیوانی لەو رەئیە دەكەم كە ئەو ماوەیە كەم بێتەوە، ئێمە لە بیرمانە یەعنی ساڵانی (87و 88 و 89) ئومێد نەمابوو ، هەوا نەمابوو هەڵمژین، كیمیا باران بوو، نان نەمابوو بیخوین، یەعنی زرووفەكە لەو پەرِی ناخۆشی دا بوو بە نیسبەتی میللەتەكەمان بە گشتی و بە نیسبەتی پێشمەرگە، یەعنی ئەوەی مابوو ژمارەیەكی تایبەت بوو مابوو بە پێشمەرگایەتی، لەبەر ئەوە برِوا دەكەم ساڵێكی ئەو كاتە بە دە ساڵی پێشمەرگە ئاساری زیاتر هەبووە، یەعنی هیچ شتێك نەمابوو یەعنی خۆمان بە خۆمان لەوێ بووین و ئەزانین یەعنی هەوا هەڵمژینیش نەمابوو، لەبەر كیمیاوی، لەبەر ئەوەی بەراستی من پشتیوانی ئەوەی دەكەم سێ ساڵ بیتن ئەوە یەك، وە ژمارەكەشی زۆر زۆر كەمە هەندێك لە برادەران وا نەزانن ژمارەكەی زۆرە، چونكە ژمارەی هەرە زۆری ئەو برادەرانە بەردەوام بووینە و (15) ساڵی خۆیان تەواو كردیە، ژمارەیەك شەهید بووە، ژمارەیەك هەیە دوای ئەنفالكراوەكان ساڵی 1991 چووینە دەرەوە و پێشمەرگەی قارەمان بووینە، پێشمەرگەی مەیدان بووینە ئەوانە ئەیانگرێتەوە لەگەڵ ژمارەیەك لەوانەیە لەبەر نەخۆشیەوە نەیانتوانیوە درێژە بە ژیانی پێشمەرگایەتی بدەن، لەبەر ئەوە زۆر بە پێویستی دەزانم ئەو زروفە ناخۆشەی ئێمەی ئەو كات لەبەر چاو بگرین وە ئەمە نەك هەر مووچە و ئیمتیازات بگرێتەوە، بەڵكو لەبەر چاو گرتنی هەڵ و مەرجی ناخۆشەكەی ئەو سەردەمەی هەیە ئەوە یەك، (16) ساڵەكەش پێم وایە ببیتە (15) ساڵ بەراستی ئێمە لە ژیانی پێشمەرگایەتی دیومانە، زۆر پێشمەرگەی قارەمانمان هەبووە بە تایبەتی ئەو كات لە (88 و 87) پێشمەرگەی (15) ساڵیمان زۆر زۆر بوو، ئەو كاك سعد كە ئێستا وەزیرە لە (15) ساڵی بویتە پێشمەرگە و داش نەبرِاو، و بەردەوامە، بۆیە بە نموونە ئەیهێنمەوە لە تەنیشتمان دانیشتیە، لە (15) ساڵی بوویتە پێشمەرگە، لەبەر ئەوەی حەقە (16) ەكەی بكەینە (15) ساڵی بۆ پێشمەرگە، سوپاس.

**بەرێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

رێزدار د.رمضان فەرموو.

**بەرێز د.رمضان عبدالرحمن محمد رضا:**

**بەرێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بە سوپاسەوە پشتگیری رایەكەی كاك ئارێز دەكەم و سوپاس.

**بەرێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كركووكى):**

ڕێزدار كاك جووتيار فەرموو.

**بەرێز كريم مجيد شريف (جووتيار):**

**بەرێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من لە ماددەی 37 پێشنيارم كرد ئەمە بكرێتە بڕگەيەكی تر و پێشنيارەكەی كاك ئارێز و كاك شێردڵ، بەڕاستی بەپێی ئەم ماددەيە ئەوانەی لە ساڵی (1987و 1988) بووينەتە پێشمەرگە شموولی خانەنشينی ناكەن ،بۆيە پێشنيار دەكەم ئەو پێنج ساڵە بكرێتە سێ ساڵ، چونكە بەڕاستی ئەو ڕۆژگارانە وەك كاك ئارێز باسی كرد ڕۆژگارە ڕەشەكانی كورد بوو ،ڕۆژگارە ئەنفال و كيمياويەكان بوو، ئەو كەسانەی كە بوون بە پێشمەرگە نەهاتوون بۆ ماوەی ساڵێك و دوو ساڵ پێشمەرگە بن، هاتووە پێشمەرگە بيت ئيتر ڕۆژگار وابوو ساڵانی پێشمەرگايەتی كەم بووە ، بۆيە پێشنيار دەكەم بكرێت بە سێ ساڵ وە ڕەنگە گلەييەك هەبێ لە ئەو كەسانەی كە ساڵانی پێشمەرگايەتيان زۆرە، ئێمە كە پێشمەرگايەتيمان زۆرە بەڕاستی كە ساڵانی پێشمەرگايەتيمان زۆرە، كە خانەنشين دەبين ڕێژەی ئەو مەعاشەی كە وەريدەگرين، ئەو مووچەی كە وەريدەگرين زۆرە كەينی ئەو ساڵانەی كە پێشمەرگايەتی زۆرە بڕی ئەو مووچەی كە وەريدەگرێت كەمترە، بۆيە من پێشنيار دەكەم ببێت بە سێ ساڵ و سێ ساڵەكە بچەسپێ بۆ ئەوەی حەقی ئەو پێشمەرگانەش كە پێش ڕاپەڕين بوون بە پێشمەرگە نەفەوتێ، وە گەر بكرێ (16)ساڵەكەی تەمەن بكرێ بە (15) ساڵ، چونكە ئێمە بەڕاستی پێشمەرگەی تەمەن كەممان لەگەڵ بووە لە (14 و 15 و 16 ) و ئەوانە بكرێنە (15)ساڵ ،زۆر سوپاس.

**بەرێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكى):**

ڕێزدار كاك حاتم فەرموو.

**بەرێز حاتم محمد جان حسن:**

**بەرێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وەڵلا من بە حوكمی ئەوەی كەبڕياردەری لێژنەی كاروباری پێشمەرگەم لە پەرلەمانی كوردستان بە حقيقەت لە ياسايەكە هيچ قسەيەكم نەكرديە، چونكە ئەوانە هەموو هی خۆمانە و هەموومان باس كرديە لەگەڵ برادەرەكان و لەگەڵ لێژنەی ياسايی وە جەنابی وەزير و ئەوانە، بۆيە من لەگەڵ ئەوەم بە حەقيقەت ئەو پێنج ساڵە وەكو پێشنيارێك هاتووە كە بكرێتە سێ ساڵ، بەڵام بەشەرتێك ئەو كەسانەی كە پەيوەنديان كردووە بە شۆڕش و بە پێشمەرگەوە و چووبێتنە دەرەوە، يەعنی ئەوە ئيشارەت بەوە بدرێت نەوەك دوايی كە خەڵكيكی تريش ئيستيفادە بكات لەوەی كە هيچ حەقێكی بە شۆڕش و پێشمەرگە نەبێتن لە ساڵانی 87 و 88 و زۆر سوپاس.

**بەرێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكى):**

ڕێزدار شێخ جعفر فەموو.

**بەڕێز جعفر مصطفى معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری لەو پێشنیارەی لیژنەی پێشمەرگە دەکەم، ئەوە بکرێتە سێ ساڵ زۆر چاکە ، نەشکرێتە (15) ساڵ بکرێتە (14) ساڵ، چونکە پێشمەرگەمان زۆرن ئێستا لە (15) ساڵ کەمتریش بەخوای وە زۆر پێشمەرگەمان هەیە لە (15) ساڵ کەمترن ئەوە بە (15) هێشتا زۆرە (14) باشترە لە (15)ەکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

ڕێزدار شێخ فتاح فەرموو.

**بەڕێز فتاح عبدالله نەقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەللا ئەوەی من باسیم دەکرد کاك شێخ جعفر باسی کرد، رابعاً من داوا دەکەم ئەگەر جەنابی وەزیر و لیژنەی پێشمەرگە موافەقەت بکەن هەر هەڵبگیرێ لێرە، چونکە زۆر پێشمەرگەی ئێمە ئەوەی ئێمە دیمان لە شۆڕشی پێشتر تا ئێستای لەگەڵدا بێ عومری نەگەیشتبووە (14) ساڵی پێشمەرگە بووە، ئینجا من داوا دەکەم هەر بە موتلەقی بمینێتەوە و ئەو فەقەرەیە لابچێت و زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

ڕێزدار کاك سەردار هەرکی فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بوزو هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قسەی من ووتراوە و زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

ڕێزدار کاك عبدالرحمن فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن احمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێم وایە لەم ماددەیە هەمووومان یەك دەنگین، من ئیزافەیەك دەکەم بۆ دڵنیایی، کاتێك کە لە ساڵی 1988 شەری عێراق و ئێران راگیرا، خەڵکانێکی زۆر هاتنەوە، ئەوانی کە لە ئێران مانەوە 88 و 89 بوون بە پێشمەرگە ئەو کاتە پێنج ساڵەکەش شموولی ناکات، بۆیە تەئکید دەکەم کە کەم بکرێتەوە. وە (16) ساڵەکەش زۆرە، چونکە خەڵکانێك کە تەمەنیشیان کەم بوو لەو بارودۆخە تایبەتە چەکیان هەڵگرتبوو و (14)ساڵ و (15) ساڵیشیان تیا بوو.زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

ڕێزدار ڤیان خان فەرموو.

**بەڕێز ڤیان سلێمان حاجی بشار:**

**بەرێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

قسەكەی من ووتراو و زۆر سوپاس.

**بەرێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

رێزدار كاك د.ناصح فەرمووو.

**بەرێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەرێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

تەبیعی بەنیسبەت تەمەنەكە (16) ساڵەكە زۆرە، چونكە وەكو ئاماژەی پێ كرا پێشمەرگە هەبوون لە تەمەنی (14) ساڵیشی تێدا بوو و شەهیدیش بوون، هەندێك لە ئەوانە لەبەر ئەوە پێموایە تەئكید لەسەر (14) بكەن باشە، بەنیسبەت ئەو پێنج ساڵە و لەگەڵ سێ ساڵەكەش من ئەمەوێ بیكەنە دوو برگە باشە، چونكە خۆی پێنج ساڵەكە بۆ ئەوەیە كە پێش ئەنفال پێشمەرگە بووینە هەتا پێنج ساڵیان هەبووە و ئەوەكەی تریش من ئەڵێم وای لێ بێ باشترە هەركەسێك لەپێش راپەڕین تاكو 1991/3/5 چووبیتە رێزی شۆڕشەوە و بووبێتە پێشمەرگە ساڵانی خزمەتی یەك: لە پێنج ساڵ كەمترو دووش، یان لە كاتی ئەنفالەوە بێ دابران پێشمەرگە بووبێت تا راپەڕین، یەعنی دوو شتی جیاوازە بۆئەوانەی كە لە راپەڕینەوە فەرقیان هەیە لەگەڵ ئەوانی تر، چونكە ئەگەر وا نەبێ دوایی هەمووی دەبێتە سێ ساڵ، پێنج ساڵ هەتا ئەنفالە و لە ئەنفالیشەوە سێ ساڵەكە حیساب بكرێت پێم وایە عەدالەتێكی زیاتری تێدا بێت، لەگەڵ رێز و سوپاسمدا.

**بەرێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

رێزدار كاك محمد فەرمووو.

**بەرێز محمد حاجی محمود:**

**بەرێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەوانەی ئەوان باسیان كرد شتی وا نەما من باسی بكەم، بەڵام هەر بۆ تەئكید كردنەوەی قسەكەی ئەوانە، ئێمە رۆژێك لە دوای ئەنفالەكە لە گوندێك بووین مجموعەیەك پێشمەرگە دانیشتبووین نان نەبوو بیخۆین سێ پێشمەرگە پەیدا بوون یەكێ بە عەلاگەیەكی نانەوە هاتن و گوتیان هاتین بۆ پێشمەرگایەتی، گوتمان جارێ نانەكەمان بۆ بێنن دوایی وەرتان دەگرین، پشیلەیەك زۆری برسی بوو جا پێشتر نانیان بۆ پشیلەكە برد هیچ نەما بوو لە گوندەكە یەعنی ئەو سێیانە كە هاتن ئەو رۆژە بۆ پێشمەرگایەتی مەعنەویاتێكیان دا بۆ ئەوانی تر لەو رۆژە ناخۆشانەدا، ئەوە یەكێكە بۆ ئەوەی جەنابتان لێی ئاگادار بن، یەكێكی تر ئەوە بوو باسی تەمەنیان كرد، ئێمە پێشمەرگەیەكمان ناوی عەلی مەلا عبدالله بوولەشەرێك شەهید بوو تەمەنی (12)ساڵ بوو. تا ئێستاش موشكەلەیەك هەیە ئەڵێن تەمەنەكەی بچووكە شەهیدانەی بۆ ناكرێ، یەعنی ئەوەندە تەمەنیان منداڵ بووە شەهیدیش بوون و پێشمەرگەی ئازاش بووینە لە جەبهە و زۆر سوپاس.

**بەرێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

ڕێزدار کاك اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من ڕەئیم جیاوازە لەگەڵ برادەران، بەتەئکید تەئیدی ئەوەی دەکەم کە سێ ساڵ بیتن، بەڵام سێ ساڵەکە کێن؟ وەکو کاك د.ناصح باسی کرد ئەوانەی کە پێشمەرگە بووینە، پێنج ساڵ یان شەش ساڵ پێشمەرگایەتی بەردەوامیان هەبووە تا ئەنفالەکان ئەو لە سنفێك دابنرێن، ئەوانەی کە لە کاتی ئەنفالەکان هاتوون ئەوە حەتمەن پێنج ساڵیان هەیە، پێنج ساڵەکەیان بۆ ئەکەین بە (15) ساڵ، بەڵام ئەوەی کە لە ئەنفالەکان هاتوون حەقە ئەوە تەقدیر بکرێت بەراستی ئەوە حەقی خۆیتی، چونکە ڕۆژێکی زۆر ناخۆش بوو بەڕاستی کەس ئومێدی بە پێشمەرگە نەبوو، ئەوانە لەو کاتە هاتوون بوون بە پێشمەرگە، ئەوانە حەقە سێ ساڵەکەیان بەڕاستی بۆیان حیساب بکرێت بە خزمەت، بەڵام نەك (3) ساڵیان بۆ بکرێت بە (15) ساڵ یەعنی ئەوەش فەرقەکە بەڕاستی من لەگەڵ سێ ساڵەکەم، بەڵام سێ ساڵەکە بە (15) ساڵ حیساب دەکرێت؟ لە ڕووی قانونیەوە من لە لێژنەی قانوونی دەپرسم دەتوانن ئەو سێ ساڵە بکەنە (15) ساڵ؟ ئەگەر بکرێت سێ ساڵەکە لەگەڵ پێشمەرگەیەکی (15) ساڵ وەکو یەك حیساب بکرین ئەوە حەقی خۆیتی و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

لێژنەی پێشمەرگە تکایە ڕەئیتان؟

**بەڕێز شێردل عبدالله حەوێزی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە هەر لە بیدایەتەوە هۆیەکەمان گوت و هەمووش هەر هۆیەکەیان تکرار کردەوە، ئێمە دەڵێین کەمتر نەبێ لە سێ ساڵ مەعنای هەمووی دەگرێتەوە یەعنی لۆ بکرێتە دوو بڕگە؟ ئیدی ئەوەی پێ ناوێ هەموو شتێك تکرار بکەینەوە بەڕاستی، بە نیسبەت عومرەکە ئێمە یاسا دادەنێین وەڵلا ئەگەر لە دەستە خۆمان بی دەڵێین ساڵەکیش، بەڵام دەڵێین مەسەلەن دە ساڵیش وەڵلا من دەزانم هەیە (12) ساڵیش بووە و عەمەلیاتی گەورەشی کردو و خەڵکێکی زۆریشی کووشتووە، ئێمە ئەو یاسایە هەر لە لای خۆمان نیە، ئەوە لەلای حکومەتی عیراقیشدا هاتووە، دوای مونەزەماتی دەولیش دەیبینێ کەس تەئیدمان ناکات ئەگەر ئەو عومرە گچکە بێتن، یەعنی کەس لێمان قبوول ناکات، ئەوە دەبێ لە سجلاتی پێشمەرگە تەسجیل بکرێت، یەعنی ناکرێ بڵێین یەکێك عومری (15،14) ساڵ بووە بەڕاستی، لەبەر ئەوە ئەگەر پێمان بکرابا و قانوون ڕێی دابا، بەڕاستی نە قانوون ڕێمان دەدا نە حقووقی ئینسان ڕێمان دەدا و نە قانوونی دەولی ڕێمان دەدا و نە قانوونی خۆمان ڕێمان دەدا، خۆشمان ئێستا پێشمەرگە بە تەمەنی (18) ساڵی وەردەگرین هەتا تەتەوعیش خۆبەخشیش، لەبەر ئەوە من وا تەسور دەکەم زەحمەتە عومرەکەی کەم بکەینەوە، بەڵام کە

دەڵێین لاتقل عن 3 ساڵ ئەو سێ ساڵەش ئەتوانین بکەینە (15) ساڵ بە قانوونیش دەتوانین بیکەین و قیادەی عامەش دەتوانی بیکات ئیدی وەزارەتی پێشمەرگەش دەتوانێ بیکات و زۆر سوپاس.

**بەرێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

رێزدار جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەرێز عمر عثمان ابراهیم/وەزیری پێشمەرگە:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە شتەکەی بڕەك بە عاتیفی وەرنەگرین ئەوە فەترەك بووە و عومری گچکە بووە دەتوانین بە شێوەیەکی ئیستیسنائی پاداشتی بدەینەوە و تۆڵەی بۆ بکەینەوە بە زۆر زیاتر و باشتر، بەڵام بیکەینە قانوون و لێرە تەسبیتی بکەین هەروەك کاك شێردل فەرمووی بەڕاستی بە هیچ قانونێك نایگرێتەوە، با ئێمە شتەکی شاز نەکەین فەرقمان هەبێ لەگەڵ بەغدا و لەگەڵ هەموو ئەو جەیش و لەشکرانەی دەوروبەرمان، لەبەر ئەوەی (15) ساڵەکەی بمێنێ و ئەوانەی کە عومریان کەمتر بووە بە شێوەیەکی ئیستیسنائی یان صلاحیەتی وەزیرە دەتوانێ ئەوەی لۆ چاك بکاتەوە، مەوزوعی سێ ساڵەکەش ئەگەر بکەینە یەك و نەیکەینە دوو فەترە ئەگەر بتانەوێ کەم بکەینەوە سێ ساڵەکەی تەتبیق بکەن لە ئەوەلی هەتا ئاخیری ببێتە یەك پارچە باشترە، زۆر سوپاس.

**بەرێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

یژنەی یاسایی ئاخیر رەئیتان تکایە،

**بەرێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لێژنەی یاسایی پشتگیری لە رەئی جەنابی سەرۆکی لێژنەی پێشمەرگە دەکەین بەتایبەتی پاش ئیلغا کردنی ماددەی 27 وە ئەو ماوەیە کەم بێتەوە لە 5 ساڵ ببێتە سێ ساڵ بە شێوەیەکی موتڵەقی وەکو جەنابی وەزیری پێشمەرگەش ئیشارەتی پێدا وە ئەو مەوزوعە عەدالەتی تەحقیق دەکات، ئێمە جیاوازی بکەینەوە و دوو بابەتی بکەین موشکیلەمان بۆ خەڵق دەکات، وابزانم هەر بەو شێوەیە بڕوات، سەبارەت بە عومرەکەش کە (16) ساڵە زۆر عومرەکە بە گونجاوی هاتیە و موتابیقە لەگەڵ پەیڕەوی قانوونی دەولی و، مونەزەماتی حقوقی ئینسان تەئکید لەوەی دەکەن کە لەوەی عومری ئەو کەسەی کە دەبیتە پێشمەرگە ئەو کەسە لەوە گچکەتر نەبێت و، زۆر سوپاس.

**بەرێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

بەڵێ ئێستا موافقن لەسەر ئەوەی (5) ساڵەکە ببێتە (3)ساڵ ؟ تکایە صیاغەیەکی بکەن بۆ ئەوەی بخوێندرێتەوە و بیدەینە دەنگدان، زۆر سوپاس.

**بەرێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**المادة الاربعون: يحال على التقاعد كل من التحق قبل الانتفاضة بصفوف الثورة لغاية 1991/3/5 و لا تقل خدمته عن ثلاث سنوات و تكمل خدمته الى (15) سنة بالشروط التالية:**

1 - ان لا يتقاضى راتبآ رسميآ.

2 - لم يكن قبل معارضي الثورة يومآ ما.

3 - خدم هذه المدة قبل الانتفاضة وبدون انقطاع.

4 - اكمل (16) من العمر عند التحاقه بصفوف البيشمركه.

**بەرێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی چل: هەر کەسێك لە پێش راپەرین تاکو 1991/3/5 چووبێتە ریزی شۆرش بووبێتە پێشمەرگەو سالآنی خزمەتی لە سێ ساڵ کەمتر نەبێت خزمەتەکەی دەگەیندرێتە (15) ساڵ و خانەنشین دەکرێت بە مەرجێك :

1-بێ مووچە بێت.

2- دژی شۆڕش نەوەستا بێتەوە.

3-ئەو خزمەتەی پێش راپەڕین بێ پچران بووبێت .

4-لە کاتی بوونی بە پێشمەرگە (16) ساڵ لەتەمەنی تەواو کردبێت.

**بەرێز محمد قادر عبدالله(د.كمال کەرکووکی):**

بەرێزان ئێستا وەکو ئەوەی لێژنەی یاسایی ئاخر صیاغەی خوێندەوە ، تکایە روونی بکەنەوە ئەوەکەی مووچە.

**بەرێزعونی كمال سعيد بزاز:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جەنابی سەرۆکی پەرلەمان لە عەرەبیەکەی تەواو هاتووە (1- ان لا يتقاضى راتبآ رسميآ)، بەڵام لە کوردیەکەی رەسمیەکە نەهاتیە ئیشارەتمان دا.

**بەرێز محمد قادر عبدالله(د.كمال کەرکووکی):**

عەرەبیەکە ئەساسە لەسەر ئەوە ترجمە دەکرێ، ئێستا ئەیخەینە دەنگدانەوە کێ لەگەڵدایە تکایە دەستی بەرزبکاتەوە؟، زۆر سوپاس. کێ لەگەڵدا نیە؟ یەك کەس لەگەڵدا نیە، بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا، بۆ ماددەیەکی تر تکایە.

**بەرێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی چل و یەك: لە کاتی گۆڕان و هەموار کردنی سیستەمی مووچە، مووچەی خانەنشین کراو لەگەڵ مووچەی پێشمەرگەی لە خزمەت بەردەوام هاوشێوە دەکرێت بە هەمان شێوە و بە پێی پلە و پایەی.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الحادية والاربعون: اذا تم تعديل او تغير نظام الراتب سيتساوى راتب المتقاعد مع راتب البيشمركة المستمر في الخدمة بنفس النسبة و الدرجة و المنصب.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

لێژنەی پێشمەرگە ؟

**بەڕێز شێردڵ عبدالله حەوێزی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ ماددەکەین.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

جەنابی وەزیر؟

**بەڕێز عمر عثمان ابراهیم/وەزیری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هیچ تێبینیمان نیە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان هەموو لەگەڵ نەصەکەن، بۆیە نەصەکە وەکو خۆی، ئەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، زۆر سوپاس. کێ لەگەڵدا نیە؟ بە کۆی دەنگ وەرگیرا، بۆ ماددەیەکی تر تکایە.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی چل و دوو: هەموو کارمەندانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە تاکەکانی پێشمەرگە دادەنرێن و بەو پلە و پایە و ناونیشانەی هەیانە، مافی خانەنشینی پێشمەرگە دەیانگرێتەوە.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثانية والاربعون: يعتبر العاملون في قوات بيشمركة كوردستان، بيشمركة بالدرجة والمنصب والعنوان الحالي ويستحقون الحقوق التقاعدية للبيشمركة.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

لێژنەی پێشمەرگە تکایە؟

**بەڕێز شێردڵ عبدالله حەوێزی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمه تێبینیمان نیه.

**بەرێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

جەنابی وەزیر؟

**بەرێز عمر عثمان ابراهیم/وەزیری پێشمەرگە:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمه لەگەڵ ماددەکەین.

**بەرێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

بەرێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئێستا ئەیخەینە دەنگدانەوە کێ لەگەڵدایە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، زۆر سوپاس. کێ لەگەڵدا نیە؟ بە کۆی دەنگ وەرگیرا، بۆ ماددەیەکی تر تکایە.

**بەرێز کریم بحری عبدالله:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی چل و سێ: خوێندن لە کۆلێژ و پەیمانگاکان کە لە کۆتاییدا بڕوانامەی تیایدا وەرگرتووە بۆ ئەفسەر بە خزمەت دەژمێردرێت بۆ مەبەستەکانی خانەنشینی.

**بەرێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثالثة والاربعون: تحتسب مدة الدراسة في الكلية و المعاهد الذي حصل في نهايتها البيشمركة على شهادة بالنسبة للضابط يحتسب خدمة لاغراض التقاعد فقط .

**بەرێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

لێژنەی پێشمەرگە تکایە.

**بەرێز شێردڵ عبدالله حەوێزی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمه لەگەڵ ماددەکەین.

**بەرێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کرکووکی):**

جەنابی وەزیر؟

**بەرێز عمر عثمان ابراهیم/وەزیری پێشمەرگە:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمه لەگەڵ ماددەکەین.

**بەرێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

بەرێزان ئەندامانی پەرلەمان یەك بەرێز ئەیەوێ موداخەلە بكات كاك د. ناصح فەرموو.

**بەرێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەرێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە كوردیەكەی ماوەی خوێندنەكەی نەخوێندەوە تەنها خوێندنی خوێندەوە بە خۆی ماوەی خوێندنە.لە كوردیەكەش هەیە ماوەی خوێندنی كۆلێژ و پەیمانگا لە كۆتاییدا كە بڕوانامەی تێدا وەرگرتووە لە ئەفسەری بە خزمەت دەژمێردرێ بۆ مەبەستەكانی خانەنشینی.

**بەرێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

لێژنەی پێشمەرگە تكایە رەئیتان دەربارەی ئەو موداخەلەیە؟

**بەرێز شێردڵ عبدالله حەوێزی:**

**بەرێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

خۆی ماوەی خوێندنەكەی لە كولیە چوار ساڵە، هەر چوار ساڵەكەی بۆ حیساب دەكەین.

**بەرێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

لێژنەی یاسایی رەئیتان؟

**بەرێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەرێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەكە زۆر بە وازیحی هاتیە (تحتسب مدة الدراسة في الكلية والمعاهد التي حصل في نهايتها البيشمركة على الشهادة بالنسبة للضابط خدمة لاغراض التقاعد فقط)

**بەرێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

بەرێزان ئێستا ئەیخەینە دەنگدان وەكو ئاخر صیاغە خوێندرایەوە بە عەرەبی، كێ لەگەڵدایە تكایە دەستی بەرزبكاتەوە؟، زۆر سوپاس. كێ لەگەڵدا نیە؟ بە كۆی دەنگ وەرگیرا، بۆ ماددەیەكی تر تكایە.

**بەرێز كریم بحری عبدالله:**

**بەرێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی چل و چوار:

1-ناكرێت تەنازول لە مافەكانی خانەنشینی بكرێت بۆ كەسێك یان لایەنێك و هەر تەنازولێك پووچەڵ دەكرێت و كاری پێ ناكرێت.

2-ناكرێت دەست بەسەر مووچە و پاداشتی خانەنشینی بگیرێت لە ئەنجامی قەرزێك لە سەر ئەستۆی خانەنشینكراو تەنها لەم حاڵەتانەی خوارەوە نەبێت:

ا- بە هۆی نەفەقەی شەرعی .

ب-بە هۆی گەڕاندنەوەی قەرزەكە بۆ گەنجینەی هەرێم.

3-ناكرێت دەست بەسەر زیاتر لە 25٪ مووچە و پاداشتی خانەنشینیدا بگیرێت بۆ هەر هۆیەك بێت.

**بەڕێز عبدالكريم ابو بكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة الرابعة والاربعون:

1-لا يجوز التنازل عن الحقوق التقاعدية لآي شخص او لآي جهة و يعتبر باطلآ كل تنازل من هذا القبيل.

2-لا تحجز المكافأة التقاعدية بسبب قرض في ذمة المتقاعد الا في الحالات التالية:

ا-النفقة الشرعية.

ب-تسديدآ لقرض خزينة الاقليم.

3-لا يحجز اكثر من 25٪ من الراتب او المكافأة التقاعدية لاي سبب كان.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، تەنها كوێستان خان كەرەم كە.

**بەڕێز كوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وەللاّ من پرسیارەكەم لەسەر سێیەمە نابێ دەست بەسەر 25٪ لە مووچە و پاداشتی خانەنشینی بگیریت لەبەر هەر چ هۆیەك بێت، باشە ئەگەر هۆیەكە نەفەقەی شەرعی بێت؟

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

لیژنەی یاسایی رەئیتان تكایە؟

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە پرسیارەكەی كوێستان خان بۆ نەفەقەی شەرعیش بێ عەینی وەزعە نابێ لە 25٪ زیاتر حجز بكرێتەوە، مبدەئەكی قانوونی عامە موتابیقە لەگەڵ ئەحكامی قانوونی تەنفیز كە بەركارە لە كوردستان.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

بەڕێزان ئێستا ماددەكە هیچ گۆڕانكاری بەسەر نەهاتووە، ئەیخەینە دەنگدانەوە كێ لەگەڵدایە تكایە دەستی بەرز بكاتەوە؟، زۆر سوپاس. كێ لەگەڵدا نیە؟بە كۆی دەنگ وەرگیرا، بۆ ماددەیەكی تر تكایە.

**بەڕێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی چل و چوار: فەرمانداری گشتی بۆی هەیە خزمەتی ئەفسەرانی پایە بەرز و فەنی و پسپۆڕەكان درێژ بكاتەوە لەو حاڵەتە پێویستیانەی بەرژەوەندی گشتی بە مەرجێك لە دوو ساڵ زیاتر تێپەر نەكات.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**المادة الرابعة والاربعون: للقائد العام ان يمدد خدمة الضباط واصحاب المناصب العالية من الفنيين والاختصاصين في الحالات الضرورية التي تقتضيها المصلحة العامة وعلى ان لا يتجاوز مدة التمديد عن السنتين.**

**بەرێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

لێژنەی پێشمەرگە.

**بەرێز شێردڵ عبدالله حەوێزی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە تێبینیمان نیە.

**بەرێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

جەنابی وەزیر.

**بەرێز عمر عثمان ابراهیم/وەزیری پێشمەرگە:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ ماددەکەین.

**بەرێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

بەرێزان ئەندامانی پەرلەمان ئێستا ماددەکە وەکو خوێندرایەوە ئەیخەینە دەنگدانەوە کێ لەگەڵدایە تکایە دەستی بەرز کاتەوە، زۆر سوپاس. کێ لەگەڵدا نیە؟بە کۆی دەنگ پەسند کرا بۆ ماددەیەکی تر تکایە.

**بەرێز کریم بحری عبدالله:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی چل و شەش: هەر کەسێك بە شێوەیەکی یاسایی و لەلایەن دادگاوە سەلمێندرا کە دەستی تێکەڵ کردبی لەگەڵ دام و دەزگا داپلوسێنەرەکانی رژێمی پێشوو بەژداری کردبی لە تاوانی رەشە کوژی ئەنفال و جینوسایدی کورد ئەم یاسایە نایگرێتەوە .

**بەرێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**المادة السادسة والاربعون: لا يشمل هذا القانون اي شخص ثبت بصورة قانونية بانه كان له ضلع في المؤسسات القمعية للنظام المنحل و اشترك في الجرائم القتل العشوائي و الانفال و الابادة الجماعية للكورد.**

**بەرێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

لێژنەی پیشمەرگە.

**بەرێز شێردڵ عبدالله حەوێزی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ ماددەکەین.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكى):**

بەڕێزان ئەندامانى پەرلەمان، ئەو بەڕێزانەى ئەیانەوێ قسە بكەن ناویان بنووسن، كاك ڕۆمیۆ فەرموو.

**بەڕێز ڕۆمیۆ حزیران نیسان:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

من لەگەڵ فەقەرەى ئەخیرى (فی جرائم القتل العشوائي و الانفال و الابادة الجماعیة للكورد)، چونكە ئەنفال ئاشووریشى تێدا بوو و خەڵكى تریشى تێدا بوو ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز كریم مجید شریف(جووتیار):**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

هەمان تێبینیم هەبوو، بەڕاستى لە ئاخیر پەرەگراف جینوسایدى كورد بكرێت بە جینۆسایدى گەلى كوردستان.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكى):**

بەڕێز كاك ئارێز فەرموو.

**بەڕێز ئارێز احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

ئەوەى كە باس دەكەن ڕەنگە كەم و كوڕیەكى تێدا بێ یان لە چاپ دەرنەچووە، جینوسایدى گەلى كوردستان ئەوە یەك.بۆ ئەوەى هەموو نەتەوەكان بگرێتەوە تەئیدەن بۆ قسەكانى برادەران، دووش: ئەڵێ ئەگەر بە قانوون سەلمێنرا، ئێمە دادگامان بۆ ئەو تاوانبارانە دانەنایە كە تاوانیان كردیە تا بسەلمێنرێ یان نەسەلمێنرێ، لەبەر ئەوە پێویست ناكات خۆ ئاشكرانە ئەوانە، بەڕاستى پێویست ناكات، تا ئێستا لەو قۆناغە هەموو ئەوانە ئاشكرانە، ئێمە كاتێك ئەتوانین ئەو قسە بكەین كە دادگامان بۆ ئەوانە دانا بێ، مادام دادگامان بۆیان دانەناوە ئەوە نەك بۆیانمان دانەناوە، بەداخەوە ئەوانەى لێرە تاوانیان كردیە نەماناردینە دادگاى بەغداش، لەبەر ئەوە پێویست بەو شەیە ناكاتن، ئەوانەى بەقانوون دەسەلمێندرى بەشداریان كردیە، هەمومان ئەزانین كێ بەشدارى لە ئەنفالى جینوسایدى گەلى كوردستان كردیە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكى):**

لێژنەى پێشمەرگە ڕەئیتان تكایە.

**بەڕێز شێردڵ عبدالله حەوێزى:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

ئەو پێشنیارەكەى كاك جووتیار لە جێى خۆیتى ئەگەر بەو شێوەیە بینووسین، بەڵام ئێمە بە نیسبەتى قانوون، قانوون لەسەرووى هەموومانە، ئێمە ڕاستە مەحكەمەمان بۆیان دانەناوە، بەڵام كەسیشمان عەفوو نەكردیە، بەڵام كە عەفووت نەكردیە كێ عەفوو ناكات؟ غێر دەبێ سنوورێك هەبێ، مەحكەمەیەك هەبێ

بۆمان تەشخیص بکات کە ئەو کەسە عەفوو ناکەین ناکرێ هەروا هەر خەڵك بگرین، چونکە بەڕاستی لەسەر قسە ناکرێ مەحکەمە خۆتان دەزانن چەند دەقیقە چەندی پێ دەچێ و چەند دادەنیشی و مودەعی عامی لێە و شاهیدی لێیە. تەسبیت بێ باشترە خۆمان لەکۆڵ زۆر مەشاکل دەکەینەوە و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

ڕێزدار جەنابی وەزیر فەرمووو.

**بەڕێز عمر عثمان ابراهیم/وەزیری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەللا من دەڵێم شتەکە بەو عمومیەتە نەبێت، شتەکە لە مستقبەل لێ پێچینەوەك دەبێت ئەو لێپێچینەوە ئەگەر سبووتی کرد یان ئیسبات بوو لەسەریان ئیجرائاتیان لێ وەردەگیری، من لەگەڵ پێشنیارەکەی کاك رۆمیو و ئەو برادەرانەم کە بێیتە گەلی کوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

لێژنەی یاسایی رەئیتان.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش پشتگیری لە پێشنیارەکەی کاك رۆمیۆ و کاك جووتیار و کاك ئاریێز دەکەین سەبارەت بە ئیزافە کردنی (لشعب كوردستان) لە ئەخیری ماددەکە لە جیاتی کورد، ئێستا ماددەکە دەخوێنمەوە بە زمانی عەرەبی:

المادة السادسة والاربعون: لا يشمل هذا القانون اي شخص ثبت بصورة قانونية بانه كان له ضلع في المؤسسات القمعية للنظام المنحل واشترك في جرائم القتل العشوائي والانفال والابادة الجماعية لشعب كوردستان.

**بەڕێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی چل و شەش: هەر کەسێك بە شێوەیەکی یاسایی و لەلایەن دادگاوە سەلمێندرا کە دەستی تێکەڵ کردبێ لەگەڵ دام و دەزگا داپلوسێنەرەکانی رژێمی پێشوو بەشداری کردبێ لە تاوانی رەشە کوژی ئەنفال و جینوسایدی گەلی کوردستان ئەم یاسایە نایگرێتەوە .

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

بەڕێزان وەکو بە کوردی و عەرەبی خوێندرایەوە لەگەڵ وەرگرتنی پێشنیارەکەی کاك رۆمیو حزیران، کێی لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟. زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نیە؟ بەکۆی دەنگ پەسند کرا، زۆر سوپاس. تکایە بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ماددەی چل و حەوت: ئەو پێشمەرگەی- پاسەوانی هەرێم حوكمەكانی ئەم یاسایە دەیگرێتەوە سوود مەند دەبن لە هەموو ئیمتیازاتی هاوڕێكانی لە كارمەندەكانی سەر بە لەشكری عیراقی، كە یاسای ڕاژە و خانەنشینی فیدراڵی كارا یان هەر یاسایەكی دیكەی فیدرالی دەیانگرێتەوە .

**بەڕێز عبد الكریم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة السابعة والاربعون: يستفيد البيشمركة-حرس الاقليم المشمول باحكام هذا القانون من جميع حقوق و امتيازات اقرانه من منتسبي الجيش العراقي المشمولين بقانون الخدمة و التقاعد الاتحادي النافذ او اي قانون اتحادي اخر.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

لێژنەی پێشمەرگە ڕەئیتان تكایە.

**بەڕێز شێردڵ عبدالله حەوێزی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە تێبینیمان نیە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

جەنابی وەزیر.

**بەڕێز عمر عثمان ابراهیم/وەزیری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

هیچ تێبینیەكمان نیە، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

ڕێزداران ئەندامانی پەرلەمان ، كاك زانا كەرەم كە.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەدوای ئەم ماددە و پێش ئەوەی بچیە سەر ماددەی دواتر ئیقتیراحی ماددەیەكی موزافم هەیە، ئەو كاتەی قسە دەكەم.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

ڕێزدار كاك طارق فەرموو.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە دوو شوێن نووسراوە فیدرالی، ئایا جگە لە دەستوری عیراق هیچ قانوونێك هەیە فیدرالی پێوە لکاندرابێ؟ من نەمبینیوە بەڕاستی، هەر هەمووی دەڵێ قانوونەکان (العراق) ئەوجا ئەوە بۆ ناحیەی مستقبلی ئایا ئیشکال پەیدا ناکات، ئێمە دەڵێین ئیتیحادی؟ بۆ تەئکیدە ئەوە لێرە؟ بەڵام ئەوەی عیراق هەمووی نوسراووە (دستور العراق) ئەگەر لە قانوونەکانیش هاتبی شتێکی چاکە، لەدەستوور هاتووە، بەڵام مەبەستم قانوونەکانە ؟

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

ڕێزدار کاك محمد فەرموو.

**بەڕێز محمد حاجی محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵلا من دوو خاڵم هەبوو ، یەکیان ئەوەبوو کاك طارق ئیشارەتی پێدا مەسەلەی فیدرالی خۆی لە دیباجە هاتووە ناتوانین بڵێین عیراقی فیدرالی لە هیچ نووسینێکدا. خاڵی دووەم ئەوەیە هەرچەندە مومکینە لەو هینەش ڕەد بووبێ، بەڵام زاهیرەیەك پەیدا بووە ئێستا شکات دەکات لەو پێشمەرگانەی لە دادگا کە پێشتر لە کاتی خۆی لە شەڕێ کەسێ کوژراوە، کابرا جاش بووە لەشەڕ کوژراوە، لە شوێنێك کوژراوە ئێستا شکاتی لێ دەکەن یان خوێنی لێ وەردەگرن یان صولحی لەگەڵدا دەکەن لەو ماوەیە کۆمەلێك پێشمەرگە مەسەلەن گوناحی چی بووە لەشەڕ کوژراوە تەعقیبی دەکات ئێستا لە چ شوێنێك کوژراوە و کێ تەقەی لێ کرد؟ دەباتە دادگا و دادگاش داوایەکەی زۆر بەباشی وەردەگرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

سوپاس، ڕێزدار کاك فرست موداخەلەیەکی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕاستە لە قوانینی عیراقی نەهاتووە بەس لە دەستوور هاتووە، هەموو قوانینی حکومەتی مەرکەزی موعتەبەرن فیدرالین وەکی تر ئێمە تەفریقەی دەکەین لە نیوان ئەوانەی لە صلاحیاتی حصری بن لە ضمني مادده 110 یان خارجی ماددەی 110، چونکە ئی ئێمەش عیراقیە ئینجا لازمە شتێکی وا دابنێین کە قەصدمان قانوونی مەرکەزیە نەك قانوونی هەرێم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

لێژنەی پێشمەرگە ڕەئیتان؟

**بەڕێز شێردڵ عبدالله حەوێزی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەتی قانوونەکە ئەوە جەنابی کاك فرست جوابی دایەوە، بە نیسبەت ئەوەی کە پێشمەرگەکان ئیتیهام دەکرێن بەڕاستی ئەوە مەحکەمەی تایبەت دەبی بیکات وا بزانم لێژنەکە لە ناو پەرلەمانیش داوا کرایە کە شتێکی وا بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز عمر عثمان ابراهیم/وەزیری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هیچ تێبینیەکی ئیزافیم نیە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

لێژنە یاسایی تکایە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة السابعة والاربعون: يستفيد البيشمركة حرس الاقليم المشمول باحكام هذا القانون من جميع حقوق وامتيازات اقرانه من منتسبي الجيش العراقي المشمولين بقانون الخدمة والتقاعد الاتحادي  النافذ او اي قانون اتحادي اخر.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی چل و حەوت: ئەو پێشمەرگەی پاسەوانی هەرێم حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیگرێتەوە سوود مەند دەبن بە هەموو ئیمتیازاتی هاورێکانی لە کارمەندەکانی سەر بە لەشکری عیراقی، کە یاسای ڕاژە و خانەنشینی فیدراڵی کارا یان هەر یاسایەکی دیکەی فیدرالی دەیانگرێتەوە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ئێستا وەکو خوێندرایەوە، کێی لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نیە؟ بەکۆی دەنگ پەسند کرا، زۆر سوپاس. تکایە بۆ ماددەیەکی تر.

ئیقتیراحی ماددەیەکی ئیزافی کراوە لە احکام متفرقه (يمنع ممارسة النشاط الحزبي في صفوف قوات البيشمركة)، ممارسة النشاط الحزبي نەك ئینتیماء، کە لە ناو هێزی پێشمەرگە حزبایەتی نەکرێتن وەك لەناو پەرلەمان کە ناکرێتن بە هەمان شکل، ڕێزدار کاك د.ناصح موداخەلەیەکی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وتەكانی جەنابی وەزیر وا هاتە پێشەوە كە باسی هاووڵاتی هەرێم كرا مەبەست ئەوە بوو كە ئەو كەسانە بگرێتەوە ئەو هاووڵاتیانەش بگرێتەوە و ئەو كوردانەش بگرێتەوە كە ئێستا تاكو ئەمڕۆ ناوچەكانیان نەهاتووتە سەر هەرێمی كوردستان، ئینجا من پێشنیار دەكەم ئەگەر پێتان پەسەند بێ ماددەیەك ئیزافە بكرێت ناوی هاووڵاتی هەرێم لەهەر ماددەیەكی پێشووتر هاتبێ ئەو هاووڵاتیەش ئەگرێتەوە كە هێشتا چارەنووسی ناوچە دابڕاوەكەی یەكلانەكرابێتەوە .

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

خاوەن موقتەرەح كاك زانا تكایە موقتەرەحەكەت بخوێنەوە و روونی بكەوە تا بدرێتە لێژنەی یاسایی.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

یەك لەو شتانەی كە هەموو خەڵكی كوردستان دڵیان پێ خۆشە لە پێكهێنانی هێزی پێشمەرگەی كوردستانی داهاتووە ئەوەیە كە ئێمە هێزی پێشمەرگەی كوردستان دەبێ بە ناوەرۆك بەس وەزیری پێشمەرگەش تەئكیدی لەسەر ئەوەی كردەوە كە ئەمە دوور دەبێ لە هەر ململانێەكی حیزبی وە ئێمەش ئەزموونەكی تاڵمان بەبیر دێ كە دیسان هێزی پێشمەرگە كەرت بووە لەسەر ململانێی حیزبی بۆ ئەوەی زەمانەتێكی قانوونی لەناو ئەو قانوونە هەبێ، پێویستە ماددەیەك ئیزافە بكەین داوا لە زەمیلەكانم دەكەم لە لێژنەی یاسایی كە ناو موقتەرەحەكە بكەن بەو شێوەیە(يمنع ممارسة النشاط الحزبي ضمن صفوف قوات البيشمركة)

پێشمەرگە لەدەرێ ئازادە ئەندامی حزبێكە ئەوە مەسەلەیەك نیە، بەڵام لەناو موئەسەسەی پێشمەرگە و هێزەكانی پێشمەرگە بە هیچ شێوەیەك رێگا بە هیچ نەشاتێكی حیزبی نەدرێت و ممارەسە بكرێت، ئەوە پێشنیارەكەی منە .

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

جەنابی وەزیر رەئیتان تكایە.

**بەڕێز عمر عثمان ابراهیم/وەزیری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەو مەوزوعە با شتەكان تێكەڵ نەكەین، ئەوە موناقەشەی قانوونی تەقاعودی پێشمەرگەیە، قانوونی وەزارەتی پێشمەرگە نیە تا ئەو مەوزوعانە بگرێتە خۆی، قانوونی تەقاعودی وەزارەتی پێشمەرگەیە ئی خانەنشین، لەبەر ئەوە ئەوە شتێكی لابەلایە وە خاریجە لە مەنهج و بەرنامەی ئێمە و داوای لێبوردن دەكەم و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

لێژنەی پێشمەرگە تكایە.

**بەڕێز شێردڵ عبدالله حەوێزی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە هەر لە شرووتی تەعین دامانایە هیچ شتێکی حیزبی تیدا نیە، چ ضابط بیت یاخود ئەوەی خۆبەخش بیت، شرووتی حیزبی تێدا نیە تەماشاشی کەن تەوجیهی مەعنەویشی تێدا نیە، یەعنی ئەوە نیە مەڵبەند و شتی وای تێدا نیە، تەماشای کەن نە عەقائدئیدیەکەی ئێرانی تێدایە و نە تەوجیهی سیاسی تێدایە و هیچ شتێکی تێدا نیە کە ئەو شتانە بگرێتەوە، ئەوەیە ئەگەر من ئەوەی د.ناصح و جەنابی کاك محمد حکیمیش ئەو موفتەرەحەی هەبوو، ئەگەر بلیێن ئەو یاسایە هاووڵاتیەکانی ناوچە دابڕاوەکانیش دەگرێتەوە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

نووقتەی نیزامی کاك محمد حکیم کەرەم کە.

**بەڕێز محمد حکیم جبار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لە ماددەی سێ باسم کرد لە مەرجی پێدانی دەرەجە بۆ پلەی ئەفسەری، وە گوڵاڵە خانیش هەر لە ماددەی هەشت باسی کرد کە لەوێ خۆی لە مەشروعەکەی ترا چاك عیلاج کراوە دەڵێ هاووڵاتی هەرێمی کوردستان بێت یان کوردی عیراقی بێت، ئەوان لەو مەشرووعە تازەیە لایان بردووە وە جەنابی وەزیریش گوتی لە ماددەکانی تر عیلاج کراوە ئەوە تەواو بوو و عیلاجیش نەکراوە، بۆیە تەئیدی ئەو پێشنیارەی کاك شێردڵ دەکەین کە ماددەیەك ئیزافە بکرێت و کوردەکانی ئەو مەنتیقەش بگرێتەوە، ئێمە خەڵکی ئەو مەنتیقەین و ئەزانین خەڵکەکە لەوێ بە حەقیقەت ئەوەی واستەی گەورەی نەبێت بە پێشمەرگە وەرناگیرێ، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

ڕێزدار جەنابی وەزیر.

**بەڕێز عمر عثمان ابراهیم/وەزیری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو برایە دیارە باش لە قانوونی وەزارەتی پێشمەرگە کە باسمان کرد سەرنجی جوان ڕانەکێشابوو، خۆی لە قانوونی وەزارەتی پێشمەرگە هاتیە هەر خەڵکانێك ئیسبات بکات کە کوردە وە خەڵکی کوردستانەو لەهەر شوێنێك جێنشین بێت حەقی هەیە لەوەزارەتی پێشمەرگە بیت وە ئەوە زۆر بە وازیحیش هاتیە .

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

نووقتەی نیزامی د.شکریە فەرموو.

**بەڕێز د.شکریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش هەمان تێبینیم هەبوو، چونکە کە کاتی من هەمان موناقەشەم کرد کە کوردی عیراق بێت، جەماعەت وتیان نەخێر ئەمە لەمەدا نیە لایان بردبوو و ئێستا کاك شێردل دەڵێ ئەوەی تیایە و دەتوانین ناوچەکانی تریشی تیابێ .

**بەرێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

د.ناصح نووفتەی نیزامی تکایە.

**بەرێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جەنابی وەزیر تەئکیدی لەسەر ئەمە دەکاتەوە، بەڵام لەو یاسایەدا ئەو ناوە نیە ئەگەر لە یاسای پێشمەرگەدا هەیە ئەوە شتێکی ترە، بۆیە من بە پێویستی دەزانم ئەوەی من پێشنیارم کرد بخرێتە بەرنامەوە یان وەکو ماددەیەك ئیزافە بکرێت باشترە، لەگەڵ رێز و سوپاسمدا.

**بەرێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

رێزدار کاك محمد حکیم کەرەم کە.

**بەرێز محمد حکیم جبار:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کە بەرێز کاك زانا پێشنیارێکی کرد جوابەکەی وەزیر زۆر مەعقوول بوو، وتی ئەوەی جەنابت دەبوو لە یاسای وەزارەتی پێشمەرگە، چونکە ئەمە جیایە ئەمەی تەقاعود منیش بە جەنابی دەڵێم ئەم یاسایەی خانەنشینی لێرە کە تۆ دوو ماددەت باس کردووە و مەرج دادەنێی بۆ هاووڵاتی کورد دەبێ هاووڵاتی هەرێمی کوردستان، ئێمە ئێستا لە واقیعدا چارەگێك یان یەك لەسەر سێی خاکەکەمان سەر بە هەرێمی کوردستان نیە، ئەو کوردانەی ئەوێ گوناحیان چیە؟بۆ لێرەش ئێمە مافێکیان نەدەینێ و لێرەش بنووسین؟ ئێمە لەوەزارەت نووسراوە یاسایەکی ترە و ئەمەش یاسایەکی ترە.

**بەرێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

مەشروعەکەمان بە ناو قانوون الخدمە و تقاعد الپێشمەرگەیە هەردووکی ئەگرێ، جەنابی وەزیر کەرەمکە.

**بەرێز عمر عثمان ابراهیم/وەزیری پێشمەرگە:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کە تۆ قبوولت کرد ببیتە پێشمەرگە قبوولیشی دەکەی تقاعدەکەی بدرێتی کە قبووڵت کرد بیکەیە پێشمەرگە لە قانوونی وەزارەتی پێشمەرگەدا هاتووە حەقی تەقاعود و هەموو ئیمتیازاتەکانیشی پێ دەدرێت. ئەوە تحصیل حاصلە، زۆر سوپاس.

**بەرێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

**لێژنەی پێشمەرگە و لێژنەی یاسایی تکایە ڕەئیتان بکەنەیەك و صیاغەیەکمان بدەنێ لەو بارەیەوە کە هەموو خەڵکی کوردستان بگرێتەوە. لێژنەی پێشمەرگە ڕەئیتان تکایە.**

**بەڕێز شێردڵ عبدالله حەوێزی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ئەو یاسایە یاسای خزمەت و خانەنشینە، یەعنی دامەزراندن و خانەنشینە، یەعنی هەموو ئمووری پێشمەرگە ڕێکدەخات، وا بزانم چ کەم و کوڕیەکی وای تێدا نەماوە، سوپاس.**

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

**لێژنەی یاسایی.**

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**دیارەو لەسەیری موناقەشات مەعلوومە کە ئەو قانوونە قانوونی خانەنشینی پێشمەرگەیە، ئێمە لەگەڵ ئەوەدا نینە کە هیچ ماددەیەکی تر ئیزافە بکرێت و ئەو پێشنیارە ڕەت کرێتەوە و زۆر سوپاس.**

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

**باشە یەك پرسیارێك بۆ ئەو شوێنە کێشەدارەکان، مەسەلەن فەرماندەی کەرکووك هەیە و هی گەرمیان هەیە.ئەو مەنتیقانە هەیە ئایا ئەوانە ئەگرێتەوە؟ تکایە وەڵامێکی ڕوونمان بدەنێ.**

**بەڕێز عمر عثمان ابراهیم/وەزیری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**من پرسیار لە خۆت دەکەم جەنابت پێشمەرگە بووی قانوونەکە جەنابت ناگرێتەوە ئەگەر لە پەرلەمان نەبای؟ تەبعەن کەرکووکی و گەرمیانی هەموو دەگرێتەوە وە بە خۆشت باشترین ئیسباتە کە جەنابت کەرکووکی هەموو یاسایەك لە خزمەت و لە تەقاعود جەنابت دەگرێتەوە ئەگەر لە پەرلەماندا نەبای، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

**سوپاس جەنابی وەزیر، بەڵام بەو یاسایە نایگرێتەوە، بۆیە ئەمانەوێ شتێکی ڕوون و ئاشکرای تێدا بێ کە شموولی هەموو جەماوەری پێکهاتەکەی شوێنە کێشەدارەکانی کوردستان بکات کە لێرە خزمەت دەکەن با شتێکی وا هەبێ، نووقتەی نیزامی کاك غفور.**

**بەڕێز غفور طاهر سعید مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بەڕاستی بە نیسبەت ئەو پێشنیارە چەند ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان کە پێشنیاریان کرد حەقە بدرێتە دەنگدان و یەکلایی بکرێت ئەوە یەك، دووش/ ئەو ماددە ئیزافیەی کە کاك زانا باسی کرد بەباوەری من لەو یاسایە جێی دەبێتەوە، چونکە یاسایەکە جگە لە یاسای خانەنشینی یاسای خزمەتیشە وە لەشکریش**

دەبێ ئینتیمایەکی نیشتمانی هەبێت نەك ئینتیمایەکی حیزبی، بۆیە لێرە بە ڕەئی من جیێ دەبێتەوە کە بخرێتە موناقشەو گفتوگۆ بکرێت و بخرێتە دەنگدانیش و زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

کاك حاتم کەرەم کە.

**بەڕێز حاتم محمد جان حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە یاسای تەکریمی پێشمەرگە وە پێشمەرگەی کەم ئەندام هاتووە مەشموولن بە هەموو ئەو کەسانەی لە 61 ەوە تاکو ئێستا کە لە پێکهاتەکانی پێشمەرگە بەشداری کردووە وەك پێشمەرگەیەك تاکو ئێستا ئێستاش لەنا پێکهاتەکانی پێشمەرگەیە بۆی مەشمووله بە دوو یاسایە،

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

لێژنەی پێشمەرگە ڕەئیتان تکایە.

**بەڕێز شێردڵ عبدالله حەوێزی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من شتێکم وت نازانم تەئسیرەکەی چۆنە و چ دەبێ، ئەو یاسایە هاووڵاتی ناوچە دابراوەکانی کوردستان دەگرێتەوە، ناڵێم کورد دەڵێم کوردستان .

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

کاك سەردار هەرکی فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بوزو هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

صیاغەیەکم کردیە بۆ پێشنیاری ئەو برادەرانە وە عەرەبیەکەی(یسري احکام هذا القانون على افراد شعب کوردستان من الساکنين خارج اقليم کوردستان) .سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

کاك زانا لەسەر موقتەرەحەکەی خۆت ڕەئیت.

**بەڕێز قادر سعيد خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئەگەر ئەو ماددەیە قبووڵ نەکرێ لەم یاسایە لە هیچ یاسایەکی دیکە جێی نابێتەوە، یاسای وەزارەتی پێشمەرگە باسی تەشکیلاتی وەزارەت دەکات هیچ باسی دروست کردنی سوپای کوردستانی نەکردووە ئەو یەك، ئەگەر لێرە لە خدمە کە باسی تەشکیلات دەکات باسی قبووڵ کردنی پێشمەرگە دەکات باسی تەرفیع و شت دەکات لێرە باس دەکرێ. من لێرەوە دڵنیا دەبم کە ئەو سوپایە سوپای کوردستان نابێ

و حیزبایەتی دەکەوێتە ناوێ، ئێرە جێی داواکان بخرێتە موناقەشە و ئەندامی دیش ئەگەر تەئیدیان کرد، ئەگەر نا رەئی رەئی پەرلەمانە و ،زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

لێژنەی یاسایی رەئیتان تکایە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە فەقەرە دەیەم لە ماددەی یەکەم تەعریفی پێشمەرگەمان کردیە دەڵێن(البیشمرکة - حرس الاقلیم: هو من التحق بالثورة التحرریة الکوردستانیة لتحقیق حقوق شعب کوردستان الدیموقراطیة والقومیة او یلتحق بقوات البیشمرکة- حرس الاقلیم )، مەعنای ئەوانیش دەگرێتەوە پێی ناوی دووبارە ئێمە تەئکیدی بکەین و ئیستیفزازی خەڵکانی دی بکەین بەو وەزعەی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

ئێستا موقتەرەحی کاك زانا کە ئەیەوێت ئیزافەی ئەوە بکرێت کە حیزبایەتی لەناو هێزی پێشمەرگە نەکرێت نەك ئینتیما وەکو حیزبایەتی ئەیخەینە دەنگدانەوە، رەئیەکی قانونی بدەن تا بیخەینە دەنگدانەوە تکایە.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئێمە لەگەڵ ئەوەی داین ئەو یاسایە ڕاستە یاسای خانەنشینە، بەس یاسای ڕاژەشە یاسای خزمەتیشە، پێم وایە ئەو پێشنیارەی کاك زانا جێی دەبێتەوە لێرە لەو یاسایەدا، دەتوانین لە ئەحکام متفرقە جێی بکەینەوە، هەروەها سەبارەت بە پێشنیارەکەی دیکە مەسەلەی ئەوە، ئێمە دەبێ فەرق بکەین لە رووی یاسایەوە لەگەڵ هەرێمی کوردستان لەگەڵ کوردستانی عیراق، ئیتر ئەوە رەئی یاساییە، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

جەنابی وەزیر رەئیتان دەربارەی ئەم پێشنیارە بەو شێوەیە بێتن (یمنع ممارسة النشاط الحزبي في صفوف قوات البیشمرکة ). تکایە رەئیتان؟

**بەڕێز عمر عثمان ابراهیم/وەزیری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەللا من دەڵێم ئەوە تحصیل حاصلە، چونکە ئێمە دەڵێین ئەو جارە هێزی پێشمەرگە یان حرس الاقلیم لە هەموو پێکهاتەی کوردستان پێك دێت وە ئێمە دوو شرووتمان دانایە : 1- ئیرهابی نەبی.2- توند ڕەو نەبن یان لە مەسائیلی مخلە بالشرف و هەندێك تەعلیمات هەیە لە شرووتی وەرگرتنی لە ریزی پێشمەرگە ئەو چەند شرووتەی تێدا نەبێ باقیەکانی تر هەمووی وەردەگیرێ. نەمان گوتووە پارتی بێ یان یەکێتی بێ یان فلان ئەحزاب بێ، ئەوە لێرە ئەگەر گۆتنەکەی دووبارە بکەینەوە ئەوە ئەوی دەخواتەوە لەبەر ئەوەی

پێویست بەو گۆتنەی ناکات، پێکهاتەکەی لە هەموو دانیشتوانی دەبێ یان ئیسبات بکات خەڵکی کوردستان بیت با لە دەرەوەی کوردستانیش بێت یان لەوێ ژیانی بەسەر بردبێ، زۆر کەسمان هەیە لە بەسرە بووە، لە بەغدا بووە و کوردیش نازانی، بەس بە ئەصڵ کوردە، لێرە جێگای دەبیتەوە .

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

ڕێزدار جەنابی وەزیر مەبەستی لێرە ئەوە نیە حیزبی نەبی، لەهەر حیزبێك موجاز بێت لەناو کوردستان حەقی هەیە بەس لەناو واجب کۆبوونەوە و حیزبایەتی و تەکەتولات نەکات ئەم ماددەیە ئەمەیە،

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە وشەکە تۆزێك قورسە(یمنع) بکرێت (لا یمارس)، باشترە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

لێژنەی یاسایی تکایە ئاخر صیاغەتان و ئەیدەینە دەنگدان و موناقەشە لەسەری زۆر کرا.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی موقتەرەح کە کاك زانا کردی بەو شێوەیە: لایجوز ممارسة النشاط الحزبي في صفوف قوات البیشمركة.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

بەڕێزان ئەیدەینە دەنگدان بەو شێوەیەی بە عەرەبی خوێندرایەوە، کێی لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نیە؟ چوار کەس لەگەڵیدا نیە، بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا، زۆر سوپاس. تکایە پێشنیارەکەی تر، لێژنەی یاسایی تکایە ئەو موقتەرەحەکەی تریش دیراسە بکەن و وەڵامان بدەنەوە. لێژنەی پێشمەرگە کەرەمکە.

**بەڕێز شێردڵ عبدالله حەوێزی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیارەکەی من ئەوەبوو ئەو یاسایە هاووڵاتی ناوچە دابڕاوەکانی کوردستان دەگرێتەوە یاخود سوودمەند دەبن .

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

لێژنەی یاسایی صیاغەیەکی موکەمیلترمان بۆ ئامادە بکەن تکایە .تکایە موناقەشەمان داخستووە و ئەوەی پێشنیارێکی هەیە با بینووسێ و بەهەند وەریدەگرین و سوپاس .جەنابی وەزیر کەرەم کە.

**بەڕێز عمر عثمان ابراهیم/وەزیری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەتوانین بڵێین هەموو هاووڵاتیەکی کوردستانی کە لەدەرەوەی هەرێمی کوردستانە دەیگرێتەوە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

پێشنیارەكەی جەنابی وەزیر كە هەموو هاووڵاتیەك كە لە دەرەوەی هەرێمی كوردستان ئەگرێتەوە، ئەگەر وەزارەتی پێشمەرگە وەریگرت.تكایە لێژنەی یاسایی.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێستا ئەو صیاغەی من دەیخوێنمەوە ئەوها بدرێتە دەنگدان ئەگەر موافەقەتی لەسەر كرا: تسري احكام هذا القانون على مواطني المناطق المستقطعة من اقليم كوردستان.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

پێشنیاری جەنابی وەزیر مەقبوولە ئەگەر لێژنەی یاسایی وەریگرن لەگەڵی تەنسیق كەن، تكایە بینووسن.بەڕێز لێژنەی یاسایی ئەو موقتەرەحی ئێستا بیخەنە پێش پەرلەمان تكایە.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة المقترحة المضافة: تسري احكام هذا القانون على مواطني كوردستان المقيمين خارج الاقليم.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

بەڕێزان ئێستا بەعەرەبی و بە كوردی بیخوێننەوە دووبارە بۆ ئەوەی بیدەینە دەنگدان.

**بەڕێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەیەكی دیكەی زیادكراو كە بوویتە ماددەی چل و نۆ: حوكمەكانی ئەم یاسایە هەموو هاووڵاتیانی كوردستان كە لە دەرەوەی هەرێمن، دەیانگرێتەوە.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز :**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

تسري احكام هذا القانون على مواطني كوردستان المقيمين خارج الاقليم.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

كاك د.ناصح نوقتەی نیزامی كەرەم كە.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وشەی موقیمی تێدا نەبێت لەعەرەبیەكەی، وشەی موقیم فەرقی هەیە لەگەڵ كوردیەكەی.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

تكایە دووبارە بیخوێننەوە.

**بەرێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەرێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

تسري احكام هذا القانون على مواطني كوردستان خارج الاقليم.

**بەرێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

كاك رۆمیۆ نووقتەی نیزامی تكایە.

**بەرێز رۆمیۆ حزیران نیسان:**

**بەرێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

تسري احكام هذا القانون على مواطني الاقليم یان مواطني كوردستان؟

**بەرێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

ئێستا وەكو لێژنەی یاسایی خوێندیانەوە ئەیخەینە دەنگدان ، كێی لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نیە؟ بەكۆی دەنگ پەسند كرا ماددەیەكی تازە ئیزافە كرا زۆر سوپاس. تكایە بۆ ماددەیەكی تر.

**بەرێز كریم بحری عبدالله:**

**بەرێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی پەنجا: هەر دەقێك پێچەوانەی حوكمەكانی ئەم یاسایە بێت كاری پێ ناكرێت.

**بەرێزعبد الكریم ابوبكر مصطفى:**

**بەرێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة الخمسون: لا يعمل بأي نص قانوني او قرار يتعارض مع احكام هذا القانون.

**بەرێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

لێژنەی پێشمەرگە تكایە؟

**بەرێز شێردڵ عبدالله حویزی:**

**بەرێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە تێبینیمان نیە.

**بەرێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

ئەم ماددەیە دائماً تكرار ئەبێت وە ئەیخەینە دەنگدان وەكو خوێندرایەوە، ، كێی لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نیە؟ بەكۆی دەنگ پەسند كرا، زۆر سوپاس. تكایە بۆ ماددەیەكی تر.

**بەرێز كریم بحری عبدالله:**

**بەرێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی پەنجاو یەك: ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتە پەیوەندی دارەكان بۆیان هەیە پەیڕەو و ڕێنمایی پێویست دەربكەن هەر یەك بە پێی تایبەتمەندی خۆی بۆ ئاسانكاری جێبەجێ كردنی ئەم یاسایە .